**حامید گەوهەری**

# پارتی کرێکارانی کوردستان

# لە

# عەبدوڵا ئۆجەلانەوە تا جەمیل بایک

**هەولێر : ٢٠١٦**

ناوی کتێب: پارتی کرێکارانی کوردستان لە عەبدوڵا ئۆجەلانەوە تا جەمیل بایک
نوسینی : حامید گەوهەری
تایپ : حامید گەوهەری
چاپی یەکەم : ٢٠١٦ هەولێر
تیراژ : ١٠٠٠ دانە

# ناوەڕۆک


پێشەکی 5
سەرەتا 13
ئایدیولۆژی پارتی کریکارانی کوردستان 33
پێکهاتنی گروپی ئایدیولۆژی پەکەکە 35
ستراتیژی گروپی ئایدیولۆژی پەکەکە 46
ستروکتوری گروپی ئایدیولۆژی ئۆجەلان و پەکەکە 50
گروپی ئایدیولۆژی پەکەکە لە پراکتیکدا 57
دامەزراندنی پارتی کرێکارانی کوردستان 66
پێوەندیی پەکەکە لەگەڵ ئێران، سوریا و عێراق 77
پەکەکە لە تیرۆرکردنی کادیرەکانیدا بەردەوامە 86
پەکەکە بە دوای کۆنگرەی سێیەمیدا 90
پەکەکە خۆی بە ئالتەرناتیڤی ڕێکخراوەکانی باشوری کوردستان دەزانێت 105
شەڕی پەکەکە دژی پەرلەمانی کوردستان 113
قەیران و ئاڵۆزیی لە پەکەکەدا بەرینتر دەبێتەوە 119
کۆنگرەی پێنجەمی پەکەکە 122
دامەزراندنی تەلەفزیۆنی MED 137
ڕاکردنی عەبدوڵا ئۆجەلان لە سوریا و گیرانی لە کینیا 140
کۆنگرەی شەشەمی پەکەکە و هەنگاوەکانی دوایی 142
کۆماری دیموکراتی 151
کۆنگرەی حەوتەمی پەکەکە 164
کۆنگرەی هەشتەمی پەکەکە 168
کۆنگرەی یەکەمی کۆما جڤاکێن کوردستان 174
کۆنگرەی دووەمی کەجەکە 178
پارتی کرێکارانی کوردستان، کانتۆن و حشدی شەعبی 181
پەکەکە و جەمیل بایک 194
پاشبەند 217
بەرهەمە چاپکراوەکانی نوسەر 225

# پێشەکی

نەتەوەی کورد مەزنترین نەتەوەی بێدەوڵەتی جیهانە کە لە کۆی نزیک بە ٤٥ ملیۆن، نزیکەی ٢٠ ملیۆنی لە باکوری کوردستان واتە لە باشوری ڕۆژهەڵات و ڕۆژهەڵاتی تورکیا، لە سنوری دەستکردی نێوان ڕۆژئاوا، باشور و ڕۆژهەڵاتی کوردستان نیشتەجێیە و ٢٠ تا ٢٥%ی ڕێژەی دانیشتوانی تورکیا پێکدێنێت. باکوری کوردستان ٣٠%ی خاکی تورکیا و ٢٣٠ هەزار کیلۆمەتری چوار گۆشەیە. لەو ڕێژەیە، تەنیا نزیکەی ١٠% عەرەب، تورک، ئەرمەن و عەلەوی دەژین و ٩٠%ی بەتێکڕا کوردن. لە ٨١ پارێزگای توکیا، کورد لە ٢٢ پارێزگادا زۆرینەی دانیشتوان پێکدێنێت، وەک: ئامەد "دیاربەکر"، دێرسیم، موش، مەلاتیا، وان، ماردین، بدلیس، بینگۆل، ئادیامان، هەکاری، ئالازیغ، سێرت، قەرس، ئاگری، خارپێت، باتمان، ئەرزنجان، ئەرزڕوم، ئورفا، شرناخ، ئیدر، ئەردێهان.

نەتەوەی کورد لە سەردەمی دەسەڵاتداریی ئیمپڕاتۆریی عوسمانی و تورکە کەمالییەکاندا هەتا ئەمڕۆ بە بەردەوامی لە ئازاردایە. عوسمانییەکان بە درێژایی مێژووی خۆیان، مافی نەتەوایەتی کوردیان پێشێلکرد و بە دەیان فەرمانی قەڵاچۆکردنیان دژی کوردانی ئێزدی بەڕێوەبرد. کەمالییەکانیش تەنانەت ناوی کورد و کوردستانیان لەو نەتەوەیە سڕییەوە، بەڵام کوردی کۆڵنەدەر هەم لە بەرامبەر تورکانی عوسمانیدا خۆی ڕاگرت و هەم پیلانی تورکە کەمالییەکانی پووچەڵ کردەوە و بە خۆڕاگری خۆی چەندین بەرگی زێڕینی خستەسەر لاپەڕەکانی مێژووی پڕلە کارەساتی نەتەوەکەمان کە بەشێکی ئەمانەن:

**١- یەکەم بزوتنەوەی ڕزگاریخوازانەی نەتەوەیی کورد بە مەبەستی پێکهێنانی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستان، بە سەرۆکایەتی شێخ عوبەیدوڵا نەهری، ساڵی ١٨٨٠ لە باکوری کوردستان و لەسەردەمی عوسمانییەکاندا سەری هەڵدا.**

٢- یەکەم ڕۆژنـــامەی کــوردی بە نـــاوی کوردســـتان، ســـاڵی ١٨٩٨ بە دەستپێشخەری میقداد مەدحەت بەدرخان، کوردی دانیشتووی ئەو بەشەی کوردستان لە قاهیرە چاپ و بڵاوکرایەوە.

٣- یەکەم داخـوازی چاکسـازیی لە کوردسـتاندا کە بە نوسـراوە درا بە عوسمانییەکان، سـاڵی ١٩٠٧ لە "بریڤکـان" و لە مـاڵی شـێخ نـورمحەمەد بریڤکـانی پێشـەوای تەکـیەی قـادری ئامـادە و ئاراسـتە کـرا. دەوڵەتـی عوسمانی پێشڕەوی ئەو چالاکییەی کە شێخ عەبدولسـەلام بـارزانی بـوو، ڕۆژی ١٩١٤/١٢/١٤ لەگەڵ سێ لە هاوڕێیانی لە موسڵ لە سێدارە دا.

٤- دەوڵەتـی عوسـمانی سـاڵی ١٩١٥- ١٩١٧ فەرمـانی قەڵاچـۆ کردنـی کوردانی ئێزدی ڕاگەیاند و هەزاران کوردی ئێزدی لە ناوچەکانی هەکاری، جەزیر و بۆتان، شەنگال و شێخان کوشت و دەیـان هەزاریشـی ناچـار کـرد، ناوچەکەیان بەجێهێڵنو لەگەڵ ئەرمەنەکان، بۆ ئەرمەنستانو شوێنەکانی تر ڕابکەن، یان دەست لە بیری ئایینی خۆیان بەردەن.

٥- ئـاڵای کوردسـتان بەو زەمینـەیەی ئێسـتای کە لە کـابینەی سێیەمی حکومەتی هەرێمی باشوری کوردستان بە سـەرۆکایەتی نێچیرڤـان بـارزانی بەڕەسمیەت ناسرا و ئەمڕۆ لە هەموو جیهاندا، نوێنەرایەتی نەتەوەی کورد دەکات، یەکەم جار ساڵی ١٩٢٧ لە کۆمەڵەی خۆیبوون، لە لایەن ئیحسـان نوری پاشاوە لەسەر چیای ئاگری هەڵکرا[1].

ئەوانە چەند نمونەیەکن لە تـاوانی دوژمـن و چالاکییەکـانی کـوردانی بـاکوری کوردسـتان کە گرنگـایەتی تایبەتیـان هەیە لە مێـژووی نەتەوە و نیشتمانی ئێمەی کورددا. لە ڕەوتـی دابەشکردنی ئیمپڕاتۆریی عوسمانیدا نـوێنەری دەوڵەتـانی فەرەنسـا، ئینگلیـز، ئیتالیـا، ژاپـۆن و هاوپەیمانـان جەنگــی یەکەمــی جیهــان ڕۆژی ١٩٢٠/٨/١٠ لە شــاری سـێڤەری فەرەنسـا کۆبوونەوە و ڕێککەوتنێکیان واژۆ کرا. شەریف پاشا لە باکوری کوردستان بە نــوێنەرایەتی نەتەوەی کــورد بەشــداریی ئەو کۆبــوونەوەیەی کــرد. بەو پەیمـانە کە دواتـر بە پەیمـانی سێڤەر ناسـرا، بریتانیـا دەیویسـت بـاکوری

کوردستان لە تورکیا جیابکاتەوە و ئەو بەشە لەگەڵ ویلایەتی "پارێزگا" موسڵ، بکات بە دەوڵەتێکی سەربەخۆی کورد و خۆشی سەرپەرشتی بکات، کەچی سەرکەوتنی مستەفا کەمال لە شەڕی سەربەخۆیی تورکیادا کە بە هاوکاریی بەشێک لە کوردەکان بەڕێوەچوو، هاوپەیمانانی ناچارکرد لە جێبەجێکردنی پەیمانی سێڤەر پاشگەز ببنەوە و لە شاری لۆزانی وڵاتی سویس، پەیمانێکی تر واژۆ بکەن کە ناوی پەیمانی لۆزان[٢] لێنرا. بەو پەیمانە، نەتەوەی کورد لە باکور، باشور و ڕۆژئاوای کوردستان سەرلەنوێ وەبەر هەڕەشە و ئازاری داگیرکەرانی کوردستان و بە تایبەتی مستەفا کەمال و حکومەتەکانی دواتری کەوتەوە.

ساڵی ١٩٤٥ سیستەمی حوکمڕانی تورکیا لە تاک حیزبییەوە بەرەو سیستەمی چەند حیزبی هەنگاوی نا و لە هەڵبژاردنی ساڵی ١٩٥٠دا حیزبی تازە دامەزراوی دیموکرات، بە پشتگیریی کوردانی باکوری کوردستان توانی بەسەر حیزبی کۆماریخوازدا زاڵ بێت و زۆربەی کورسییەکانی پەرلەمانی تورکیا بخاتە دەست خۆی. بەو سەرکەوتنە، عەدنان موندرس بە پلەی سەرۆک وەزیرانی تورکیا گەیشت و چەند کوردیش بە ئەندامی پەرلەمانی تورکیا هەڵبژێردران.

ساڵی ١٩٦٩ حیزبی کارگەرانی تورکیا کە حیزبێکی یاسایی تورکیا بوو، بۆ یەکەم جار لە کۆنگرەی چوارەمی خۆیدا ئاشکرای کرد، کورد وەک کەمایەتییەک لە تورکیادا ستەمی لێکراوە و محەمەد عەلی ئەسلان سەرۆکی ئەو حیزبە نەیشاردەوە لە دەیەکانی ڕابردوودا هەوڵی نەهێشتنی کورد دراوە. ناساندنی کورد وەک کەمایەتی لەلایەن ئەو حیزبەوە، ڕێگای بۆ ناساندنی بزوتنەوەکانی کورد لە باکوری کوردستان خۆش کرد. بەو هەنگاوەی حیزبی کارگەرانی تورکیا، ژمارەیەکی زۆر گروپ و ڕێکخراوی چەپ، بەنهێنی و ئاشکرا لە تورکیادا پێکهاتن کە گروپی ئایدیولۆژی پەکەکە و دواتریش پارتی کرێکارانی کوردستان یەکێک لەو ڕێکخراوانە بوون کە دواتر لە ڕەوتی ئەم کتێبەدا ئاماژەیان بۆ دەکەم.

کودەتای سەربازیی ١٩٨٠ لە توکیا سەرلەنوێ کوردی باکوری گەڕاندەوە بۆ دۆخی پێشووی. بەگشتی لە مستەفا کەمالەوە بگرە تا دەگاتە بلْند ئەجەوید و سلێمان دەمیرێل و بەگشتی لە ماوەی ٩٠ ساڵی ڕابردوودا نەتەوەی ئێمە لەو بەشەی کوردستان دەچەوسێتەوە. لەو پرۆسەیەدا تا ساڵی ١٩٩١، کاربەدەستانی دەوڵەتی تورکیا، بە کوردیان دەگوت "تورکی کێوی" و لەو هەستە ڕەگەزپەرستییەوە، زمان و کەلتوری کوردیان یاساخ کردبوو، گوندەکانیان سووتاندن و لە ماڵ و شوێنی ژیانی باو و باپیرانی دووریان خستنەوە، نەیانهێشت کورد وڵاتی خۆی ببوژێنێتەوە و تەنانەت بۆ ئەوەی ڕەگەزی نەتەوایەتیی لێ بسڕێتەوە، هەوڵی تواندنەوەی دا، بەڵام نەیتوانیو سەرئەنجام لە کۆتایی ساڵی ١٩٩١دا، تۆرگۆت ئۆزاڵ سەرکۆماری ئەوکاتی تورکیا، یاسایەکی تایبەتی دەربارەی پێکهاتنی پارتی سیاسی لە تورکیا بڵاوکردەوە و ڕایگەیاند: **(لە خەزێنەی گشتی دەوڵەت پارە بدەنە ئەو پارتە سیاسیانەی کە بەرێگەی ئاشتی و دیموکراتییەوە، هەوڵی دیموکراتیزە کردنی تورکیا دەدەن.)** ئوزاڵ کە لە دایکەوە کورد بوو، بۆخۆی پارتی HEPی دامەزراند و هەلی بۆ ڕووناکبیرانیش ڕەخساند کە ئەوانیش ڕێکخراو و کۆمەڵەی سیاسی و پیشەیی بۆخۆیان دامەزرێنن.

بەو فەرمانەی سەروو، چەندان حیزبی سیاسی و مەدەنی لە تورکیا ئاشکرا بوون و ژمارەیەکیش کوردی سیاسیکار ئەو هەلەیان قۆستەوە و پارتی DEP یان دامەزراند. دامەزرێنەرانی ئەو حیزبە داوایان لە ڕێبەرانی پەکەکە کرد هەوڵبدەن بۆ بەرژەوەندی کورد و بزوتنەوەکەی لە باکوری کوردستان، دژایەتی ڕێکخراوە سیاسیە تازە دامەزراوەکەیان نەکەن و ڕێکخراوەکە بەهی خۆیان بزانن. ئەو حیزبە یاساییە لە تورکیادا چەندان جار یاساخ و بە ناوی جۆراوجۆر خۆی ڕێکخستەوە و سەرئەنجام کرابە پارتی دیموکراتی گەلانی تورکیا "هادەپ" کە دواتر لە بەشی کۆتایی ئەم کتێبەدا ئاماژە بۆ شێوازی بەڕێوەبردنی دەکەم.

بزوتنەوەکـانی کـورد لـە بـاکور و بەشـەکانیتری کوردسـتان، ئەمـڕۆ شێوازێکی گرنگ و تایبەتییان بەخۆوە گرتووە و سەدان هەزار سیاسەتزان، نوسەر، شاعیر، خوێندکار، جوتیار، بازرگان و ڕۆشنبیریان لێ کۆ بووەتەوە. لەو ڕەوتە مێـژووییەدا، هەمـوو چـین و توێژەکـانی گەلـی کـورد، شـۆڕش و ئەزموونەکـانی کورسـتان بە هـی خۆیـان دەزانـن و لە بەرامـبەر سـەرکەوتنەکاندا شـاد و لە شکانەکانیشـدا خەمبـار و خۆیـان بە بەرپـرس دەزانن و هەست بە ئازار دەکەن.

ئەگەر سیاسەتزان و نوسەرانی ئێمە پێشتر دەرەتـانی ئەوەیان نەبووە، وەک پێویسـت بزوتنەوەکـانی کـورد هەڵسـەنگێنن و لایەنـی ئەرێنـی و نەرێنیان ڕوون بکەنەوە، ئەمڕۆ سەدان کوردی ئەکادێمی و لێکۆڵەر، بۆ کەم کـردنەوەی هەڵەکـان، بە فیکـر و شـێوازی جیـاواز، خەریکـی تـوێژینەوە و هەڵسـەنگاندنی بزوتنەوەکانمـانن، بە کتێـب و نـامیلکە دەرکـردن، یـان بە نوسـین و بڵاوکـردنەوە وتـاری هەمەجـۆرە لە ڕۆژنـامە و سـایتەکانی ئینتەرنێدا.

هەموو ڕێکخراوێک مافی خۆیەتی ستراتیژ و تاکتیک بۆخۆی دابڕێژێت و بۆ جێبەجێ کردنیشیان خەبات بکات! ئێمەش ئەرکی سەرشانمانە بەپێی توانـا یارمەتیـان بـدەین و لە بەرامـبەر دوژمنـدا بیانپـارێزین! بەڵام ئەو پاراسـتنە تـا ئەو جێـیە شـەرعییەتی هەیە و بە ئەرکـی نەتەوەیـی و نیشتمانیی دەژمێردرێت کە ئەو ڕێکخراوانە لەخزمەت بەرژەوەندییەکانی گەلـی کورددا بن و ئەگەر پێچەوانەی ئەوەیان لێ ببینین، دەبـێ چـاو لە بەرژەوەنـدیی کەسـەکان بپۆشـین و هەڵەکانیـان دەستنیشـان بکەیـن و نەهێڵین دووبارەیان بکەنەوە و گەلەکەمان بە لاڕێدا بەرن.

گەلی کورد بۆ ئەوەی ئاکامی ئەرێنی لە بزوتنەوەکانی وەربگرێت و لە گێژاوی سیاسەتی جیهاندا نوقم نەبێ، پێویستە پرۆسەی ژیانی نوێی جیهان لەبەرچـاو بگرێـت و تاکتیکەکـانی بەشـێوەیەک دابڕێژێـت کە لەو دەریـا بەرینەدا بتوانێ پاپۆڕی نەجات بەرەو ڕوخ بەرێت. تیرۆر و تەقاندنەوەی

شوێنە گشتییەکان، تۆقاندنی خەڵک، بێ ڕێزی کردن بە مافی مرۆڤ، خۆبواردن لە دیپلۆماسی جیهانی بە پشتبەستن بە تیۆریی دڵخۆشکەرانەی نەگونجاو لەگەڵ کێشەی کورد، ڕێگەنەدان بە خەباتی هەرێمیی ڕێکخراوی‌تر لە بەشە جیاوازەکانی کوردستاندا و سەرئەنجام پشتبەستن بە سیاسەتی دەوڵەتە داگیرکەر و کۆنەپەرستەکانی کوردستان، جگەلە زیانگەیاندن بە بزوتنەوەکانی کورد، سودێکی تری نییە. بۆ ئەوەی کورد سەرکەوێت، دەبێ بە چنگ و ددان ئەزموونی باشوری کوردستان بپارێزێ و بە هەموو شێوەیەک بەرگریی لێبکات. هەوڵبدات لەنێوان هێزە سیاسییەکانی ئەو هەرێمەدا ئاشتی جێگیر بێت و بە ئاشتی و دیموکراسی پرۆژەکانیان جێبەجێ بکەن.

لە ماوەی بەدەسەڵات گەیشتنی مستەفا کەمال و حکومەتەکانی دواتری لە تورکیا، زیاتر لە حەوت ملیۆن کورد بەهۆی پەلامارەکانی سوپای تورکیا بۆسەر شار و گوندەکانی باکوری کوردستان، شەڕ و تێکهەڵچوونی گریلاکانی پارتی کرێکارانی کوردستان "پەکەکە" و سوپای تورکیا و نەبوونی کار و ئاسایشی ژیان لە ناوچەکەیاندا، کۆچێندراون، یان خۆیان کۆچیان کردوە. لەو ژمارەیە نزیکەی دوو ملیۆن و نیو لە ئەستەنبوڵ، نزیکەی یەک ملیۆن و نیو لە ئەنقەرە و ئەوانی تریش لە ئەنادۆڵ و شارەکانی تردا بڵاوبوونەتەوە و ئەو ڕەوتە هەتا ئێستاش بەردەوامە و هەموو لایەکمان لە پارێزگاکانی ئامەد، شرناخ و وان دەیبینین کە چۆن بنەماڵە کوردەکان بەو کەش و هەوا ساردەی زستان شار و گوندەکانیان بەجێدێڵن و ڕوو لە شارە ئارامەکان دەکەن. مادام گەلی کورد بەهەر هۆیەکەوە بێت، لە باکوری کوردستان و تورکیا ڕێگای خەباتی ئاشکرا و پەرلەمانیی هەیە و دەتوانێ بە ڕێفۆرم بە داواکانی بگات، سەرکردەکانی کورد دەبێ پێش بەو کۆچانە بگرن و بیانو نەدەنە دەست دوژمن کە درێژە بە قەلاچۆکردنی شار و گوندەکانی کوردستان بدات و منداڵی کورد لە خوێندنگە دوور کاتەوە.

لە کۆتاییدا پێویستە بڵێم بۆ ئەم لێکۆڵینەوەیەم هەوڵمداوە بەتەنیا کەڵک لەو کتێب، بڵاوکراوە و وتوویژانە وەربگرم کە بەرپرسانی پەکەکە لەگەڵ تۆڕەکانی ڕاگەیاندنی گشتی ئەنجامیانداوە، یان من خۆم لەگەڵ ئەوان ئەنجامم داوە و هیوادارم خوێنەرانی سودی لێوەربگرن.

شایانی باسە، من ئەم لێکۆڵینەوەیەم لە مانگی نۆڤیمبەر "تشرینی دووەم"ی ساڵی ٢٠١٥دا تەواو کرد، بەڵام بەهۆی هەڵگیرسانی شەڕ لەنێوان پەکەکە و ڕژێمی تورکیادا کە سەرەتا لە ئەنجامی توندڕەویی و سیاسەتی چەوتی ڕێبەرانی پەکەکەو دواتریش بەهۆی قورس کردنی شەڕەکە لە لایەن دەسەڵاتدارە ڕەگەزپەرستەکانی ڕژێمی تورکیاوە، بۆ کاتی ئاسایی بوونەوە دۆخەکە ڕاگرت کە نەکات لە جیاتی خزمەت، نوسینەکەم ببێتە هۆی بریندارکردنی زیان لێکەوتووان شەڕەکە لە باکور و دڵسۆزانی کورد لە بەشەکانی تری کوردستان.

بەڵام کاتێک بینیم دەسەڵاتدارانی تورکیا و گریلاکانی پەکەکە هەرکامەیان بەشێوەیەک بەربوونەتە گیانی خەڵک و شار و گوندەکانیان لێ وێران دەکەن و هەزاران کەسیان کوشت و بریندارکرد و سەدان هەزار کەسیان لە شوێنی ژیانیان ڕاونا و ناچاریان کردن دەست لە ماڵ و ژیانیان هەڵگرن و پەنا بۆ شارە ئارامەکانی باکور و تورکیا بەرن و خەڵکەکە بە دەرد و ئازاری خۆی زانی کە چۆن زیانێکی قورس و قەرەبوونەکراوی گیانیی، ئابووریی، سیاسیی و کۆمەڵایەتییان لێکەوتووە، بڵاوکردنەوەی لێکۆڵینەوەکەم بە پێویست زانی.

حامید گەوهەری

٢٠١٦/٣/٢٥

١- پێویستە بڵێم ئەو ئاڵایە دوای هەڵکرانی لەسەر چیای ئاگری، دوو جاری تریش لە ڕۆژانی ١٩٤٥/٥/٩، ڕۆژی سەرکەوتنی هاوپەیمانانی جەنگی دووەمی جیهان بەسەر فاشیزم و ڕۆژی ١٩٤٥/٨/٢٢ ڕۆژی دامەزراندنی کۆمەڵەی ژیانەوەی کوردستان، لە لایەن کۆمەڵەوە بەرز کراوەتەوە و

دواتر لە کۆماری کوردستاندا بە ئاڵای کوردستان ناسرا و ڕۆژی ١٩٤٥/١٢/١٧، لە مهاباد و دواتریش لە نەغەدە و بۆکان و شوێنەکانی تر هەڵکرا.

٢- پەیمانی لۆزان: ئەو پەیمانە ڕۆژی ١٩٢٣/٧/٢٤ لە کۆنگرەیەکدا لە شاری لۆزان لە وڵاتی سویس واژۆکرا، مەبەست لەو کۆنگرەیە باسکردن بوو لە کێشەکانی نێوان تورکیا و یۆنان و پێکهاتنێکی نوێی ئاشتی لەگەڵ مستەفا کەمال، بۆ ئەوەی پەیمانی لۆزان شوێنی پەیمانی سێڤەر بگرێتەوە. لەم کۆنگرەیەدا گەلێک بابەتی تایبەت بە کێشە ناوچەیی و سیاسییەکان و چارەسەرکردنی کێشەی موسڵ و سیستەمی ڕێڕەوە دەریاییەکان و کێشەی سیستەمی ئیمتیازی بێگانە و کێشە ئابووری و داراییەکانی وەک قەرزی گشتی ئیمپڕاتۆریی عوسمانی و پاراستنی بەرژەوەندی ئابووریی دەوڵەتە دەرەکییەکان خرانە بەرباس و سەرئەنجام لە کۆنگرەی لۆزاندا، هاوپەیمانان بە قازانجی مستەفا کەمال، لە پەیمانی سێڤەر و مافی نەتەوەی کورد پاشگەز بوونەوە و کێشەی کوردیان قوڵتر کردەوە.

# سەرەتا

لەو وڵاتانەدا کە سیستەمی پلورالیزمی سیاسییان تێدا جێگیر نەبووە و دانیشتوانی لە چارەنوسی خۆیاندا بەشدار نین، گەلێک گروپی خاوەن ئایدیولۆژیی جۆراوجۆریان تێدا دروست دەبێت. ژمارەیەک لەوانە لایەنگر یاخود سەربە ڕێکخراوە سیاسییەکانن و بەنهێنی لەلایەن ئەوانەوە ڕێنوێنی دەکرێن و ژمارەیەکیشیان گروپی نوێن و بە ڕواڵەت سەربەخۆن و دوور لە چاوی پۆلیس و دەزگاکانی هەواڵگریی و ئاسایشی زانکۆکان خەبات دەکەن و جارجارەش بۆ مەبەستێکی تایبەت بە ئایدیولۆژیی خۆیان کۆدەبنەوە، سیمینار پێکدەهێنن، واژۆ کۆدەکەنەوە، یان خۆپێشاندان ڕێکدەخەن. ئەو گروپە نوێیانە بەهۆی کەم ئەزموونی لە خەباتی سیاسیدا، خێراتر ئاڵوگۆڕیان بەسەردا دێت و زەبریان لێ دەکەوێت. ئەو ڕەوتە شتێکی تازە نییە و لە کۆنەوە لە زانکۆکانی تورکیادا باوەو هەموو ساڵێ بەدەیان خوێندکار بە تاوانی خەباتی سیاسی دەکەونە ژێر لێپێچینەوەی پۆلیس، دەگیرێن و ئەشکەنجە دەدرێن.

تورکیا یەکێک لەو وڵاتانەی جیهانە کە بە بەردەوامی لەگەڵ کێشەی خوێندکارانیدا دەستەویەخەیە. هۆی ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ چۆنیەتی هەڵکەوتەی جوغرافیای وڵاتەکەی کە بەشێکی لە بازنەی جۆغرافیای ئەوروپای ڕۆژئاوادا جێیگرتووە، دراوسێی وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ئەوروپایە و پترلە دراوسێکانی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، فەرهەنگ و پێشکەوتنەکانی ئەوروپای ڕۆژئاوا و تیۆرییەکانی ئەوروپای ڕۆژهەڵات، کار لەسەر دانیشتوانی دەکات.

دواکەوتوویی فەرهەنگی تورک لە لایەک و دامەزراندنی ژێرخانی دەوڵەتەکەیان لەسەر سیستەمی کەمالیزم و گوێ نەدانیان بە مافی دیموکراتیی دانیشتوان لە لایەکیترەوە، بە شێوەیەکی بەردەوام خویندکارانی تورکیای تووشی بەربەرەکانییەکی دوور لە چاوەڕوانی کردوە.

لە تورکیا و تەنانەت لە کۆماری ئیسلامیی ئێرانیشدا دەزگای پاراستنی حکومەتە دیکتاتۆرەکان بۆ ناسینی گروپە خوێندکارەکان، لە شێوازی جۆراوجۆر کەڵک وەردەگرن، وەک: دروستکردنی گروپی دەستکردی بە رواڵەت سیاسی و ناردنی سیخوڕ بۆ ناو گروپەکانی تر بە مەبەستی ناسین و شێوەی بیرکردنەوەی ئەندامانی گروپەکان و ناساندنیان بە دەزگاکانی هەواڵگری.

ئەوە دیاردەیەکی تازە نیە کە لە خەڵک و خوێندکاران و کەسانی بە ئەزموونی سیاسی شاراوە بێت، بەڵکوو دیاردەیەکی کۆنە و دوای کۆتاییهاتنی جنگی دووەمی جیهان و دابەشبوونی جیهان بەسەر دوو سیستەمی بۆرژوازیی و بە رواڵەت سۆسیالیستیدا و دەستپێکردنی شەڕی سارد لەنێوان ئەو دوو سیستەمەدا سەری هەڵداوە و لە شەستەکانی سەدەی بیستەوە بە بەرزترین لوتکەی خۆی گەیشتووە.

ئەندامانی سەر بەو گروپانە بەگشتی لە خوێندکارانی زانکۆکان پێکدێن، هەروەکوو گوتم بەشێکیان سەربەخۆن، یان لایەنگری ڕێکخراوە سیاسییەکانن و ژمارەیەکی کەمیشیان لەنێو زانکۆکاندا فەرمان و ڕاسپاردەی دەزگاکانی ئاسایشی حکومەتەکەیان بەڕێوە دەبەن. ئەو بەشەی دوایی، بەگشتی لە بنەماڵە دەرەبەگەکانی سەربە دەوڵەت، پلەدارانی باڵای سوپا، شێخەکان، مەلاکان، موختارەکان و دەوڵەمەندەکانی لایەنگری حکومەتن. هەرچەندە کەسانی هەژار و دەست کورتیش هەن کە لە رووی نەزانیو بەمەبەستی خزمەتکردن، یان بۆ بەرژەوەندیی خۆیان بەشوێن ئەو گروپانە دەکەون و هاوکارییان دەکەن.

ئەو گروپە ئایدیولۆژییانە بەگشتی لە چەند کەس تێناپەڕن. ئەوان بۆ چەسپاندنی ئایدیولۆژیای خۆیان هەمیشە بە یەکەوە مشتومڕیانە و هەندێک جاریش دژکردەوەکانیان حاڵەتی فیزیکی بەخۆوە دەگرێت و هەر گروپەی دەیەوێ بە زۆر ئایدیولۆژی خۆی بەسەر لایەنی رووبەرودا بسەپێنێت. دەبێ لەبیر نەکەین کە دینامی بزواندنی ئەو کێشە فیزیکییانە،

ئەگەر بەشێکی لە کەم ئەزموونی و لاوێتییەوە سەرچاوە بگرێت، بەشە مەزنەکەی تری لەلایەن گروپەکانی سەربە دەوڵەتەوە، ئاگریان بۆ خۆش دەکرێت. ئەوان بەو کارەیان لەلایەک ئەندامانی گروپەکان ئاشکرا دەکەن و لەلایەکیتردا بەقازانجی دەوڵەت ناهێڵن گروپەکان لێک نزیک ببنەوە و یەک بگرن. لەوانە گرنگتر هەوڵدەدەن گروپە نەیارەکانی دەوڵەت بەرەو چەوتی پاڵپێوەنێن و تێدەکۆشن ئەو گروپانە دوژمنایەتی یەکتر بکەن و سەریان بە کێشەی ناوخۆییەوە قاڵ بێت و بەگشتی گوشاریان بۆ دەهێنن لە هێڵی خزمەتکردن بە ئایدیولۆژییەکەیان دووریان بکەنەوە. تاقیکردنەوەکان پێشانیانداوە کە حکومەتەکانی تورک و ئێران لەو ڕێیەدا سەرکەوتوو بوون و گەلێک دەستکەوتی مەزن و بەنرخیان بەدەست هێناوە و کێشە و ئاژاوەیەکی زۆریشیان خستووەتە ڕیزی بزوتنەوەکانی گەلی کورد.

سەرکەوتنی ئەو حکومەتانە لەوەدایە کە بەشێوەی ناڕاستەوخۆ، بە بڵاوکردنەوەی تیۆریی ناڕاست و پێچەوانە، گروپە خوێندکارەکان توند و تیژ باردەهێنن و لە بواری ئایدیولۆژی و کردەوەدا، مارکسیستەکان توشی لادان و چەپڕەوی دەکەن، بەشێوەیەک کە نەتوانن بەپێی هەلومەرجی خەبات لە هێز و توانای خۆیان بە قازانجی کۆمەڵگا کەڵک وەربگرن. دروشمی مەزن و بەرواڵەت شۆڕشگێڕانەیان پێ بەرز دەکەنەوە و لەڕێی ڕاست لایان دەدەن و لەژێر گوشاری خواستەکانیاندا دەیانچەمێننەوە، چونکە ئایدیولۆژییەکەیان بە کردەوە جێ ناگرێ و سەرکەوتن بەدەست ناهێنێت، پارچە پارچە دەبن و لە دنیای سەرگەردانیدا دەسوڕێنەوە.

ئەندامانی سەر بەو گروپانە بەگشتی پترلە بیری ستالین و ماوتسی تۆنگ پەیڕەوەی دەکەن و ئەگەر مرۆڤ بیرو بۆچوونەکانیان لەبەرچاو نەگرێ، تێدەگات کە زۆربەیان کەسانی سادق، سادە، دڵسۆز و خۆبەختکەری کۆمەڵگان. ئەوان بۆ ئەوەی سەرکەوتن بەدەست بهێنن، لە هیچ مەترسییەک ناپرینگێنەوە و لە ڕادەبەدەر خۆیان ماندوو دەکەن و دەبنە هۆی ماندوو کردنی هەڤاڵانیشیان و زیانێکی زۆریش بە بزوتنەوەکانی ڕزگاریخوازیی

نەتەوە ژێردەستەکان دەگەیەنن. بەهۆی دروشمە بریقەدارەکانیانەوە کەسانی کەم ئەزموون و خۆبەختکەریان لێ کۆدەبێتەوە، بەپەلە گەشە دەکەن، بەپەلە ستراتیژەکانیان دەگۆڕن و بەپەلەش توشی قەیران دەبن و هەلومەرجی خەبات دەیانهاڕێت. ئەندامانی ئەو گروپانە لەنێوان تیۆریی و کردەوەدا هێز و توانایان نامێنێت. ئەوانەی دەکەونە دەست پۆلیسی حکومەتەکان و دەگیرێن، چونکە نەسرەوتو باردێن، زوو شەکەت دەبن و وزەیان لێ دەبڕێ و زۆربەیان لە زیندانەکاندا دەشکێن و ئەوانەش کە لە گۆڕەپانی خەباتدان ئەگەر واز لە ڕابردووی خۆیان نەهێنن، لە کردەوەدا توشی گرفت دەبن و هەر ڕۆژەی کوتێکیان لێ دەبێتەوە و سەرئەنجام زەحمەتەکانیان بەفیرۆ دەچێت. نمونەی ئەو ڕێکخراوانە لە ئێران، تورکیا و تەنانەت عێراق و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دا بە ڕادەیەکن کە هەر لێکۆڵەرێک دەتوانێ چەند نمونەی مێژووییان بۆ بێنێتەوە.


پارتی کرێکارانی کوردستان پەکەکە یەکێکە لەو ڕێکخراوانەی کە بەو تیۆرییە هاتووەتە ڕیزی بزوتنەوەی کورد لە باکوری کوردستاندا و لە ساڵی ١٩٨٤وە پرۆسەی شەڕی چەکدارانەی هەڵبژاردوە و لەو ڕێیەدا زۆرجار توشی کەندوکۆسپ و قەیرانی ناوخۆیی بووە و قەیرانەکانی بە تەسویە و کوشتنی ئەندامانی و وازهێنانی لە ستراتیژ و بڕیارەکانی پوشبەسەر کردوە. زۆرن لەو مامۆستایانەی کە هەستیان بەو ڕەوتە ناسروشتییە کردوە، بەڵام بۆ زانیاریی پتری نەوەکانمان، پێویستە ئاوڕێکی کورت لە چۆنیەتی سەرهەڵدانی ئایدیولۆژی. ستروکتور، ستراتیژی، تاکتیک و کردەوەکانی ئەو پارتە بدەینەوە و پتر لەو و لە ڕێکخراوەکانی هاوشێوەی بزانین کە چۆن لە چوارچێوەیەکی بەستراوی دوور لە ئازادییە دیموکراتییەکاندا سەرهەڵدەدەن و لەناویاندا چ دەقەومێت.

پێویستە لێرەدا بڵێم مەبەست لەم نوسینەم دەرخستنی چاکە و خراپە، یان قازانج و زیانەکانی پەکەکە نییە و بۆ ئەوەش خامەم هەڵنەگرتووە کە کەسێک بریندار بکەم، یان بەشێک لە خزمەتەکانی پەکەکە بە زمان و

کەلتووری نەتەوەکەمان لە باکوری کوردستاندا بخەمە ژێر نیشانەی پرسیارەوە و بە کەمیی ببینم، بەڵکوو مەبەست ئەوەیە کە زەحمەت و گیان بەختکەریی نەوەکانی داهاتوومان لە بزوتنەوەکانی ڕزگاریخوازی نەتەوەیی بەفیڕۆ نەچێت و ئەوان لە گۆڕەپانی خەباتی کوردایەتیدا فریوی دروشمی نەگونجاو و ناتەبا نەخۆن و لە جیاتی خزمەتکردن بە ئامانجە نەتەوەییەکان، زەبر لە خۆیان و لە بەرژەوەندییە نەتەوەیی و نیشتمانییەکەیان نەدەن.

بۆ دەرخستنی ڕاستییەکان، نوسینەکەم بەو بەڵگەنامانەی پەکەکە و وانەکانی فێرگەی پەروەردەیی ئەو ڕێکخراوەیە و ئەو شاهیدانە دەبەستمەوە کە جەمیل بایک لەژێر ناوی "هەڤاڵ جومعە" لە کتێبەکەیدا "مێژووی پارتی کرێکارانی کوردستان" بە زاراوەی سۆرانی بڵاویکردوەتەوە، لەگەڵ ئەو کەسایەتیانەی لە سەرکردایەتی و کۆنسەی سەرۆکایەتی پەکەکە و ئۆرگانەکانی بالای ئەو ڕێکخراوەیەدا بوون. لە کۆتاییدا بە ئەرکی دەزانم کە سوپاس و ڕێزی خۆم ئاراستەی ئەو دۆستە بەڕێزانەم بکەم کە لە وەرگێڕانی بەڵگەنامە تورکیی و عەرەبییەکان و پێداچوونەوەی کتێبەکەمدا هاوکاریان کردوم، بەتایبەتی کاک کەمال گرویسی و ئەو ئازیزانەی خوارەوە لە پرۆسەی ژیانی پارتی کرێکارانی کوردستاندا، خۆیان بەرپرس، بڕیاردەر، بەشدار و شاهیدی ڕاستەوخۆی ڕووداوەکان بوون و لە دەوڵەمەندکردنی ئەم کتێبەدا یارمەتیان کردوم:

**نیزامەدین تاش "بۆتان"**: ساڵی ١٩٦١ لە شاری موش لە قەزای وارتۆ لەدایک بووە. بۆ مامۆستایەتی خوێندوە، بەڵام بەرلە کاری مامۆستایەتی، ساڵی ١٩٧٦ چووەتە ڕیزی گروپی ئایدیولۆژی پەکەکە و مامۆستایەتی نەکردوە. لە ساڵی ١٩٨٤وە تا ساڵی ٢٠٠٤ بەرپرسی سەربازیی پەکەکە بووە. لە ساڵی ١٩٨٦ و کۆنگرەی سێیەمەوە ئەندامی سەرکردایەتی و لە کۆنگرەی شەشەمی پەکەکەوە ئەندامی کۆنسەی سەرۆکایەتی پەکەکە بووە. ناوبرا سەبارەت بە جیابوونەوەی لە پەکەکە دەڵێت:



- (دوای گیرانی ئاپۆ، لە ساڵی ٢٠٠٠وە جیابوونەوە لە پەکەکەدا ڕوویدا، ئاپۆ چەند کتێبی لەسەر گرتنی خۆی نوسی. پەکەکە دەیگووت ئامانجی پەکەکە دامەزرانی دەوڵەتی سەربەخۆ و دیموکراتییە و گریلا بۆ ئەوە شەڕ دەکات، کەچی دوای گیرانی ئاپۆ، ناوبراو گوتی دەوڵەتی تورکیا دیموکراتییە و پێویست ناکات شەڕی لەگەڵ بکەین و ڕێگای چارسەرکردنی کێشەی کورد لە تورکیا سیاسیی و دیموکراتییە، نەک سەربازی و شەڕ. هەروەها گوتی ئامانجی ئێمە دامەزراندنی دەوڵەت نییە و کێشەی کورد لە چوارچێوەی تورکیادا چارەسەر دەکەین. ئێمەش گوتمان مادام پەکەکە دەستی لە دەوڵەتی کورد بەرداوە، دەبێ ستراتیژی خۆی لەسەر سیاسەت و دیموکراتیی دابنێ و دەبێ لە بوارەکانی ڕێکخستن، ئایدیولۆژی، فەلسەفە، پراکتیک و بەگشتی تەواوی سیستەمی خۆی بگۆڕێت. بۆ ئەوەش پێویستە بەرنامەیەکی نوێ دابنێت و بە گوێرەی ستراتیژی نوێ ڕیفۆرم بکات. گوتمان ئەگەر بۆ جارێکی تر بڕیاردەدەن دەوڵەتی سەربەخۆی کورد دامەزرێنن باشە، ئەگەرنا دەبێ شەڕ بوەستێنن. بۆ ئەو ئامانجە نابێ کورد بکوژرێت. ئەو گوتنەی ئێمە بەشێوەی بەربڵاو قسەی لەسەر کرا و ئەو بیرۆکەیە لەلایەن هەمووان و تەنانەت "جەمیل بایک"یشەوە پەسەند کرا.

کۆنگرەی هەشتەممان پێکهێنا و ناوی پەکەکەمان گۆڕی و کردمان بە "کۆنگرەی ئازادی و دیموکراتی کوردستان" KADEK. ئەو ناوە بەتێکڕای دەنگ لە کۆنگرەدا پەسەند کرا. بۆ ئەوەی بڕیارەکانمان ڕەسمیەت پەیدا بکات، ناردمان بۆ ئیمرالی کە ئاپۆ واژۆی بکات، ئاپۆ دژی نەوەستا و بە دەم قبووڵی کرد، بەڵام هەر هەفتەی گۆڕانێکی لە دەقەکەی ئێمەدا کرد و

پرۆگرامەکەی ئێمەی لە ناوەڕۆک خست و ئێمەش ناچاربووین بەگوێرەی ئەو بیانگۆڕین. بۆ نمونە ناوەکەی گوڕی بە "ئەنجومەنی جواتی کوردستان بۆ کۆنفیدرالیزمی دیموکراتی" بۆ ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست.

دواتر حکومەتی ئاکپارتی هەندێک هەنگاوی بۆ دیموکراتی کردنی وڵات هەڵگرت. ئەو مەسەلەیە بە دڵی ژەنەڕاڵەکانی سوپای تورکیا، "ئەرنەگە کۆن، لایەنی شاراوەی سوپا"[1] نەبوو، چونکە ڕاوەستانی شەڕ دەسەلاتی ئەوانی لاواز کردبوو. لەبەر ئەوە لە ئۆجەلانیان ویستبوو سەرلەنوێ دژی سوپا شەڕ بکەین تا تورکیا ئالۆز بێت. ئۆجەلان سێ پارێزەری خۆی بە ناوەکانی مەحمود شاکار "پیاوی ئەرنەگە کۆن"، عیرفان دوندار "کە دەرکەوت سەر بەمیتە" و بەکر قەیا سەرۆکی ئێستای شارەوانی "وان"ی بە نامەیەکەوە ناردبوو بۆ قەندیل و نوسیبووی ئەوانە وەکیلی منن. ئەو سێ کەسە بۆ ماوەی سێ مانگ لە قەندیل مانەوە و چەندان کۆبوونەوەیان لەگەڵ گریلاکان پێکهێنا و گوتیان بە بڕیاری سەرۆک ئاپۆ دەبێ کۆنگرەیەکی ئاوارتە پێک بێنن و لەودا سەرلەنوێ بڕیاری شەڕکردن بدەن. ئەو سێ کەسە هەفتانە دەگەڕانەوە تورکیا و لەگەڵ ژەنەڕاڵەکانی سوپا کۆدەبوونەوە و دەگەڕانەوە بۆ قەندیل. لە ئاکامی ئەو پێوەندییە و هاتوچۆیانەدا، سەرلەنوێ ناوی پەکەکەیان لەسەر ڕێکخراوەکە داناوە کە ئێمە ئەو ١٧ ئەندامانەی سەرکردایەتی پەکەکە دژی ئەو داخوازە ڕاوەستاین و ساڵی ٢٠٠٤ لە پەکەکە جیابووینەوە: نزامەدین تاش "بۆتان"، خەلیل ئاتاج "ئەبوبەکر"، خدر یالچین "سەرهات خدر، ساری قەیا "ئەکرەم"، دورسن عەلی کوچک، عوسمان ئۆجەلان "فەرهاد"، فەیسەڵ دوملایجی "کانی یەلماز"، ڕەحیمە یەلدرن، شاپور بادوشیوە "سیپان ڕۆژهەلات" کوردی ناوچەی سەلماس لە ڕۆژهەلاتی کوردستان، ساڵح "کەمال سوور" کوردی ڕۆژئاوای کوردستان، حەسەن ئاتمەجات "فەرحان"، سلێمان قایدن "جەلال شرناخی" و.... تد. پێویستە بڵێم لەو ژمارەیە هەشت کەسیان


لەلایەن پەکەکەوە کوژران. هەروەها زیاتر لە ٢٠٠٠ گریلا لەگەڵ ئێمە لە پەکەکە جیابوونەوە.)

**خەلیل ئاتاج "ئەبوبەکر"**: ساڵی ١٩٥٨ لە قەزای خەلفەت لە پارێزگای ئورفا "ڕوحا" لەدایک بووە وەک خۆی دەڵێت جیرانی ماڵی عەبدوڵا ئۆجەلان بووە. هاوکات لەگەڵ خوێندنی لە بەشی پەروەردەی زانکۆ لە کۆتایی ساڵی ١٩٧٥ چووەتە ڕیزی گروپی ئایدیولۆژی بۆ دروستکردنی حیزب و دەڵێت گروپەکەیان دە کەس بووە و بەدڵ کاری بۆ کردوە. ساڵی ١٩٧٨ هاوکات لەگەڵ کاری ڕێکخراوەیی لە مەرعەش خوێندکار بووە کە لەلایەن پۆلیسی تورکیاوە گیراوە و ساڵی ١٩٧٩ بە پلانێک کە لەلایەن ڕێکخستنی زیندانەوە ئامادە کرابوو، لە جیاتی ئیبراهیم خەلیل یەکێک لە زیندانییەکانی گروپەکەیان لە زیندان ڕزگاریان کردوە و دوای ٢٠ ڕۆژ لە عەنتابەوە بە شەمەنەفەر ڕایکردوەتە سوریا و لەوێوە چووە بۆ بۆلای فەلەستینییەکان لە لوبنان و لەوێ مەشقی سەربازیی پێکراوە و دواتر لەلای عەبدوڵا ئۆجەلان و کەمال پیر و ژمارەیەکی تر ئەرکی ڕێکخستن و پەروەردەکردنی گریلای بەڕێوەبردوە. لە ساڵی ١٩٨٣وە تا ساڵی ٢٠٠٤ ئەندامی سەرکردایەتی و کۆنسەی سەرۆکایەتی پەکەکە بووە و لە ڕەوتی ئەم کتێبەدا چەندان جار ناوی هاتووە. سەبارەت بە جیابوونەوەی لە پەکەکە ڕۆژی ٢٠١٥/١١/٢٥ لە وتووێژێکی تایبەتدا پێی گوتم:

- (هۆی من بۆ بەجێهێشتنی پەکەکە بۆ چەند خاڵ دەگەڕێتەوە، جگەلە کێشەی نێوخۆیی، پەکەکە دەستی لە ئازادی و سەربەخۆیی کوردستان هەڵگرت، من دوو جار لە موسڵ و هەولێر لەگەڵ ئەمریکییەکان دانیشتم. ئەوان دەیانگوت عەبدوڵا ئۆجەلان ئێستا ئازاد نابێت و ئەگەر ئێوە چارەسەرکردنی کێشەی کورد بخەنە پێش ئازاد بوونی ئۆجەلان ئێمە دەتوانین پێکەوە کار بکەین. شەڕ ڕاوەستابوو، گوتیان: درێژە بە سیاسەتی ڕاگرتنی شەڕ بدەن، ئێمە لەگەڵ تورکەکان قسە دەکەین و هەوڵدەدەین

کێشەکەتان چارەسەر بکەین. گوتیان: کونسوڵی ئێمە لە ئەدەنا سەبارەت بە کورد ئەو ئەرکە بەڕێوە دەبات.

بۆ دانەوەی وەڵام بە ئەمریکییەکان پێوەندیم بە جەمیل بایک و سەرکردایەتییەوە گرت، کۆنفراسێکیان پێکهێنا و گوتیان: ئێمە ناتوانین لەگەڵ ئەمریکا ڕێکبکەوین، گوتیان: ئایدیولۆژی ئێمە دژی ئەمریکایە و ئەوان دەیانەوێت ئێمە بخەنە هێڵی ڕویزیۆنیستەکان. من لەگەڵ عوسمان ئۆجەلان، سەرهات، ئەکرەم، دۆغان، بۆتان، ماهیر، عەلی دووسن، جەلال شرناخ و ژمارەیەکی تر لە موسڵ بووین، لە بەغدا کۆبووینەوە و بڕیارماندا بگەڕێینەوە بۆ شاخ و ئەگەر ئاکامێکی باشمان وەرگرت باشە و ئەگەرنا لێیان جیابینەوە. ئێمە چووینە "کانی جەنگی" لە سەرووی "کوتەک" لە قەندیل و قسەمان لەگەڵ سەرکردایەتی پەکەکە کرد. کێشەکانی ناوخۆمان، پێوەندییمان لەگەڵ پارتی و یەکێتی، دیاردەی خودموختاریی و کۆماری دیموکراتی و ڕاگرتنی شەڕ کردنمان دژی تورکیا خستەبەرباس و گوتمان پێویست ناکات ئێمە شەڕ بکەین و گوتمان دەبێ بۆ کاری ڕێکخستن و بەرەوپێش بردنی پرۆسەی سیاسیی کار بکەین و دەبێ گریلاش تێکەڵی ئەو سیاسەتە بێت، ئەوان قبووڵیان نەکرد. لەبەر ئەوە ئێمە نزیکەی ١٠٠ کەس بە ناچار ساڵی ٢٠٠٤ لە پەکەکە جیابووینەوە.



من ساڵێک بەرپرسی ئیستخباراتی پەکەکە بووم، پێشتر داوایان لەمن کردبوو کە ئەو ئەرکە وەرگرم، دوای چەند ڕۆژ گفتوگۆ قبووڵم کرد. دەبووایە گروپێک کە لەسەرەتادا ژمارەیان ٣٥ کەس بوو پەروەردە بکەین بۆ ڕوسیا، لوبنان، ئێران، تورکیا، ئەڵمان و فەرەنسا و قورساییمان دابووە سەر تورکیا.

زانیارییە نهێنییەکان لای من بوون لەگەڵ هەندێک پارە بۆ بەڕێوەبردنی کارەکانمان، گوتم دەچم ئەوانە دەدەمە دەست کۆمیتەکەمان لە موسڵ، سواری ئوتۆمبیل بووم و چووم بۆ موسڵ و هەموو شتەکانم تەسلیمی "ڕۆستەم جودی" و "زەکی شەنگالی" کرد و لەوێوە جیابوونەوەی خۆم ڕاگەیاند. ئەوانی تریش کە لە شاخ بوون، ڕایانکرد و هاتنەلای ئێمە. کانی یەلماز، سیپان ڕۆژهەڵات و کەمال عەفرینی "کەمال سوریان" لێ تیرۆر کردین، بەڵام ئێمە دەرچووین. ٣٥ ساڵ خزمەتم بە پەکەکە کردوە، ڕەنگە لە کارکردنمدا هەڵەم بووبێت، بەڵام زۆربەی کارەکانم بەبێ گرفت بەڕێوەبردوە. چونکە کۆماری دیموکراتیم نەویست، هەڕەشەیان لێکردم، ئێستاش من دوژمنایەتی ئەوان ناکەم، بە هەزاران گریلا بە دروشمی بژی کوردستان، بژی سەرخۆبوون و بژی ئازادی شەهید بوون.)

**عوسمان ئۆجەلان "فەرهاد":** ساڵی ١٩٥٨ لە گوندی عەمار لە قەزای فەلەدین لە پارێزگای ئورفا "ڕوحا" لەدایک بووە. بۆ مامۆستایەتی خوێندوە، بەڵام بەهۆی بەشداریی کردنی لە بزوتنەوەی کوردی باکوری کوردستان نەبووە بە مامۆستا و وەک خۆی دەڵێت ساڵی ١٩٧٥، تەمەنی ١٧ ساڵ بووە کە شۆڕشی ئەیلول ڕاوەستا و بە ڕاوەستانی شۆڕش مناقشە کەوتوەتە نێو کوردی باکور و عەبدوڵا ئۆجەلانی برای دەستی بە خەباتی شۆڕشگێریی کردوە و ئەویش بەشوێنی کەوتووە. سەبارەت بەو بزوتنەوەیە، ناوبراو لە وتووێژێکی تایبەت و ڕاستەوخۆدا کە دەنگی لای من پارێزراوە، ڕۆژی ٢٠١٥/١٢/١ گوتی: (بزوتنەوەکەمان لە دوو هێڵی چەپ و نەتەوەییدا خۆی دەبینییەوە. من وەک عوسمان ئۆجەلان بەشداریم لە لایەنی نەتەوەیی کرد، بەڵام بزوتنەوەکە لەدەست چەپەکاندا بوو و ئێمە لاواز بووین. من هەوڵمدەدا لایەنی نەتەوەیی زیاتر بچێتە پێشەوە و سەر بکەوێت و دەمگوت من سۆسیالیزم و دیموکراسیم ناوێ ئەگەر لە خزمەت نەتەوەی کورددا نەبن و بەشداریان تێدا ناکەم. ساڵی ١٩٧٥- ١٩٨٠ سەردەمی داڕشتنی ئایدیولۆژی بزاڤی نەتەوەیی بوو. لە ساڵی ١٩٧٥وە بۆ ماوەی سێ ساڵ تا

دامەزرانــی پەکەکە مـن لایەنگـر بـووم. عەبـدوڵا ئـۆجەلان، حەقـی قەرار و کەمال پیر پەکەکەیان دامەزراند. ئۆجەلان نوێنەرایەتی نەتەوەی کوردی دەکرد و حەقی قەرار نوێنەرایەتی نەتەوەی لاز و کەمال پیر نوێنەرایەتی گورجیەکان. ئەو سێ نەتەوەیە لە تورکیا ئاسملاسیۆن دەکران و خەریکی توانەوە بوون و ئەو سێ کەسە ویستیان نەتەوەکەیان نەتوێتەوە و پەکەکەیان بۆ ئەو مەبەستە دامەزراند.)



ناوبراو کە لە ڕەوتی ئەم کتێبەدا چەندان جار ناوی بە فەرهاد، یان عوسمان ئۆجەلان لە ڕووداوەکاندا هاتووە، لەم وتووێژەدا بە وردی ئاماژە بۆ چۆنیەتی بەشداریکردنی لەو ڕووداوانە و ڕاستیی ڕووداوەکان و هۆی دوورکەوتنەوەی لە پەکەکە کرد و گوتی: (کۆتایی ساڵی ٢٠٠٢، ئێمە کۆبوونەوەیەکی بەرفرەوانمان لە خنێرە پێکهێنا. جەمیل بایک، دوران کاڵکان، عەلی حەیدەر قەیتان، مستەفا قەرەسوو و من کە ئەندامی کۆنسەی سەرۆکایەتی پەکەکە بووین، بەشداریی ئەو کۆبوونەوەیەمان کرد. جگەلە من، ئەو چوارانە بڕیاریاندابوو، دیسانیش دژی پارتی دیموکرات شەڕ دەست پێبکەینەوە، دەیانگوت ئەگەر سەدام بچێت، پارتی دەبێتە دەوڵەت و بوونی بە دەوڵەت لە بەرژەوەندیی پەکەکەدا نییە، دەبێ بە شەڕ ڕێگریی لێ بکەین. من ئەو ڕێگایەم لێگرتن و گوتم لە جیاتی ڕێگریی کردن، دەبێ پشتی بگرین کە دەوڵەت ئاوا بکات.

ساڵی ٢٠٠٤ ئاپۆ لە کەمالیزم دوا و ئەوەشیان بۆمن گران بوو، چونکە کەمالیزم دژی کورد بووە و چاکەی ئێمەی تێدا نییە. مەسەلەیەکی تر کە بۆمن گران هات، ڕێککەوتنی جەمیل بایک بوو لەگەڵ ئێران کە من بکوژن. هەندێک کەس لە ئێرانەوە تێکەڵی پەکەکە بوون و ئەوان زانیاریان

پێگەیاندم کە هوشیار بم. ئەوانە بوون بە هۆی جیابوونەوەم لە پەکەکە. من پێشتر دوو جار لە پەکەکەدا زیندانی کرابووم، جاری یەکەم لە ئێران و جاری دووەم لە پیربەلا لە پشت زاخۆ.

من لە پەکەکەدا سێ تاوانم هەبوو. یەکەمیان لەسەر دوژمنایەتی کردنی یەکێتی نیشتمانی و پارتی دیموکرات بوو. من دەمگوت با ئێمە دوژمنایەتی ئەوان نەکەین و وەک پرد بەکاریان بهێنین بۆ دامەزراندنی پێوەندیی لەگەڵ ئەوروپا دووەمیان لە پەکەکەدا ماڤی مرۆڤ هەبێت و کۆتایی بە کوشتن لە ڕیزەکانی پەکەکەدا بێنین و سێیەم پەیمانێکی نەتەوەیی واژۆ بکەین کە هێزە کوردییەکان یەک بگرن. ئەوانە بۆمن بوون بە تاوان و ناچاریان کردم، ڕۆژی ٢٠٠٤/٦/١ لە پەکەکە دەرچم.

**مستەفا شەفیق "ئاری":** ساڵی ١٩٦٦ لە گوندی ئیدلبی لە دەڤەری مزوری باڵا لە باشوری کوردستان لەدایک بووە. ساڵی ١٩٨٥- ١٩٨٦ لە بەشی پزیشکی زانکۆ وەرگیراوە، بەڵام نەچووەتە زانکۆ و چووە بۆ ئێران و بۆ ماوەی چوار ساڵ لە ورمێ و دەوروبەری ماوەتەوە. ئەندامی یەکێتی خوێندکاران و قوتابیان و دواتریش ئەندامی پارتی دیموکراتی کوردستان بووە. لە ئوکتۆبەری ساڵی ١٩٨٩دا وەک یەکەم گروپی لاوانی باشوری کوردستان کە چوون بۆ ڕیزی پارتی کرێکارانی کوردستان لەگەڵ ١٣ لاوی تری



باشوری کوردستان، لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانەوە چووەتە ڕێزی پەکەکەوە و هۆی سەرەکی چوونی بۆ ڕیزی پەکەکە بۆ مەسەلەی فیکریی وەک سۆسیالیزم و بەدەسهێنانی عەدالەتی کۆمەڵایەتی دەگەڕێنێتەوە کە لە پەکەکەدا ئەو خواستەی بۆ مسۆگەر نابووە و بۆی دەرکەوتووە کە ستراتیژ لە پەکەکەدا بنەمای فیکری و فەلسەفی و ئایدیولۆژی ڕەواڵەتین و ئەو

جێیەی عەبدوڵا ئۆجەلانی تێدایە، ستراتیژیی تێدا دادەمەزرێت و لەو بارەیەوە دەڵێت: (کە عەبدوڵا ئۆجەلان گیرا، ستراتیژیی پەکەکەش گۆڕا و ناوبراو لە یەکەم دەرکەوتنیدا لە دادگا لە مانگی ژوئین "حوزیران"ی ١٩٩٩دا، پشتی بە شێوەی بەرگریی کردنی مەزلوم دۆغان، کەمال پیر و خەیری دورموش نەبەست. ئەو سێ ئەندامەی سەرکردایەتی پەکەکە ساڵی ١٩٨٢ لە زیندان و دادگای دیاربەکر، بەرگریی کردنێکی مێژوویی زانستیان هەبوو و بەو بەرگریی کردنەیان ستراتیژیی سەربەخۆیی کوردستانیان خستە نێو پرۆگرامی پەکەکە و ئەوەش کاریگەریی زۆریان لەسەر ئێمە هەبوو. بەپێچەوانەوە بەرگریی کردنی ئۆجەلان دوور بوو لەو ستراتیژە و لە ڕاستیدا من باوەڕم نەدەکرد کە بەم جۆرە بێت. دەمویست ئۆجەلان وەک هەموو گیراوەکانی پەکەکە بەرگریی مێژوویی لە کورد بکات، کەچی ئەو بەرگریی لە ستراتیژیی کۆماری دیموکراتی کرد کە ئەوە پێویستیی بەو هەموو شەڕ و شەهیدە نەبوو. چاوەڕوان بووم سەرکردایەتی پەکەکە ئەو ستراتیژە قبووڵ نەکات، بەڵام ئەوانیش بەپێچەوانەی بڕیاری کۆنگرەی حەوتەمی پەکەکە کە دەڵێت: "ئێمە پابەندی هێچ ئەمرێکی عەبدوڵا ئۆجەلان نابین، تا ئەوکاتەی لە زیندان دایە و پێوەندی ڕاستەوخۆی لەگەڵ ڕێکخستن نییە." بە پێچەوانەی بڕیاری کۆنگرەی حەوتەم، کۆنسەی سەرۆکایەتی پەکەکە، ستراتژی نوێی عەبدوڵا ئۆجەلانی قبول کرد. ڕاستییەکەی ئەوەیە، لە پەکەکەدا ستراتیژ بنەمای فیکری و فەلسەفی و ئایدیولۆژی ڕەواڵەتین، ئەو جێیەی عەبدوڵا ئۆجەلانی تێدایە، ستراتیژیی تێدا دادەمەزرێت، بۆ نمونە پەکەکە سێ قۆناخی خستوەتە پشت سەر. قۆناخی یەکەم قۆناخی ئەنکارایە کە خۆیان دەڵێن قۆناخی ئایدیولۆژی و دامەزراندنی پارتی، قۆناخی دووەم قۆناخی سوریا کە لەودا هەموو ستراتیژیی پەکەکە لە دەوری پێوەندیی ئۆجەلان و سوریا و شەڕی چەکدارانەدا بووە و سەرکردایەتی لێی بێ ئاگا بووە. قۆناخی سێیەم، قۆناخی ئیمرالی‌یە کە لەو قۆناخەدا بەهەموو شێوەیەک دەیەوێت لەگەڵ

تورکیا بگونجێ و ستراتیژی کۆماری دیموکراتی و گونجاندن لەگەڵ تورکیای داناوە.)

مستەفا شەفیق "ئاری" کە یەکێک بووە لە ئەندامانی دامەزرێنەری پارتی ئازادیی کوردستان "پاک" و ئەندامی سەرکردایەتی ئەو ڕێکخراوەیەش بووە. وەک خۆی دەڵێت دوای کۆنگرەی حەوتەم بۆ کاری ڕێکخستن ڕەوانەی ئەرمەنستان کراوە و لە قفقاز پەکەکەی بەجێهێشتوە.

**زوبەیر عیسا:** ساڵی ١٩٦٩ لە گوندی ئێدلبی لە دەڤەری مزوری باڵا لە باشوری کوردستان لەدایک بووە. وەک خۆی دەڵێت گەنج بووە و بەدوای باشترین چارەسەر بۆ کێشەی گەلی کورد گەڕاوە. بەم مەبەستە دوای ئەنفالەکانی ساڵی ١٩٨٨ لە باشوری کوردستان، بەشوێن ڕێگەیەکدا گەڕاوە کە بزوتنەوەی کورد لە باشوری کوردستان بەردەوام بێت، دەڵێت: (ئەوکاتە پەکەکە بە دروشمی سۆسیالیزم و عەدالەتی کۆمەڵایەتی و دروشمی ئازادی و سەربەخۆیی بۆ هەموو کوردستان لەسەر سنورەکانی باشور و باکوری کوردستان بوو. ئەو دروشمانە بۆ ئێمە ژمارەیەک گەنج کە لە ئێران پەنابەر بووین، بە تەواوی نوێ بوون و بەپەلە کاری لەسەر ئێمە کرد. ئەوکاتە گەنجەکان ڕوویان لە ئەوروپا دەکرد و ئێمەش نەمانویست مەیدان چۆل بێت و وا تێگەیشتین پەکەکە هێزێکی سەرەکییە بۆ چارەسەر کردنی کێشەی کوردستان، لەبەر ئەوە ئێمە ١٤ کوڕە گەنجی لایەنگری پارتی دیموکرات کە لە ئێران ئاوارە بووین، ڕۆژی ١٩٨٩/١٠/٢٠ چووین بۆ لای پەکەکە کە لای ئەوان خولی پەروەردە ببینین و بگەڕێینەوە باشوری کوردستان و درێژە بە شەڕی چەکداریی بدەین. ناوی ئەو ١٣ کەسانەی کە من لەگەڵیان چووم بەریتی بوون لە:



مستەفا شەفیق "ئاری"، عەزیز وەیسی، عەلی تەتەر، ئەسعەد عیسا، مکایل مەجید، حوسێن یاسین، سەعید ئیبراهیم، هادی عەلی، قادر موسا، شەوکەت ڕەمەزان، مەدەنی عەبدوڵا، سەباح مەلحەم و نەوزاد گەلیار. ئەو ژمارەیە بە تێکڕا ئەندام و پێشمەرگەی پارتی دیموکرات بووین، بەرلە چوونمان بۆناو پەکەکە بیرمان لەوە نەدەکردەوە کە ڕۆژگارێک پەکەکە بۆ باشوری کوردستان و بەشەکانی تری کوردستان ببێت بە کۆسپ و کێشە.

بەر لەوەی بیرلە چوون بۆ لای پەکەکە بکەمەوە، ساڵی ١٩٨٤ پرسیارم لە عەگید "مەعسوم قورقماس" ئەندامی سەرکردایەتی پەکەکە کردبوو، کە ئەگەر ئێوە بوون بە حیزبێکی گەورە، هەروەکوو حیزبەکانی تر شەڕی براکوژی دەکەن؟ گوتی هەرگیز شتی وا نابێت، چونکە ئێمە بڕیارمانداوە شەڕی براکوژی لەنێو کوردانددا نەهێڵین. دەیگوت ئەگەر ئەو حیزبانەی کوردستان گریلاش لە ئێمە بکوژن، ئێمە چەکیان ڕووبەڕوو ناگرین. ئێمە هاتووین کێشەی کورد چارەسەر بکەین، کەچی هەموو وتەکانی پێچەوانە دەرچوون، نەک کێشەیان چارەسەر نەکرد، بەڵکوو بوون بەکێشەیەکی گەورە بۆسەر سێ پارچەکانیتری کوردستان. ئەوکاتە عەگید و ئەندامانی پەکەکە زۆریان باس لە پێکهێنانی بەرەیەکی کوردستانی و سوپایەکی نەتەوەیی دەکرد کە هەر حیزبەی نوێنەرایەتی پارچەی خۆی بکات. بۆ نمونە جەمیل بایک و ئەندامانی تری سەرکردایەتی پەکەکە دەهاتنە ناو خەڵک و وایان پێشاندەدا کە نوێنەری پرۆلتاریا و خزمەتکاری خەڵکن. ئەو جۆرە هەڵسوکەوتەیان مێشکی لاوانیان بەرەو پەکەکە ڕادەکێشا و حەماسەی نیشتمانپەروەرییان تێدا بەهێز دەکرد. بەو پروپاگەندەیە ئێمە چووین کە لەلای ئەوان پەروەردە بێن و لە ئەزموونی ئەوان کەڵک وەرگرین و بگەڕێینەوە بۆ باشوری کوردستان، بەڵام لە سەرەتاوە توشی کێشە بووین.

لە سەرەتای چوونمان، بۆمان ڕوون بووە لەژێر ناوی عەمەلیاتی سەربازیدا لە گوندی "ساتێ" لە ناوچەی گەوەڕ ٢٤ کەسیان کوشتبوو و ٧٠٠ مەڕی خەڵکیان هێنابوو. لەو ٢٤ کەسە، شەش کەسیان ژن و هەشتیان منداڵ

و هەشتیان شوان و دوو کەسیشیان خەڵکی تر بوون. لایەکی گوندی ساتێ چەکی ڕژێمیان پێبوو و لایەکەی تر بێچەک بوون، ئەو کارەساتە بەسەر بێچەکەکاندا هاتبوو.

ئێمە کە ئەو کارەساتەمان بینی، بە تەواوی تێکچووین، لەوکاتەدا هۆگر ئێمەی گرت و گوتی ئێوە ئاژانی پارتین و حوکمی ئیعدامیان بەسەردا سەپاندین. شەش مانگ لەژێر چادرێکدا لە زیندان ماینەوە، تا سەرئەنجام عەبدوڵا ئۆجەلان لە هۆگر تووڕە بوو، ئەو ڕایکرد، سەرەتا چووە لای ڕژێمی عیراق و دواتر لە ئەوروپا کوشتیان و ئێمەیان لە زیندان ئازاد کرد و بە فەرمانی عەبدوڵا ئۆجەلان چووین بۆ بیقاع.

دوای گیرانی عەبدوڵا ئۆجەلان لە ناو پەکەکەدا ڕاتڵەکانێکی بەهێز ڕویدا و پەکەکە سەدان دەرزی تێکەوت. سەرەتا عوسمان ئۆجەلان و دواتر موراد قەرەیلان جێیان گرتەوە، بەڵام لە ڕاستیدا جەمیل بایک پەکەکەی بەڕێوە دەبرد و ئێستاش کە ئەو خۆی کەسی یەکەمە. بایک لەنێو پەکەکەدا ڕێکخستنی تایبەت بەخۆی هەیە. هەموو کوژراوەکان و تسویەکراوەکان بە فەرمانی ناوبراو ئەنجامی گرتووە، بۆ ئەو مەبەستە تاوانی جاسوس و خائینیان لێدراوە و کوژراون. سەیر ئەوەیە بەشێک لە کوژراوەکان دوای چەند ساڵ وەک شەهیدی پەکەکە ناویان براوە و گوتراوە شەهیدی پەکەکەن. لەو بارەیەوە نمونە زۆرە، ناسر ئەندامی سەرکردایەتی کە لە ڕەوتی ساڵەکانی ٩١- ٩٣ زەبری قورسی لە ڕژێمی تورکیا دا، پەکەکە بۆخۆی کوشتی و دواتر بە شەهیدی ناساند، یان هارون سەرمەزن کوڕی عەبدولڕەحمان دورەیی یەکێک لەوانەیە کە پەکەکە گوشتی و دواتر بە شەهیدی ناسی. لەسەر ئەم کردەوانە پێویستە لێکۆڵینەوەیەکی ورد لەسەر ڕابردووی پەکەکە بکرێت.)



جیهانگیر حازر "ساری باران": ساڵی ١٩٥٦ لە دێرسیم لەدایک بووە. بۆ ماوەی حەوت ساڵ لە شارەکانی سامسۆن و دێرسیم مامۆستای ماتماتیک بووە. ساڵی ١٩٧٥- ١٩٧٨ ئەندامی پارتی دیموکراتی کوردستان "باکور" بووە، بەڵام وەک خۆی دەڵێت بەهۆی کێشەی ناوخۆیی لەو حیزبەدا، پارتی دیموکراتی بەجێهێشتوە و لەگەڵ گروپی ئایدیولۆژی ئۆجەلان کەوتوە و یەکێک بووە لە بەشدارانی کۆنگرەی دامەزرێنەری پارتی کرێکارانی کوردستان لە ڕۆژی ١٩٧٨/١١/٢٧دا. تا ساڵی ١٩٨٠ ئەندامی لیژنەی خارپوتی پەکەکە بووە و ساڵی ١٩٨١ چووەتە لوبنان و لە کەمپی بەرەی دیموکراتی فەلەستین لە بێتکای سوریا خولی پەروەردەی سەربازیی بینیوە و مێژووی سیاسیی دنیای خوێندوەتەوە. ساڵی ١٩٨٢، نزیکەی شەش مانگ دوای کۆنفرانسی یەکەمی پەکەکە ڕەوانەی باشوری کوردستان کراوە. ساڵی ١٩٨٦ بەبێ بەشداریی کردنی لە کۆنگرەی سێیەم، بە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیی پەکەکە هەڵبژێردراوە و دەڵێت: (لەو کۆنگرەیەدا چوار بڕیاری مەترسیدار پەسەند کراوە کە بریتین لە: یاسای سەربازگیریی زۆرەملی. بەو یاسایە هەموو خەڵکی کوردستان لە هەر گوند و شارێک بێت، لەنێوان ١٨- ٢٥ ساڵ دەبێ بەبێ جیاوازیی بکرێن بە گریلای زۆرەملی. هەموو کەسێک دەبێ لە داهاتی خۆی، بەشێک بدات بە پەکەکە. "ڕێژەی ئەو پارەیە بەگوێرەی داهات دیاریی دەکرێت." لە پەکەکەدا ئیستخباراتی حیزبی دامەزرێت و بە شێوەی ڕاستەوخۆ سەربە عەبدوڵا ئۆجەلان بێت. سیستەمی سەرۆکایەتیان دامەزراند. بەو بڕیارە پەکەکە وەک تەریقەتێکی لێهات و هیچ کەس نەیدەتوانی دژی سەرۆکایەتی بدوێ و بیروڕای خۆی ڕابگەیەنێت. بە

سیستەمی سەرۆکایەتی هەموو شتێک کەوتە دەست ئۆجەلان و لەوێوە دەست کرا بە کوشتن و تەسویە کردنی کادیر و گریلاکانی پەکەکە و خەڵکی مەدەنی.)

ساری باران یەکێک بووە لە بەشدارانی کۆنفرانسی دووەم و کۆنگرەی چوارەمی پەکەکە کە لە حەفتانین پێکهاتووە و لەو بارەیەوە دەڵێت: (محەمەد شەنەر، شیار و من بەشداریی کۆنفرانسی دووەممان کرد. لەو کۆنفرانسەدا گەلێک مناقشە کرا. مەسەلەی سەربازگیریی زۆرەملێمان بەلاوە نا و گوتمان بوون بە گریلا بە زۆر نابێت. ئیستخباراتی سەربە ئاپۆمان هەڵوەشاندەوە و گوتمان ئیستخبارات بۆ دوژمن دەبێ نەک بۆ پارتی و ئەندامانی. سیاسەتی دژ بە جاشەکانی کوردستانمان گۆڕی و گوتمان هەموو ئەوانەی چەکیان هەڵگرتووە بە سیاسەتی غەڵەتی پەکەکە پاڵیان بە دەوڵەتەوە داوە، ئەگەرنا عەشیرەتەکانی گەردی، هەرکی، عەشور، ژێرکی، مام خۆرا و ...تد جاش نەبوون. بەرلە پیادە کردنی سیاسەتی غەڵەتی پەکەکە و کوشتنی ئەو خەڵکە بەبێ دادگایی کردن و لێپێچینەوە، هەمووی ئەوانە لەگەڵ ئێمە بوون و یارمەتیشیان دەکردین. لە کۆنفرانسی دووەمدا هەمووی ئەوانە بڕیاریان بۆ درا و بڕیارماندا لەسەر داخوازی خەڵک بۆ هاوکاریی، یەکێتی نەتەوەیی پێکبێنین. ویستمان بە هاوکاریی چەند ڕێکخراوێکی چەپی تورکیا، کە لە پەکەکە نزیک بوون، شەڕ لە کوردستانەوە بگوازینەوە بۆ شارە گەورەکانی وەک ئەزمیر، ئەستەمبوڵ و ئانکارا تا تورکەکانیش تامی شەڕیان بۆ بچێت. هەروەها لە کۆنگرەی چوارەمدا ئێمە داوای لێکۆڵینەوەمان لەسەر کوژراوەکان، چالاکییەکانی پەکەکە لە وڵاتی سوریا و جێبەجێ کردنی بڕیارەکانی کۆنفرانسی دووەم کرد کە بەتێکڕای دەنگ قبووڵ کران. لەو کۆنگرەیەدا من و محەمەد شەنەر بە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیی هەڵبژێردراین. من هاوکات لەگەڵ ئەندام بوونم لە کۆمیتەی ناوەندیدا بەرپرسی سەربازیی پەکەکە بووم و شەنەر بەرپرسی سیاسی بوو. دوای کۆنگرە، هەرکام لە ئێمە


گەڕاینەوە شوێنی کاری خۆمان. بڕیارەکانی کۆنگرەیان بۆ ئاپۆ ناردبوو کە پەسەندیان بکات، بەڵام ئەو قبووڵی نەکرد و گوتبووی ئەوانە پارتیان خستوەتە دەست خۆیان. سەبارەت بەمن و شەنەر بڕیاریاندا لێکۆڵینەوەمان لەسەر بکەن. بانگیان کردم و چووم بۆ حەفتانین و لەوێ زانیم شەنەریان گرتوە.

ئۆجەلان هێزێکی نوێی لە پارتیدا دامەزراندبوو کە ناوی هێزی پاراستنی پارتی بوو. عەبدولڕەحمان قایقچی "فایق" بەرپرسی ئەو هێزە لە سوریاوە هاتبوو لێکۆڵینەوە لەسەر شەنەر و من بکات. عەبدولڕەحمان چەند جار لەگەڵ ئێمە کۆبۆوە و پێی گوتین: "ئۆجەلان گوتویەتی دەبێ لە ماوەی ١٥ ڕۆژدا لێکۆڵینەوە لەسەر ئێوە بکرێت و شەنەر بکوژین."

فایق کە کەسێکی نیشتمانپەروەر بوو، خۆی ئەو نهێنییەی بۆ ئێمە ئاشکرا کرد و لە ئاکامدا فایق و شەنەر و من ساڵی ١٩٩١ لە پەکەکە دەرچووین. ماوەیەک لە باشوری کوردستان ماینەوە و ڕێکخراوێکمان بە ناوی "وەژین" دامەزراند و ژمارەیەکی زۆر لە دەورمان کۆبووەوە. شەنەر چوو بۆ قامیشلوو کە پێوەندیی بە سەکینە جانسز و سەلیم چروک کەیاوە بگرێت. ئەو دوو کادیرانە پێشتر لەگەڵ شەنەر لە تورکیا زیندانی بوون و ئەوانیش دژی سیاسەتی ئاپۆ بوون، کەچی پەکەکە و دەوڵەتی سوریا بە هاتنی شەنەریان بۆ قامیشلو زانی و لەوێ کوشتیان.)

ئیبراهیم ئایدن "زیاد": ساڵی ١٩٥٠ لە دێرسیم لەدایک بووە، ساڵی ١٩٧٠ لە زانکۆی ئەنکارا وەرگیراوە و بۆ ماوەی سێ ساڵ بەشی مامۆستایی زمانی تورکی خوێندوە و لە ساڵی ١٩٧٤وە تا ١٩٧٨ لە غازی ئەنتەب و ماردین مامۆستا بووە. لە سەردەمی خوێندنیدا لە زانکۆ، ڕۆژی ١٩٧٢/٣/٣١ دوای خۆپێشاندانێکی خوێندکارانی زانکۆ، دژی کوشتنی ماهیر چایان سەرۆکی ڕێکخراوی "لاوانی وڵات پارێزی تورکیا" و نزیکەی دە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیی ئەو ڕێکخراوە، لەلایەن پۆلیسی تورکیاوە گیراوە. بە وتەی ناوبراو ژمارەی گیراوەکان نزیکەی ١٢٠ خوێندکار بوون لە دوو بەشی

مامۆستایان و بەشی زانستە سیاسییەکانی زانکۆی ئەنکارا و یەکیک لە گیراوەکان عەبدوڵا ئۆجەلان بووە. ناوبراو یەکێک بووە لە ئەندامانی گروپی ئایدیولۆژی پەکەکە و ساڵی ١٩٨٠، بەرپرسی کۆمیتەی ناوچەی ئەنکارای پەکەکە بووە. هەرلەو ساڵەدا لەگەڵ جەمیل بایک ئەرکی بەڕێوەبردنی پێوەندیی عەبدوڵا ئۆجەلانی لەنێوان سوریا و تورکیا بەڕێوەبردوە. دوای کودەتای ١٩٨٠/٩/٢٩ی تورکیا، لەگەڵ عەلی چەتین ڕایکردوەتە سوریا و لەوێ لەگەڵ جەمیل بایک و سوبحی قەرەقوش "شۆڕش" کە دواتر لە لایەن پەکەکەوە کوژرا، لە کەمپی بەرەی دیموکراتی فەلەستین، ئەرکی پەروەردەکردنی ئەندام و گریلای هەبووە.



ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیی هەڵبژێرداراوی کۆنگرەی یەکەم و دووەمی پەکەکە بووە و لە کۆنفرانسی یەکەم و کۆنگرەی دووەم و کۆنفرانسی ئەوروپای پەکەکەدا سەرۆکی دیوانی کۆنگرە بووە. ساڵی ١٩٨٥ بە تاوانی هاوکاریی کردنی لەگەڵ چەتین گۆنگور "سەمیر" و کەسیرە یەڵدرم "فادیمە" کەوتووەتە ژێر چاودێریی و وەک خۆی دەڵێت لەو ترسە کە نەکات لەلایەن سەرکردەکانی پەکەکەوە فەرمانی کوشتنی بدرێت، لە پەکەکە ڕایکردوە و بە یارمەتی مەسعود بارزانی پارتی دیموکراتی کوردستان خۆی گەیاندوەتە سوریا و لەوێشەوە پەنای بۆ وڵاتی سوید بردوە.

١- ئەرنەگەنە کۆن ناوی ئەو تورکانە بووە کە لە قەفقازە هاتوون و تورکیایان داگیر کردوە و هەڵگری فیکری کۆن و ڕەگەزپەرستانەی تورکن.

# ئایدیولۆژی پارتی کریکارانی کوردستان

بۆ پێزانین لە ئایدیولۆژی پارتی کرێکارانی کوردستان پەکەکە سەرەتا پێویستە سەرنج بدەینە ئەو نوسینەی جەمیل بایک کە لە لاپەڕەی ٣٦-٣٧ی کتێبی مێژووی پارتی کرێکارانی کوردستاندا دەڵێت: **(تا بەرلە ساڵانی ٧٠ هێشتا سەرمایەداری نەکەوتبووە ناو کوردستان و خەباتی نوێی چینایەتی پەیدا نەبوو.... سەرمایەداری لە کاتێکدا کەوتە کوردستان کە سەرمایەداری تورک پێویستی بە کەرەستەی خاو هەبوو. کاتێک سەرمایەداری خستە کوردستان لە دەرەوەی ئیرادەی چینێکی تر دروست بوو، کە چینی پرۆلتاریایە. هەڵبەت کاتێک ئەو چینە دروست دەبێ بیر و ئایدیولۆژییەکەشی لەگەڵیا دەردەکەوێت، کە پاشان لەسەر ئەم بناغەیە هەڵدەستێ بە خەبات و تێکۆشان لە پێناوی ناسینی خۆی و دەستەبەرکردنی قازانج و بەرژەوەندییەکانی.)**

عەبدولا ئۆجەلان دوای ساڵی ١٩٧٠ و ڕەگازۆیی کردنی سیستمی سەرمایەداری بۆ باکوری کوردستان، بە بەرزکردنەوەی ئەو تیۆرییە پێی ناوەتە گۆڕەپانی خەباتی ئایدیولۆژییەوە. ئەو لە سەرەتادا شیکاریی لەسەر سۆسیالیزم کرد و بەخوێندنەوەی دوو کتێبی لێنین بە ناوەکانی **"مەسەلەی چارەی خۆنوسین"** و **"خەباتی نەتەوایەتی"** و کتێبی **"مانیفێستی کومۆنیزم"**ی مارکس و ئەنگلس[(١)] بەو ئاکامە گەیشتوە کە بیری سۆسیالیزم تەنیا وەلامە بۆ کوردستان و ئیتر هیچ بیرو باوەڕێکی تر ناتوانێت وەلامی پرسی کورد و کوردستان بداتەوە. لەبەرئەوە بیری سۆسیالیزمی زانستی وەک تەنیا ڕێگەچارە بۆ چارەسەرکردنی کێشەی کوردی هەڵبژاردوە[(٢)]، بەلام لە هەمان کاتیشدا سۆسیالیزمی بنیادنراوی یەکیەتی سۆڤیەت، چین و ئەلبانیای ڕەد کردوەتەوە و ڕاستی ئەوانی بۆ دەرناکەوێت و لەو بارەیەوە دەڵێت: **(.... ئەو سۆسیالیزمەی لە ئارادا بوو دانی بە پرسی کوردستان نەدەنا، یاخود کێشەی کوردستان لە لای ئەوان گرنگیەکی نەبوو.**

سۆسیالیزمی بنیادنراو بەهۆی خەریک بوونی بە شەڕ و ململانێ لەگەڵ ئیمپریالیزم، پرسی گەلانی بندەست و چینی بندەستی لەبیر کردبوو و دەیانگوت: ئێمە بۆ سۆسیالیزمی یەکێتی سۆڤیەت شەڕ دەکەین، بەڵام ئێوە شەڕ مەکەن تاکو خۆتان بۆ سۆسیالیزم دەسەلمێنن.(٣) ئۆجەلان ڕای وابووە کە کتێبە کۆنەکانی سۆسیالیستی وەکو کتێبەکانی مارکس، ئەنگلس، لێنین و ماوتسی تۆنگ و...تد لەلایەک بە ژمارە کەمبوون و دەست نەدەکەوتن و لەلایەکی تردا دەزگاکانی هەواڵگریی تورکیا "میت" بە ئامانجی شێواندنی ڕاستییەکان و تێکدانی بیری شۆڕشگێڕیی، بەو ناوانەوە پەرتووکی بەدەڵ و ئاوەژو کراوی بڵاوکردوەتەوە کە خەڵک بەهەڵە و چەوتی لە سۆسیالیزم تێبگەن. هەروەها دەڵێت: (بەهۆی کەمیی پەرتوکی ڕاست، هێڵی ئۆپۆرتۆنیزم Oportonism و ڕیڤیزیۆنیزم Revisionism زاڵ بوون و کار و ئەرکی شۆڕشگێڕیان گرانتر و زەحمەت تر دەکرد.(٤))

ئۆجەلان دوای ئەو توێژینەوەیە، ئەزمونەکانی شۆڕشی ڤێتنام دەکاتە ڕێنوێنی ئایدیولۆیەکەی و لەو ڕوانگەیەوە کە ڤێتنام دوو پارچە کرابوو و لە پێناوی ئازادی و سەربەخۆییدا شەڕی ڕەوای بەڕێوە دەبرد، دۆزی کوردستان و ڤێتنام لە تەرازوو دەنێ و بە پێویستی دەزانێ کە کوردیش بەچەشنی ڤێتنامییەکان شەڕی ئەمریکا بکات.(٥)

ڕەنگە هەر ئەو بۆچوونەش وای لە ئۆجەلان کردبێ کە بە لاسایی کردنەوە لە هۆشیمینە، نازناوی ئاپۆ "مامە"ی لەسەر خۆی دانابێت کە ئاپۆ و ئاپۆییزم بکات بە تیۆری و ستراتیژ و پەکەکەی لەسەر دامەزرێنێ و بۆ بەدیهێنانی سۆسیالیزمی چەشنی ڤێتنام هەوڵبدات.

---

١- مێژووی پارتی کرێکارنی کوردستان لاپەڕەکانی ٤٩- ٥٠.
٢- هەمان سەرچاوە لاپەڕەی ٤٠.
٣- هەمان سەرچاوە لاپەڕەی ٤١.
٤- هەمان سەرچاوە لاپەڕەی ٤٨.
٥- هەمان سەرچاوە لاپەڕەی ٣٩- ٤٠.

# پێکهاتنی گروپی ئایدیولۆژی پەکەکە

عەبدوڵا ئۆجەلان داهێنەری ئایدیولۆژی پەکەکە، بە وتەی جەمیل بایک ساڵی ١٩٧٢ لەگەڵ دوو کەس بە ناوەکانی حەقی قەرار "لاز" و کەمال پیر "تورک" ئاشنا بووە[1] و بە هاوکاریی ئەو دوو کەسە گروپێکی ئایدیولۆژی مارکسی-لێنینی لە زانکۆی ئەنکارا پێکهێناوە. دوای ماوەیەک بەسەر دامەزراندنی گروپێکی ئایدیولۆژی، کەمال پیر نوسەری کتێبی مێژووی پارتی کرێکارانی کوردستان پەکەکەی بەناوی جەمیل بایک بە گروپەکەیان ناساندوە. بە هاتنی جەمیل بایک بۆ ڕیزی گروپەکەیان، ژمارەی ئەندامانی گروپی ئایدیولۆژی لە سێ کەسەوە بووەتە چوار کەس. لەو بارەیەوە ئیبراهیم ئایدن "زیاد" لە وتووێژێکی ڕاستەخۆدا پێیڕاگەیاندم: **(یەکەم کەسانێک کە گروپی ئایدیولۆژیان پێکهێنا و لەو گروپەدا دەستیان بەکار کرد، بریتی بوون لە: عەبدوڵا ئۆجەلان، حەقی قەرار، باقی قەرار، کەمال پیر، فەهمی یەلماس، عەلی حەیدە قەیتان لەگەڵ عەبدوڵا ئۆجەلان لە کۆلیجی زانستە سیاسییەکاندا دەیانخوێند و من ئیبراهیم ئایدن. ساڵی ١٩٧٤- ١٩٧٥، جەمیل بایک "جومعە" و دوران کالکان "عەباس"، کەسیرە "فاتمە"، عەبدولڕەحمان پۆلات، نەجاتی کەیا "پیلوت" هاتن.)**

دیسانیش بە وتەی جەمیل بایک لە کودەتای ١٢ی ئاداری ١٩٧١دا، چەپی تورک گورزێکی کوشندەی لێکەوت و دوژمن بڵاوەی بە ڕێکخستنەکانیان کرد و سەرۆکی ئەو ڕێکخراوانەشی کوشت و ئەوانەش کە مابوون، کەوتنە دەست پۆلیس. جەمیل بایک لە لاپەڕەی ٧٨ی کتێبەکەیدا مێژووی پارتی کرێکارانی کوردستان دەڵێت: **(ماهیر چایان و گروپەکەی ویستیان لە قزڵ دەرە چالاکییەک ئەنجام بدەن بۆ ڕزگارکردنی دەنیز گەزمیش و هەڤاڵەکانی لە زیندان. کاتێ ئەوان دەستیان کرد بە چالاکیەکەیان دوژمن زۆر دڕندانە چووە سەریان و هەرچەندە دەستی خۆشیان کردەوە و شەڕیان کرد، بەڵام لە ئاکامدا هەموویان شەهید کردن.**

دوای ئەم ڕووداوە، سەرۆکایەتی بۆ بیرەوەریی شەهید بوونیان لە زانکۆ "کۆلیجی زانستە سیاسییەکان" هەڵسا بە سازکردنی ڕێپێوانێکی ماتەمین و ناڕەزایی بەرامبەر ئەم ڕەشەکوژییە.)

بۆ زانیاریی خوێنەران عەبدولا ئۆجەلان ئەو خۆپێشاندانەی ڕێکنەخستوە، بەڵکو ئەندامان و لایەنگرانی ڕێکخراوی لاوانی وڵات پارێزی تورکیا کە ماهیر چایان سەرۆکی بووە، ئەو ڕێکخراوەیان ڕێکخستوە. هەروەها لەو ڕێپێوانەدا، تەنیا ئۆجەلان و خوێندکارێکی تر کە بایک ئاماژەیان بۆ دەکات نەگیران، بەڵکو عەبدولا ئۆجەلان و نزیکەی ٥٠ خوێندکار لە بەشی زانستە سیاسییەکانی زانکۆ و نزیکەی ٧٠ خوێندکاریش لە بەشی مامۆستایانی زانکۆی ئەنکارا گیراون. ئۆجەلان بۆ ماوەی حەوت مانگ لە زینداندا ڕاگیراوە و سەبارەت بە زیندانی بوونەکەی خۆی دەڵێت: (لەو گیرانەمدا تێکەیشتم زیندان چیە و چ نیە، هەرچەندە ئەشکەنجەیەکی وەهاشیان نەکردین، بەڵام تەنیا ئەو ئەشکەنجەیەی بینیم، بۆم بوو بە دەرسێک کە جارێکی تر بەهیچ شێوەیەک خۆم نەدەمە دەست. ئەوە وایکرد هەرگێز خۆم نەدەمە دەست و نەگیرێم.[٢])

جگەلەوە مێژووی ڕێپێوانەکە لە کودەتای ١٢ی ئاداری ١٩٧١دا نەبووە، بەڵکو ئەو ڕووداوە دەگەڕێتەوە بۆ ڕۆژەکانی ٣٠ و ٣١ی ئاداری ١٩٧٢، واتا ساڵێک و ١٩ ڕۆژ دوای ئەو مێژوویەی بایک پەنجەی بۆ ڕاکێشاوە. بەو واتایە ساڵی ١٩٧١ هێشتا بوونی نەبووە و ئەو خوێندکارەش کە جەمیل بایک ئاماژەی بۆ دەکات، ناوی ئیبراهیم ئایدن "زیاد" بووە کە خۆی لەو بارەیەوە دەڵێت: (ڕۆژی ٣٠ ئاداری ١٩٧٢ ڕژێمی تورکیا ماهیر چایان سەرۆکی ڕێکخراوی لاوانی وڵات پارێزی تورکیای لەگەڵ دە ئەندامی ئەو ڕێکخراوە کە بەشێکیان ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیی بوون، کوشت. ئێمە خوێندکارانی زانکۆ دژی ئەو کوشتنە خۆپێشاندانمان کرد و لە ئاکامدا ڕۆژی ٣١ی ئادار ١٩٧٢، نزیکەی ٧٠ خوێندکار لە بەشی ئێمە "مامۆستایان" و نزیکەی ٥٠ کەسیش لە بەشی زانستە سیاسییەکانی زانکۆ گیران کە یەکێک

لە گیراوەکانی ئەو بەشە عەبدوڵا ئۆجەلان بوو. ئێمەیان لە دوو ژور و ئەوانیشیان لە دوو ژوری جیاواز لە یەکتر لە بینایەکی سەربازیدا ڕاگرت. دوای دوو هەفتە ٢٠ کەسیان لە بەشی ئۆجەلان و ١٦ کەسیشیان لە بەشی ئێمە ئازاد کرد و ئێمەشیان گواستەوە بۆ زیندانی ماماق Mamakی ئەنکارا. من لەوێ لەگەڵ کوردەکان و بەتایبەتی عەبدوڵا ئۆجەلان و "ماهیر یەلماس" ئاشنا بووم. دوای تێپەڕبوونی دوو مانگ ئێمەیان برد بۆ دادگا. دادگایی کردنی ئێمە و بەشی ئۆجەلان جودا بوو. داواکارەکەی من کە پلەدارێکی سوپا بوو، یارمەتی بەمن کرد و لە ئاکامدا من لە زیندان ئازاد بووم، بەڵام ئۆجەلان و بەشێکی تر لە زیندانییەکانیان بۆ ماوەی حەوت مانگ ڕاگرت. لەو ژمارە زیندانییە، من و ماهیر و ئۆجەلان بووین بە گروپی ئایدیولۆژی پەکەکە و ئەوانی تر سەربە ڕێکخراوی لاوانی شۆڕشگێڕی تورکیا بوون.)

سالی ١٩٧٣، سەرلەنوێ جموجولی خوێندکاران دەستی پێکردەوە. دەوڵەتی تورکیا بۆ کۆنترۆڵ کردنی خوێندکارە ناڕازییەکان، کۆمەڵەیەکی لەلایەن خوێندکارە لایەنگرەکانییەوە دامەزراند کە ناوی کۆمەڵەی خوێندنی باڵای دیموکراسی ADYOD ئەنکارا بوو. لە هەمانکاتیشدا سالی ١٩٧٤، چەپەکانی کوردیش ڕێکخراوێکی نهێنیان بەناوی بیرۆی کەلتوری شۆڕشگێڕی ڕۆژهەڵات DDKD پێکهێنا. ئۆجەلان و هەڤاڵانی چوون لەو کۆمەڵەیەدا بوون بە ئەندام کە بە وتەی جەمیل بایک سەربە دەوڵەت بوو[3] و هاوکاریی ڕێکخراوە کوردییەکەیان نەدەکرد. بایک دەربارەی چوونیان بۆ ڕیزی کۆمەڵەی خوێندنی باڵای دیموکراسی ئەنکارا و هاکاریی نەکردنیان لەگەڵ بیرۆی کەلتوری شۆڕشگێڕی ڕۆژهەڵات، دەڵێت:

- (ئەگەر چووباینە ناو ئەو ڕێکخراوە، بزووتنەوەی چەپ لاواز دەبوو. هۆی دووهەم بۆ ئەوە بوو کە پۆلیس گومانمان لێ نەکات و نەمانخاتە ژێر چاودێری خۆی، چونکە ئێمە هێشتا گروپێکی نوێ بووین و ئەگەر چووباینە

**نێو بزووتنەوەیەکی کوردی، ئاشکرا دەبووین و سەرنجی پۆلیسمان ڕادەکێشا سەرخۆمان.[٤])**

ئۆجەلان زیندانی بوونەکەی بە وانەیەک بۆخۆی زانیوە کە ئیتر بەهیچ شێوەیەک نەگیرێتەوە و خۆی بەدەستەوە نەدات، بەڵام بەپێچەوانەوەی ئەو گوتنەی، بە دوای ئازادبوونی لە زیندان، بە وتەی لە کۆتایی ساڵی ١٩٧٢دا گروپی ئایدیولۆژی لەسەر بنەمای تیۆریی مارکس و لێنین دامەزراندوە. لە هەمان کاتدا دەوڵەتی تورکیا بۆ کۆنترۆڵ کردنی خوێندکارە ناڕازییەکان، کۆمەڵەیەک لە خوێندکارەکانی لایەنگری خۆی بە ناوی کۆمەڵەی خوێندنی باڵای دیموکراسی ADYOD ئەنکارا دامەزراندوە. هەروەها ساڵی ١٩٧٤، کوردانی خاوەن بیر چەپیش ڕێکخراوێکی نهێنیان بەناوی بیرۆی کەلتوری شۆڕشگێڕی ڕۆژهەڵات DDKD پێکهێناوە. جەمیل بایک باس لەوە ناکات کە داخوا گروپەکەی ئۆجەلان ماوە یان نا، بەڵام دەڵێت ئۆجەلان و هەڤاڵانی لە جیاتی هاوکاریی کردنیان لەگەل بیرۆی کەلتوری شۆڕشگێڕی ڕۆژهەڵات کە ڕێکخراوی کوردە بیرچەپەکان بووە، ئەوان چوون لەگەڵ کۆمەڵەی خوێندنی باڵای دیموکراسی ئەنکارا کەوتوون و لەودا بوون بە ئەندام کە بە وتەی بایک سەربە دەوڵەت بووە و دەڵێن: **(ئەگەر چووباینە ناو ئەو ڕێکخراوە، بزووتنەوەی چەپ لاواز دەبوو.)**

لێرەدا جەمیل بایک دوو خاڵی ڕوون نەکردوەتەوە: ئایا ئەندامانی بیرۆی کەلتوری شۆڕشگێڕی ڕۆژهەڵات چیان بەسەرهاتووە؟ ئایا چوونی ئۆجەلان و ئەندامەکانی تری گروپەکەی بۆ ڕیزی کۆمەڵەی خوێندنی باڵای دیموکراسی ئەنکارا، بۆ ئەوە نەبووە کە ئۆجەلان وەک خۆی دەڵێت لە ساڵی ١٩٦٦وە تا ساڵانی ١٩٧٧- ١٩٧٨ لە خزمەت دەوڵەتی تورکیادا بووە؟ ئایا ئۆجەلان بۆ بەرژەوەندیی دەوڵەت نەچووەتە ڕیزی ئەو کۆمەڵەوە کە بە وتەی جەمیل بایک سەربە دەوڵەت بووە؟ ڕوونکردنەوەی ئەو ڕووداوانە پێویست بووە کە مرۆڤ بزانێ بۆچی بە چوونی ئۆجەلان و هەڤاڵانی بۆ ڕیزی بیرۆی کەلتوری شۆڕشگێڕی ڕۆژهەڵات DDKD، چەپەکان لاواز دەبوون؟ ئایا ئەو بۆ

خزمەتکردن بە کورد چووبووە ڕێزی کۆمەڵەی خوێندنی باڵای دیموکراسی ADYOD ئەنکارا، یان بە چەپی تورکیا، یان بۆ هاوکاریی کردن لەگەڵ دەوڵەتی تورک؟

بەهەر حاڵ، ئەوکاتە گرووپی ئایدیولۆژی ئۆجەلان لەو بەرنامەیەدا نەبووە کە ڕێکخراوێکی جیاواز و تایبەت بۆ کوردستان دامەزرێنێت. ئەوان ویستویانە لەگەڵ گرووپە چەپە هاوبیرەکانیان گفتوگۆیەکی هاوبەشیان هەبێ و بەیەکەوە بۆ دامەزراندنی سۆسیالیزم لە تورکیا هەوڵ بدەن. لەو چوارچێوەیەدا عەبدوڵا ئۆجەلان ساڵی ١٩٧٥ بە سەفەرێک چووەتە کوردستان و چاوی بە "سراج بیلگین" نوێنەری پارتی دیموکراتی کوردستانی تورکیا و "کەمال بورکای" سەرۆکی پارتی کرێکارانی سۆسیالیستی تورکیا TIP و سەرۆکی ئێستای پارتی سۆسیالیستی کوردستان کەوتووە. ئۆجەلان بە دوای ئەو سەفەرەیدا پارتی دیموکراتی کوردستانی تورکیای بە ڕێکخراوێکی دژی سۆسیالیزم و پارتی کرێکارانی سۆسیالیستی کوردستانی، بە ڕێکخراوێکی فاشیستی ناساندوە.(٥) جگەلەوە بە ڕێکخراوە مارکسیستیەکانی تورکیاش گوتووە: **(ئەوانە لەسەر ڕێبازی لێنین نەبوون(٦).)**

لەو ڕوانگەیەوە ئۆجەلان و گرووپەی هاوکاری "کۆمەڵەی خوێندنی باڵای دیموکراسی ئەنکارا"ی سەربە دەوڵەتی تورکیایان کردوە و ئۆجەلان یەکێتیی و یەکگرتنی لەگەڵ گرووپە چەپ و کوردییەکانی بە مردنی بزوتنەوەی سۆسیالیستی و پرۆلتاریا زانیوە و لەگەڵ هیچ کامیان ڕێک نەکەوتووە.

ئۆجەلان و هەڤاڵانی بەهۆی چالاکی و خزمەتەکانیان لە کۆمەڵەی خوێندنی باڵای دیموکراسی ئەنکارادا، ئەو کۆمەڵەیان خستوەتە دەست خۆیان!!! و بە وتەی جەمیل بایک، ئۆجەلان لەژێر پەردەی خەبات لەو کۆمەڵەیەدا هەم خۆی و هەم بزوتنەوەکەی بەهێز کردوە، بەڵام دەزگای هەواڵگریی تورکیا "میت" هەستی بە جموجوڵی گرووپی ئۆجەلان کردوە و

دیسانیش بە وتەی بایک، حکومەت چەند بەکرێگیراوی ناردوەتە ڕیزی گروپەکەیان. ئەو ڕووداوە، بەتایبەت لەوکاتەوە دەستی پێکردوە کە کۆمەڵەی خوێندنی باڵای دیموکراسی ADYOD ئەنکارا دامەزرا و ئۆجەلان ئەوی خستوەتە دەست خۆی(٧).

بە وتەی بایک ناردراوەکان دوو کەس بوون بەناوەکانی عەبدولڕەحمان پۆلات خەڵکی ئاگری و نەجاتی کەیا "پیلۆت" کە هەردوو خوێندکاری کۆلیجی زانستە سیاسییەکانی زانکۆی ئەنکارا بوون و لەو بارەیەوە دەڵێت: **(ئەوانە هەردوو سیخوڕ بوون و میت تێکەڵی گروپەکەیانی کردوە.)** ئەو هەروەها ناوی دوو کچیش ئاشکرا دەکات کە بەڕێگای کۆمەڵەی خوێندنی باڵای دیموکراسی ئەنکاراوە تێکەڵی گروپەکەیان بوون. یەکێک لەوانە کچێکی خەڵکی یۆگۆسلاڤیا بووە بەناز ناوی "نادیرە" و ئەویتریان ناوی "کەسیرە یەڵدرم - فادیمە" خەڵکی دێرسیم بووە کە ئەو کچە دواتر پەیمانی هاوسەریی لەگەڵ ئۆجەلان پێکهێنا، بەڵام لە پرۆسەی ژیانی هاوبەشدا پێکەوە نەسازان و لەیەکتر جودا بوونەوە. جەمیل بایک لەم بارەیەوە دەڵێت: **(لە مێژووی ئێمەدا عەبدولڕەحمان و فاتمە هەریەکەیان تەنیا کەسێکیان هێناوە و بە گروپیان ناساندووە کە هەردووی ئەوانیش سیخوڕ دەرکەوتن. ئێمە عەبدولڕەحمانمان کاتێ تەقلی ئێمە بوو، نەدەناسی، لەبەر ئەمە پیلۆتیش کە ئەو لەگەڵ خۆی هێنای، نەدەناسی. هەرچی فاتمەیان کاتێ پەیوەندی بە ئێمەوە کرد دەمانزانی کە لە بنەماڵەیەکی بەناوبانگ بوو لە دێرسیم، کە دەستیان بە خوێنی کورد سوور ببوو. ئەو بنەماڵەیە لەکاتی سەرکوت کردنی سەرهەڵدانی دێرسم و لە سێدارەدانی سەید ڕەزا و هەڤاڵەکانی و گەلێک وڵاتپارێزی تر، هاوکاری دەوڵەتیان کردبوو. ئێمە ئەو شتانەمان دەزانی، تا ئەو جێیە کە بوو بەهۆی دەرکەوتنی گفتوگۆیەکیش لە نێوانماندا. ئێمە کە نەماندەویست فاتمە لەنێو خۆماندا قبووڵ بکەین، لەبەر ئەم هۆیە بوو. چونکە دەمانگوت: "ئەو کچە لە بنەماڵەیەکی خایینە و دەستیان کەوتۆتە خوێنی کوردان. ئەم**

ڕاستییەش هەرکەس دەیزانی، بۆیە ناتوانین کەسێک لەو بنەماڵەیە قبووڵ بکەین... ئەمە تێڕوانین و ڕای زۆربەی هەڤاڵانیش بوو. هەڵبەت تێڕوانین و بۆچوونی سەرۆکایەتی وەکوو هی ئێمە نەبوو. بەڵکو سەرۆکایەتی زۆر زانستیانە و قووڵتر بیری لێ دەکردەوە و دەیگوت:

"ڕاستە بنەماڵەی ئەم کچە بنەماڵەیەکی پیس و گڵاوە و دوژمن دەستی خۆی خستۆتە ناوی و دژی کورد بەکاری هێناون، بەڵام نابێ ئێمە لێیان دوورکەوینەوە، بەڵکوو پێویستە ئێمەش دەستی خۆمان بخەینە ناویان و منداڵەکانیان ڕابکێشین و هەم لە دژی بنەماڵەی خۆی و هەم لە دژی دەوڵەتیش بەکاریان بێنین. هەروەها دەیگوت تەنیا بەم ڕێگەیەدا ڕەنگە دەتوانین تۆڵەی خۆمان و میللەتیان لێ بکەینەوە. مادام ئەو بنەماڵەیە هێندە خراپەی کردووە، ئەگەر ئێمە بتوانین منداڵەکانیان لێ دوور کەینەوە و ڕایانکێشینە ناو بزووتنەوە، دەتوانین گۆڕزێکی کوشندە لەم بنەماڵەیە بوەشێنین. پێویستە ئێمە مێژوو بە پێچەوانە هەڵگێڕینەوە"(٨).) لە درێژەی ئەم باسەدا، نوسەر دەڵێت: (لە هەمووشی گرنگتر ئەوە بوو کە سەرۆکایەتی هیچ کاتێ فاتمەی وەکوو کەسێک نەدەدیت و لێی نەدەڕوانی و دەیگوت: "ئەمە تاکە کەسێک نییە، بەڵکوو چینێکە و نوێنەرایەتی چینێک دەکا لە کوردستان کە بەکرێگیراو و خەیانەتکارە. ئەم چینە هەردەم ئامادەیە لەگەڵ دوژمن ڕێک بکەوێت و خزمەتی بکات. ئەگەر تۆ بتهەوێ کێشەی سەربەخۆیی و ئازادی لە کوردستان چارەسەر بکەی، پێویستە بەرلە هەموو شتێک مەسەلەی ئەو چینە چارەسەر بکەی، ئەگەر ڕەوشی ئەو چینە چارەسەر نەکەی و لە دژایەتی کردنیدا سەرنەکەوی، هەرگیز ناتوانی کێشەی کوردستان چارەسەر بکەی.... دەبێ مرۆڤ لە شەخسی فاتمەدا چینێک ببینێ لە دژی ئەو چینە شەڕی خۆی لەگەڵ فاتمە بکات و سەرکەوێ، تاکوو بتوانێ بزووتنەوەکە بە سەرکەوتن بگەیەنێ، ئەگینا بزووتنەوەی سۆسیالیستی ناتوانێ لە کوردستان پێش بکەوێ." بەو جۆرە سەرۆکایەتی بۆچوونی زانستیانەی هەبوو، بەڵام ئێمە لەسەر زانست

نەبوووین[٩].) نوسەر لە کۆتایی باسەکەیدا بەم ئاکامە دەگات و دەڵێت: (ئەگەر یەکێک لێرەدا ورد بێتەوە و باش سەرنج بدات، بۆی دەردەکەوێ کە سەرۆک بەو ئامرازە هەم دەوڵەتی خاپاندو هەم دەوڵەتی خستە خزمەت بزووتنەوەکەمان و بەتوانا و ئیمکاناتی دەوڵەت بزووتنەوەی ڕێکخست و بەرەوپێشی برد. کەواتە ئەم سەرۆکایەتیە، سەرۆکایەتێکی بەو ڕەنگەیەو یەکێک لە تایبەتمەندییەکانی ئەوەیە کە دوژمن فریو دەدات. واتە هەم زەبری خۆی لە دژمن دەوەشێنێت و هەم دوژمن دەخاتە خزمەتی گەل و بزووتنەوەکەی، ئەوە خاڵێکی گرنگە و تایبەتمەندێکی پەکەکەیە و بەڵکوو یەکێکە لە تایبەتمەندییە هەرە گرنگەکانی[١٠].) هەرلەو بارەیەوە نزامەدین تاش "بۆتان" سەبارەت بە گروپی ئایدیولۆژی پەکەکە دەڵێت:

- (لە دەست پێکردنی گروپی ئایدیولۆژیدا سێ کەس بەناوەکانی نجاتی قەیا "پیلۆت"، عەبدولڕەحمان پۆلات و کەسیرە یەلدرم هەبوون کە ئەندامی دەزگای هەواڵگریی تورکیا "میت" بوون و هاوکاریان لەگەڵ میت دەکرد و یارمەتی و پارەیان لە میت وەردەگرت کە گروپی ئایدیولۆژی خەباتی پێ بکات. ئاپۆ خۆی ئینکاری ئەوە ناکات و دەڵێت بە زانیاریی لەگەڵ ئەوانە بووە. ئەو ڕەوتە تا ساڵی ١٩٧٨ بەردەوام بوو. ئەوکاتە ماهیر چایان کەسێکی ناودار و سەرۆکی گروپێکی چەپی تورک بوو کە تورکیا کوشتی و هەڤاڵەکانی دژی دەوڵەت بەیاننامەیان بڵاوکردوە و لەو پێوەندییەدا هەموویان گرتن و یەکێک لە گیراوەکانیش ئاپۆ بوو کە دوای ماوەیەکی کورت ئازادیان کرد.)

لە سەردەمی گروپی ئایدیولۆژیدا، ژمارەیەکی زۆر لە ئەندامی ڕێکخراوە کوردییەکان و تەنانەت چەپەکانیش لەلایەن گروپی ئایدیولۆژییەوە کوژران. دەوڵەتی تورکیا هەوڵیدەدا، هێڵی کوردی سەرنەکەوێت. بەم جۆرە هەموو ڕێکخراوە کوردییەکانیان لەگەڵ یەکتر کرد بە دوژمن و نەیانهێشت لە دەوری یەکتر کۆببنەوە و هێزێکی کوردیی پێکبێنن. دەوڵەتی تورکیا ئەو دوژمنایەتییەی بەدەست ئاپۆ دامەزراند.

ئەو بەشەی کە جەمیل بایک ئاماژەی بۆ دەکات و دەڵێت: ئۆجەلان بە توانا و ئیمکاناتی دەوڵەت بزوتنەوەی پەکەکەی ڕێکخست بەتەواوی ڕاستە، بەڵام بەشەکەی تری چیرۆکێکی ساختەیە و ڕەنگە بایک لە ڕووی دڵپاکی و دڵسۆزییەوە پەنای بۆ هەڵبەستنی ئەو چیرۆکە بردبێ، ئەگەرنا جێی گومانە و بە مەبەستی فریودانی خوێنەرانی کتێبەکەی نوسیویەتی. بایک ناڵێ ئۆجەلانیش وەک عەبدولڕەحمان و نەجاتی کەیا "پیلۆت" مەئموری دەوڵەتی تورکیا بووە و بە فەرمانی دەزگای هەواڵگریی تورکیا "میت" ئەرکی دامەزراندنی گروپی ئایدیولۆژی پێ سپێردراوە کە لەلایەک بەربەرەکانی هێزە بەرهەڵستکارەکانی تورکیا بکات و لەلایەکی تردا خەباتکارانی کورد فریو بدات و بەشێوەی ناڕاستەخۆ بەرەو حکومەتیان ڕاکێشی و نەهێڵێ زیان بە دەوڵەتی تورکیا بگەیەنن.

بە وتەی بایک کۆمەڵەی خوێندنی باڵای دیموکراسی ADYOD ئەنکارا لە دەست ئۆجەلان و سێ لە هەڤاڵانیدا بووە. "کەسیرە یەڵدرم- فاتمە، "نادیرە"، عەبدولڕەحمان و نەجاتی کەیا "پیلۆت"یش کە سیخوڕی میت بوون لەو کۆمەڵەدا بوونەتە هاوکار و هاوخەباتی ئۆجەلان. چونکە بایک لە کتێبەکەیدا ئاماژەی بۆ ئەندامانی تری کۆمەڵەی خوێندنی باڵای دیموکراسی نەکردوە کە خوێنەر بزانێ چەند کەسی تر لەلایەن دەوڵەتەوە نێردراونەتە ڕیزی ئەو کۆمەڵەیە کە هەروەکوو بایک خۆی دەڵێت: **(کۆنترۆڵی خوێندکارە ناڕازییەکان بکەن.)** بەڵام هەمموو لایەکمان بەوە دەزانین کە مەلا مستەفا بارزانی و سەرکردایەتی شۆڕشی ئەیلول لە "سپتێمەر"ی ساڵی ١٩٧٠دا ڕژێمی بەعسی عێراقیان ناچار کرد بە مۆرکردنی ڕێککەوتنامەی ١١ی ئادار "مارس". چونکە دەوڵەتی تورکیا ترسی لەوە هەبوو کە پڕیشکی شۆڕشی ئەیلول تەشەنە بکاتە باکوری کوردستان و گیروگرفتی بۆ بخوڵقێنێ، بۆ بەرگری کردن لێی، ئۆجەلان و چەند کەسێکیتری داوەتە پێشەوە، تا لەژێر ناوی شۆڕشگێڕیدا، خۆیان ڕێکبخەن و بە فەرمانی میت دژی بزوتنەوەکانی کورد لە باکوری کوردستان بەکاریان

بێنن. دیاره هەروەکوو میخائیل یوحەننا "تارق عەزیز" جێگری پێشوی سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران عێراق لە سەردەمی ڕژێمی سەدام حوسێن دا لە بیرەوەرییەکانیدا ئاماژەی بۆ کردوە، کاربەدەستانی تورک بەرلە مۆرکردنی ڕێککەوتنامەی ۱۱ی ئادار چەند جارێک داوایان لە ڕژێمی بەعس کردوە کە لە لەگەڵ بارزانی ڕێکنەکەوێ و ئەوان ئامادەن لە شکاندنی شۆڕشدا هاوکاریان بکەن، بەڵام حکومەتی بەعس بەهۆی تێکشکانەکانی لە بەرامبەر شۆڕشی ئەیلولدا تاقەتی خۆڕاگرتنی نەمابوو، و ناچار بوو مل بۆ خواستی کورد ڕاکێشێت. بۆ ئەوەی لە ڕاستی ئەو دیاردەیە بگەین، باشترە بزانین ئۆجەلان خۆی چۆن لە هاوکاریی کردنی لەگەڵ دەوڵەتی تورکیا دەدوێت:

**- (من لە ساڵی ۱۹٦٦وە پاڵم بە دەوڵەتەوە دا و لە ساڵانی ۱۹۷۷-۱۹۷۸یشەوە پرۆسەی دوورکەوتنەوەم لە دەوڵەت دەستی پێکرد. بە تەواوی دوازدە ساڵ بە ئیمکاناتی مادی و دەرەتانێک کە دەوڵەت بۆی جێبەجێ کردم چوومە پێشەوە[١١].)**

گروپی ئایدیولۆژی پەکەکە بەم جۆرەی بە سەرۆکایەتی عەبدوڵا ئۆجەلان لە کۆتایی ساڵی ۱۹۷۲دا پێکهات و هەروەکوو سەرۆکەکەی دەڵێت بە ئیمکاناتی مادی و دەرەتانی دەوڵەتی تورکیا گەشەی کرد و بەرەو پێشەوە چووە. میتی تورکیا بەهۆی ناوبراو و ئەو ژمارە سیخوڕانەی کە لە زانکۆکاندا هەیبوو، گروپە خوێندکارەکانی لە زانکۆی ئەنکارا کۆنترۆڵ کردوە و هەتا کۆتایی ۱۹۷۸، عەبدوڵا ئۆجەلانی بەکار هێناوە. ئەوە لە کاتێکدایە کە جگە لە جەمیل بایک، دامەزرێنەرانی تری گروپی ئایدیولۆژی ئەو بۆچوونەیان قبووڵ نییە کە دەوڵەتی تورکیا دەستی لە دامەزراندن و هەڵسوڕاندنی گروپی ئایدیولۆژیدا بووبێت.

---

١- عوسمان ئۆجەلان لە وتووێژەکەیدا، کەمال پیر بە گورجی دەناسێنێت.

٢- مێژووی پارتی کرێکارانی کوردستان لاپەرەی ٧٩.

٣- هەمان سەرچاوە، لاپەڕەکانی ٨٠.

٤- هەمان سەرچاوە، لاپەڕەکانی ٨١.

٥- هەمان سەرچاوە، لاپەڕەکانی ٨٥.

٦- هەمان سەرچاوە، لاپەڕەکانی ٨٤.

٧- هەمان سەرچاوە، لاپەڕەکانی٩٢.

٨- هەمان سەرچاوە، لاپەڕەکانی ٩٢ و ٩٣.

٩- هەمان سەرچاوە، لاپەڕەکانی ٩٥.

١٠- هەمان سەرچاوە، لاپەڕەی ٩٧.

١١- هەندێک لە نوسراوە کۆکراوەکانی عەبدوڵڵا ئۆجەلان لەنێوان ساڵانی ١٩٨٤- ١٩٩٥، بەناوی (زمان و بزاڤی شۆڕش)، بڵاوکراوەی سەرخۆبوون، ژمارە ٨٢، لاپەرەی ٩٣، ڕۆژی ١٩٩٦/٨/١، بە زمانی تورکی، Devrimin dili ve Eylemi.

## ستراتیژی گروپی ئایدیولۆژی پەکەکە

گروپی ئایدیولۆژی پەکەکە، بە مەبەستی دامەزراندنی دەوڵەتی سۆسیالیستی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ئازادکردنی کورد و سەربەخۆیی کوردستان، ستراتیژیی خۆی لەسەر ئەو ئایدیولۆژییە بینا کرد. ڕێبەرانی پەکەکە لەم ڕوانگەیەوە دەڵێن قۆناخی خەباتی حیزبایەتیان خستوەتە پشت سەر و بوونەتە بزوتنەوەیەکی جیهانی. ئۆجەلانیش لە هاتنیدا بۆ ئیتالیا بە ڕاشکاوی لە تەلەفزیۆنی MEDtv دا ڕایگەیاند کە بەنوێنەرایەتی نەتەوەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست هاتووەتە ئەوروپا و دەیەوێ کێشەی نەتەوەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست چارەسەر بکات و فیدراسیۆنێک لە کورد و ئەو دەوڵەتانە پێک بێنێت!!!.

ئۆجەلان لەبەر تیشکی ئەو ستراتیژەدا، لە بەشی پێنجەمی کتێبی "پرسی کەسایەتی لە کوردستاندا" کە ساڵی ١٩٨٣ بە زمانی تورکی نوسیویەتی و "مهاباد کوردی" ساڵی ١٩٩٢ وەریگێڕاوەتەوە سەر زمانی کوردی، لە چەند وتاری وەک: "پارتی دەستەی پێشڕەوی چینی کرێکارە، پارتی دەستەی ڕێکخەری چینی کرێکارە، پارتی باڵاترین شێوەی ڕێکخستنی چینایەتی پرۆلتاریایە، پارتی ئامرازی دەسەڵاتی پرۆلتاریایە و پارتی پێکهاتەی یەکێتی ویست و بیروباوەڕی و دەستە دەستە پەسەند ناکات"، پارتی کرێکارانی کوردستان بە خوێنەرانی دەناسێنێت و بە ڕاشکاوی دەڵێت:

**- (پەکەکە باوەڕی بە خەباتی فرە ڕێکخراوەیی نییە لە کوردستاندا و دەیەوێ بە ڕێگای تیۆری دیکتاتۆریی پرۆلتاریادا، تەنیا ڕێکخراوی کوردستان بێ و تەنانەت ئەگەر ڕێکخراوێکیش هەبێ، پێویستە ڕێبەرایەتی پەکەکە قبووڵ بکات و لەژێر باڵی ئەودا بجولێتەوە[1].)**

هەروەها پەکەکە بە پشتبەستن بەو ستراتیژە هەوڵی سەربەخۆیی کوردستانیش دەدات و دەیەوێ کوردیش وەک نەتەوەکانی تر ئازاد بێ،

بەڵام ئەوەی ئەو لە سەرەتادا دەیەوێ و هەوڵی بۆ دەدات، بەپێچەوانەی پروپاگەندەی هەندێک لە لایەنگرانی پەکەکە، ئازادی کورد و سەربەخۆیی کوردستان نییە، بەڵکوو دامەزراندنی سۆسیالیزمە لە کوردستانی داگیرکراوی تورکیادا.

بۆ ئەوەی خوێنەران باشتر لە مەبەستی پەکەکە بگەن و بزانن چۆن و بەچ شێوەیەک کوردستان و کورد ڕزگار دەکات و هەوڵدانەکانی چ جیاوازییەکیان لەگەڵ ئەو ڕێکخراوە مارکسیستانە هەیە کە ئەو بە ڕیفۆرمیستیان ناودەبات، گوێ بدەنە جەمیل بایک و بزانن ستراتیژی ڕێکخراوەکەیان بۆ ئازادیی کوردستان چییە: **(پەکەکە بۆ ئەوە دەرکەوتووە تاکو کێشەی سەربەخۆیی و ئازادی چارەسەر بکات. بۆ چارەسەر بوونی کێشەی سەربەخۆیی و ئازادیش پێویستە کێشەی ئایدیولۆژی، سیاسی، ڕێکخستن، سەربازیی، ئابووری و کۆمەڵایەتی، تاکتیکی چارەسەر بکرێن. ئەگەر ئەو پرسانە چارەسەر نەکرێن، کێشەی سەربەخۆیی و ئازادی لە کوردستاندا چارەسەر نابێت[٢].)**

لە ڕوانگەی تیۆری مارکسیست-لینینیستەکانەوە، چارەسەر کردنی کێشەکانی ئایدیولۆژی، سیاسی، ڕێکخستن، سەربازیی، ئابووری و کۆمەڵایەتی واتای دامەزراندنی سۆسیالیزم و سەقامگیر کردنی سیستەمی سۆسیالیستی دەدات، نەک هەوڵدان بۆ ئازادی و سەربەخۆیی کوردستان!

ستراتیژی پەکەکە لەو ڕوانگەیەوە، بەو واتایە دێت کە کورد دەبێ سەرەتا بۆ دامەزراندنی سۆسیالیزم هەوڵبدات و بە دوای دامەزراندنی سۆسیالیزم لە تورکیا، ئێران، عێراق و سوریا و سەقامگیربوونی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا و چارەسەر کردنی کێشە ئایدیولۆژی، سیاسی، ڕێکخستن، سەربازی، ئابووری، کۆمەڵایەتی و تاکتیکەکانی، ئینجا بگەڕێتەوە بۆ باسی چارەسەریی کێشەی سەربەخۆیی و ئازادی خۆی.

ئەو تیۆرییەی پارتی کرێکارانی کوردستانی لەسەر دامەزرا و لە کۆنگرەی شەشەمیدا بە "ئاپۆیزم" ناسێنرا، چ جیاوازییەکی لەگەڵ تیۆری و

بۆچوونی پارتی کۆمونیستی یەکیەتی سۆڤیەتی پێشوو و پارتە کۆمونیستە هاوپەیمانەکانی یەکیەتی سۆڤیەت هەیە کە کوردستانیان لەناو خۆیاندا بەشکردوە؟ ئایا ئەوانیش ئەو ڕایەیان نەبوو کە تەنیا سۆسیالیزم دەتوانێ کێشەی نەتەوە کۆلۆنییەکان چارەسەر بکات؟ ئایا ئاپۆیزمیش هەر ئەو ڕایە دووپات ناکاتەوە و هەندێک گرفتی تریشی ناخاتە پاڵی؟ ئایا کاتێک لینین لەساڵی ١٩٢٣دا فەرمانی دامەزراندنی هەرێمی کوردستانی سووری پەسەند کرد و "لاچین" بوو بە پایتەختی کوردانی سۆڤیەت، سۆسیالیزم کێشەکانی ئایدیولۆژی، سیاسی، ڕێکخستن، سەربازی، ئابووری، کۆمەڵایەتی و تاکتیکەکانی چارەسەر کردبوو؟

هەموو لایەکمان دەزانین کە سۆسیالیزمی بنیادنراوی لینین لە ماوەی ٧٠ ساڵاندا نەیتوانی سەقامگیر بێ و کێشەی ئایدیولۆژی، سیاسی، ئابووری، کۆمەڵایەتی و ئازادییە دیموکراتییەکان لە کۆمارەکانی یەکیەتی سۆڤیەت چارەسەر بکات. لەبەر ئەوە، بەتایبەتی ئەوانەی باوەڕیان بە دیالیکتیک هەیە، پێویستە هەندێک وردتر بیربکەنەوە و وەک پێشینیان گوتەنی "بە مستێک ئاو وەمەلە نەکەون." لە جیاتی خۆبەستنەوە بە دروشمی دڵخۆشکەرانەی نەگونجاو لەگەڵ بارودۆخی سەردەم کە ئەلف و بێی تیۆری مارکسیستییە، ڕاستییەکانی ڕۆژ بسەلمێنن و بزانن لە دنیای ئەمڕۆدا چیچەنەکان و گەلانی باڵتیک و باڵکان و... و تیموری ڕۆژهەڵات لە ئەندونیزیا چۆن و بە چ شێوەیەک و لە چ سیستەمێکدا ڕزگار بوون؟ ئایا ئەو نەتەوانە بە دەست سۆسیالیزم ڕزگاریان بوو کە کورد دامەزراندنی سۆسیالیزم وەپێش ڕزگاریی خۆی و وڵاتەکەی بخات؟ یان سۆسیالیستەکان بەرەو سیستەمی پێشوو پاشگەز بوونەوە!

هەموو دەزانین سۆسیالیزم دیاردەیەکی فەرهەنگی، کۆمەڵایەتی، ئابووری و سیاسییە، بە نەتەوەیەکی پارچە پارچەکراوی بێ دەوڵەت و کۆلۆنی دانامەزرێت کە ئابوورییەکەی بەدەست داگیرکەرە و فەرهەنگەکەی چەند پارچەیە و هێشتا خاوەنی زمان و فەرهەنگی یەکگرتوو نییەو دوژمن

دەوری تەنیــوە و هەر بەشــەی دیلــی دەســتی داگیــرکەرێکە و بە وتەی سەرکردەکانی پەکەکەش: "لە هەموو لایەکەوە نەزان و دواکەوتووە."(٣)

کە وابوو، ئەو تیۆرییەی کە ستراتیژی "ئاپۆیزم"ی لەسەر بنیاد نراوە، ناتوانێت لەگەڵ دۆزی کوردستان و ژیانی ئەمڕۆی نەتەوەی کورد یەک بگرێتەوە و تیۆرییەکی هەڵخەڵەتێنەرە و تاقی کردنەوەکانی ٣٠ ساڵی رابردوو پێشانیانداوە کە ئەو تیۆرییە ناتوانێ خزمەت بە دۆزی کورد و بزوتنەوەی رزگاریخوازانەی نەتەوەی هەژار و کۆڵۆنی ئێمە بکات و جگەلە چەواشەکاریی و ئاژاوە نانەوە لەنێو هێز و رێکخراوە سیاسییەکانی کوردستان و قوڵترکردنەوەی کێشەی کورد، ئاواتی نەتەوایەتی گەلەکەمان دەستەبەر بکات.

---

١- ئەو بۆچوونەی عەبدوڵا ئۆجەلان لە سەردەمی دامەزراندنی گروپی ئایدیولۆژی و پەکەکەدا لە باکوری کوردستان بەرێوەدەچێت و ئێستاش کۆنسەی سەرۆکایەتی پەکەکە لەهەر چوار پارچەی کوردستان پێڕەوی لەو فەلسەفەیەی ئۆجەلان دەکات و لەو رێگەیەوە کێشەیەکی زۆری بۆ گەلی کورد و حیزبە سیاسییەکانی کوردستان پێکهێناوە.

٢- مێژووی پارتی کرێکارانی کوردستان لاپەرەکانی ٢ و ٣.

٣- هەمان سەرچاوە، لاپەڕەی ٧٣.

## ستروکتوری گروپی ئایدیولۆژی ئۆجەلان و پەکەکە

ستروکتوری گروپی ئایدیولۆژی ئۆجەلان و پەکەکە وەک هەموو ڕێکخراوە چەپ و مارکسییەکان لەسەر سەنترالیزم دیموکراتی بنیاد نراوە. بۆ ئەو مەبەستەش کۆنگرە، کۆنفرانس و کۆمیتەی جۆراوجۆری کاریان پێکهێناوە، بەڵام سەرنجێکی تایبەتیان داوە بە لایەنی سەنترالیزمەکەیان و بەشە دیموکراتییەکەیان لاواز کردوە. لەو چوارچێوەیەی، ڕۆڵی سەرۆک لە سەرووی پارتی دەبینن و بەم شێوازە پەکەکەیان لە پرنسیپی ڕێکخراوەیەکی مارکسیستی دەرهاویشتوە. بەگشتی نەتەوە، نیشتمان و ڕێکخراوەکەیان بە بوون و وجودی سەرۆک بەستوەتەوە. بۆ نمونە دروشمی **"ئۆجەلان-کوردستان"** لەو فیکرە چەوت و نا دیموکراتییەوە سەرچاوەی وەرگرتووە.

لە سەردەمی دەسەڵاتدارییەتی محەمەدڕەزا شای پەهلەویدا لە ئێران، دروشمی **"خدا، شاه و میهن"** بەو واتایە دانرابوو کە دوای خوا، شا لە نیشتمان بەرزترە و لێرەش لە ڕوانگەی پەکەکەدا، ئۆجەلان لە نیشتمان بەرزترە.

لە پەکەکەدا سەرۆک بڕیار دەدات و هەموو کادیر و ئەندامان، چ ئەوانەی لە کۆنگرەکاندا بۆ سەرۆکایەتی هەڵدبژێردرێن و چ ئەوانیتر، پێویستە بەبێ پرس و ڕامان، فەرمانەکانی سەرۆک بەجێ بگەیەنن و هیچ کەس مافی ئەوەی نییە کە لە بەرامبەر فەرمانەکانیدا لاوازیی و دوو دڵی لەخۆی پێشان بدات. تەنانەت هیچ کەس لە پارتی کرێکارانی کوردستاندا وەرناگیردرێت و بە پەکەکەیی نەناسرێت بەو واتایە، ئەو کەسە سەرەتا دەبێ خۆی لە جەستەی سەرۆکدا بدۆزێتەوە، تا بە ئەندام وەربگیرێت. لەو بارەیەوە جەمیل بایک سەبارەت بە ڕۆڵی سەرۆکایەتی لە پەکەکەدا دەڵێت: **(سەرۆکایەتی ئێمە لە سەرەتاوە تیۆری شۆڕشی نوسیوە و گروپی دامەزراندوە و هەر بۆخۆشی ئەو گروپەی پەروەردە کردوە. تاوەکو ئەمڕۆش**

سەرۆکایەتی هەر بۆخۆی سەرکێشی ئەو بزووتنەوەیە دەکات... کاتێک ئەمر و تەعلیمات دەهات بۆ ئێمە بەس بوو، یەکسەر کاری خۆمان ئەنجام دەدا.... و بێ ئەوەی هیچ گفتوگۆیەکی لەسەر بکەین. ئەمەش لایەنێکی گرنگە لە پەکەکەدا.[1])

باوەڕهێنان بە سەرۆکایەتی لە پەکەکەدا دیاردەیەکی ئاسایی نییە کە مرۆڤ بەچەشنی ڕێکخراوەکانی تر سەیری بکات. سەرۆک لە پەکەکەدا لە سەرووی پارتییە و تەنانەت کەسێک بە ئەندامەتی پەکەکە وەردەگیرێ کە سەرەتا سەرۆک قبوولی بکات. هەروەکوو گوتم دەبێ ئەو کەسە خۆی لە جەستەی ئۆجەلاندا بدۆزێتەوە ئەو لە سەرووی نیشتمان و ڕێکخراوەکەدا ببینێت. لەم بارەیەوە بایک دەڵێت:

- (.... بە دەگمەن لە پارتییەکدا سەرۆکایەتی لە هەنگاوی یەکەمدا قبووڵ دەکرێت. سەرنج بدەنە سەرۆکایەتی لینین، هەتاکو ساڵی ١٩١٢ لە دوایە سەرۆکایەتی لینین قبووڵ دەکرێ. ڕاستە لە گروپی بۆلشوێکدا قبووڵ دەکرێ، بەڵام لە پارتی کۆمونیستی ڕووسیادا نییە. بەڵام لە مێژووی ئێمەدا هەرلە ڕۆژی یەکەمەوە تاوەکو ئەمڕۆ سەرۆکایەتی قبووڵ کراوە.[2]) لەو ڕوانگەیەوە: (... کە هاتیە ناو پارتی، خۆت و ئیرادەی خۆت دەدەیە دەست پارتی. تۆ دەڵێی من هاتووم ئەرک و کار لە کوێیە و من بچمە هەر کوێیەک، ئامادەم بە گوێرەی بەرژەوەندی پارتی کار بکەم. مانای مرۆڤی پارتی ئەوەیە و جگە لەمە قبووڵ ناکرێت.[3])

هەروەک جەمیل بایک دەڵێت، لە پەکەکەدا سەرۆک دەتوانێ ئاڵوگۆڕ لە بڕیارەکانی کۆنگرەدا پێک بێنێ و تەنانەت هەڵبژاردنی ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندیش لە کۆنگرەکاندا دیاردەیەکی ڕەواڵەتین و هەرکاتێک سەرۆک بخوازێ، دەتوانێ ئەندامی هەڵبژێردراوی کۆنگرە بەلاوە بنێ، یان گۆڕانکاریی لەنێوان ئەندامی هەڵبژێردراوی کۆنگرە و کەسانی تردا بکات. بۆ دەرخستنی ئەو ڕاستییە سەرنج بدەنە پەسەندکراوێکی کۆنگرەی دووەمی پەکەکە:

- (.... کۆمیتەی ناوەندی هەڵبژێردرا، بەڵام ڕەسمی نەبوو. بۆ ئەوەی ببێتە ڕەسمی پێویست بوو ساڵێک خەبات بکات و لە کرداردا، خۆی بسەپێنێ. دەسەڵاتی ئەمەش درا بە سەرۆکایەتی، واتە تەنیا ئەندامەتی سەرۆکایەتی ڕەسمی بوو و ئەوانی تر هەموویان نارەسمی بوون. شتی وا تەنیا لەناو پەکەکە دا دەبنیرێ و لە مێژووی پەکەکە دا هەیە. چونکە لە پەکەکە دا سەرکردایەتی مەسەلەی شۆڕش و پارتی لەسەرووی هەموو شتێک دادەنێ تاکوو پارتی و شۆڕش نەکەونە مەترسی.[٤])

ئۆرگانیزە کردنی پەکەکە بەشێوەی دامەزراندنی مەکتەبی سیاسی "کۆنسەی سەرۆکایەتی"، کۆمیتەی ناوەندی "سەرکردایەتی" لەسەر کاغەز، بەو واتایە نییە کە سەرۆک و ئەندامانی پەکەکە باوەڕیان بەو ئۆرگانانە و بڕیاردانی بە کۆمەڵ هەبێ، بەڵکوو لە پەکەکەدا باوەڕیان بەکار و کردەوەی بەکۆمەڵە هەیە، بەو واتایە کە سەرۆک بڕیار دەدات و ئەوانی تر بڕیارەکەی جێبەجێ دەکەن. بەکورتی مرۆڤ دەبێ ستروکتوری پەکەکە وەک ستروکتوری سیستەمی ئایینیو دەرەبەگایەتی سەردەمانی پێشوو ببینێ و بەیەکەوە هەڵیانسەنگێنێت، نەک وەک ڕێکخراوێکی سیاسی، دیموکراتی و تەنانەت سۆسیالیستی کە تێیاندا بڕیاردان بە کۆمەڵە. لە بەشەکانی تردا فەلسەفە و نمونەی ئەو شێوازە کارکردنە لە پەکەکەدا دەبینین.

ئۆجەلان لە پەکەکەدا خۆی وەک پێغەمبەرێک دەبینێ کە خودا بۆ پەکەکەی ناردوە کە دوای نەمانیشی کەس نەتوانێ جێگەی بگرێتەوە. بۆ زانیاری پتر لەو مەبەستە باشترە گوێ لە خۆدی عەبدوڵا ئۆجەلان بگرین و بزانین لە وەڵامی پرسیاری **"نبیل ملحم"** نوسەی کتێبی **"سبعه ایام مع آپو"** **"حەوت ڕۆژ لەگەڵ ئاپۆ"**دا کە سەبارەت بە ستروکتوری پەکەکە دەپرسێت:

**نبیل ملحم**: (لە حیزبە چەپەکاندا کۆمیتەی ناوەندی و مەکتەبی سیاسی و سکرتێری گشتی هەیە، لە حیزبە بۆرژواییەکانیشدا، شێوەی هیرەمی "کەلە قەندی" هەیە، بەڵام پەکەکە مەکتەبی سیاسی و کۆمیتەی ناوەندی

نیە و هەموو ئەو سیفەتانە لە سەرۆكدا كۆ كراوەتەوە. بۆمن تێگەیشتنی فەلسەفەی ئەو شێوازە دژوارە، دەكرێ لەم بارەیەوە ڕوونم بكەیەوە؟

عەبدوڵا ئۆجەلان: (باشە، ڕەنگە ئەمە سەرەتایەكی باش بێ. با پێت بڵێم، من هەرلە سەرەتاوە بڕوام بە شێوازی دامەزراندنی حیزبە كۆمونیستەكان و حیزبە سەرمایەدارەكان لەم قۆناغەدا نەبووە. بۆ ئێمە دەرفەتی دەست بەكار بوون بە شێوەی ڕابردوو نەبوو و ئەو شێوەكارە سەرنجی منی بۆلای خۆی ڕاكێشا. مەكتەبی سیاسی و كۆمیتەی ناوەندی و تەنانەت پلەی سكرتێری گشتیش لە ڕوانگەی ئێمەوە ناو و پلەی ڕواڵەتین. چونكە، ئەو ناوانە نەك هەر كارگەر نەبوون، بەڵكو دەرفەتیان بۆ هەڵپەرەستی و بوروكراسی ڕەخساند. ئەوەی لەو پلە و پایانەدا جێدەگری، هەر لە دووهەم ڕۆژدا هەست دەكا خۆی زایە كردووە. ئێمە لە ماوەی ساڵانی دوور و درێژدا ئەو مەسەلانەمان ڕوون كردووەتەوە. دەمەویست مەكتەبی سیاسی و كۆمیتەی ناوەندییەكی بەهێزمان هەبێ و منیش لە پلەی دەبیری گشتیدا بم و دوو یاریدەدەرم بێ و جێگای خۆم باش بگرم، بەڵام وەك دەركەوت، ئەو مەكتەب و ناوانە سەركەوتوو نەبوون و ئەركەكانی سەرشانی خۆیان باش ڕانەپەڕاند. ئەوانە چەند نمونەیەكن و هەروەك دەبینی من دەمەوێ نمونە بێنمەوە. نمونەی شێوازی پێغەمبەرەكانت بۆ دێنمەوە و من لە شێوەكاری پێغەمبەرەكان ڕێباز و شێوازی خۆم وەردەگرم. شێوازی وتوویژ و باس "پانێل یان حیوار" كە لەلایەن گەورەی ئێمە عیسا درودی خوای لێ بێ و هەروەها بنیاتی جێگرەكانی "خەلیفەكان" لە لایەن محەمەدەوە (س) ئەو شێوەكارانە زۆر گورج و گوڵتر و كاراترن لە دامودەزگای مەكتەبی سیاسی.(٥))

نبیل ملحم لە وەڵامی ئۆجەلاندا دەپرسێ: (ئێستاش دنیا لە تەنگژەی ڕێكخراودا دەژی و كەس ناتوانێ كە بڵێ ڕێگا چارەسەرێكی بۆ ئەم گیروگرفتە دۆزیوەتەوە و لە ڕیزی ئەواندا ئەتۆ.... كەسێكی خاوەن بەهرەی خوداپێدا و دەگمەن بە ناوی ئاپۆ هەیە كە خاوەن خو و خەدەی تاكە كەسی

و تــایبەتە و لە بــازنەی دەگمەنەکــان دایە، بەڵام کەســایەتی دووهەم لە حیزبەکەتــدا کێــیە؟ و مەودای کەســی یەکەم و دووهەم لە حیزبەکەتانــدا چەنــدە و ئەگەر کەســی یەکەم نەمــا کە هۆیەکــانی نەمــان زۆرن و لەوانە هــۆی سروشــتی یــان نــا سروشــتی "ســەرووی سروشــت" کــێ جــێگەی ئــاپۆ دەگرێتەوە؟)

عەبدوڵا ئۆجەلان: (مەسەلەی گرنگ بەلامەوە ئەمەیە کە کەسی دووهەم لەمەوبەدوا پەیدا نابێ و هەرگیزیش نابێ پەیدا بێ و نابێ سەردەرخا.[٦])

هەرلەو بارەیەدا، مستەفا شەفیق سەبارەت بە پرسی سەرۆکایەتی لە پەکەکەدا دەڵێت: (ئەم تێڕوانینە دەربــارەی پرســی ســەرکردە و ســەرۆک پێچەوانەی گشت تیۆرییەکانی سەردەمە. لە تیۆرییەکاندا ئەوانەی پشتیان بە ڕژێمی پاشایەتی بوو، دەگوترا سەرۆک لەدایک دەبن و دروست ناکرێن، بەڵام تیۆرییە هاوچەرخە زانستییەکان بە هەموو شێوەیەک داکۆکی لەوە دەکەن کە سەرۆک و سەرکردە دروست دەکرێن. بە بڕوای پەکەکە سەرۆک واتای کۆکراوەی گشت بەهاکان دەدات. سەرۆک تەنها وەکو هێزی ماددی سەنتەر و سەرکردە نییە، بەڵکوو ناوەندی لەخۆگرتنی گشت بەهاکانیشە و ئەم قسەیە لە زۆر ئەدەبیاتی پەکەکەدا هاتووە، بەتایبەتی بە زمانی تورکی پێی دەگوترێت **Önderlik degerlerin birlekesidir**.)

پەکەکە دوو ئۆڕگــانی بە ناوەکــانی ERGK و ERNK هەیە. "ئەرگەکە" بــاڵی ســەربازیی پەکەکە، "گــریلا"یە و "ئەرنەکە"ش "ســوپای ڕزگــاری نەتەوەیــی" ڕێکخــراوی ئەوروپــایەتی. پەکەکە بــۆ ئەوەی ســود لە وزەی ئــابووریی کوردەکــانی نێشــەجێی ئەوروپــا وەربگــرێ، ئەرنەکەی کــردوەتە بەرەیەک لە ئەندامانی خۆی و کوردە پەنابەرەکانی دانیشتووی ئەوروپا، بە واتــایەکیتر وەک بۆخــۆی دەڵێــت بەرەیەک لەنێــوان پەکەکە و کــوردە بۆرژواکاندا.

کوردەکانی نێشەجێی ئەوروپا لە سەرەتای دامەزراندنی ئەرنەکەوە لە ئەوروپا هەتا ئێستا بە ئەزموون وەرگرتن لە ژیانی دیموکراتی و پاراستنی

مــافی سیاســی گەلان، هەوڵــی دیمــوکراتیزە کردنــی پەکەکەیــان داوە و تەنـانەت لەو ڕێـگەیەدا ژمارەیەکیشـیان بە فەرمـانی بەرپرسـانی پەکەکە تیــرۆر کــراون. ئەوان بە هەوڵ و تێکۆشــانی خۆیــان و فیــداکردنی گیــانی خۆیــان، توانیویــانە هەســتی نەتەوایەتــی بەســەر هەســتی چینــایەتی ئەرنەکەدا زاڵ بــــکەن. لەژێــــر تیشــــکی ئەو کــــارکردنەدا، ئەرنەکە بەپێچەوانەی ئامانجی پەکەکە کە بۆ دامەزراندنی سۆسیالیزم هەوڵدەدات، وزە و توانــای خــۆی پتــر خســتوەتە ســەر چارەســەکردنی کێشــەی کــورد. بەچەشــنێک کە ئەم ڕەوتە ڕێبەرایەتــی پەکەکەی نــیگەران کــردوە. لەم بارەیەوە جەمیل بایک ئەو دیاردەیە ئاشکرا دەکات و دەڵێت:

- (ئێمە باش دەزانین لە چالاکیەکانی ڕێکخستنی جەماوەری **ERNK** دا ئێوە چ دەکەن و چ دەڵێن! پێتان وانەبێ نازانین، زۆر باش ئاگامان لێتانە و دەزانین هەرچی دێتە سەر زمانتان نایگێڕنەوە و دەیڵێن و نەک تەنیا بە گوتن بەڵکوو لە کرداریشدا بەم جۆرەیە. بۆیە لە کۆنترایەک زیاتر زیان بەگەل و پارتی دەگەیەنن.(٧))

کردەوەکانی ئەرنەکە بەشێوەی سروشتی تەشەنەیان کردوەتە نێو هەموو ئەنــدامانی پەکەکە و ترســیان لە دڵــی ئــۆجەلان خســتوە کە نەکــات کردەوەکانیــان قەوارە و ســتروکتوری پەکەکە هەڵوەشــێنێت و ببێــتە هــۆی لەناوچونی ئایدیولۆژی عەبدوڵا ئۆجەلان. لەبەر ئەوە کۆنترا گریلا لەسەر ئەرنەکە دادەنێن کە ئەو ئۆرگانەی پەکەکە کۆنترۆڵ بکات. لەم بارەیەوە جەمیل بایک دەڵێت:

- (هەر کەسێک کە جێگــای خــۆی لەنــاو پەکەکەدا گرتــووە هەوڵ دەدا ڕاستی پەکەکە بگۆڕێ و ڕاستی خۆی بخاتە شوێنی، ڕاستی کەسایەتی خۆی بکاتە ڕاستی پەکەکە. لە بەرامبەردا پەکەکەش داکۆکی لە ڕاستی خۆی دەکـات و بەڕێـوەی دەبـات. لەو چـاخەدا لەســەردەمی گروپـی ســەرەتایی گیـانێکی هەڤاڵبەندی وا توندوتۆڵ هەبوو کە ئێستاکەش پەکەکە بەڕێوە دەبـات، کەچـی ئێسـتا گیـانێکی تـر دروست بـووە لەنـاو پەکەکەدا دژ بە

پەکەکە. لەم گیانەشدا چ هەیە؟ فیتنە و فەسادی و دووڕوویی و ساختەکاری و ماستاو سارد کردنەوە و ....هتد. بە مانایەک کە هەرکەس زیاتر فێڵبازی بکا، ئەوە دەبێتە پەکەکەیی، ئەمەش مەترسییەکی گەورەیە.(٨)

8- مێژووی پارتی کرێکارانی کوردستان لاپەرەکانی ١٣٣.

٢- هەمان سەرچاوە، لاپەڕەی ١٤٤.

٣- هەمان سەرچاوە، لاپەڕەی ١٤٦.

٤- هەمان سەرچاوە، لاپەڕەی ١٤٦- ١٤٨.

٥- وتووێژی نبیل ملحم لەگەڵ عەبدوڵا ئۆجەلان لە کتێبی حەوت ڕۆژ لەگەڵ ئاپۆ ڕابەر و گەل، چاپی یەکەم ١٩٩٦، بڵاوکراوەی مەڵبەندی چاپ و بڵاوکراوەی ئاتێن، لاپەڕەکانی ١٩٩- ٢٠٠.

٦- هەمان سەرچاوە، لاپەڕەکانی ٢٠٩- ٢١٠.

٧- مێژووی پارتی کرێکارانی کوردستان لاپەرەکانی ١٢١.

٨- هەمان سەرچاوە، لاپەڕەی ١٢٢.

# گروپی ئایدیولۆژی پەکەکە لە پراکتیکدا

خەباتی گروپی ئایدیولۆژی پەکەکە بەکردەوە، لەو ڕۆژەوە دەستی پێکرد کە ئۆجەلان بڕیاریدا گروپەکەی بچێ لە کوردستان جێگیر بێت. بۆ ئەنجامی ئەو بڕیارە، ئەندامانی گروپ لە عەنتاب، دێرسیم، دیاربەکر، قارس و باتمان جێگیر کران. عەبدوڵا ئۆجەلان بۆخۆی لەگەڵ نەجاتی کەیا "پیلۆت"، عەبدولڕەحمان و فادیمە کە بە گوتنی جومعە هەر سێی ئەوانە سیخوڕ و پیاوی دەوڵەت بوون لە ئەنکارا مایەوە.

گروپ هەرکە پێی گەیشتە کوردستان، ئەرکی سەرەکی خۆی لەسەر شەڕکردن بەدژی حیزب، ڕێکخراو و گروپە نەتەوەیی و مارکسیستەکان دامەزراند. لە ڕاستیدا گروپی ئایدیولۆژی ئۆجەلان بۆ ئەو مەبەستە چووبوو بۆ کوردستان کە ئەندام و لایەنگرانی سەربە ئایدیولۆژییەکانی تر لەناو بەرێت کە بە داخەوە لەو ڕێگەیەدا زیانێکی گەورە و قەرەبوو نەکراویان بەو ڕێکخراوانە گەیاند کە دژی دەوڵەتی تورکیا خەباتیان دەکرد. لەم بارەیەوە جەمیل بایک دەڵێت: **(ئەرکێکی سەرەکیمان ئەوە بوو، کە لەگەڵ تەواوی فیکر و ئایدیولۆژییەکانی تر شەڕ و ململانێمان کردبایە و لەم شەڕشەدا ئەنجامێکی مسۆگەرمان بەدەست هێنابا. واتە پێویست بوو ئایدیولۆژی پەکەکە بکەوێتە بواری کردار و لە پراکتیکدا خۆی بسەلمێنێ و سەقامگیر بێت[1].)**

گروپی ئایدیولۆژی ئۆجەلان بۆ یەکەمجار ساڵی ١٩٧٦ کۆبوونەوەیەکی ڕەسمی لە گەڕەکی "دیلمان" لە ئەنکارا پێکهێنا. لەو کۆبوونەوەیەدا ئۆجەلان پێشنیازی کرد، گروپ کۆمیتەیەکی ناوەندی پێک بێنێ و ئەو کۆمیتەیە گروپ هەڵسوڕێنێ و کارەکانی بەڕێوەبەرێ و گروپ لە چوارچێوەی تاکە کەسی دەربچێت[2].

ئۆجەلان بەم مەبەستە دوو یاریدەری بە ناوەکانی حەقی قەرار و قەمەر ئۆسقان بۆخۆی هەڵبژارد. ئەو دوو کەسە لەژێر ناوی کۆمیتەی ناوەندییدا

یارمەتی ئۆجەلانیان دەدا. قەمەر ئوسقان "عەلائەدین کاپلان" لە دێرسیم ئەرکی گروپی بەڕێوە دەبرد، بەڵام چونکە کارەکانی بە دڵی ئۆجەلان نەبوو، لە بەرپرسایەتی خست. قەمەر ئوسقان لە بەرامبەر ئەو کردەوەیەی ئۆجەلاندا، گروپەکەی بەجێهێشت و لەگەڵ چەند کەسێکی تر بزوتنەوەی "تێکۆشین"ی دامەزراند کە ئەویش گروپێکی مارکسی بوو، بەڵام بە فەرمانی ئۆجەلان، قەمەر ئوسقانیان لە دێرسیم تیرۆر کرد(٣).

گروپی ئایدیولۆژی بۆ جاری دووەم لە سەری ساڵی ١٩٧٧، لە ماڵی نەجاتی کەیا "پیلۆت"، لە ئەنکارا کۆبۆوە. لەوێ هەموو خەبات و گۆڕانکارییەکانی دوای کۆبوونەوەی گەرکی دیلمانیان تاوتوێ کرد و هەڵە و کەموکورییەکانی نێوان دوو کۆبوونەوەی گەرەکی دیلمان و ماڵی پیلۆت کەوتنە بەرباس و لێکۆڵینەوە و بۆ قۆناخی دواییش چەند بڕیاری نوێیان وەرگرت.

لە لاپەڕەکانی پێشوودا ئاماژەم بۆ پیلۆت کرد و گوتم جەمیل بایک دەڵێ: (**ناوبراو سیخوڕی میت بووە.**) لەبەر ئەوە پێویستە مرۆڤ بزانێ، ئۆجەلان مادام بەو ڕاستییەی دەزانی، بۆچی و بەچ مەبەستێک لە ماڵی ئەودا گروپەکەی کۆ دەکردەوە و ئەو بڕیارە گرنگانەی دەخستە بەرباس؟ هەرچەندە بۆخۆی ڕایگەیاندوە بۆ ماوەی دوازدە ساڵ بە ئیمکانات و دەرەتانی دەوڵەتی تورکیا خۆی پێگەیاندوە، بەڵام با وەڵامی ئەو پرسیارە لە جەمیل بایک ببیسین کە دەڵێت: (**سەرۆکایەتی بە ئەنقست ئەو کۆبوونەوەیەی لەوێ ساز کرد، بۆ ئەوەی دەوڵەت لێمان نەکەوێتە گومان و هەتا دڵنیا بێ کە ئێمە لەژێر چاودێری ئەودا کۆبونەوە ساز دەکەین و دەجوڵێنینەوە. .... سەرۆکایەتی لە شیکردنەوەکانیشدا باسی ئەم شتە دەکات و لەسەر ئەم کۆبوونەوەیە ڕادەوەستێ. واتە دەوڵەت بەهۆی پیلۆت ئاگاداریی لەم کۆبوونەوەیە هەبوو و دەیزانی کە لە ماڵی ئەویشدا دەبەسترێ، چونکە پیلۆت سیخوڕی ڕژێم بوو و ڕۆژانە زانیاری لەسەر ئێمە دەدایە ئەوان. تەنانەت دەوڵەت تا ئەوکاتە و لەوەش بەدواوە هەر**

دەیگوت: "ئاپۆ لە دەستی ئێمە دایە و هەرکاتێ بمانەوەی دەتوانین بیگرین و لە سێدارەی بدەین." تا ئەو رادەیە باوەڕی بەخۆیان هەبوو و لە پلانی خۆیاندا دڵنیا بوون. ئەمەش ڕاست بوو، سەرۆکایەتی لە دەستی ئەواندا بوو، چونکە لە سێ لاوە چاوەدێری دەکرا، لە لایەک فاتمە و لە لایەک پیلۆت و لەلایەکی تریش عەبدولڕەحمان، بەم شێوەیە بە تەواوی کۆنترۆڵی دەوڵەتی لەسەر هەبوو.... لەم کۆبوونەوەیەدا من ئامادە نەبووم و ئەوکاتە لە عەنتاب بووم. لەو کۆبوونەوەیەدا هەموو ئەو گۆڕانکاریانەی لە دوا کۆبوونەوەی دیلمان دروست ببوو، تاوتوێ کرابوون. هەروەها لەو ماوەیەدا چ ئەنجام و هەڵە و کەمایەسییەک دەرکەتبوون، هەموویان خرابوونە بەرباس و لێکۆڵینەوە و کۆبوونەوە لەسەریان ڕاوەستابوو. لەوە گرنگتر ئەوە بوو کە ڕوون کرایەوە لەمەو دوا چ مەترسییەکمان دێتە ڕێگە و لە بەرامبەریدا چ تەدبیرێک پێویستە وەرگرین. ئەم کۆبوونەوەیە بۆ ئەوە ساز کرابوو کە ڕوونی بکەینەوە لەم قۆناغە بەدواوە، چۆن خەبات بکەین و بە چ شێوەیەک بزووتنەوە بەڕێوە ببەین(٤).)

گروپی ئایدیولۆژی ئۆجەلان دوای ئەو کۆبوونەویە دەست دەکات بە جێبەجێکردنی بڕیارە پەسەندکراوەکانی کۆبوونەوەی ماڵی پیلۆتی سەربە میت. ئەو بەشەی دەگەڕێتەوە بۆ کوردستان، بەبێ سڵ کردن، دەستبەجێ پەلاماری ئەو گروپ و ڕێکخراوانە دەدەن کە بەنهێنی دژی دەوڵەتی تورکیا خەباتیان دەکرد. لە ئاکامی ئەو کردەوە ڕاسپێردراوەی میتی تورکیادا، حەقی قەرار، کەسایەتی دووەمی گروپی ئایدیولۆژی ئۆجەلان کە جێگری ئۆجەلانیش بوو، ڕۆژی ١٩٧٧/٥/١٨، لە شەڕی دژ بە گروپی "ستێرکا سۆر" لە پازارچیکی سەربە عەنتاب شەهید بوو. بەم جۆرە ئۆجەلان هەردوو جێگرەکانی لەدەست دا و بەوەش گروپی ئایدیولۆژی بەبێ کۆمیتەی ناوەندی مایەوە.

ئەندامانی گروپی ئایدیولۆژی ئۆجەلان لە درێژەی ئەو ململانەیەدا، کەوتنە شوێن ئەندامانی ستێرکا سۆر. سەرەتا عەلائەدین کاپلان سەرۆکی

گروپـی سـتێرکا سـۆر و دواتـریش بـۆزان ئەسـلان و مـحەمەد ئـوزون و سـەرئەنجام یەک یەکـی ئەنـدامانی گروپـی سـتێرکا سـۆریان کوشـت و دوو جاریش هاوسەری عەلائەدین کاپلانیان بریندار کرد.

مرۆڤ بە وردبوونەوەیەکی سەرەتایی تێدەگات کە ئۆجەلان و گروپەکەی بە فەرمـانی ناڕاسـتەخۆی میـت، دەسـتیان داوەتە پاکتـاوکردنی گـروپە نەیارەکـانی دەوڵەتـی تورکیـا و لە بەرگـی شۆڕشگێڕیدا، ئەرکـی نـاپیرۆزی دەزگاکـانی هەواڵگریـی و گروپەکـانی تیـرۆری دەوڵەتـی تورکیایـان بەڕێوە بردوە. سەرنج بدەنە جەمیل بایک و بزانن دەربـارەی کوشتنی ئەندامان و ڕێبەرانی ستێرکا سۆر چ دەڵێت: **(... سـەرەتا عەلائەدیـن کاپلانمـان لەنـاو برد و پاشان یەک یەکی ئەوانی ترمان لە عەنتاب و الازیع لەناو برد. بەم شێوەیە کۆتاییمان بە ستێرکا سۆر هێنا.**[٥])

لە سەرەتای ساڵی ١٩٧٨دا گروپێک لە ئەندامان و لایەنگرانی ڕێکخـراوی ڕێگـای ئـازادی DDKD چـوونە ڕیـزی گروپـی ئـۆجەلانەوە، بەڵام پـێکەوە نەسـازان و لێیـان جیـا بـوونەوە. ئەو جیـابوونەوەیە، بە ڕواڵەت ئـۆجەلان و گـروپەکەی تـوڕە کـرد و بەم بیـانوەوە کە ئەوانە سیخوڕی ڕێکخـراوی ڕێگـای ئـازادی بـوون و بـۆ سـیخوڕی کـردن چـوونەتە ڕیـزی گروپـی ئایـدیولۆژی ئۆجەلانەوە، هەموویان کوشتن و نەیاهێشت شوێنەواریان لێ بمێنێت.

گروپی ئایدیولۆژی ئۆجەلان هەر لەو ساڵەدا دژی ڕێکخراوی ڕزگـاری گەل H.K.H ڕاپەڕی و لە شەڕ و ململانەیەکی نـابەرامبەردا، زۆربەی ئەنـدامانی ئەو گروپەشـیان کوشـت و بڵاوەیـان بە ئەنـدامانی کـرد. لە ئاکـامی تێکهەڵچوونەکانیشدا پازدە ئەندامی گروپی ئۆجەلان لە دیاربەکر بە دەست ئەندامانی ڕێکخراوی ڕزگاری کوژران[٦].

ساڵی ١٩٧٨، گروپێکی مارکسیستی بە ناوی تێکۆشین لە ناوچەی عەنتاب دامەزرا. ئەو گـروپە لەسـەر دەسـەڵات لە نـاوچەکەدا لەگەڵ گروپـی ئایدیولۆژی ئۆجەلان دمەتەقەی لێ پەیدا بوو. گروپی ئایدیولۆژی ئـۆجەلان سـەرەتا داوای لە ئەنـدامانی گروپـی تێکۆشـین کـرد کە خۆیـان بەدەسـتەوە

بـدەن، بـەڵام ئـەوان قبووڵیـان نـەکـرد و لـە ئاکامـدا گروپـی ئـۆجـەلان بڕیـاری کوشـتنی ئـەوانــی دا و لـە عـەنتــاب و نـاوچـەکــانی تــر کـەوتــنـە شــوێنیان و هـەموویـان کوشتن(٧).

گروپــی ئـایــدیولۆژی ئــۆجـەلان هـەروەهــا لـە کۆتــایی ســاڵی ١٩٧٨دا لـە ئـەندامانی ڕێکخراوی "بـزوتنـەوەی ڕزگـاریخوازی کوردسـتان-کـوک" ڕاسـان و لـە شــەڕێکی خوێناویــدا دژی ئـەنــدام و لایـەنگرانــی ئـەو ڕێکخــراوەیە کە ساڵێکی خـایاند، نزیکـەی ٢٠٠ کـەس لـە هـەردوو لای شـەڕەکە کوژران.

بـە خوێنــدنـەوەی ئـەو ڕووداوانـەی ســەرەوە، ڕەنــگـە ئـەم پرســیارە بــۆ خوێنـەرانی کتێبی مێژووی پارتی کرێکـارانی کوردستان زەق بێتەوە کە ڕۆڵ و کـردەوەی دەزگاکـانی هـەواڵگریـی، پـۆلیس و سوپا و دادگاکـانی تورکیـا لـە بـەرامــبـەر ئـەو کوشــتارانـەدا چــی بــووە؟ ئـایــا دەوڵـەت لـە بـەرامــبـەر کوژراوەکـانی دیـاربـەکر و ئـەو ٢٠٠ کـوژراوەدا چـۆن هـەڵویستێکی هـەبـووە و بەکردەوە بۆ نـەهێشتنی ئـەو کارەساتانە چ کارێکی یاسایی کردوە؟

بۆ زانیاریی خوێنـەران بـەڕێز، جـەمیل بـایک لـە هیچ جێیـەکی کتێبـەکـەیـدا ئاماژە بۆ ڕۆڵ و کردەوەی ئەو دەزگایانـە ناکات. هـەروەک بڵێـی ئـەو کـۆمـەڵـە خـەڵــکـە لـە دەرەوەی خــاکی تورکیــا کــوژرابن و پێوەنــدیان بـە تورکیــاوە نـەبووبێـت. لـە ڕاسـتیدا دەکـرێ بڵێـین ئـەو شــەڕانـە بـە بڕیــار و هـاوکــاریی ناڕاستـەوخۆی دەزگـای میـت بـۆ قـەڵاچـۆ کردنـی هێـزە ڕکـەبـەرەکـانی ڕژێمـی کۆنـەپـەرستی تورکیـا بـەئـەنجـام گـەیشـتون، ئـەگـەرنـا کـوژرانی پـتـرلـە ٢٠٠ کـەس لـە کوردەکـانی عـەنتـاب و دیـاربـەکر، شـتێکی ئـاسـایی نـەبـووە کـە ئـەو دەزگایانـە خۆیـانی لـێ بێدەنگ بکـەن! نیـزامـەدین تـاش "بۆتـان" یـەکێک لـە ئـەندامانی گروپی ئایدیولۆژی پەکەکە لـە وتووێژێکی تایبـەتدا پێی گوتم:

- (گروپــی ئـایــدیولۆژی ڕێکخراوێکــی چینــایـەتی و دژ بـە ئیمپریــالیزم و دەرەبـەگایـەتی بوو، دیارە هـەموو حـەرەکـەتـەکانی کـوردیی لـەو سـەردەمـەدا خۆیــان بـە بزاڤێکــی چینــایـەتی دەزانــی، بـەڵام گروپــی پـەکـەکە جـگـەلـەوە، دەیگــوت بــۆ ئـەوەی بزاڤــی کــوردی ســەرکەوێت، دەبــێ ڕیــونیزم کــورد و

شـوینیزمی تـورک لـەنـاو بـەریـن، ئـەگـەرنـا شـۆڕش سـەرناکـەوێت. عـەبـدوڵا ئـۆجـەلان لـە سـەرەتادا دەیگـوت: کوردسـتان لـەدەسـت تورکـان دایـە، بـەڵام بزاڤـی کـوردی لـە دەسـت پـەکەکە دایـە. لـەبـەر ئـەوە، هـەمـوو ئـەوانـەی لـە دەرەوەی خـۆی بـوون، حیسـابی دوژمنـی بـۆ دەکـردن و بـە شـێوازی فیزیکـی لـەناوی دەبردن کە لـەسـەر شانی حیزبـەکانی تردا، پـەکەکە پێشکـەوێت. ئـاپۆ لـە سـەردەمی ئـایدیولۆژیـدا دەیگـوت: هـەمـوو حـەرەکـەتـەکـانـی نـەتـەوەیـی و چـەپ نـابـەجێن. ئـەو بـەگشتی هـەندێک شتی لـە کاری ڕێکخستندا، بـەشێوازی حیزبـی چـەپـی بـەعـس و سـەدام و ئـەسـەد وەرگرتبـوو، و نـەیدەهێشـت دژبـەرەکانی لـە دەوری بمێنن. لـە ڕاستیدا دەکرێ بڵێین، گروپی ئـایـدیولۆژی پـەکەکە تێکـەڵاوێک بوو لـە کـەمـالیزم، بـەعسیزم، تـەریـقـەت و سۆسیالیزم.)
تـاش لـە درێژەی وتـەکانیدا دەڵێت:

- (لـە سـەردەمی گروپـی ئـایدیولۆژیـدا، ژمـارەیـەکی زۆر لـە ئـەنـدامی ڕێکخـراوە کوردییـەکـان و تـەنـانـەت چـەپـەکـانیش لـەلایـەن گروپـی ئـایـدیولۆژییـەوە کـوژران. دەوڵـەتـی تورکیـا هـەوڵیـدەدا، هێڵـی کـوردی سـەرنـەکـەوێت. بـەم جۆرە هـەموو ڕێکخراوە کوردییـەکانیان لـەگـەڵ یـەکتر کرد بـەدوژمـن و نـەیانهێشـت لـە دەوری یـەکتـر کـۆببنـەوە و هێزێکـی کـوردیی پێکبێنن. دەوڵـەتی تورکیـا ئـەو دوژمنـایـەتییـەی بـەدەسـت ئـاپۆ دامـەزرانـد.)
هـەرلـەو بـارەیـەوە جیهـانگیر حـازر "سـاری بـاران" دەڵێـت: (ئـایـدیولۆژی پـەکەکە لـەسـەر ئـەوە دانـراوە کە هـەرکـەس لـەگـەڵ ئـەو نـەبێـت، بـە خـایین دەناسرێت و ئـەو بۆچوونـە هۆی سـەرەکی کوشتنی ئـەندامانی ڕێکخراوەکانـی تری کوردستـانـە.)

هـەروەها ئیبراهیم ئـایدن "زیاد" دەڵێت: (هـەموو ئـەو کوشتنانـە بـە ڕێگـەی ئـایدیولۆژییـەوە بـەڕێوە دەچوون بۆ خۆ داسەپاندن بـەسـەر ڕێکخراوەکانـی تر و دەسـتی حکومـەتی تێدا نـەبـوو، تـەنـانـەت لـە پیلـۆتیش ئـێمە تـەنیا لێـی بـەگومان بووین، چونکە ئـەو پارەی بۆ ئێمە دەهێنا و نـەماندەزانی پارەکان لـە کوێوە دێنێت.)

گروپـی ئایـدیولۆژی ئـۆجەلان دوای کۆتـایی هێنـان بەو گروپـانە کەوتە گیـانی عەشـیرەتەکان و بـۆ چاوترسـاندنی گەل و عەشـیرەتەکان فەرمـانی تیرۆری سلێمان بەگ سەرۆکی عەشیرەتی سلێمانانی دا و گروپی ئۆجەلان بە نوێژی نیوەڕۆ، سلێمان بەگیان لە گوندی حیلوان کوشت. لەم بارەیەوە بایـک دەڵێـت: (**هەڤـاڵان چـوونە حیلـوان و پـاش مـاوەیەک چـالاکییەکە جێبەجـێ کـرا. ئەم چـالاکییە بە ڕۆژی نیـوەڕۆ لە ناوەنـدی حیلـوان دا بەڕێوەچوو. ئێمە ئەو چالاکیەمان زیاتر بە شۆڕشگێڕانی سەردەمی گروپی ئایدیولۆژی کە هەموویان ناشارەزا و ئامـاتۆر بـوون و زیـاتر بە دڵ کاریـان دەکرد تا مێشک، پێکهێنا**[٨].)

لەو سـەروبەندەدا ئـۆجەلان ئەنکـارای بەجێهێشـت و چـوو لە دیـاربەکر نیشتەجێ بوو و ویستی گروپەکەی شانبەشان و هاوکات لەگەڵ ئەو تیرۆر و خـوێن ڕشـتنانە و کوشـتنی سـەدان خەباتکـاری دژبە دەوڵەتـی تورکیـا، کـۆنگرەی دامەزرێـنەری پـارتی ببەسـتێ و بە ڕێـگەی پێکهێنـانی ئەو گـۆنگرەیەدا، دامەزرانـدنی پـارتی کرێکـارانی کوردسـتان ڕابگەیەنێـت. ئۆجەلان پرۆگرامی پارتی نوسی، بەڵام بۆ ئەوەی دوای تەواوبوونی کۆنگرە، حیـزبەکەی ڕابگەیەنـێ، پێویسـتی بە چـالاکییەک هەبـوو، تـاکو لەگەڵ بڵاوکردنەوەی هەواڵـی چـالاکییەکە، دامەزراندنی پارتەکەشی جاڕ بدات. لەم بارەیەوە جەمیل بایک دەڵێت:

- (.... **پێویست بوو چالاکییەکمان لە دژی دواکەوتوویی و کۆنەپەرەستی کورد بەڕێوە بردبا، یان لە دژی دەوڵەت چالاکییەکمان کردبا و بەم شێوەیە دامەزرانی پارتیمان جاڕ دا بایە. بەڵام دەوڵەت هێشتا زوو بوو. ئەگەر لە دژی دەوڵەت کـارێکی وامـان کردبـا لە ژێـری دەرنەدەکەوتـین، بـۆیە فیۆدالیزمی کورد بۆ ئێمە باشتر بوو، لە حیلوان هێندێ ئەزموونیشمان وەدەست کەوتبوو**[٩].)

مستەفا شـەفیق "ئـاری" سـەبارەت بە پاکتـاوکردن لە پەکەکەدا دوو خـاڵ ڕوون دەکـاتەوە و دەڵێـت: (**پەکەکە لە دوو لاوە بەردەوام هەوڵـی پاکتـاو "تەسـویە" کردنـی بزاڤـی نەتەوەی کـورد و لەنـاو بردنـی کەسـایەتییە نەتەوەییەکـانی کـورد دەدات. لایەنـی یەکەم" پاکتـاو کردنـی کـادیرانی نـاوخۆی پەکەکەیە کە زۆربەی ئەو کـادیرانەی کە توشـی لەنـاو بـردن و**

کوشتن بوون، لە ڕاستیدا ئەو کەسانە بوون کە لە هەر چوار پارچەی کوردستان لە ژینگەیەکی کوردەواریدا پێگەیشتون. هەر لێرەدا دەبێ ئاماژە بەوە بکەین کە زیاتر لە ۱۰۰ کادیری سەرکردایەتی پەکەکە، یان کوژراون، یان ناچار کراون ڕیزەکانی ئەم پارتە بەجێهێڵن، ئەمانە گشتیان وەکو باسمان کرد لە ژینگە و کەلتوری کوردەواری نزیک بوون. بەپێچەوانەوە گروپێکی نزیک لە چەپی تورک بەردەوام کۆنترۆڵی سەرکردایەتی پەکەکەی کردوە، نە شەهید بوون، نە بەشداریی شەڕیان کردوە و نە لەناو چوون، بەڵکو نزیکەی چل ساڵە لەم پلەیەدا ماون.

لایەنی دووەم: تاکو ئەمڕۆ هیچ حیزب و ڕێکخراوێکی کوردستان نیە کە لەگەڵ پەکەکە دووچاری شەڕی براکوژی نەبووبێت، هەرچەندە کە زۆر خۆیان لە شەڕی پەکەکە پاراستوە، بەڵام ئەمانەش لە شەڕی پەکەکە ڕزگار نەبوون، بۆ نمونە ئەوەندەی من ئاگادارم و حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران بەهەموو شێوەیەک هەوڵی دا خۆی لە شەڕی پەکەکە بپارێزێت، بەڵام چەندین جار کادیرانی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران و حیزبەکانی تری ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەدەستی پەکەکە شەهید کران، یان تەسلیمی ئێران کرانەوە.)

شایانی باسە بەرلە بەستنی کۆنگرە لەنێوان ئەندامانی گروپی ئۆجەلاندا کێشە لەسەر کەسایەتیی ناوبراو سەری هەڵدا. هەرکام لە باقی قەرار "سلێمان" برای حەقی قەرار و فاتمەی خێزانی عەبدوڵا ئۆجەلان بەشێوەیەک ویستیان ئۆجەلان لە سەرۆکایەتی بخەن و بە وتەی جەمیل بایک، بۆخۆیان جێی بگرنەوە کە ئۆجەلان ڕازی نەبوو. لەم بارەیەوە ناوبراو دەڵێت:

- (دژی سەرۆکایەتی گەلێک پروپاگەندەیان دەکرد، دەیانگوت: "شێتە، بێ شەرەفە، یان هەندێکیان بە بەهانەی فاتمە دەیانگوت سیخوڕە.... سلێمان تۆڵەی خوێنی براکەی لە ئێمە دەخواست.... کە دەیبینی فاتمە دەخوازێ پارتی بخاتە دەستی خۆی، دەیگوت: "مافی منە، من برای حەقی قەرارم.... فاتمەش دەیگوت: "مافی منە، چونکە من ژنی سەرۆکایەتیم و

نزیکی سەرۆکم[١٠]. گروپ سلێمانی وەلا نا و بۆ خۆدەرباز کردنیشی لە دەست فاتمە، پیلانی کوشتنی دارشت، بەڵام تێیدا سەرنەکەوت.)

---

١- مێژووی پارتی کرێکارانی کوردستان لاپەرەکانی ١٣٣.
٢- هەمان سەرچاوە، لاپەڕەی ١٤٤.
٣- هەمان سەرچاوە، لاپەڕەی ١٤٦.
٤- هەمان سەرچاوە، لاپەڕەکانی ١٤٦ تا ١٤٨.
٥- هەمان سەرچاوە، لاپەڕەی ١٨٣.
٦- هەمان سەرچاوە، لاپەڕەی ١٩٣.
٧- هەمان سەرچاوە، لاپەڕەی ٢٤٥.
٨- هەمان سەرچاوە، لاپەڕەی ٢٣١.
٩- هەمان سەرچاوە، لاپەڕەی ٢٥٢
١٠- هەمان سەرچاوە، لاپەڕەکانی ١٩٥ و ١٩٦.

# دامەزراندنی پارتی کرێکارانی کوردستان

گروپی ئایدیولۆژی ئۆجەلان پێداویستییەکانی کۆنگرەی دامەزراندنی یەکەکەی ئامادە کرد و ڕۆژی ١٩٧٨/١١/٢٧ یەکەمین کۆنگرەی خۆی لە ماڵی "سەیفەدین زۆرلو" لە گوندی "فیس" لە ناوچەی دیاربەکر پێکهێنا. بەشدارانی کۆنگرە، ٢٠- ٢٣ کەس بوون و بە وتەی جەمیل بایک، چونکە ئەندامانی بەشدار لە کۆنگرەدا شارەزاییان لەسەر چۆنیەتی بەڕێوەبردنی کۆنگرە نەبوو، ئۆجەلان بۆخۆی کۆنگرەکەی بەڕێوەبرد و ٩٠%ی قسەکانی کۆنگرەش لەلایەن ئۆجەلانەوە کران و هەربۆخۆشی ناوی پارتی کرێکارانی کوردستانی لەسەر گروپە ئایدیولۆژییەکەی دانا.

عەبدوڵا ئۆجەلان، محەمەد قەرەسونگور، شاهین دۆنمەز، مەزلوم دۆغان، کەسیرە یەڵدرم "فاتمە"، خەیری دورمش و جەمیل بایک بۆ کۆمیتەی ناوەندی دیاری کران. لەنێو ئەوانەدا، عەبدوڵا ئۆجەلان، محەمەد قەرەسونگور و شاهین دۆنمەز بەرپرسایەتی لیژنەی باڵایان "مەکتەبی سیاسی" پێ سپێردرا و ئۆجەلان بوو بە سکرتێری پارتی. جەمیل بایک دەربارەی چۆنیەتی بەڕێوەچوونی کۆنگرە و ڕێژەی ئەندامانی دەڵێت: (حەوت هەڤاڵ کەوتنە ناو کۆمیتەی ناوەندی. لەناو ئەو کۆمیتەیەشدا پێویست بوو لێژنەی باڵا "بەڕێوەبەر" دروست بکرێت کە لە سێ هەڤاڵ پێک دێت. سەرۆک و هەڤاڵ محەمەد قەرەسونگور، شاهین کەوتنە ناو کۆمیتەی ناوەندی. ئەوکاتە هەڤاڵ محەمەد قەرەسونگور بەهۆی ئەوە کە لە سیڤرەک ئامادەکاری پروپاگەندەی سیاسی دەکرد، لە کۆنگرە بەشداری نەکرد. هەروەها هەڤاڵ کەمال پیریش کە لە زینداندا بوو، نەیتوانی بەشدار بێت. وەکی تر هەڤاڵان هەموویان ئامادەی کۆبوونەوە بوون و ئەندامانی کۆنگرە ٢٠- ٢٣ کەس دەبوو. لەمانە یەکێک بە خایین دەرکەوت و دوای کۆنگرە ڕای کرد و بۆمان دەرکەوت کە بەکرێگیراوی ڕژێم بووە. هەروەها شاهینیش کە لە دواییدا تەسلیم بوو، جگە لەمانە ئەوانەی تر هەموویان لەگەڵ پارتی

**مانەوە و شۆڕشگێڕێتی خۆیان بەردەوام کرد[1].)** ئیبراهیم ئایدن "زیاد" سەبارەت بە کۆنگرەی دامەزرێنەری پەکەکە لە گوندی فیس کە ڕۆژی ١٩٧٨/١١/٢٧ بەڕێوەچوو، دەڵێت: **(لە ڕاستیدا ئەوە کۆبوونەوەیەکی بەرفرەوان بوو، نەک کۆنگرە، من و کەمال پیر بەشداریی ئەو کۆبوونەوەیەمان نەکرد، بەڵام کاتێک شاهین دۆنمەز خۆی بەدەستەوەدا و ناوی ٣٤ کەسی ئێمەی ئاشکرا کرد، ناوی کۆبوونەوەکەمان کرد بە کۆنگرە.)**

پێویستە بڵێم، شاهین دۆنمەز ئەندامی هەڵبژێردراو بۆ کۆمیتەی ناوەندی و لیژنەی بەڕێوەبەر، خۆی تەسلمی ڕژێم نەکرد، بەڵکوو بە دوای کۆنگرەی "الازیع" لە لایەن حکومەتەوە گیرا و چونکە لە زینداندا خۆی ڕانەگرت، نهێنییەکانی پارتی و کۆنگرەی دایە دەست پۆلیس. سەیر ئەوەیە، لە کاتێکدا ئۆجەلان بۆخۆی لە ماڵی پیلۆت سیخوڕی میت، بڕیاری لەسەر بەڕێوەبردنی چالاکییەکانی گروپی ئایدیولۆژی داوە، ئیتر پۆلیس بۆچی شاهین دۆنمەزی دەستگیر کردوە، یان ئەو ئەندامەی تری کۆنگرە کە دواتر ڕایکردوە و جەمیل بایک بە خایینی ناو دەبات، بۆ کوێ چووە؟

لە ڕاستیدا هەرکام لەو ئەندامانەی گروپی ئایدیولۆژی ئۆجەلان کە لە پلانی کار و کردەوەکانی ئۆجەلان بێ ئاگا بوون، توشی ئەو چارەنوسە هاتوون. یان لە لایەن حکومەتەوە بە تاوانی بەشداریی کردن لە گروپی ئۆجەلاندا گیراون، یان خودی ئۆجەلان و پەکەکە پلانی کوشتنی ئەوانی دارشتوە، یان ڕایان کردوە و ڕێگای ژیانی نهێنییان گرتووەتەبەر کە لەلایەن حکومەتو گروپی ئۆجەلانەوە زیانیان پێ نەگات کە ئەوانەی سەرەوە دوو نمونەی دیارن. بەهەرحاڵ پارتی کرێکارانی کوردستان پەکەکە لە یەکەم هەنگاویدا بۆ ڕاگەیاندنی ئاکامی کۆنگرەکەی و بە پارتی بوونی، بڕیاریدا "محەمەد جەلال بوجاق" سەرۆکی عەشیرەتی سیڤەرەک بکوژێ و بە ڕاگەیاندنی کوشتنی ئەو، پارتی بوونی خۆی جاڕ بدات. هۆی هەڵبژاردنی محەمەد جەلال بوجاق لە زاری مستەفا شەفیقەوە ببیسین کە دەڵێت: **(بۆ زانین عەشیرەتی بوجاق، مەبەست لە عەشیرەتی فایق بوجاقە**

نەک محەمەد جەلال. ناوبراو یەکەمین دامەزرێنەر و سکرتێری پارتی دیموکرات کوردستانی تورکیا بوو و بنەماڵەیەکی کوردپەروەری دەڤەری سیڤەرەک و زازان.)

پەکەکە بۆ کوشتنی بوجاق، ئەویان خستە ژێر چاودێری و لە هەڵێک گەڕان کە لە داوی بخەن. بەم جۆرە ڕۆژی ١٩٧٩/٧/٢٠، محەمەد قەرەسونگریان ئاگادار کردەوە، بوجاق هاتووەتە گوندی "قرباش"ی سەر بە حیلوان. ناوبراو دەستبەجێ گروپەکەی هەڵگرت و بۆ کوشتنی بوجاق چووە ئەو گوندە. لەم بارەیەوە جەمیل بایک دەڵێت: (.... ئەم گوندە کە لەسەر ڕێگەیە، محەمەد جەلال بوجاق و پیاوەکانی هاتبوونە ئەم شوێنە. هەڤالان خەبەریان وەرگرتبوو کە ئەمانە هاتوونەتە ئەوێ و یەکسەر بێ پلان و ئامادەکاری چووبوون بۆ جێبەجێ کردنی ئەم چالاکییە.... بێگومان هەڤاڵ محەمەد قەرەسونگور بۆخۆی لەسەر ئەم گروپە بوو.... محەمەد جەلال بوجاق و پیاوەکانی لە ماڵێکدا دەبن، هەڤالانیش دەوری ئەو ماڵە دەگرن و پێیان دەڵێن: "خۆتان بدەنە دەست." پیاوەکانی محەمەد جەلال بوجاقیش هەموویان بە چەکی گەورە یەکسەر وەڵامیان دەدەنەوە و شەڕ دەست پێدەکات. هەڤالانیش بە بۆمبا وەڵامیان دەدەنەوە. لەو شەڕەدا گەلێک پیاوی محەمەد جەلال بوجاق دەکوژرێن و بۆخۆشی بریندار دەبێت و خۆی لەژێر تەرمەکان دەشارێتەوە و بەم شێوەیە خۆی ڕزگار دەکات[٢].)

پارتی کرێکارانی کوردستان بە دوای جێبەجێکردنی ئەو بڕیارە، لە بەیاننامەیەکدا کە ڕۆژی ١٩٧٩/٧/٣٠ بڵاویکردەوە، بە بریندار کردنی محەمەد جەلال بوجاق سەرۆکی عەشیرەتی سیڤەرەک و کوشتنی ژمارەیەک لە هاوڕێیانی، پارتی بوونی خۆی ڕاگەیاند و لە بەشێکی تری بەیاننامەکەیدا دەربارەی شەڕ کردنی دژی ڕێکخراوە سیاسییەکانی کوردستان نوسی: (.... ئەو ڕێکخراوە بۆرژوا بچووکانەی کە لە باکووری ڕۆژئاوای کوردستاندا خەبات دەکەن، وەک بیرۆی کولتوری شۆڕشگێڕی ڕۆژهەڵای DDKD ، ڕێکخراوی کاوە KAWA ، ڕزگاری گەل HKH و ڕێگای

ئازادی چونکە لە بنەڕەتەوە دواکەوتوو و ناپایەدارن، زوو پارچە پارچە دەبن. بەشێکیان لەگەڵ ڕێکخراوە سۆسیال شۆڤینییەکانی وەک پارتی کۆمونیستی تورکیا TKP و پارتی کارگەری کۆمونیستی تورکیا TIKP دەکەون.... پەکەکە هەڵوەشاندن و بڵاوەپێکردنی ئەو بۆرژوا بچووک و فیۆداڵە کۆمپرادۆرە ساختەکارانەی کە نەتەوەی ئێمەیان دابەشکردووە و وەک مۆرەی شەترەنج خستویانەتە دەست دوژمن، بە ئەرک دەزانێ. ئەرکێکی تری پەکەکە ئەوەیە کە ناسیۆنالیست و سۆسیال شۆڤینییەکان لەناو بەرێ.... پەکەکە لەم باوەڕە دایە کە مافی سیاسی، کولتوری، کۆمەڵایەتی و ئابووری گەلی کوردستان بە ڕێگای شەڕ دابین دەبێ و بۆ ئەو مەبەستەش تەواوی ئایدیولۆژی و تاکتیکەکانی خەباتی خۆی سەرفی ئەو ڕێگایە دەکات... کورد لە جیاتی ئەوەی بە ئاشتی کێشەکەی چارەسەر بکات و لە ژیانی ئاشتیانەدا بتوێتەوە، دەبێ درێژە بە شەڕ بدات(۳).)

ئەوەی جەمیل بایک ئاماژەی بۆ دەکات، لە ڕاستیدا ژیان و مانەوەی پارتی کرێکارانی کوردستانی لەسەر بونیاد نراوە، چونکە ئەو پارتە بەبێ شەڕ و ئاژاوە ناتوانێ خەڵک لە دەوری خۆی کۆ بکاتەوە و حیزبی شەڕ و ئاژاوەیە، نەک حیزبی ئاشتی و پێکەوە ژیانی ئاشتیانە و هاوبەش و چاکسازیی و دەوڵەتداریی.

بەهەر حاڵ، گوتم ئۆجەلان بەرلە دامەزراندنی پارتی کرێکارانی کوردستان لە ئەنکاراوە هاتە دیاربەکر. ناوبراو دوای دامەزراندنی پارتی کرێکاران و گیرانی شاهین دۆنمەز، دیاربەکری بەجێهێشت و چوو لە ماردین و ئورفا جێگیر بوو. چونکە لەو دوو جێیەش ورە و تاقەتی مانەوەی نەبوو، بە یارمەتی ئەندامێکی پەکەکە بە ناوی "ئەدهەم ئاقچام" خەڵکی سروج ڕایکردە ڕۆژئاوای کوردستان و بۆ ماوەیەک لە ماڵی خزمەکانی ئەدهەم لە گوندی کۆبانی مایەوە و دواتر خۆی گەیاندە دیمەشق و چوو بۆ نوسینگەی بەرەی دیموکراسی ڕزگاری فەلەستین و بەهۆی ئەوانەوە گەیشتە لوبنان و سەرئەنجام لە شیوی "بیقاع" خۆی گرتەوە. لە ڕاستیدا ڕاکردنی ئۆجەلان لە

درێـژەی ئـەو پرۆسـە دوازدە ساڵـەیـەدا ئـەنجـامی گـرت کـە خـۆی بـە پرۆسـەی دوورکـەوتـنـەوەی لـە دەوڵـەت نـاوی دەبـات. واتـە هـەتـا ڕاکردنـی لـە تورکیـا و دانـی بڕیاری شـەڕ و تێکهەڵچوون دژی ڕێکخراوەکانـی کوردستان، بـۆ مـاوەی دوازدە سـاڵ بـە ئیمکانـاتی مـادی و دەرەتـانی دەوڵـەتـی تورکیـا، ئـەرکـی کوشتنی ئـەنـدامان و لایـەنگرانـی هێزە سیاسییەکانی کوردستان و تورکیـای بـەڕێوەبرد و دواتریش دەستی لـەو سیاسـەتـەی بـەرنـەدا.

پەکەکە بـە کوشـتن و لـەنـاوبردنـی ئـەنـدام و لایـەنگرانـی ئـەو ڕێکخـراو و دەرەبـەگـانـە، تـرس و خـۆفێکی زۆری خستبووە دڵـی گوندنشینانی بـاکووری کوردسـتان. خـەڵکـی گونـدەکان کاتێـک بینیـان ڕێکخـراوی وەک تێکۆشـین، ئـازادی، ڕزگـاری و دەرەبـەگـی وەک سـلێمان و مـحـەمـەد جـەلال بوجـاق کـە هـەرکامـەیان خـاوەن دەسـەڵات بوون لـە ناوچـەی خۆیاندا و جێگـەی تایبـەتیـان هـەبوو لـەنێو خـەڵکدا، نـەیانتوانی لـە بـەرامبـەر پەکەکـەدا بوەستن، لـە هـەموو جێیـەک بۆ پاراستنی گیانی خۆیان پاڵیان بـە پەکەکەوە دا.

کۆبـوونـەوەی ئـەو خـەڵـکە لـە پەکەکەدا، هـەرچـەنـدە مـەزنـایـەتی خـۆی هـەبـوو بـۆ ئـەو ڕێکخـراوە، بـەڵام قـەیرانێکـی گـەورەشـی ڕووبـەڕووی پەکەکە کـردەوە و ئـەوی لـە تـەنگـژەی ڕێکخسـتن و پـەروەردە کـردن و بـەڕێـوەبردن هاویشـت. بـە گـوتنی جـەمیـل بایـک: **(گەڵ شـەڕی دەویسـت، بـەڵام پەکەکە نـەیتـوانی ڕێکیـان بخـات و بیانخـاتـە نـاو شـەڕ و شـەڕیش بـەڕێـوەبـەرێ و ئـەوەی لـە توانـادا نـەبـوو[٤].)** سـەرنج بـدەن، گـەل شـەڕی دەویسـت، بـەڵام پەکەکە ئامادە نـەبوو بـە دژی دەوڵـەتی تورکیا شـەڕ بکـات و شـەڕی ئـەو دژی هێزە سیاسییە نـەیارەکانی دەوڵـەتی تورکیا بـوو کـە لـە لایـەک نـەیاندەویست شـەڕی پەکەکە بکـەن و لـە لایـەکیتردا لـە ترسی ئاشکرا بوونیـان بـۆ پەکەکە، چالاکییـەکانی خۆیان وەستاندبوو، یان نهێنییـەکی پتریان ڕەچاو دەکرد!

دوای ڕاکردنـی ئـۆجـەلان لـە تورکیـا، کێشـە لـەنێوان ئـەنـدامانی پەکەکەدا پانتاییـەکی بـەرینتری بـەخۆیەوە گرت. لـە ئـەنجامدا ئۆجـەلان چـەند ئـەندامی کۆمیتـەی ناوەندی وەلا نا و ژمارەیـەکی نوێی خستە جێی ئـەوان، بـەڵام لـەناو

ئەوانیشدا ئاڵوگۆڕی پێکهێنا. محەمەد شەنەر و هەڤاڵانی نزیکی ئەویان کە هاودەنگ نەبوون لەگەڵ سیاسەتەکانی ئۆجەلان، تاوانبار کرد و ڕایانگەیاند کە محەمەد شەنەر و لایەنگرانی لەگەڵ دوژمنن و حوکمی کوشتنیان بۆ شەنەر دەرکرد.

هەروەها ئۆجەلان بۆ کۆتاییهێنان بەو کێشانەی نێو پەکەکە، بەرلە کودەتای ١٢ی سێپتێمبەری ١٩٨٠ی تورکیا، بڕیاریدا فاتمە و باقی قەرار "سلێمان" برای حەقی قەرار لەگەڵ دوو گروپ بنێرێتە سوریا. دوای دەرچوونی ئەو ژمارەیە، پەکەکە کەوتە بەر پەلاماری ڕژێمی تورکیا و نزیکەی ٧٠%ی کادیرەکانی گیران و ئەو ئەندامانەش کە زیانیان پێنەگەیشت و نزیکەی ٣٠٠ کەس بوون، ڕەوانەی سوریا کران و لە "سور، سەیدا، نەبەتیە، دامورا، حاسیبە و بەیروت" جێگیریان کردن.

لەنێوان کادیر و ئەندامانی پەکەکەدا لە زیندانی دیاربەکر، کەمال پیر، مەزلوم دۆغان و محەمەد خەیری دووموش ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی بوون. مەزلوم دۆغان کە کەسایەتییەکی نەتەوەیی بوو لە پەکەکەدا، نزیکەی دوو ساڵ دوای ڕاکردنی ئۆجەلان بۆ سوریا، ڕۆژی ٢١ی مارسی ١٩٨٢ بە مەبەستی پیرۆزکردنی جەژنی نەورۆز لە زیندانـدا خۆی سوتاند و بوو بە مەشخەڵی ئاگری سەر لە بەیانی نەورۆز لە زینداندا و دروشمی "بەرخۆدان ژیانە"ی بەرز کردەوە و خیانەت و تەسلیم بوونی بە ڕژێمی تورکیا مەحکوم کرد.

دوای دوو مانگ بەسەر ئەو ڕووداوەدا، چوار هەڤاڵی مەزلوم دۆغان بەناوەکانی: فەرهاد، ئەشرەف، نەجمی و مەحمود ڕۆژی ١٩٨٢/٥/١٨، ڕێگەی مەزلوم دۆغانیان گرتەبەر و ئاگریان لە جەستەی خۆیان بەردا. ئۆجەلان لە بەرامبەر خۆبەخت کردنی ئەو قارەمانانەدا و لە وەڵامی ئەم پرسیارە: **(هەڵوێستی خەباتگێڕ دەبێ چ بێت لە بەرامبەر لە سێدارەدانەکان و قەسابخانەکان کە دوژمن ئەنجامیان دەدات و لە بەرامبەر ڕووداوەکانی شەهیدبوون لەکاتی کردارە جەنگییەکان و لە ناوەندی زیندانەکان و**

ڕووداوەکانی مەرگی ئاسابیدا؟) لە کتێبی پرسی کەسایەتی لە کوردستاندا، دەڵێت: (.... دوژمن لەژێر زەبری ئەشکەنجەدا پەیمانی بە شۆڕشگێڕاندا کە لە ژیانـدا بمێنـنەوە بەو مەرجەی واز لە ئەنجامەکانیـان بهێـنن، واز لە پارتی بهێنن! واز لە ڕزگاربوونی نیشتمانی و نەتەوایەتی بهێنن کە پارتی لە پێناویاندا تێدەکۆشێت! ئەگەر وەهاش بکەن ڕێگای ژیان لەبەر دەمتاندا کـراوە دەبێـت، دوژمـن هەوڵیـدا بەم ڕێـگەیە خۆبەدەسـتەوەدان بەسـەر شۆڕشگێڕاندا بسەپێنێت، زۆر سۆزو پەیمانی هەڵخەڵەتێنەرانەی تریشی پێدان. شتێکی ڕوونە وردە بۆرژوا هیچ و پوچەکان کە ناپاکییان لە دۆزەکە کـرد و سازشـکارییان لەگەڵ دوژمـن ئەنجامـدا لە بەرامـبەر کەوچـکە نیسکێنەیەک، بەبێ ئەشکەنجە و ئازار هەل و دەرفەتی ژیانیـان بەدەست هێنا.

هەرچـی شۆڕشـگێڕەکانیش کە وازیـان لەو بەهایـانە نەهێنـا کە لە پێناویدا تێدەکۆشان ئەوا لە بەرامبەردا شێوە مردنەکـان بـووە بەشـیان کە دنیـا وێـنەی وەهـای بەخـۆیەوە نەدی بـوو و ناچـارکران بە ژیـانێکی پڕلە ئەشـکەنجە و ئـازار و لە قەسـابخانەی دڕنـدە و خراپەکـان بـژین. دوژمـن ناپـاکێتی و نـۆکەری کـردە ڕێگـای ژیـان، هەڤـاڵانی ئـێمە مـردن و شـەهیدبوونیان هەڵبـژارد و دروشـمی "بەرخـۆدان ژیانە"یـان بەرز کـردەوە، هەڤاڵانمـان مردنـی بـێ تایبەتمەنـدییەکانیان هەڵنەبـژارد، بەڵکو مردنـی پشتبەسـتوو بە بەرەنگـار بوونەوەیـان هەڵبـژارد و ئەم مـردن و شـەهید بوونەیـان نـاو نـا ژیـان. فەرموویـان مـردن و شـەهید بـوون لەسـەر ڕێگـای بەرەنگار بوونەوە ژیان خۆیەتی، ئەوەش ناوی ژیانی ڕاستەقینەیە[٥].)

ئەو وتە جـوان و زۆە پەسـەندەی عەبـدوڵا ئـۆجەلان لە کتێبـی "پرسـی کەسـایەتی لە کوردسـتاندا"، بـۆ کـادیر و ئەنـدامانی پەکەکەیە کە لە بەرامبەر دوژمندا چۆک نەدەن و واز لە خواستەکانی پەکەکە نەهێنن، نەک بـۆ شەخسـی ئـۆجەلان خـۆی، چـونکە هەمـوو دنیـا بینـی کـاتی گیرانـی لە نـایرۆبی، لە یەکەم چرکەکانـدا لە بەرامـبەر دوژمنـدا شـکا و وازی لە

ستراتیژیی پەکەکە بۆ دامەزرانی دەوڵەتی کوردی هێنا و خزمەتکردنی بە کۆماری دیموکراتی تورکیا کردە ستراتیژیی نوێی پەکەکە و ڕایگەیاند: **(بەنم ئانام تورک دی- دایکم تورکە).**

بەهەر حال، دوای کشانەوەی هێزەکانی پەکەکە لە باکوری کوردستانەوە بۆ ڕۆژئاوای کوردستان، ئۆجەلان لە فیکری پاککردنەوەی ئەندامە نارازی و ڕەخنەگرەکانی نێو پەکەکە کەوت. بۆ ئەو مەبەستە کۆنفرانسێکی پێکهێنا. لەو کۆنفرانسەدا کۆمیتەی ناوەندییەکی نوێی هەڵبژارد و بڕیاریدا فاتمە، سەمیر، سلێمان، عەلی حەیدەر قەیتان"فوئاد" و چەند کەسێکیتر ڕەوانەی ئەوروپا بکات، تا لەوێ ڕۆژنامەی سەرخۆبوون بڵاوبکەنەوە. کۆنفرانس یەکێک لە ئەندامانی پەکەکەی بە ناوی "داود" بەتاوانی کوشتنی چەند هەڤاڵی خۆی کە تاوانی سیخوڕییان لەسەر بوو، گوللەباران کرد و بە وتەی جەمیل بایک بەو جۆرە کێشەکانی نێو پەکەکە چارەسەر کران.

دوای کۆنفرانس پلانی ڕفاندنی فڕۆکەیەکی تورکیا و بە بارمتە گرتنی چەند کەسێکیان داڕشت و گروپێکیشیان بۆ ئەو مەبەستە دیاریی کرد، بەڵام چونکە بە وتەی بایک، ئەندامان چاوترسێن ببوون، لە گەڕانەوە بۆ تورکیا خۆیان پاراست[٦].

بە پێچەوانەی گوتنی جەمیل بایک کۆنفرانس نەیتوانی کێشەکان چارەسەر بکات و دوای کۆنفرانس کێشەکان بەشێوەیەکی تر سەریان هەڵدایەوە. لەبەر ئەوە ئۆجەلان بە مەبەستی پاککردنەوە و خاشەبڕ کردنی تەواوی ڕەخنەکان، ئەم جارە بڕیاری پێکهێنانی کۆنگرەی دا. لەو کۆنگرەیەدا ژمارەیەکیتریان لە بەرپرسایەتی خست و سەمیر و ساغر "جومعەی کەڕ"یان بەلاوە نا. کۆنگرە بۆ دانی دەسەڵاتێکی پتر بە ئۆجەلان، بە تێروتەسەلی ئاماژەی بۆ ڕۆڵی سەرۆکایەتی لە شۆڕشدا کرد و ئەو ڕایەی خستەڕوو کە جەمیل بایک پەنجەی بۆ ڕادەکێشێ و دەڵێت: **(ئاپۆ هیچ کەس و هیچ سنورێک ناناسێ و تەنیا خۆی پیادە دەکات. گەلێک کەس و تەنانەت دەوڵەتیش ئەو ڕەخنەیە دەکەن. پێش هەموو شتێک پێویستە بڵێین ئەمە**

ڕاستە، سەرۆک ئاپۆ خۆی پیادە دەکات و دەبێ خۆشی پیادە بکات، چونکە ئاپۆ سەرۆکایەتییە، لە مێژووی مرۆڤایەتیدا سەرۆکایەتی هەردەم ئاوا هەڵسوکەوتیان کردووە[٧].)

کۆنگرەی دووەم کۆمیتەی ناوەندی هەڵبژارد، بەڵام دەسەڵاتی جێگرتن و مانەوەی ئەندامانی هەڵبژێردراوی کۆمیتەی ناوەندی بە ئۆجەلان سپارد و ڕایگەیاند: (ئەگەر سەرۆکایەتی ڕازی بێ کۆمیتەی ناوەندی وەک خۆی دەمێنێتەوە، ئەگەرنا ئۆجەلان کەسانی تریان لە جێ دادەنێ کە ئەوەش دیاردەیەکی تایبەت و بەستراوەیە بە ستروکتوری پەکەکە کە سەرۆک بۆخۆی کۆمیتەی ناوەندی پارتی دیاریی دەکات و ئاڵوگۆڕیان لەناودا پێک دەهێنێت.) هەروەها کۆنگرە هاوکاری تاکتیکی خۆی لەگەڵ سوریا، لوبنان و ئێران خستەبەر باس و بڕیاریدا:

- (ئەو پەیمانە تاکتیکییە بەرەوپێش بچێ و گرنگی پێ بدرێ کە خۆ بگەیەنێنە پەیوەندییەکی ستراتیژی و پەکەکە دەبێ بە ئارامی بەڵام بەشێوەیەکی بەرین و شێلگیرانە خەباتی بۆ بکات[٨].)

سەرنج بدەن! ئۆجەلان و کۆنگرەی دووەم پێوەندیی ستراتیژیی پارتی کرێکارانی کوردستانیان لەگەڵ سوریا، لوبنان و ئێران پەسەند کردوە و هەروەکوو لە بەیاننامەی کۆنگرەی دووەمدا دەردەکەوێت، پەکەکە دەبێ بۆ پێکهێنانی ئەو پێوەندییە ستراتیژییە هەوڵبدات کە لە بەشەکانی دواییدا دەیبینن. بەڵام با بزانین مستەفا شەفیق "ئاری" دەربارەی کۆنفڕانسی یەکەم و کۆنگرەی دووەمی پەکەکە چ دەڵێت:

- (کۆنفڕانسی یەکەمی پەکەکە و کۆنگرەی دووەمی سەرەتای وەرچەرخانێکی گرینگە لە پەکەکەدا. عەبدوڵا ئۆجەلان کە دەیزانی هێندێک لە ڕکەبەرەکانی لە زینداندا گیانیان لە دەست دا و هێندیکی تریان دوورخراونەتەوە، بەتەواوی خۆی لە سەرکردایەتی پەکەکەدا جێگیر کرد. بەتایبەتی لە کۆنگرەی دووەم، ئەوەی ئاپۆ حیسابی بۆ دەکرد سەمیر بوو کە ئەویش دوورخرابۆوە و دواتریش لە وڵاتی سوید تیرۆریان کرد.

لەلایەکی تر ئۆجەلان بە دوورکەوتنەوە لە دەوڵەتی تورکیا کە تا ئەم کاتە ستراتیژی لەسەر ئەم بنەمایە بنیاد نرابوو، لەمەودوا ئاپۆ ستراتیژی خۆی لەسەر پێوەندییەکانی لەگەڵ ڕژێمی سوریا بنیاد نا و ئەم پێوەندییە مۆری خۆی لە تەواوی قۆناخەکانی گەشە کردنی پەکەکەدا دیار کردوە.

خالێکی زۆر گرنگ لێرەدا هەیە کە ڕوون بکرێتەوە و تیشکی بخرێتە سەر ئەویش چوارچێوەی قوڵایی ئەو پێوەندییە ستراتیژییە کە لەنێوان ڕژێمی سوریای ئەسەد و ئاپۆدا دروست بوو، دەڵێم ئاپۆ چونکە تەنانەت سەرکردایەتی پەکەکەش لە ڕاستی و نهێنی ئەم پێوەندییە ئاگادار نەبوو، ئەم پێوەندییە تا ئەمڕۆش لە پێوەندیی نێوان پەیەدە و ڕژێمی سوریادا جارێکی تر خۆی نیشان دەدەات.

بەڕاستی ئەم پێوەندییە لە کۆتایی حەفتاکان و کۆتایی ساڵانی سەدەی پێشووەوە سەرچاوە دەگرێت، ڕژێمی سوریا ڕووبەڕووی کۆمەڵێک هەڕەشەی گەورە بوو، لەمانە: شەڕی ئیسرائیل کە سوریا بە تەنیا مابۆوە و میسر ئاشتی ڕاگەیاند، کێشەی ئیخوان موسلمین لە حومس و حەما بە ئاگر و ئاسن سەرکوت کران، ئۆپۆزسیۆنی ناوخۆی بەعس کە بەشێکیان لە بەعسی عێراق نزیک بوون و حافز ئەسەد بەشێکیانی لەناوبرد، کێشەی کورد کە بەعس پشتێنەی عەرەبی و سیاسەتی سوتاندنی خاکی بۆ گرتبووەبەر. لەبەر ئەم هۆکارانەی سەرەوە، حافز ئەسەد وڵاتی بۆ بەڕێوە نەدەچوو، سەرکردایەتی کاتی شۆڕشی باشور جارێکی تر گەڕابۆوە گۆڕەپانی خەبات کە بەشێوەی ڕاستەوخۆ کاریگەریی لەسەر بزوتنەوەی ڕۆژئاوای کوردستان هەبوو.

لەم کاتەدا بزوتنەوەی کورد لە ڕۆژئاوای کوردستان بە شێوەیەکی بەهێز سەری هەڵدایەوە، بەتایبەتی بە پێشڕەوایەتی پارتی دیموکراتی کورد لە سوریا "ئەلپارتی" کە لە بارزانی نزیک بوو، ئەوە بوو کە سوریا پێویستی بە هاوکاری هێزێکی کوردی هەبوو کە ئەم بزاڤە لەناو بەرێت. پەکەکە ئەم ئەرکەی گرتە سەرخۆی، چونکە بەرچاو بوو لەو کاتەی پارتە کوردییەکان

نەیاندەتوانی تەنانەت کۆبوونەوەیەکی ئاشکرا بکەن، توشی گرتن و لێدان دەبوون، پەکەکە بە سەدان شەڕڤانی چەکداری لە بیقاع دەناردە باکور و باشوری کوردستان کە خەڵکی ڕۆژئاوای کوردستان بوون.) هەروەها ئیبراهیم ئایدن "زیاد" سەبارەت بە کۆنفرانسی دووەم و کۆنگرەی دووەمی پەکەکە دەڵێت: (لە کۆنفرانسی یەکەمدا من و سەلاحەدین چەلیک سەرۆکی دیوان بووین، ٦٠ ئەندام لە کۆنفرانسدا بەشدار بوون و کۆنفرانس لە سنوری نێوان سوریا و لوبنان لە "هەڵوە" کە کەمپی بەرەی دیموکراتی فەلەستیین بوو، پێکهات. کۆنفرانس ڕاپۆرتی سیاسی قبوڵ کرد و ١١ کەسی بە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیی هەڵبژارد کە من یەکێک بووم لەو ١١ کەسانە. دوای کۆنفرانسی یەکەم من و سەلمان ئومەرجان "قاسم" چووین بۆ لیبیا کە یارمەتی بۆ پەکەکە وەرگرین کە یارمەتیان نەکردین. هەشت ڕۆژ لە هۆتێل ڕایانگرتین و دوای ئەو هەشت ڕۆژە ئێمەیان ناردەوە بۆ شام و لەوێوە گەڕاینەوە بۆ لوبنان.)

---

١ و ٢- مێژووی پارتی کرێکارانی کوردستان لاپەرەکانی ٢٥٨ و ٢٨٩.

٣- بڵاوکراوەی کۆنگرەی دامەزرێنەری پارتی کرێکارانی کوردستان، لاپەڕەکانی ٤٦ و ٥٣، ساڵی ١٩٧٨، بە زمانی تورکی.

٤- مێژووی پارتی کرێکارانی کوردستان لاپەرەکانی ٣١٦.

٥- پرسی کەسایەتی لە کوردستاندا لاپەرەی ٣٩١.

٦ و ٧ مێژووی پارتی کرێکارانی کوردستان لاپەرەکانی ٣٦٧ و ٤١٦.

٨- بەیاننامەی کۆنگرەی دووەم، سەرخۆبوون، ژمارە ٦٠، مانگی ١٢، ساڵی ١٩٨٦، لاپەڕەی ٢٨، بە زمانی تورکی.

## پێوەندیی پەکەکە لەگەڵ ئێران، سوریا و عێراق

بە وتەی جەمیل بایک، ئیسرائیل ساڵی ١٩٨٢ هێرشی کردە سەر لوبنان و بەیروتی گەمارۆدا و دە ئەندامی پارتی کرێکارانی کوردستانی شەهید کرد و دە ئەندامیشی لێ بەدیل گرت. ئیسرائیل دیلەکانی لەگەڵ فەلەستینییەکان گۆڕییەوە. خەلیل ئاتاج "ئەبوبەکر" کە خۆی یەکێک بووە لە بەشدارانی شەڕی ئیسرائیل و خۆشی یەکێک بوو لە بەدیل گیراوەکان لە وتووێژێکی تایبەت و ڕاستەوخۆدا ڕۆژی ٢٠١٥/١١/٢٢، پێی گوتم: **(ساڵی ١٩٨٢ بەشداریی شەڕی ئیسرائیلم کرد لە سنوری ئیسرائیل و لەو شەڕەدا ١٢ کەسمان شەهید بوون و ٣ کەسیشمان بەدیل گیران.)**

بەهەر حاڵ درێژبوونەوەی شەڕ و ئاژاوە لە لوبناندا ئۆجەلانی تەنگاو کرد و هانیدا کە جێیەکی ئەمین تر بۆ حەوانەوەی خۆی و هێزەکانی بدۆزێتەوە، تا ئەگەر لوبنان لە دەست چوو، هێزەکانی زیانیان پێنەگات. بۆ ئەو مەبەستە، ئۆجەلان دوو نوێنەری خۆی بە ناوەکانی محەمەد قەرەسونگەر و عەگید لە سوریاوە بە فڕۆکە نارد بۆ ئێران، تا لەگەڵ کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامی بدوێن و هاوکاتیش پێوەندیی بە ڕێکخراوە سیاسییەکانی باشوری کوردستانیشەوە بگرن.

ساڵی ١٩٨٣، ئۆجەلان لەگەڵ ئێران پێوەندی دامەزراند و پێوەندی بە پارتی دیموکراتی کوردستانیشەوە گرت و داوای لێکرد، ڕێگەی پێ بدات بەشێک لە هێزەکانی لە سوریاوە بگوازێتەوە بۆ سەر سنوری دەستکردی باشور لەگەڵ باکوری کوردستان کە پارتی دیموکرات ئەو داخوازەی پەکەکەی قبووڵ کرد. دوای ئەو دوو ڕێککەوتنە، بە گوێرەی پرۆتکۆڵێک کە ئۆجەلان لەگەڵ بەرپرسانی پارتی دیموکراتی کوردستان واژۆی کرد، بەشێک لە هێزەکانی پەکەکە سوریا و لوبنانیان بەجێهێشت و بە یارمەتی پارتی دیموکراتی کوردستان لە لۆلان، حەفتانین، قبرۆز لە مزوری باڵا و خواکورک جێگیر کران کە لە ناوچەی هەکاری دژی دەوڵەتی تورکیا، شەڕی

چەکدارانە بەڕێوەبەرن. لەو بارەیە خەلیل ئاتاج "ئەبوبەکر" ڕۆژی ۲۰۱٥/۱۱/۲۲، لە وتووێژێکی تایبەتدا پێیڕاگەیاندم:

**- (لە ئاداری ساڵی ۱۹۸۳ لەگەڵ عەلی حەیدەر قەیتان بە پاسپۆرتێکی بەدەڵی تورکیا، بە فڕۆکە هاتین بۆ ئێران و لەوێوە بۆ کەرەج و ڕاژان کە مقەڕی پارتی دیموکراتی لێبوو. ئێمە لە ساڵی ۱۹۸۲دا پرۆتکۆلێکمان لەگەڵ پارتی واژۆ کردبوو و ئەوانیش لەوێ جێیان بە ئێمەدابوو. لەو ساڵەدا بە بەردەوامی لەنێوان سوریا و ئێراندا لە هاتوچۆدا بووین. لەگەڵ ئێران پێوەندیمان هەبوو، کەسێکیان بە ناوی سەید ڕەزا کە زمانی تورکی دەزانی بۆ پێوەندی لەگەڵ ئێمە دانابوو.)**

ئۆجەلان بەرپرسایەتی ئەو هێزانەی بە دوران کالکان "عەباس" جێگری ئەوکاتەی خۆی سپارد و دوو ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیشی بە ناوەکانی سەلیم چروکەیا و سلێمان و جێگرێکی کۆمیتەی ناوەندیشی بەناوی تەرزی جەمال لەگەڵ ڕەوانە کراوەکان نارد بۆ باشوری کوردستان و بەپێچەوانەی لەبەرچاو گرتنی پەیمانە مۆرکراوەکەی لەگەڵ پارتی دیموکراتی کوردستان، کاتی بەڕێکردنی هێزەکانی بۆ باشور، بە ڕەوانە کراوەکانی گوت: **(ڕێککەوتنی ئێمە لەگەڵ پارتی دیموکرات، دیاردەیەکی تاکتیکییە، ئەگینا پارتی دیموکرات ڕێکخراوێکی بە ئەزمون، تەڵەکەباز و پیلانگێڕە و نابێ بکەونە ژێر تەئسیری[1].)**

هێزەکانی پەکەکە بە وەرگرتنی ئەو ئامۆژگارییە، لە ساڵی ۱۹۸۳وە لە باشوری کوردستان جێگربوون. دوران کالکان "عەباس" لە "زاب" بارەگای دانـاو سـەلیمیش لە "حافتانین" و گریلاکانیشیان بەرەبەرە هاتووچۆی ناوچەی "بۆتان"یان کرد، بەڵام هەتا ۱۹۸٤/٤/۱٥ دەستیان لە چەکدارەکانی ڕژێمی تورکیا نەوەشاند. هەرلەو ساڵەدا کێشە لەنێوان کۆمیتەی ئەڵمانیای پەکەکەدا هەبوو. عەبدوڵا ئۆجەلان بۆ چارەسەر کردنی ئەو کێشەیە، ئیبراهیم ئایدن "زیاد"ی نارد کە کێشە چارەسەر بکات، لەو بارەیەوە ئایدن دەڵێت:

- (ساڵی ١٩٨٣، لە کۆمیتەی ئێمەدا لە ئەڵمانیا کێشە هەبوو، عەبدوڵا ئۆجەلان منی نارد کێشەکە چارەسەر بکەم. بەرلە بەرێکەوتنم بۆ ماوەی دوو ڕۆژ لەگەڵ ئۆجەلان ڕاپۆرتەکانمان خوێندەوە و قسەمان لە سەریان کرد. لە ئەڵمانیا من، سەمیرم بینی. سەمیر، کەسیرە، سایمە، ئەوین و چەند کەسی تر بەرپرسی کۆمیتە بوون، ئێمە کۆنفرانسی ئەورووپامان پێکهێنا و لەوێش من کرام بە سەرۆکی دیوان. ئێمە داوامان لە سێ ئەندامی کۆمیتەی پێشوو کرد کە بگەڕێنەوە بۆ شام کە سەمیر و جەمیلە مەرکیت نەچوون، گوتمان ئەگەر نەچن، لە ئەندامەتی پەکەکە سڕتان دەکەین و دەبێ سەرلەنوێ چالاکی بنوێنن کە ئەگەر کارەکانتان بەرچاو بوو وەربگیرێنەوە ڕیزی پەکەکە.)

ئیبراهیم ئایدن "زیاد" ساڵی ١٩٨٤ لە ئەڵمانیاوە دەگەڕێتەوە بۆ شام و لەوێوە لەگەڵ دوو کچ بە فڕۆکە ڕەوانەی ئێران و باشوری کوردستانی دەکەن، بەڵام لەوێ تاوانی هاوکاریی کردنی لەگەڵ سەمیر و فاتمە لێدەدەن و ئەویش لەترسی کوشتن و تیرۆر کردنی، لە پەکەکە ڕادەکات، ناوبراو لەو بارەیەوە دەڵێت: (لە تەموزی ساڵی ١٩٨٤ من و عەلی چەتین و دوو کچ بە فڕۆکە چووین بۆ تاران و لەوێوە بۆ کەرەج و ڕاژان و لەوێشەوە چووم بۆ لۆلان. ژمارەیەکی زۆرمان ڕۆژنامەی سەرخۆبوون لەگەڵ خۆمان برد. بەرلە چوونم بۆ ئێران، پێشتر لە بەیروت دیسکی پشتم عەمەلیات کردبوو، لەویش سەرلەنوێ پشتم ژانی کرد، هەڤاڵانی پارتی دیموکرات منیان برد و لە نەخۆشخانەی ورمێ عەمەلیاتیان کردمەوە.

لە لۆلان، جەمیل بایک بەرپرسی پێوەندیی پەکەکە بوو لەگەڵ ئێران و منیش هاوکاریم دەکرد، لەوێ بۆ چەند جارێک چاوم بە کەسیرە کەوت، ئەو هەوڵیدەدا کە من بە دوور لە چاوی ئەوانی تر، بەتەنیا ببینێت کە تێگەیشتم لە پەکەکەدا پروپاگەندەم بە دژ دەکرێ و من وەک دوژمن و هاوکاری سەمیر و کەسیرە بە گریلاکان دەناسێنن. چونکە پێشتر زانیاریم لەسەر کوشتنی کادیرانی پەکەکە لەلایەن ڕێبەرایەتی پەکەکەوە هەبوو،

ترسام منیش بکوژن و لەو ترسە ساڵی ١٩٩١ ڕامکرد، دوو شەو لە چیا مامەوە و دواتر چونکە لەگەڵ ئەندامانی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران ئاشنا بووم، بڕیارمدا بچمەلای حیزبی حیزبی دیموکرات کە لە ڕێگەدا کەوتمە کەمینی پاسدارەکانی ئێران. ئەوان کە بنکەیەکیان لە نزیک بنکەی شێخ محەمەد خالید هەبوو، منیان بردە لای ئەوان و من چاوم بە ئەدهەم بارزانی کەوت و ئەویش یارمەتی کردم کە لەگەڵ گروپێک بچمە لای مەسعود بارزانی. کاک مەسعود لەگەڵ جەمیل بایک قسەی کرد و ئەویش ویستی من لەگەڵی بگەڕێمەوە کە نەچوومەوە و بە یارمەتی پارتی دیموکرات بە زاخۆدا چووم بۆ سوریا و لەوێشەوە پەنام بۆ وڵاتی سوید برد.)

پەکەکە بۆ یەکەم جار لە مێژووی خۆیدا، ڕۆژی ١٩٨٤/٨/١٥ ویستی لە سێ قەزای شەمدینان، ئەروح و چەتاخ دەست لە دوژمن بوەشێنێ. لە قەزاکانی شەمدینان و ئەروح دەستی وەشاند کە جەمیل بایک ئاماژەی بۆ ئاکامەکەی نەکردوە، بەڵام ڕۆژی ١٩٨٤/٨/١٥، واتە ١٥ ئاب بۆ پەکەکە ڕۆژێکی گرنگی مێژووییە، چونکە دوای تێپەڕبوونی دوازدە ساڵ خەبات، بۆ یەکەم جار لەو ڕۆژەدا گریلا یەکەم فیشەکی بەرەو دوژمن تەقاندەوە.

پەکەکە بەپێی بڕیاری کۆنگرەی دووەمی، ساڵی ١٩٨٤ پێوەندییە ستراتیژییەکەی بە ڕژێمی کۆماری ئیسلامی ئێرانەوە بەهێزتر کرد، بەڵام چونکە لە بواری ئامانجەکانییەوە لە پارتی دیموکراتی کوردستان دوور بوو، لەگەڵ ئەو پێوەندیی تاکتیکی پێکهێنا!!! لە کۆنگرەی سێیەمیدا، پێوەندیی خۆی لەگەڵ ئێران بە پێوەندیی ستراتیژی ناساند و ئەوەش ڕەخنەی کۆمەڵێک ئەندام، لایەنگر و کوردی پارچەکانیتری کوردستانی لێکەوتەوە. لەبەر ئەوە، ئۆجەلان لە ڕاگەیاندنێکیدا کە بە زمانی عەرەبی و لەژێر ناوی "**ڕوونکردنەوەیەک لەسەر کتێبی سەرکردە و گەل- حەوت ڕۆژ لەگەڵ ئاپۆدا**" بڵاویکردەوە، لە ئامانجە ستراتیژییە گشتییەکانی پەکەکە دەدوێ و لە وەڵامی ئەو کوردانەشدا کە دژی پێوەندی ستراتیژی پەکەکە لەگەڵ کۆماری ئیسلامی ئێران و سوریا بوون، ڕەخنەگرەکان بە "**کەر، بێ مێشک،**

کوێر، شێت و خایین" ناو دەبات و سەبارەت بە پێوەندییە ستراتیژییەکەی لەگەڵ سوریا و ئێران دەڵێت: (ئەو کوردانەی کە لە مانای نیشتمانپەروەری و سیاسەت ناگەن، کەر و بێ مێشک و کوێرن. ئەگەر بۆ دوژمن لەسەر ئامانجە ستراتیژییەکان تەنازولت کرد، ئەوە شێت و خاینی.... ئەو چوار دەوڵەتانەی کوردستانیان داگیر کردووە، هەموویان دوژمنمان نین، بۆیە نابێ بە چاوێک سەیری هەموویان بکەین.... بەهۆی سیاسەتی ئێمە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، عەرەب و ئێران لە تورکیای فاشی دوورکەوتنەوە و ئەویش سەرکەوتنێکی گەورەیە بۆ ستراتیژی ئێمە.... کاتێک پەکەکە زەختی زۆری خستە سەر تورکیا، تورکیا ناچار بوو داوای یارمەتی لە ئیسرائیل بکات و هەرکە ئێران بیستی تورکیا لەگەڵ ئیسرائیل پێکهاتووە و ڕێککەوتنەکەشیان مەترسییەکی گەورەی بۆسەر ئەو هەیە، وای لێهات سەرنج بداتە ستراتیژی پەکەکە، چونکە بۆچوونی لە پەکەکە نزیکە. ستراتیژی پەکەکە وای لێکرد لە کورد نزیک بێتەوە، ئەویش گۆڕانێکی مێژووییە لە ستراتیژی ئێراندا لەسەر کێشەی نەتەوەی کورد (٢).)

عەبدوڵا ئۆجەلان ئێران و سوریا بە دوژمنی کورد ناناسێت و لەبەر ڕۆشنایی ئەو ستراتیژییەی کە پەکەکە سەبارەت بە ڕژێمی کۆنەپەرستی ئێران دایڕشتوە، لە کوڕێکی تەلەفزیۆنی MEDtv دا کە ڕۆژی دووی ڕێبەندانی ساڵی ١٩٩٦، بە یادی "پەنجاهەمین ساڵڕۆژی دامەزراندنی کۆماری کوردستان لە مهاباد" ئامادە کرابوو، بە تەلەفۆن ڕایگەیاند:

- (بە تەجربەی ئێمە کۆماری ئیسلامی ئێران وەک ڕژێمی شای ئێران نیە و مرۆڤ باش هەست بەو جیاوازییە دەکات.... پارتی دیموکرات ماوەیەکی درێژ دژی شای ئێران شەڕی کرد. شەهیدی دا، گەلێک لە ئەندامەکانی زیندانی کران. ئەوان شەهیدی دیموکراسی و تەنانەت شەهیدی وڵات پارێزیی ئێرانن. ئەگەر ئێوە دژی ئیمپریالیست بن، ئێمە ئامادەین لە کۆماری ئیسلامی داوا بکەین دۆستایەتی لەگەڵ کوردان بکات، ئێمە بە ناوی پارتی کرێکارانی کوردستان، بە پێویستی دەزانین دۆستایەتی کوردی

ڕۆژهەڵات بکەین، ئەوە بۆ کۆماری ئیسلامی سەرکەوتنە و بۆ کوردانیش هەنگاوێکی گرنگە. گەلی کورد، میللەتی کورد، میللەتێکی ئێرانییە. لە زمان و کولتوردا برای یەکدی بووین. ئێمە نامانەوێ کورد بە دژی کۆماری ئیسلامی ڕاوەستێ. هەرلەو کاتەشدا لە کۆماری ئیسلامیمان دەوێ لەسەر هەموو کوردەکان نەک هەر کوردی ڕۆژهەڵات، بەڵکوو بۆ هەموو کوردان سیاسەت داڕێژێ. ئێمە هەردوو موحتاجی یەکترین[٣].)

پارتی کرێکارانی کوردستان لە درێژەی ئەو ستراتیژ و سیاسەتەیدا لە ساڵی ١٩٩٦وە گەلێک خزمەتی گرنگی بە ڕژێمی کۆنەپەرستی کۆماری ئیسلامی ئێران کرد. ڕۆژی ١٩٩٨/٦/١ گریلاکانی پەکەکە، نۆ پێشمەرگەی "یەکێتی شۆڕشگێڕانی گەلی کوردستان"یان کە لە کاتی جەولە کردندا، خەریکی حەسانەوە بوون، پەلاماردا و هەموویان شەهید کرد و تەرمی هەر نۆ پێشمەرگە شەهیدەکانی بردو بە دیاریی تەسلیمی کاربەدەستانی وەزارەتی ئیتلاعاتی کۆماری ئیسلامی ئێرانی کرد و ئەوانیش تەرمی پێشمەرگە شەهیدەکانیان لە شاری پیرانشاردا بۆ چاوترساندنی خەڵک گێڕا[٤].

دوای ئەو تاوانەی، پەکەکە بە فەرمانی ڕژێمی کۆنەپەرستی ئێران، لە ناوچەکانی شنۆ، پیرانشار، سەردەشت، ئەرکی پاراستنی سنوری دەستکردی ئێرانی لەگەڵ باشوری کوردستان لە ئەستۆ گرت و لە جیاتی پاسدارە کۆنەپەرستەکان، کوردان دەپشکنن و لەنێوان ڕۆژهەڵات و باشوری کوردستاندا، بازگە و بنکەی گومرگیان داناوە و لە دانیشتوان، کاوانچییەکان و کۆڵبەران گومرگ دەستێنێت. بەپێچەوانەی ئەو گوتنەی عەبدوڵا ئۆجەلان کە دەڵێت **(ئێمە ئامادەین لە کۆماری ئیسلامی داوا بکەین دۆستایەتی لەگەڵ کوردان بکات.)** کۆماری ئیسلامیی ئێران باوەڕی بە پەکەکە و نوێنەرانی لە ئێران نەکردوە و بۆ ئەوەی ئەوان زیاتر بخاتە دەست خۆی، هەر ڕۆژەی بە بیانویەک نوێنەرانی پەکەکەی لە ئێران توشی ئازار و کێشە کردوە. لەو بارەیەوە عوسمان ئۆجەلان نوێنەری ئەو ڕێکخراوە

لە ئێران ڕۆژی ٢٠١٥/١٢/١ لە وتووێژێکی تایبەتدا پێیڕاگەیاندم: (لە مانگی ١١ی ساڵی ١٩٨٦ من و جەمال "خەلیل کەیا" خەڵکی مەردین پێکەوە لە شامەوە بە فڕۆکە چووین بۆ تاران، جەمال کۆر بەرپرس بوو. کە دەچووین سەرۆک ئاپۆ گوتی با عوسمانیش بێت و نوێنەرایەتی ڕۆژهەڵات بکات. جەمال لەلای بەرپرسە ئێرانییەکان ناوی خۆی کردبوو بە فەرهاد، فەرهادی ناوی نهێنی من بوو و منیشی کردبوو بە جەمال. بەو گۆڕانە منیان نارد بۆ خواکورک و تا ڕووباری شین چووم. ئێران زانی جەمال ساختەکاری کردوە و ئەو ڕایکرد و ئێران سەدر دەرسیمی، شوکر خۆجە، ماهیر و ژمارەیەک لە ئەندامانی ئێمەی گرت و گوتبووی دەتانەوێت لەنێو کوردەکانی ڕۆژهەڵاتدا خەبات بکەن. من ناچار بووم بچم بۆ ئێران. بە چوونی من گیراوەکان لە زیندان ئازاد کران. لەوێوە بە ئاپۆم گوت دەچم بۆ شاخ کە قبووڵی نەکرد و گوتی لە ئێران بمێنەوە و بە ئەوانەی شاخیش بڵێ تۆ چووی پیسایی ئەوان خاوێن بکەیەوە. لە نێوان ساڵانی ٨٧ تا ٨٩ بۆ ماوەی سێ ساڵ لە ئێران نوێنەرایەتی پەکەکەم کرد. دەتوانم بڵێم ئەو دژوارترین خەباتی من بوو، چونکە ئێرانییەکان بە بەردەوامی هەڕەشەیان لێ دەکردین کە لەنێو کوردەکانی ئێراندا نابێ خەبات بکەین، ئەگەرنا وەک جاسوس هەڵسوکەوتمان لەگەڵ دەکەن.)

بەهەر حاڵ، عەبدوڵا ئۆجەلان سەبارەت بە کوردەکانی سوریاش بە "نبیل ملحم" نوسەری کتێبی سەرکردە و گەل- حەوت ڕۆژ لەگەڵ ئاپۆدا دەڵێت: (زۆربەی کوردەکانی نیشتەجێی سوریا لە باکوورەوە هاتوون و ئەگەر ئەسڵی هەر خێزانێک بگەڕێنینەوە بۆ ٥٠- ١٠٠ ساڵ لەمەوبەر، دەبینین هەموویان لە باکوور و چیاکانی زاگرۆس، تۆرۆس و بۆتانەوە هاتوون و ئەوەش دیاردەیەکی مێژووییە و کەس ناتوانێ نکۆڵی لێ بکات.)

ئۆجەلان لەو چوارچێوەیەدا کە کورد لە سوریا خاکی نییە و پەناهێنەرن، ئەرک بۆ پەکەکە دیاریی دەکات کە ناوی کوردستانی سوریا بسڕێتەوە و بۆ ئەو مەبەستەش کوردی سوریای لە ڕیزی پەکەکەدا کۆ

کردوەتەوە کە بە بیانووی خەبات بۆ کوردایەتی لە وڵاتی خۆیان دووریان بکاتەوە. ناوبرا لەو بارەیەوە لە لاپەڕەی ١٦٨ی "حەوت ڕۆژ لەگەڵ ئاپۆ ڕێبەر و گەل"دا دەڵێت:

**- (بە دڵنیاییەوە دەتوانم بڵێم کە ئەوان لە باکووری کوردستانەوە هاتوون. لە سەرەتای ژیانم بۆ گۆڕەپانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست ڕامگەیاند کە پێویستە هێرش بۆ مەڵبەندی باشوور ڕابگیرێ و هێرش بەرەو باکوور بێ.)**

نەبیل ملحم دەپرسێ: مەبەست لە هێرش بۆ باشوور چیە؟ و ئۆجەلان دەڵێت: **(گوتم کۆچکردن بەرەو باشوور ڕابگیرێ و کۆچکردن بەرەو باکوور بێ. هێرشێکی بەربڵاو و خەباتێکی توندوتیژمان دەست پێکرد و کوردەکانی سوریامان بەرەو چیاکان و بەرەو باکوور کشاندەوە. وا بزانم سوریا لەم سیاسەتەمان ڕازی بێ و ئێمەش ڕازین.)**

ئۆجەلان ڕەنگە لەو ڕوانگەیەوە ئەو بۆچوونەی هەبێت کە ١٠٠ ساڵ لەمەوبەر وڵاتێک بە ناوی سوریا نەبوو کە کوردی لێ نیشتەجێ بێ. ئەو وڵاتەی کە ئەمڕۆ بە سوریا دەناسرێ، ئەوکاتە بەشێک بوو لە خاکی ئیمپراتۆریی عوسمانی کە دوای جەنگی یەکەمی جیهان، لەساڵی ١٩٢٣دا سوریا لە دەوڵەتی عوسمانی جیاکرایەوە و دەوڵەتی سوریای لێ پێکهات. هەروەکوو چۆن عێراق بەشێک بوو لە خاکی عوسمانی و دوای جەنگی یەکەم پێکهات و کوردەکانی باشوری کوردستان خرانە سەر ئەو وڵاتە. واتە دوای شەڕی چالدران لە ساڵی ١٥١٤، کورد و کوردستان بوو بە دوو بەش لە نێوان ئێران و عوسمانی و ئەم جارەیان کوردستان و کورد کرایە چوار بەش و بەشێک لە کوردی تورکیایان خستە سەر دوو دەوڵەتی تازە دامەزراوی سوریا و عێراق کە ئۆجەلان و پەکەکە بۆ ڕەزامەندیی دەوڵەتی فاشی سوریا، کوردی ڕۆژئاوا بە هاووڵاتی عەرەبەکانی سوریا ناناسێت. هەرچەندە هیچ کەس ناتوانێ نکۆڵی لەو ڕاستییە بکات کە سەلاحەدین ئەیوبی پێش ٩٠٠ ساڵ میری شام بوو و هێرشە یەک لەدوای یەکەکانی

سەلیبییەکانی وەستاندوە. مەگەر کەم کەس نکۆڵی لە کورد بوونی سەلاحەدین بکات. جگەلە پێوەندیی پەکەکە لەگەڵ دوو ڕژێمی کۆنەپەرستی کۆماری ئیسلامی ئێران و کۆماری سوریا، یەکێتی نیشتمانیی کوردستان، ساڵی ١٩٩٢، ژمارەیەک بەڵگەنامەی دەربارەی پێوەندییەکانی پەکەکە لەگەڵ ڕژێمی عێراق بڵاوکردەوە. ئەو بەڵگەنامانە باس لەوە دەکەن کە پەکەکە بە ئامانجی زەبر وەشاندنی لە بزوتنەوەی ڕزگاریخوازانەی گەلی ئێمە لە باشوری کوردستان و ئاشکرا کردنی جموجوڵی دەوڵەتانی ئێران، تورکیا و ئەمریکا لە هەرێمەکەدا، لە ساڵی ١٩٩٠وە پێوەندیی لەگەڵ دەزگاکانی هەواڵگریی عێراق "مخابرات و ئیستخبارات" دامەزراندوە. سەرۆکایەتی ئەمنی گشتی عێراق لە نامەی ژمارە "ش. س. ش. ٣- ٣٧٩٢٥- ١٩٩٠/٩/١٠"یدا ئاماژە بۆ دامەزراندنی ئەو پێوەندییە لەگەڵ پەکەکە دەکات و لە بەشێکیدا دەنوسێ:

**- (بۆ پوچەڵکردنەوەی پیلانی تێکدەران دژی عێراق کە لە لایەن ئێران، ئەمریکا و تورکیاوە هاندەدرێن، پێویستە بە شێوەیەکی زۆر نهێنی کە تورکیا نەوروژێنێت، پێوەندی لەگەڵ پارتی کرێکارانی کوردستانی تورکیا بگیرێ[٥].)**

١- مێژووی پارتی کرێکارانی کوردستان لاپەرەکانی ٤٥١.
٢- ڕوونکردنەوەیەکی ئۆجەلان بە زمانی عەرەبی، لەسەر کتێبی سەرکردە و گەل حەوت ڕۆژ لەگەڵ ئاپۆدا.
٣- عەبدوڵا ئۆجەلان، تەلەفزیۆنی MEDtv، ڕۆژی دووی ڕێبەندانی ساڵی ١٩٩٦، "١٩٩٦/١/٢٢"
٤- بەیاننامەی ڕۆژی ١٩٨٨/٦/٣ی کۆمیتەی ناوەندیی یەکێتیی شۆڕشگێڕانی گەلی کوردستان.
٥- بەڵگەنامەی ژمارە ش.س.ش. ٣- ٣٧٩٢٥- ١٩٩٠/٩/١٠، ئیدارەی ئەمنی عێراق.

## پەکەکە لە تیرۆرکردنی کادیرەکانیدا بەردەوامە

دوای ١٥ی ئابی ١٩٨٤، کێشە ناوخۆییەکانی پەکەکە بۆ بەدەستخستنی دەسەڵات بەوپەڕی خۆی گەیشت. چەتین گونگور "سەمیر"، کەسیرە یەڵدرم "فاتمە"، دوران کالکان "عەباس"، عەلی حەیدەر قەتیان "فوئاد" و باقی قەرار "سلێمان" هەرکامیان بە شێوەیەک دژی دەسەڵاتدارییەتی ئۆجەلان راوەستان. لەبەر ئەوە ئۆجەلان بڕیاریدا فاتمە و سەلیم لە ئەوروپاوە بگەڕێنێتەوە ناوەندی سەرۆکایەتی. فاتمە هەرکە گەڕایەوە، ڕاپۆرتێکیان لەسەر خۆی پێ نوسی و بڕیاری ئیعدام کردنیان دا، بەڵام ئۆجەلان قبووڵی نەکرد.

کێشە ناوخۆییەکانی پەکەکە لەو ساڵەدا گەیشتە جێیەک کە چەند کەسێک، لەوانە عوسمان ئۆجەلانی برای عەبدوڵا ئۆجەلان بڕیاریاندا خۆیان بکوژن. لەم بارەیەوە جەمیل بایک ئاماژە بۆ نامەیەک دەکات کە عوسمان بۆ عەبدوڵا ئۆجەلانی برای نوسیوە و دەڵێت: **(ئەگەر بە کوشتنی من پارتی ڕزگاری دەبێت، ئەوا من ئامادەم خۆم بکوژم.)**

ئۆجەلان لە وەڵامی ئەودا نامەیەکی بۆ فێرگەی پەکەکە نوسی و لەودا بەتوندی ڕەخنەی لە عوسمان گرت و داوای لێکرد هەلومەرجی خۆی لەبەرچاو بگرێت. لە ئەنجامدا عوسمان ئۆجەلان وازی لە کوشتنی خۆی هێنا[1]. لەو بارەیەوە عوسمان ئۆجەلان ڕۆژی ٢٠١٥/١٢/١ لە وتووێژێکی تایبەت و ڕاستەوخۆدا کە دەنگی لای من پارێزراوە دەڵێت:

**- (ئەم ڕووداوە دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی ١٩٩٣، نەک ساڵی ١٩٨٤ و لەو بارەیەوە جەمیل بایک هەڵەی کردوە. ساڵی ١٩٩٢ من شەڕی نێوان یەکێتی و پارتیم لەگەڵ پەکەکە ڕاوەستاند. مانگی ١٠ی ئەو ساڵە خەریکبووم کە پەیمانێکی دوولایەنە لەگەڵ ئەوان واژۆ بکەم کە لەنێو کوردانـدا شەڕ نەبێت. چووم لەگەڵ مام جەلال، کاک مەسعود و حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران قسەم کرد و هەوڵمدا لەنێو ئەوان و پەکەکەدا پەیمانێکی**

نەتەوەیی پێکبێت و زۆریشم بۆ ئەو بیرە هەوڵدا. هەموو حیزبەکان ڕازی بوون کەچی جەمیل بایک بە هاودەنگی کردن لەگەڵ ئاپۆ لە حەفتانینەوە هێرشی مقەڕەکانی پارتی دیموکراتی کرد. ئەو کێشەیە ناچاری کردم لە مانگی حوزەیرانی "ژوئین" ١٩٩٣دا ئیستقالە بکەم. پەکەکە ویستی ئەمن موحاکمە بکات، من لە ئێران لە ماڵی پەکەکە لە ورمێ بووم. ئەوان لە کۆتایی مانگی ١٢ی ساڵی ١٩٩٣وە بۆ ماوەی دوو مانگ لەو ماڵەدا زیندانیان کردم و مانگی دووەمی ساڵی ١٩٩٤ ئازاد کرام. من لە حاڵەتێکی زۆر دژواری دەرونیدا دەژیام و شەوێک لەگەڵ ئەو ژمارە گریلایانەی کە بەهۆی نەخۆشییەوە هاتبوون و لەو ماڵە بوون، دانیشتم و قسەم لەگەڵیان کرد و گوتم من موشکیلە نیم و باسی دەرد و ئازارەکانی خۆم و تەنانەت کوشتنی خۆم کرد.)

پەکەکە بۆ دەرچوونی لەو تەنگژەیە و کۆتایی هێنان بە کێشە ناوخۆییەکانی، ڕێگەی تیرۆرکردنی کادیرە ناڕازییەکانی خۆی گرتەبەر. ڕۆژی ١٩٨٤/٦/٢٠ لە شاری ئوپسالای سوید، یەکێک لە کادیرەکانی خۆی بەناوی ئەنوەر عەتا کوشت و بە دوای ئەودا ویستی لە شاری دۆرتمۆندی ئەڵمانیا کۆتایی بە ژیانی سەلاحەدی چەلیک "سەلیم خۆجە" بێنێ کە سەلیمیان بریندار کرد، بەڵام لە مەرگ ڕزگاری بوو.

ڕۆژی ١٩٨٥/١١/٢ لەکاتی یادکردنەوەی دە ساڵەی پارتی پێشەنگی کارگەرانی کوردستان PPKK لە هۆڵی "مێدبۆریار" Medborgarhuset لە ستۆکهۆڵم لەبەر چاوی بەشدارانی بۆنەکە، پەلاماری چەتین گۆنگور "سەمیر"یان دا و کوشتیان. جەمیل بایک دەربارەی کوشتنی سەمیر دەڵێت: (سەمیر گەلێک هەڤاڵی بە نرخ و گریدراوی پارتی کەنارگیر کردبوو و هەموو ڕۆڵێکی لێ وەرگرتبوون و زۆربەی هەڤالانی ئەوروپا کەتبوونە ژێر کاریگەری سەمیر. لەوەش زیاتر شان بە شانی ئەو لە دژی پارتی شەڕیان دەکرد لە بەرامبەر ڕێکخستن و ڕەسمییەتی پارتی هەڵوێستی نادروستیان وەرگرتبوو، بۆیە فەرمانەکانی سەرۆکایەتیان پێک نەدەهێنا و میللەت

ئەرکی ئەوانی بەجێ گەیاند، گەلی کوردی وڵاتپارێزی ئەوروپا لە دژی سەمیر و داروەستەکەی هەڵسا و بە جارێک ڕاپەرین و لە ماوەی دوو ڕۆژدا مەسەلەی سەمیریان بەو ڕەنگە چارەسەر کرد[٢].)

دوای تیرۆرکردنی ئەو کادیرانە و چەند کادیری تر، پەکەکە بڕیاری پێکهێنانی کۆنگرەی سێیەمیدا و لە ڕۆژانی ٢٥- ١٩٨٦/١٠/٣٠دا، کۆنگرەی سێیەمی خۆی پێکهێنا. بە وتەی جەمیل بایک لەو کۆنگرەیەدا چەمکەکانی خوارەوە لە بەرامبەر یەکتردا سەنگەریان گرت و چەمکی ئۆجەلان بەسەر ئەوانی تردا زاڵ بوو:

- چەمکی سۆسیالیزم کە ئۆجەلان نوێنەرایەتی دەکرد.

- چەمکی بۆرژوازی بچوک کە کەمالیست و ڕۆشنبیرەکان جێیان تێداگرتبوو و هەڤاڵ عەباس "دوران کالکان" نوێنەرایەتی دەکرد.

- چەمکی فیۆدالیزم- ئاریستۆکرات کە بەکرێگیراوان "سەمیر و فاتمە" نوێنەری بوون.

- چەمکی چوارەم، چەمکی نیوەشۆڕشگێر بوو. ئەوەی هێڵی ناوەند بوو لەو چەمکەدا کۆببوونەوە.

لە ئەنجامدا چەمکی سەرۆکایەتی "سۆسیالیزم" لە پارتیدا حاکم بوو و چەمکەکانی تر مەحکوم کران[٣].

کۆنگرە کارەکانی خۆی بەم جۆرە دابەش کرد:

- ئەرکی وڵات بە کۆرجەمال، شێخ مووس و فەرهاد سپێردرا. فەرهاد "عوسمان ئۆجەلان" بوو بە بەرپرسی پێوەندی پەکەکە لەگەڵ کۆماری ئیسلامی ئێران.

- سەلیم و فاتمە لە پەکەکە دەرکران و ئەوانییان دا بە ئەرنەکە "ئەرتەشی ڕزگاری نەتەوەیی- ڕێکخراوی ئەوروپایی پەکەکە" و فاتمەیان نارد بۆ یۆنان و سەلیمیان ڕەوانەی ئەوروپا کرد. عەباس و عەلی چەتینەر "جەعفەر" کران بە بەرپرسی ئەوروپا، بەڵام جەعفەر ڕایکرد و چوو بۆ تورکیا و دوای ماوەیەک گەڕایەوە لای پەکەکە و لەوێوە چوو بۆ ئاڵمان.

هەروەها جەمال لە ناوەندی سەرۆکایەتی لە لوبنان ڕاگیرا(٤). سەبارەت بەو پاکسازییەی کە دوای کۆنگرەی سێیەم لە پەکەکەدا کرا، مستەفا شەفیق "ئاری" دەڵێت:

(دوای کۆنگرەی سێیەم هەرچی کەسانی ڕۆشنبیر و هوشیار بوون یان لەناو بران یان لە ناوەندی بڕیار و شوێنی کاریگەر دوورخرانەوە و پتر ئەم کەسانە ڕەپێش دران کە بەوتەی خۆیان گوندی "دێهاتی" بوون و زۆر بیریان نەدەکردەوە.)

---

١- مێژووی پارتی کرێکارانی کوردستان لاپەرەکانی ٤٩١.
٢- هەمان سەرچاوە، لاپەڕەی ٤٣٦.
٣- هەمان سەرچاوە، لاپەڕەی ٤٩٥.
٤- هەمان سەرچاوە، لاپەڕەی ٤٩٧.

# پەکەکە بە دوای کۆنگرەی سێیەمیدا

کۆنگرە لەسەر پێشنیازی ئۆجەلان ناوی HRK ی کرد بە ERNK و بڕیاریدا هێزەکانی، تاکتیکی شەڕی گریلا پیادە بکەن و سوپای گریلا پێک بێنن. بۆ پێکهێنانی سوپای گریلا، سیاسەتی سەربازگیریی زۆرەملیان بە بنچینە گرت و ئەو فەرمانەیان کرد بە دەستور و یاسای بنەڕەتی گشتی لە کوردستاندا[١]. لەو بارەیەوە جیهانگیر حازر "ساری باران" ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیی هەڵبژێردراوی کۆنگرەی سێیەم لە وتووێژێکی تایبەتدا ڕۆژی ٢٠١٦/١/٩ پێی گوتم: **(بەو یاسایە کە لە کۆنگرەی سێیەمی پەکەکەدا پەسەند کرا، هەموو خەڵکی کوردستان لە هەر گوند و شارێک، لەنێوان ١٨-٢٥ ساڵ دەبووایە بەبێ جیاوازیی، بکرێن بە گریلا و وەک گریلا بمێنێتەوە.)**

ئەوە سەیر نەبوو کە ئۆجەلان ناوی پێشمەرگە لە باکوری کوردستان بگۆڕێ بۆ گریلا[٢] و تەنانەت ڕەنگ و نیشانەکانی ئاڵای کوردستانیش بگۆڕێ بۆ ڕەنگ و نیشانەیەک کە لەناو بزوتنەوەی کورددا نەبوو. جگەلەوانە ئۆجەلان هێڵی بەسەر هەموو بزوتنەوە و سەرکردەکانی بەرلە خۆیدا کێشا و ڕایگەیاند بزوتنەوەی کورد لەو و لە گروپەکەیەوە دەستی پێکردوە و بەرلەو و گروپەکەی، سەرکردە و گروپێک نەبووە کە بۆ کورد تێبکۆشێت.

بە بڕیاری ئۆجەلان، کۆر جەمال دوای کۆنگرە، بەمەبەستی جێبەجێ کردنی بڕیاری کۆنگرە، ژمارەیەک گریلای نارده شەمزینان کە یاسای سەربازگیری زۆرەملی پیادە بکەن. ناوبراو بە گروپە ڕەوانە کراوەکەی ڕاگەیاند: **(بچن یاسای سەربازگیری زۆرەملی پیادە بکەن و لەنێو گوندەکاندا هەر کوڕێکتان کەوتە بەردەست بیگرن و بیهێنن و بۆ چاوترساندنی گوندییەکانیش یەکێک بکوژن.)**

گریلاکان بەگوێرەی ئەو فەمانە، بە وتەی جەمیل بایک وەک گورگ کە چۆن دەکەوێتە ناو مەڕ، کەوتنە نێو خەڵک و هەرکەسێکیان دەست کەوت، گرتیان و ژمارەیەکی بێ تاوانیشیان کوشت[٣].

پەکەکە لە درێژەی ئەو سیاسەتەیدا، ژمارەیەک لە خەڵکی گوندەکانی ناوچەی چەلێ، ئولودەرە، دۆسکی شەمزینانیان کوشت و کۆمەڵێکیش لە ترسی گیانیان و بۆ ئەوەی کە ناوی جاش و سیخوڕیان نەخرێتە پاڵ، لەگەڵ پەکەکە کەوتن و ئەوانی تریش چوون پەنایان بۆ دوژمن برد. لەوبارەیەوە نیزامەدین تاش "بۆتان" ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیی هەڵبژێردراوی کۆنگرەی سێیەم لە وتووێژێکی تایبەتدا پێی گوتم: **(کە شەڕی گریلا دەست پێکرا، لە سەرەتادا بەباشی دەست پێکرا و میللەت هاوکاریی لەگەڵ گریلا کرد و پەکەکەش سەرکەوتنی مەزنی بەدەست خست. هەر لەوکاتەدا پەکەکە بەهەڵە دژی عەشیرەتەکانیش شەڕی کرد و ژمارەیەکی لە عەشیرەتەکان کوشت و لە ئاکامدا عەشیرەتە بەناو دەنگەکان پاڵیان بە ڕژێمەوەدا. ساڵی ١٩٨٥ سوپای تورکیا پەلاماری پەکەکەی دا و سەدان گریلای شەهید کرد و پەکەکە زیاتر لە ٩٠% هێزی گریلای لەدەستدا. ئەوکاتە من لە بنکەی گریلای بۆتان بووم کە تەنیا ٦ کەس مابووینەوە، لە دیرسیم ٥ یان ٦ کەس مابوون، بەگشتی لە هەموو کوردستاندا ٢٠ کەسمان نەمابوو. پەکەکە ناچار بوو هێزەکانی بۆ لوبنان بکێشێتەوە. لە لوبنان کۆنگرەی سێیەمیان پێکهێنا و بۆ بەردەوامی شەڕ پێویست بوو هێز کۆبکاتەوە، بۆ ئەم مەبەستە ژمارەیەکی زۆریان لە کوردی سوریا وەرگرت. ڕژێمی سوریا بەخشینی سەربازی بۆ ئەو گەنجانەی دەرکرد کە دەچوون چەکیان بۆ پەکەکە هەڵدەگرت. ئەوکاتە خەڵکی باکور بەدڵ نەدەهاتن و هاوکاریی پەکەکەیان نەدەکرد. سەرکردایەتی پەکەکە یاسایەکی دەرخست کە گەنجەکان سەربازیی بۆ تورکیا نەکەن و بێن بۆ ڕیزەکانی پەکەکە. لە سەرەتای دەرکردنی ئەو یاسایەدا، کورجەمال و هۆگر دەیانگوت عەشیرەتەکان دوژمنایەتی پەکەکە دەکەن و ئێمە دەچین کوڕەکانیان دێنین کە باوکەکانیان لە هاوکاریی کردنی دەوڵەت بکشێنەوە. ئەوان چوون و گەنجەکانی ٥- ٦ عەشیرەتی ژێرکی، ئەرتوش، شەمدینان، هەکاری، سلوپی، شرناخ، گابار و....تدیان کە ببوون بە جاش و دژی پەکەکە شەڕیان**

دەکرد، هێنا، بەڵام ئەوان نەمانەوه و رایانکرد. پەکەکە بۆ ڕێگە گرتن لە ڕاکردنیان بە سەدان کەسیان لەبەر چاوی ئەو گەنجانە کوشت، کەچی ئەو سیاسەتە سەری نەگرت و شکا. ئەوە بوو کە پەکەکە لە ساڵی ١٩٨٦وە نەیتوانی گریلا بنێریتەوە باکوری کوردستان. ئێمە ژمارەیەک لە فەرماندەکان گوتمان وا نابێ و قبووڵ کرا و ئەم جارەیان پێوەندیمان بەو عەشیرەتانەوە کرد کە یاسای سەربازگیرییان تێدا بەڕێوە نەچوو بوو و مەیلیان بۆلای پەکەکە هەبوو. بەم ڕێگایەوە توانیمان لە ساڵی ١٩٨٦وە تا ساڵی ١٩٨٩ نزیکەی ٣٠٠٠ کەس بکەین بە گریلا.) هەرلەو بارەیەوە مستەفا شەفیق "ئاری" دەڵێت:

- (سیاسەتی سەربازی زۆرەملێ و سەپاندنی ئەم یاسایە بەسەر دێهاتەکاندا هزری ئاپۆ بوو، لە زۆر کتێب و نوسینیدا ئەوکاتیش داکۆکی لەسەر کردوە ، بەڵام کە سیاسەتەکە شکستی هێنا و ڕووبەڕووی ناڕەزایی خەڵک بوو، کە دەرئەنجامی ئەمە زۆر لە عەشیرەتەکانی هەکاری و شرناخ چوون چەکی جاشایەتیان هەڵگرت و دژی پەکەکە شەڕیان کرد، عەبدوڵا ئۆجەلان ئۆباڵی ئەم دەرئەنجامەی خستە ئەستۆی ئەو کادیرانەی لە مەیداندا کاریان دەکرد و ئەو کەسانەی بە چەتە ڕێگر تۆمەتبار کرد و هێندێکیان بە کوشتن سزادران کە کۆرجەمال یەکێک لەوانە بوو.)

بەهەر حال، ماوەیەکی کورت دوای کۆنگرەی سێیەم، عەبدوڵا ئۆجەلان ڕەخنەی لە خەباتی کۆمیتەی بەناو ناوەندیی هەڵبژێردراوی کۆنگرە لە باشوری کوردستان گرت و کۆمیتەکەی هەڵوەشاندەوه و کۆمیتەیەکی پێنج کەسیی لە ئەندامانی تر، لە جێی ئەوان دانا. دوای ئەو گۆڕانکارییە، شێخ مووس کە لەگەڵ کۆر جەمال و عوسمان ئۆجەلان لە باشوری کوردستانەوه ئەرکی وڵاتی پێسپێردرابوو، کچێکی بەناوی زێنەب هەڵگرت و لەگەڵ ئەو ڕایکردە ئێران و خۆی دایە دەست ڕژێمی ئێران(٤).

پەکەکە لە ساڵی ١٩٨٦دا چەند چالاکییەکی بچوکی چەکداریی بەڕێوەبرد. گریلایەکیان بە ناوی "وەهاب" بەشێوەی گیانباز "ئینتحار"

چووە سەر دوژمن و شەهید بوو. گریلایەکی تریان بەناوی "ئەردال" لە شەڕدا کوژرا، بەڵام بۆیان دەرنەکەوت کە کێ ئەوی کوشتوە، ئایا جاش لێیان داوە، یان بە چەکی کەسێکی تر شەهید بووە(٥).

دوای ئەو ڕووداوانە، ئۆجەلان کۆنفرانسێکی تایبەتی بۆ هێزەکانی جێگیرکراوی پەکەکە لە باشوری کوردستان پێکهێنا. بەم مەبەستە دوو گروپی لە سوریاوە ڕەوانەی باشوری کوردستان کرد. یەکێک لەو گروپانە بە فەرماندەیی خەلیل ئاتاج "ئەبوبەکر" لە سوریاوە بە فڕۆکە چووە بۆ تاران و ئەویتریان کە گروپێکی تایبەت بوو، بە وتەی جەمیل بایک هەڵگری گەلێک ڕێنوێنی و فەرمانی ئۆجەلان بوو، بە چیای جودیدا ڕەوانە کرا کە لە بناری چیای جودی کەوتە بۆسەی دوژمن و هەموویان کوژران. سەبارەت بە کوژرانی ئەو ژمارەیە، خەلیل ئاتاج لە وتووێژێکی تایبەتدا پێیڕاگەیاندم: **(کوژرانی ئەوو گروپە کە شاهین قەڵاوز بەرپرسی بوو و جەمیل بایک ئاماژە بۆ کوشتنیان دەکات، ١١ کەس بوون، لەو ژمارەیە دوو کەسیان لێ ڕزگار بوو، یەکێکیان مستەفا خەڵکی باتمان بوو و ئەوی تریان دوکتۆرێک بوو، زۆربەی کوژراوەکانیش لە ئاوی هیزلدا خنکان.)**

دوای ئەو ڕووداوانە، دلاوەر یلدرم کە ئەندامێکی شارەزا و کارامەی پەکەکە بوو، بەهۆی گوشاری ئۆجەلان و لایەنگرانی، لە کاتی کێشک بوونیدا لە فێرگەی پەکەکە، خۆی کوشت. ساڵی ١٩٨٨، پارێزەر حوسێن یلدرم کە پێشتر لە ڕێکخراوی کاوەدا بوو و دواتر هاتبووە ڕیزی پەکەکەوە، لە ئەوروپا هەوڵی دیموکراتیزە کردنی پەکەکەی دا کە ئەویشیان لە هۆلەندا تیرۆر کرد، بەڵام برینەکانی تیمار کران و لە مەرگ ڕزگاری بوو. لەم بارەیەوە جەمیل بایک دەڵێت: **(ناوبراو بە پیلانی فاتمە و سەمیر دەیانویست سەرۆکایەتی بکێشنە ئەوروپا، بۆ ئەوەی بیگرن و بڵێن تیرۆریستە! و بەم شێوەیە پارتی بخەنە دەستی خۆیان و بێگومان سەرۆکایەتیش نەچوو و ناشچێت(٦).)**

حوسین یلدرم سەرئەنجام لە پەکەکە جیا بۆوە و بەشێک لە ئەندامان و لایەنگرانـی پەکەکەی لە ئەوروپا لەگەڵ کەوت، بەڵام بۆ جاری دووەم بە فەرمانی ئۆجەلان تیرۆریان کرد.

کۆتایی ساڵی ١٩٨٨و سەرەتای ساڵی ١٩٨٩، ئۆجەلان چەند گروپێکی چەکداری ڕەوانەی باشوری کوردستان کرد. دوو لە نێردراوەکان بە ناوەکانی مەتین و هۆگر، بەرپرسی ئەو دوو گروپە بوون. ئەوان بە شێوەی کۆرجەماڵ ڕەگاژۆیی باکوری کوردستانیان کرد و ژمارەیەکی زۆریان لە خەڵکی گوندەکان کوشت و کۆمەڵێکیشیان ناچارکرد پاڵ بە دوژمنەوە بدەن.

بە نوسینی جەمیل بایک، هەروەها هۆگر و گروپەکەی، سەرۆک عەشیرەتی "ئالا"یان بە ناوی سەعدون ئەغا و چەند کەسی تری ئەو عەشیرەتەیان کوشت و لە ئەنجامدا ئەندامانی عەشیرەتی "ئالا" و عەشیرەتەکانی دەوروبەریان ناچار کرد بۆ پارێزگاریی کردن لە گیانیان چەک بۆ دوژمن هەڵگرن. جگەلە هۆگر، "ساری باران"، "دیشسز مەحمود" و دوکتۆر "باران"یش لە ناوچەکانی چقورچە، بێت الشباب و قاشوورا، لەژێر ناوی تسفیەدا دەیان کەسی بێتاوانیان کوشت و هەزاران هاووڵاتیشیان ناچار کرد، چەک بۆ دوژمن هەڵگرن، یان گوندەکانیان بەجێهێڵن و پەنا بۆ شارەکان بەرن.

هەر لە ساڵی ١٩٨٩دا، ژمارە خوێندکارێکی زۆر لە شارەکانی باکوری کوردستان و تورکیاوە، لە دەست زوڵم و ستەمی دەوڵەتی تورکیا ڕایانکردە لای پەکەکە، بەڵام پەکەکە هەموو ئەو خوێندکارانەی کوشت و ڕایانگەیاند: **(ئەوانە ئاژان و سیخوڕن، یاخود بە زۆر هێناویانن و بە دڵەوە نەهاتوون و زۆر زوو هەڵدێن(٧).)**

کردەوەکانی گروپی هۆگر لەلایەن چەند ئەندامی پەکەکەوە کەوتە بەرباسی کۆنفرانسی پەکەکە، بەڵام بەشدارانی کۆنفرانس لە جیاتی ڕەخنە و مەحکوم کردنی ئەو کردەوانە، ڕێزیان لە هۆگر و گروپەکەی گرت و خەڵاتیان کردن. ئەوەش بوو بەهۆی پەرەسەندنی دیاردەی کورد کوژیی لە

پەکەکەدا و هەموو لایەک بۆ کوشتنی خەڵک و وەرگرتنی خەڵات بەیەکەوە پێشبڕکێیان کرد. جەمیل بایک لەم بارەیەدا لە لاپەڕەی ٥٥١ی کتێبەکەیدا ئاماژە بۆ ئەو پیاو کوژانە دەکات و دەنوسێ: (ئەو پراتیکە تەنیا نەدەگەڕایەوە سەر هۆگر، چونکە پراتیکی ١٩٨٩ بەگشتی لە هەموو وڵات پراتیکی تەسفیە بوو. ئەو پراتیکە لە ناوچەی چقورچە لەلایەن ساری باران و دیشسز مەحمود پیادە کرابوو، لەگەڵ پراتیکی ناوچەی بێت الشباب و قاشوورا کە لە لایەن دوکتۆر بارانەوە بەڕێوە چوو، لە ناوچەکانی تریش هۆگر هەمان پراتیکی بەڕێوە بردبوو، ئەمانە هەمووی یەکتریان تەواو کرد و ئەنجامێکی تەسفیەیان لێدەرکەوت. لە ئەنجامی پراتیکی دوکتۆر بارانیش قاشوورا هەمووی ببوونە جاش، چونکە بەبێ سووچ و تاوان، گەلێک کەسی کوشتبوو. لە هەمان کاتیشدا ساری باران و دیشسز مەحمود(٨) لە ناوچەی چقورچە ئەم پراتیکەی بەڕێوە برد و بەگشتی لەساڵی ١٩٩٠ش پراتیکی وەها دەرکەوت.)

پەکەکە هاوکات لەگەڵ ئەو تیرۆر و خەڵک کوشتنانەی، لە لوبنان کۆنفرانسێکیتری پێکهێناو بە وتەی جومعە گیروگرفتەکانی چارەسەر کرد. چەند ڕۆژ دوای کۆنفرانس، هەمزە دۆستی سەردەمی مندالیی ئۆجەلان، گوللەیەکی بەرکەوت و گیانی لە دەست دا. پەکەکە ئەو تاوانەی خستە ئەستۆی مەتین و ئەوی گرت و پێی ڕاگەیاند: تۆ بە زانیاری و بە پیلانی ساری باران و محەمەد شەنەر ئەو هەڤاڵەت کوشتوە و لە ئاکامدا مەتینیان گوللەباران کرد. واتە یەکێک لەو کەسانەیان لەناو برد کە بە فەرمانی ئۆجەلان لە گوندەکانی باکوری کوردستاندا بە وتەی جومعە پراتیکی تەسفیەی بەڕێوە بردبوو. سەبارەت بە کوژرانی هەمزە بیندال، مستەفا شەفیق کە خۆی لە جێی کوژرانی ناوبراو بووە لە وتووێژێکی تایبەتدا پێی گوتم:

- (ئێوارەیەک کە مەتین ڕاهێنانی سەربازیی بە گریلاکانی ناو ئەکادیمیا دەکرد، لەکاتی مەشق کردندا گوللەیەک، تەنها گوللەیەک هات و

بەر هەمزە بینداڵ کەوت و شەهیدی کرد. ئەوکاتە لە دەوروبەری ئەکادیمیا زۆر گروپی فەلەستینی هەبوون کە ئەگەری ئەوە هەبوو گوللە لە شوێنێکی تریش هاتبێت، بەڵام ئۆباڵی کوشتنی هەمزەیان خستە پاڵ مەتین و بە تەسفیەچی تاوانباریان کرد و بەبێ دادگایی کردن ئۆجەلان فەرمانی کوشتنی بۆ دەرکرد.)

مستەفا شەفیق سەبارەت بە سیاسەتی کوشتن لە پەکەکەدا دەڵێت: (پەکەکە لە دوو لاوە بەردەوام هەوڵی پاکتاو "تسویە" کردنی بزاڤی نەتەوەی کورد و لەناو بردنی کەسایەتییە نەتەوەییەکانی کوردی دەدا. لایەنی یەکەم، پاکتاو کردنی کادیرانی ناوخۆی بوو کە زۆربەی ئەو کادیرانەی کە کوژران. ئەوانە بوون کە بەڕاستی لە ژینگەیەکی کوردەواریدا پێگەیشتون و ئەو کەسایەتییانە لەهەر چوار پارچەی کوردستان هەن کە بەدەست پەکەکە کوژراون. هەر لێرەدا دەبێ ئاماژە بەوە بکەین کە زیاتر لە ١٠٠ کادیری سەرکردایەتی پەکەکە یان کوژراون یان ناچارکراون ڕیزەکانی پەکەکە بەجێهێڵن، ئەمانە گشتیان وەکو باسمان کرد لە ژینگە و کەلتوری کوردەواری نزیک بوون. بەپێچەوانەوە گروپێکی نزیک لە چەپی تورک بەردەوام کۆنترۆڵی سەرکردایەتی پەکەکەیان کردوە، نە شەهید بوون، نە بەشداریی شەڕیان کردوە و نە لەناو چوون، بەڵکو نزیکەی چل ساڵە لەم پلەیەدا ماون. لایەنی دووەم، تا ئەمڕۆ هیچ حیزب و ڕێکخراوێکی کوردستانی نییە کە لەگەڵ پەکەکە دووچاری شەڕی براکوژی نەبووبێت، هەرچەندە کە زۆر خۆیان لە شەڕی پەکەکە پاراستوە، ئەوانیش لە شەڕی پەکەکە ڕزگار نەبوون، بۆ نمونە ئەوەندەی من ئاگادارم، حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران بەهەموو شێوەیەک هەوڵیدا خۆی لە شەڕی پەکەکە بپارێزێت، بەڵام چەندین جار کادیرانی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران و حیزبەکانی تری ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەدەستی پەکەکە شەهید کران، یان تەسلیمی ئێران کرانەوە.) هەروەها زوبەیر عیسا

ئەنـدامی قەرارگـای دووەم و بەرپرسـی ڕاهێنـان و سـەربازیی پەکەکە لە وتووێژێکی تایبەتدا پێی گوتم:

- (لە سەرەتای چوونمان بۆ ڕیزەکانی پەکەکە، بۆمان ڕوون بووەوە لەژێر ناوی عەمەلیاتی سەربازیدا لە گوندی ساتێ لە ناوچەی گەوەڕ ٢٤ کەسیان کوشتبوو و ٧٠٠ مەڕی خەڵکیان هێناوبوو. لەو ٢٤ کەسە، شەش کەسیان ژن و هەشتیان منداڵ و هەشتیان شوان و دوو کەسیشیان خەڵکی تر بوون. لایەکی گوندی ساتێ چەکی ڕژێمیان پیبوو و لایەکەی تر بێچەک بوون، ئەو کارەساتە بەسەر بێچەکەکاندا هاتبوو.) زوبەیر عیسا لە درێژەی وتەکانیدا دەڵێت: (... ژمارەیەکی زۆر کوردی باکور لە زینداندا بوون. جارێک زیندانەکەیان پڕ دەکرد لە خەڵکی ئەو عەشیرەتانەی باکوری کوردستان و بەبێ دادگایی کردن، تەنها بە بیانوو "بەکرێگیراو" هەموویان دەکوشتن، بە سەدان گەنجی ڕێکوپێک و چالاکیان بەو دەردە برد و زۆری نەدەخایاند خەڵکێکی نوێیان دەگرت و پڕیان دەکردنەوە. شێوەی دادگایی کردنیان بەو جۆرە بوو: شکیان لە هەر کەسێک بووایە، دەیانهێنا بۆ نێو ئەو گەنجانەی کە بە زۆری لە ماڵان دەریان هێنابوون کە بیانکەن بە چەکداری خۆیان و زۆربەی هەرە زۆریان لە ژێر تەمەنی ١٨ ساڵیدا بوون و دەیانگوت ئێمە هاتووین وڵات ڕزگار بکەین و ئەوەش هاتووە ئاژانی دەکات، لە ئێوە دەپرسین، ئەوە موستەحەقی چییە؟ ئێمە دەڵێین ئیعدام، بەڵام ئێوە دەڵێن چی؟ ئەوانیش کە هەموویان منداڵ بوون، لە ترسی گیانی خۆیان دەستیان بەرز دەکردەوە و دەیانگوت ئیعدام و گیراوەکەیان دەکوشت. لێت ناشارمەوە، کاتێک ئێستا هەندێک کردەوەی داعش دەبینم ئەوکاتەم بەبیر دێتەوە کە لە پەکەکەدا بینیومە.)

بەهەر حاڵ، محەمەد شەنەر یەکێک لەو تێکۆشەرانە بوو کە ڕۆژی ١٩٨٠/١/٣، پۆلیسی تورکیا لە "باتمان" دەستگیری کردبوو و تا مانگی یەکی ١٩٩٠ بۆ ماوەی دە ساڵ لە زیندانی تورکاندا بە خۆڕاگریی مابووەوە، بەڵام چونکە لە زینداندا پێوەندی لەگەڵ ئەندامە زیندانی کراوەکانی حیزبی

كۆمونیستی توركیا TKP هەبوو، دوای ئازاد بوونی چووه لای ئەوان و بەهۆی كۆمونیستەكانەوه خۆی گەیاندە یۆنان و لەوێوە چوو بۆ ناوەندی سەرۆكایەتی ئۆجەلان. شەنەر، ساری باران، سەكینە جانسز، شیار و ژمارەیەكی تر لەسەر شێوەی ڕێبەرایەتی كردن لە پەكەكەدا، لەگەڵ ئۆجەلان كێشەیان لێ پەیدا بوو و شەنەر پێی گوت: **(ئیتر تۆ ماندوو بووی، بەسە ئەركەكان بدە دەستی ئێمە بەڕێوەی بەرین[٩].)**

یەكێك لە ڕەخنەكانی شەنەر لە ئۆجەلان و پەكەكە، چۆنیەتی بەردەوامی شەڕی گریلا و پەرەپێدانی خەباتی سیاسی بوو لە پەكەكەدا و دەستتێوەردانی پەكەكە بوو لە كاری شەخسی ئەندامان. وەک مەسەلەی هاوسەرگیریی ئەندامان، چونكە پەكەكە ڕێگای هاوسەرگیریی لە كچان و كوڕانی ئەندام و گریلاكانی گرتوە و ئیزن نادات ئەوان هاوسەرگیریی بكەن. لەو بارەیەوە مستەفا شەفیق "ئاری" دەڵێت: **(خاڵێكی زۆر گرنگ كە محەمەد شەنەر داكۆكی لەسەر كرد، چۆنیەتی بەردەوامی شەڕی گریلا و پەرەپێدانی خەباتی سیاسی بوو. شەنەر دەیگوت باشترە ئێمە گریلا بكەینە هێزێكی كەمی چالاک و بژاردە كە بە ناوەڕۆک بەهێز بێت و ئەوانی تریش زۆربەی زۆریان ئامادە بكەین و خەباتی سیاسی پێش بخەین، واتە بە بۆچوونی شەنەر، كاتی ئەوە هاتبوو كە قورسایی بخرێتە سەر خەباتی سیاسی و جەماوەریی و خەباتی چەكداری وەكو تاكتیک بێت. ئۆجەلان و جەمیل بایک دژی بوون، بەڵام دوای گرتنی عەبدوڵا ئۆجەلان لە خۆپاراستنیدا بەرامبەر بە دادگای توركیا خۆشی داكۆكی لەسەر ئەوە كرد كە دوای ساڵانی نەوەدەكان دەبووایە پرۆسەی ئاشتی دەست پێبكات و تا ڕادەیەک شەڕی چەكداریی واتای نەمابوو.)**

ئۆجەلان ئەم جارەش بۆ كۆتاییهێنان بە گیروگرفت و كێشە ناوخۆیەكانی پەكەكە، بڕیاری پێكهاتنی كۆنگرەی چوارەمی دا. بەرلەو كۆنگرەیە، فاتمە و باقی قەرار "سلێمان"یان لە پەكەكە دەركرد. محەمەد شەنەر لە كۆنگرەدا ناوی ژمارەیەكی زۆر لە كادیرانی پەكەكەی ئاشكرا كرد كە سەركردەكانی

پەکەکە بە ناحەق تیرۆریان کردبوون و داوای لە کۆنگرە کرد، کۆمیسیۆنێک بۆ لێکۆڵینەوە لەسەر ئەو ڕەشە کوژییانە دەستنیشان بکات کە کۆنگرە قبووڵی کرد و داواکەی کرا بە بڕیار. شەنەر هەروەها ئاماژەی بە ژیانی گریلا کرد و لە شارستانییەت دوا و ویستی گریلا لەگەڵ ژیانی شارستانی ئاشنا بێت کە لەلایەن جەمیل بایکەوە ڕەخنەی لێگیرا. جومعە بە گۆنگرەی گوت: **(شەنەر دەیەوێ گریلا بکاتە میلیس[10].)** کۆنگرە لە محەمەد شەنەری ویست، لە گوتنەکانی پاشگەز بێتەوە کە شەنەر بە ناچار داوای لێبوردنی لە کۆنگرە کرد. جیهانگیر حازر "ساری باران" کە لایەنگری بۆچوونەکانی شەنەر بوو لە کۆنگرەی چوارەمی پەکەکەدا، ڕەخنەی لە عوسمان ئۆجەلانی برای عەبدوڵا ئۆجەلان گرت و پەنجەی بۆ کەسایەتی لاوازی ئەو ڕاکێشا[11].

کۆنگرە ساری باران و محەمەد شەنەری بۆ کۆمیتەی ناوەندی هەڵبژارد و لەگەڵ گروپێک ڕەوانەی باشوری کوردستانی کردن، بەڵام بە گەیشتنیان بۆ باشوری کوردستان، عەبدوڵا ئۆجەلان بڕیاریدا و گوتی: **(پێویستە ساری باران و شەنەر دەسبەجێ بکەونە ژێر لێکۆڵینەوە[12].)** ئۆجەلان هەروەها گوتی: **(پێویستە ئەیالەتەکان ڕاستەوخۆ گرێدراوی سەرۆکایەتی بن، نەک کۆمیتەی ناوەندی[13].)**

بە ساری بارانیان ڕاگەیاند لەسەر هەڵەکارییەکانی خۆی ڕاپۆرتێک بنوسێ. ئەو بە ناچار ڕاپۆرتێکی نوسی، بەڵام لێیان قبووڵ نەکرد و پێیان ڕاگەیاند، پێویستە ڕەوشی خۆت بەباشی تێدا ڕوون بکەیتەوە، ئەگەرنا دەتگرین. هەربەم جۆرەش لە حەفتانین بە محەمەد شەنەریان ڕاگەیاند کە ڕاپۆرتی خۆی بنوسێ. چونکە ناوبراو بە دڵی ئۆجەلان ڕاپۆرتی لەسەر خۆی نەنوسی، خستیانە ژێر لێکۆڵینەوە و بە تۆبزی ڕاپۆرتی دڵخوازی خۆیان پێ نوسی.

ڕەنگە ئەم پرسیارە بۆ خوێنەران بێتە گۆڕێ کە مەبەستی پەکەکە لە ڕاپۆرت وەرگرتن لە ئەندامانی چی بووە و بۆچی شێوازی ڕەخنە و ڕەخنە

لەخۆ گرتن لە پەکەکەدا شێوازی ڕاپۆرت نوسینی زۆرەملی پەیدا کردوە و ئەندام وای لێهاتووە کە زاتی ئەوەی نەبێت کە خۆی لێ بدات؟

لە پەکەکەدا بۆ ئەوەی ئەندام بخەنە ژێر فەرمانی تەواو، ئەو شێوازە نادیموکراتیەیان هەڵبژاردوە. بەپێی کەلتوری زاڵ بەسەر پەکەکەدا، سەرەتا ئەندامی ڕەخنەگر بەوە تاوانبار دەکەن کە کردەوەکەی خراپە و لەو ڕێگایەوە سوک و زەلیل و بێدەنگی دەکەن و کاتێک بێنیان لەپێ کەوتوە، ئەم جارە دەستی دەگرن تا هەڵستێتەوە سەرپێ کە بە خۆیانەوە گرێی بدەن[١٤]. لەو بارەیەوە مستەفا شەفیق "ئاری" دەڵێت:

- (ئەمەی ڕاست بێت لە کۆنگرەی سێیەمدا سیستەمی ڕەخنە و ڕەخنە لەخۆگرتن وەکو شێوەیەکی دادگایی کردن لەناو پەکەکەدا جێگیرکرا و هەر کەسێک لە ئەندامانی حیزب لە لوتکەوە تا ئەو کەسەی تازە دێت بۆناو ڕیزەکانی دەکەوتە بەر پرۆسەی ڕەخنە و ڕەخنەگرتن لەخۆی لەبەرچاوی سەدان کەس، کەسایەتی ئەم مرۆڤە هەتک دەکرێت، ئەم پرۆسەیە وەکو ڕێبازێک بۆ کەسایەتی شکاندنی مرۆڤەکان لەژێرناوی دروستکردنی کەسایەتی بەکاردێت، بۆ ئەم مەبەستە کتێبی کەسایەتی عەبدوڵا ئۆجەلان بە بنچینە وەرگیرا، بەڵام عەبدوڵا ئۆجەلان بەهەموو شێوەیەک لە دەرەوەی ئەم پرۆسەیەوە بوو، چونکە وەکو خودا کەس بۆی نەبوو ڕەخنەی لێ بگرێت.)

ئەو شێوە ڕووبەڕوو بوونەوەیە لەگەڵ ئەندامان، محەمەد شەنەر، جیهانگیر حازر "ساری باران"، عەبدولڕەحمان قایقچی "فایق"، نافیعە و محەمەدئەمین شەنەری برای محەمەد شەنەری ناچار کرد کە بە چەکەوە رابکەن و پەنا بۆ هێزەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان بەرن. شەنەر دوای ماوەیەک مانەوە لای پارتی دیموکرات، چوو بۆ ڕۆژئاوای کوردستان، بەڵام لەوێ بەفەرمانی ئۆجەلان لە ماڵێکدا تیرۆریان کرد و جەمیل بایک دەڵێت ئەو پیلانە لە سەرەتاوە تا دوایی لەژێر سەری فایق دابوو[١٥]. لەو بارەیەوە جیهانگیر حازر "ساری باران" لە وتوویژێکی تایبەتدا ڕۆژی ٢٠١٦/١/٩

پێیڕاگەیاندم: (عەبدوڵا ئۆجەلان، محەمەد شەنەر و من و هەموو ئەو کەسانەی کە لەگەڵ سیاسەتی ئەو نەبوون بە دوژمنی خۆی دەزانی. فایق و شەنەر و من ساڵی ١٩٩١ لە پەکەکە دەرچووین. ماوەیەک لە باشوری کوردستان ماینەوە و ڕێکخراوێکمان بە ناوی "وەژین" دامەزراند و ژمارەیەکی زۆر لە دەورمان کۆبووەوە. شەنەر چوو بۆ قامیشلوو کە پێوەندیی بە سەکینە جانسز و سەلیم چروک کەیاوە بگرێت. ئەو دوو کادیرانە پێشتر لەگەڵ شەنەر لە تورکیا زیندانی بوون و ئەوانیش دژی سیاسەتی ئاپۆ بوون، کەچی پەکەکە و دەوڵەتی سوریا بە هاتنی شەنەریان بۆ قامیشلو زانی و لەوێ کوشتیان.)

هەروەها ئیحسان شەنەر، برای محەمەد و محەمەدئەمین شەنەر لە سوید پێی ڕاگەیاندم دەزگای هەواڵگری سوریا لە تیرۆر کردنی محەمەد شەنەری برایدا، هاوکاری عەبدوڵا ئۆجەلانی کردوە.

کۆمیسیۆنی لێکۆڵینەوەی ڕەشەکوژیی هەڵبژێردراوی کۆنگرەی چوارەمی پەکەکە ناوی دوو گروپی ئاشکرا کرد کە بە فەرمانی ڕێبەرانی پەکەکە، بەئاشکرا و بەنهێنی کوژرابوون. کۆمیسیۆن ڕایگەیاند تاوانی ئەو دوو گروپە کوژراوانەی نێوان کۆنگرەکانی سێیەم و چوارەم ئەوەندە مەزن نەبوو کە شایانی مەرگ بن. گروپی یەکەمی تیرۆرکراوەکان سێ ئەندام بوون بە ناوەکانی: عیسمەت دۆغرو "سەعدون"، سەلمان ئومورجان "قاسم" و عەبدوڵا ئەکنجی "عەلی" و گروپی دووەم چوارده خوێندکاری باڵا بوون. یەکێک لەو خوێندکارانە "لامعە باکسی" دۆکتۆرەیەکی خوێندکاری سوید بوو کە لە سویدەوە چوو بوو هاوکاریی پەکەکە بکات. ئەوانی تریش بریتی بوون لە ١٣ کەس بەو ناوانە: ساڵح جیلان، سەبری ئەگە، "باقر"، فەهیم، خەیری گەدیک "دوکتۆر ئایدین"، سەلمان عومری جان "گوزلکلوقاسم"، ئاوا ڕەش، حوسێن عەبدولسەمەد "ئەحمەد"، عەلی ئاکتاش، جەمیل ئیکە "ئورهان"، وەیسی "محەمەد"، محەمەد خۆجە، کەنداڵ و مستەفا ئیشلەک[١٦]. نزامەدین تاش "بۆتان" سەبارەت بە سیاسەتی کوشتن لەناو پەکەکەدا دەڵێت:

- (لە ساڵی ١٩٨٦وە تا ساڵی ١٩٩٠ ئەوانەی دەهاتن بۆ ناو پەکەکە، شەڕوان بوون و لە گوندەکانەوە دەهاتن. لە ساڵی ١٩٩٠وە هێزمان زیاد بوو، سەرباز و پۆلیس دەکوژران و بەم بۆنەیەوە خەڵکێکی زۆر پێوەندیان بە پەکەکەوە گرت. هەرلەو ساڵەدا پەکەکە لەنێو زانکۆکانیشدا کاری کرد و ئەوە بوو ئەو گروپانە لە زانکۆکانەوە هاتن و لەگەڵ پەکەکە کەوتن. بەڵام چونکە فێری ژیانی شار ببوون، نەیاندەتوانی وەک گریلا لە چیا بژین و داوایان کرد بیانگێڕنەوە شارەکان و لەوێ کاریان پێبسپێرن. ئەوکاتە هۆگر بەرپرس بوو، گوتی ئەوانە ئۆپۆرتۆنیستن و دەوڵەت ئەوانەی ناردوە، وەی شەڕوانەکان لەناو بەرن و بەو تاوانە هەموویان کوشتن.) سەبارەت بە کوشتنی لامعە باکسی دەڵێت:

- (لامعە دوکتۆر بوو لە سوید خوێندبووی و زۆر خزمەتی نەخۆش و تەنانەت خەڵکی تریشی کرد و خەڵک خۆشیان دەویست، ئەو نەیدەگوت دەگەڕێمەوە ئەوروپا، بەڵام وەک کچێکی ئەوروپی دەجوڵایەوە کە هەڵسوکەوتەکەیان بەدڵ نەبوو و کوشتیان. وەک سەردەمی پۆلپۆتەکان کە ئەگەر کەسێک چاویلکەی لە چاودا بووایە، بە بۆرژوایان دەناسین، ئەوانەش دژی ژیانی شارستانی بوون و زۆر کەسیان بەو تاوانانە کوشت.) هەروەها مستەفا شەفیق سەبارەت بە کوشتنی ئەو کەسانەی بۆ خزمەتکردن بە نەتەوەکەیان دەهاتنە ڕیزی پەکەکەوە دەڵێت:

- (ئەوکاتە هەرکەسێک بە خۆبەخشی هاتبایە ناو پەکەکە، بە گومان سەیریان دەکرد و بڕوایان نەبوو کە خەڵک بۆ نیشتمانپەروەری و وڵاتپارێزیی بێت، بەڵکو گومان دەکرا ئەوە بۆ کاری جاسوسی و سیخوڕی هاتبن، ئەم گروپانە کە گشتیان لە زانکۆکانی وان و هەکاری بوون و بە خۆبەخشی هاتبوون، گشتیان یەک چارەنوسیان هەبوو کە زۆربەیان کوژران. لە هەمانکاتدا ساڵی ١٩٨٩ گروپێک لە کوردانی باشور کە ١٤ کەس بووین و لە ئێران پەنابەر بووین هاتین بۆ ناو ڕیزەکانی پەکەکە، بەڵام هەر هەمومان بە گومانی جاسوس بوون بۆ تورکیا و بنەماڵەی بارزانی

دەستبەسەر و زیندانی کراین، و بڕیاری لە سێدارەدانیان بەسەرماندا سەپاند، بەڵام دوای شەش مانگ بە فەرمانی عەبدوڵا ئۆجەلان لە ئیعدام ڕزگارمان بوو.) شەفیق لە درێژەی وتەکانیدا سەبارەت بە پاکتاوکردنی کادیرانیش لە پەکەکەدا دەڵێت: (کاری تەسفیەکردنی کادیران لە پەکەکەدا ببووە دیاردەیەکی دیار و ئاشکرا، دوای جێگیربوونی عەبدوڵا ئۆجەلان لە بیقاع ژمارەیەکی زۆری بەناوی لادان لە هزری چینی پرۆلیتاریا و جاسوسی کردن بۆ دەوڵەتی تورکیا بە مەرگ سزا دا. بەوەش زۆر لە بەرپرسانی پەکەکە لاسایی ئەویان کردەوە و هەم لە ئەورووپا و هەم لە کوردستان ئەم جۆرە سزایانە بوون بە دیاردەی ئاشکرا و دەیان کادیریان کوشت.)

١- مێژووی پارتی کرێکارانی کوردستان لاپەڕەی ٤٩٥.

٢- زوبەیر عیسا، یەکێک لە کادیرە دێرینەکانی پەکەکە کە لە نزیکەوە لەگەڵ عەبدوڵا ئۆجەلان بووە، لە وتووێژێکی تایبەتدا سەبارەت بەگۆڕینی ناوی پێشمەرگە لە پەکەکەدا، دەڵێت: (بە وتەی عەبدوڵا ئۆجەلان، پێشمەرگە دز و جەردەن و ناوی شۆڕشگێڕی چەکداریان لەکەدار کردوە، بۆیە ناوی گریلایان هەڵبژارد و ناوی پێشمەرگەیان لابرد.)

٣- مێژووی پارتی کرێکارانی کوردستان، لاپەڕەی ٥١١.

٤- لەو بارەیەوە عوسمان ئۆجەلان لە وتووێژێکی تایبەت و ڕاستەوخۆدا کە دەنگی لای من پارێزراوە ڕۆژی ٢٠١٥/١٢/١ سەبارەت بە زێنەب دەڵێت: **(ئەو مەسەلەیە پێوەندیی بەمنەوە نەبوو، بەڵکوو زێنەب لەگەڵ شێخموس و جەمال چوو.)**

٥- مێژووی پارتی کرێکارانی کوردستان ، لاپەڕەی ٥٢١.

٦- هەمان سەرچاوە، لاپەڕەی ٥٣٠.

٧- هەمان سەرچاوە، لاپەڕەی ٥٥١.

٨- دیشسز مەحمود "شێخ موس" ساڵی ١٩٩٠ شەهید کرا.

٩- مێژووی پارتی کرێکارانی کوردستان لاپەڕەی ٥٦٧

١٠- هەمان سەرچاوە، لاپەڕەی ٥٧٩.

١١- لەو بارەیەوە عوسمان ئۆجەلان لە وتووێژێکی تایبەت و ڕاستەوخۆدا کە دەنگی لای من پارێزراوە ڕۆژی ٢٠١٥/١٢/١ دەڵێت: **(ئەو مەسەلەیە پێوەندیی بەمنەوە نەبوو، بەڵکوو پێوەندیی بە ساری باران، "مەحمود دیشسز" و محەمەد شەنەرەوە هەبوو و کۆنگرەی ڕەخنەی لەو دوو کەسە گرت، نەک لەمن.)**

١٢- مێژووی پارتی کرێکارانی کوردستان، لاپەڕەی ٥٨٢.

١٣- هەمان سەرچاوە.

١٤- هەمان سەرچاوە، لاپەڕەی ٥٠٦.

١٥- هەمان سەرچاوە، لاپەڕەی ٦٠٤.

١٦- سەرخۆبوون، ژمارە ١١٤، ساڵی ١٠ حوزیرانی ١٩٩١.

# پەکەکە خۆی بە ئالتەرناتیڤی ڕێکخراوەکانی باشوری کوردستان دەزانێت

پارتی کرێکارانی کوردستان، دوای ڕاپەرینی ساڵی ١٩٩١ی گەلی کورد لە باشوری کوردستان لە شارەکانی زاخۆ و دهۆک و گوندەکانی ناوچەی بادینان، ناوەندی ARGK ی دامەزراند و ئالای خۆی لەسەر بارەگاکانی هەڵکرد. ئۆجەلان ویستی لەو بۆشاییە کەڵک وەربگرێت کە ڕژێمی عێراق بە بەجێهێشتنی باشوری کوردستان لە مانگی ١٠ی ساڵی ١٩٩١ پێکیهێنابوو و دەیویست باشوری کوردستان بخاتە دەست خۆی. بۆ ئەو مەبەستە، پەکەکە سەرەتا کەڵکی لەو گریلا و کوردانەی باشور وەرگرت کە ساڵی ١٩٨٨ پاڵیان بە پەکەکەوە دابوو. بەشێک لەوانە پێشتر لە فێرگەی پەکەکەدا پەروەردە کرابوون و بۆ کەڵک لێوەرگرتنیان سەرەتا پارتی ئازادی کوردستان PAK ی بۆ پێکهێنان و ئەوی بە ئالتەرناتیڤی ڕێکخراوە سیاسییەکانی باشوری کوردستان ناساند. جەمیل بایک لە لاپەڕەی ٥٨٧ی کتێبەکەیدا، مێژووی پارتی کرێکارانی کوردستان، پەنجە بۆ ئەو مەسەلەیە ڕادەکێشێ و دەنوسێت:

- (ئێمە ویستمان لە ڕێگەی گروپێکی باشووری مەزن کە ساڵی ١٩٨٨ تەڤلی ئێمە ببوون، موداخەلەیەکی باشوور بکەین. چونکە دەمانزانی ئەو پارت و ڕێبەرانەی باشوور ناتوانن گیروگرفتی گەل چارەسەر بکەن، بۆیە پێویست بوو پارتییەکی ئاڵتەرناتیڤ ساز بکرێت. ئەو هەڤاڵانە بۆخۆشیان خوازیاری ئەمە بوون، ئێمەش بە باشمان زانی پارتی ئازادی کوردستان PAK دامەزرێت. ئەو گروپە بە گرانی لە ئەکادێمیا بوو، سەرۆکایەتیش گەلێک لەسەریان ڕاوەستا و یارمەتی کردن، لەسەر ئەو بنەمایە مانیفێست و پرۆگرامی خۆیان نووسی و سەرۆکایەتیش بەهۆی وەرگێڕەوە گەلێک هاوکاری کردن.)

ئەو ژمارەیەی پارتی ئازادی کوردستان "پاک"یان دامەزراند، ڕۆژی ١٩٨٩/١٠/٢٠ چووبوونە ڕیزەکانی پەکەکە، نەک لەساڵی ١٩٨٨دا کە جەمیل بایک ئاماژەی بۆ دەکات. لەو بارەیەوە، زوبەیر عیسا یەکێک لە ئەندامانی دامەزرێنەری پارتی ئازادی کوردستان پاک لە ساڵی ١٩٩١ و ئەندامی سەرکردایەتی ئەو پارتە دەڵێت: (ئێمە ١٤ کوڕە گەنجی لایەنگری پارتی دیموکرات کە لە ئێران ئاوارە بووین، ڕۆژی ١٩٨٩/١٠/٢٠ چووین بۆ لای پەکەکە کە لای ئەوان خولی پەروەردەی ببینین و بگەڕێینەوە باشوری کوردستان و درێژەی بە شەڕی چەکداریی بدەین. ئەوانەی پارتی ئازادی کوردستان "پاک"یان دامەزراند، بریتی بوون لە: مستەفا شەفیق، عەزیز وەیسی، زوبەیر عیسا، قادر موسا، حوسێن یاسین، سەعید ئیبراهیم، سدیق حەسەن، شوکری و دوکتۆر سیروان "کاوە" کە لە ئەوروپا گەڕابووەوە، لەگەڵ چەند کەسی تر کە کادیری نوێ بوون. کەمال سور و عوسمان ئۆجەلانیش لەگەڵ ئێمە بەشداریی کۆنگرەی دامەزراندنی PAK بوون.)

مستەفا شەفیق "ئاری" یەکێکی تر لە ئەندامانی دامەزرێنەری پارتی ئازادی "پاک" دەڵێت: (ئێمە چووین بۆ دەڤەری چەلێ "چقورچە" لەسەر سنوری باشور و باکوری کوردستان کە بنکەیەکی پارتی کرێکارانی کوردستانی لێبووە و گوتمان هاتووین پەروەردە بین و بگەڕێینەوە بۆ باشور و شەڕی چەکدارانە بکەین. دوای مانگێک مانەوەمان لە چقورچە جەمیل عیشق "هۆگر" کە ئەوکات فەرماندەی ئەو بنکەیەی پەکەکە بوو لەبەر کۆمەڵێک هۆکار ئێمەی گرت و بۆ ماوەی شەش مانگ دەستبەسەری کردین، گوتی هاتوون سیخوڕیی بۆ پارتی دیموکرات بکەن. دواتر هۆگر خۆی بەتاوانی کوشتنی خەڵک ڕایکرد، ماوەیەک لە عێراق لە لای ڕژێمی بەعس مایەوە و دواتر چوو بۆ ئەڵمانیا. بە ڕاکردنی ناوبراو، ئێمە بە ئەمری عەبدوڵا ئۆجەلان ئازاد کراین و ناردیانین بۆ لوبنان و لەوێ خولی پەروەردەمان بینی. دوای کۆتایی خولەکە گەڕامەوە بۆ باشور و یەکێک بووم لەو کەسانەی کە دەستم هەبوو لە دامەزراندنی پارتی ئازادیی

**کوردستان "پاک" و ئەندامی سەرکردایەتی ئەو ڕێکخراوەیەش بووم.)** سەبارەت بە کوژرانی هۆگر، جیهانگیر حازر "ساری باران" دەڵێت: **(هۆگر پیاوی عەبدوڵا ئۆجەلان بوو و سەرئەنجام بە فەرمانی ئۆجەلان لە ئەڵمانیا تیرۆر کرا.)**

بەهەر حاڵ، پارتی ئازادی تا ساڵی ١٩٩٢ و ڕاپەرینی پەکەکە دژی پەرلەمان و حکومەتی هەرێمی کوردستانی عێراق دەوامی کرد، بەڵام ئیتر نەیتوانی لە بەرامبەر پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتی نیشتمانی و ڕێکخراوەکانی تری کوردستاندا دەوام بێنێت و ئەو توندوتیژییەی بۆ نەچووەسەر کە لە پەکەکەدا فێر ببوون، چونکە بەشێک لە ئەندامانی پاک دژی شەڕی ڕێکخراوەکانی باشور بوون و ئەو ڕێکخراوە هەڵوەشایەوە. لەم بارەیەوە جەمیل بایک دەڵێت: (.... **لە کاتێکدا PAK بۆ ئەوە دامەزرا کە بە شێوازی پەکەکە خەبات بکات و ئەگەر بەم شێوازە هەڵسوڕابا بە دڵنیایی سەردەکەوت. هێشتا PAK جێگەی خۆی نەگرتبوو کە ئەمریکا و ئینگلیز و فەرانسە، پارتەکانی باشووریان ڕێکخست، ئێمەش دەبووایە بەر لەوان میللەت ڕێک بخەین و لە دژی ئەو هێزانە بیانخەینە کار.[١])**

ئایدیولۆژی پەکەکە دژبە ئیمپریالیزم و ستراتیژەکەی بۆ دامەزراندنی دەوڵەتی بە خەیاڵ سۆسیالیستی لە کوردستاندا، بەبێ هیچ تێڕوانێکی سیاسی، ئابووری، کۆمەڵایەتی و فەرهەنگیی لە کوردستاندا وای لە ئۆجەلان، جەمیل بایک و ڕێبەرانی پەکەکە کرد کە دژی ئازادبوونی باشوری کوردستان بوەستن و بچینە ناو بەرەیەکەوە کە دەوڵەتە داگیرکەرەکانی کوردستان لە بەرامبەر گەلی کورد لە باشوری کوردستان و دەستکەوتی نەتەوەی کورد و بەرژەوەندەکانی پێکیان هێنابوو. ئەو بەرەیە شان بە شانی ئێران و حیزبوڵای لوبنان لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دژی ئەمریکا خەباتی دەکرد! بەپێچەوانەی ئەو بۆچوونەی پەکەکە و هەوڵی دەوڵەتە داگیرکەرەکانی کوردستان بۆ لەناو بردنی دەسکەوتی نەتەوەی کورد لە باشوری کوردستان، ئازادبوونی باشوری کوردستان لە ١٩٩١/١٠/٢٤

و کۆتاییهاتنی دەسەڵاتی ڕژێمی بەعس و سەدام حوسێن لە هەرێمی کوردستانی عێراق، کاریگەرییەکی مەزنی کردە سەر هەستی نەتەوایەتی و گەشەسەندنی کوردی هەموو بەشەکانی کوردستان.

گریلاکانی پەکەکە لەبەر ڕۆشنایی ئەو کاریگەرییەدا توانیان چەند زەبری قورس لە سوپای تورکیا بوەشێنن و لە بەرامبەر شەهید بوونی چەند گریلایەک لە "باگۆک" خەڵکی نوسێبین بە دژی دوژمن ڕاپەڕێنن. خەڵکی نوسێبین بە ڕێپێوانێکی مەزن تەرمی شەهیدەکانیان بەخاک سپارد. دوای نوسێبین، جەزیر، مووش، بینگۆڵ، دێرسیم و بەگشتی خەڵکی هەموو باکوری کوردستان ڕاپەرین و باکوری کوردستان وەک بڵێسەیەکی ئاگری لێهات و بەو سەرهەڵدانانە، گریلاش هێندەیتر وزەی پەیداکرد(٢). لەبەر ئەوە دەکرێ بڵێین هەرچەندە پارتی ئازادیی کوردستان هەڵوەشا، بەڵام ساڵی ١٩٩١، ساڵی گەشەسەندنی پەکەکە بوو لە کوردستان و دەرەوەی کوردستاندا و لەو ساڵەدا هەزاران کەس پاڵیان بە ڕێکخراوەکانی پەکەکەوە دا. لە کۆتایی ساڵی ١٩٩١دا، تۆرگۆت ئۆزال سەرکۆماری ئەوکاتی تورکیا، لەژێر کارگەریی جەوی پێکهاتوو، یاسایەکی تایبەتی دەربارەی پێکهاتنی پارتی سیاسی لە تورکیا بڵاوکردەوە و ڕایگەیاند: لە خەزێنەی گشتی دەوڵەت پارە بدەنە ئەو پارتە سیاسیانەی کە بە ڕێگەی ئاشتی و دیموکراتییەوە، هەوڵی دیموکراتیزە کردنی تورکیا دەدەن.

ئۆزاڵ کە لەدایکەوە کورد بوو، بۆخۆی پارتی HEPی دامەزراند و هەلی بۆ خەڵک و ڕووناکبیرانیش ڕەخساند کە ئەوانیش ڕێکخراو و کۆمەڵەی سیاسی و پیشەیی بۆخۆیان دامەزرێنن. ژمارە کوردێکی سیاسییکار ئەو هەلەیان قۆستەوە و پارتی DEPیان دامەزراند و داوایان لە ڕێبەرانی پەکەکە کرد هەوڵبدەن بۆ بەرژەوەندی کورد و بزوتنەوەی کورد باکوری کوردستان، دژایەتی ئەو ڕێکخراوە سیاسیە تازە دامەزراوە نەکەن و ڕێکخراوەکە بەهی خۆیان بزانن. سەبارەت بەو کراوە سیاسییە لە تورکیادا جەمیل بایک لە لاپەڕەی ٥٩٢- ٥٩٤ی کتێبەکەیدا مێژووی پارتی کرێکارانی

کوردستان دەڵێت: (تۆرگۆت ئۆزال پارتی HEP ی سازکرد. دەوڵەت دەیخواست لە ڕێگەی ئەو پارتیە میللەت کۆنترۆڵ بکات و بیانخاتە هێڵێکی ڕیفۆرمیستانە، بۆیە تۆرگۆت ئۆزال یاسایەکی تایبەتی دەرخست تا لە خەزێنەی گشتی پارە بدەنە ئەو پارتییە. بەتەما بوون لە ڕێگەی ئەم پارتییە بەرهەمی خەباتی ئێمە تا ئەو ڕۆژە کە لەناو گەل وەدی هاتبوو، هەمووی کۆکەنەوە و بیخەنە خزمەتی خۆیان. ئەوکاتە من لە ئەوروپا بووم و دامەزرێنەرانی HEP هاتنە ئەوروپا و ڕێکخراو و لایەنی جۆربە جۆریان دەبینی و تەنانەت هاتنە لای ئێمە و گوتیان: "دەخوازین شتێکی وەها دروست کەین، ئێوە دەڵێن چی؟ لەگەڵ ڕێکخراوەکانی تر قسەمان کردووە و هەموو قەبووڵیانە، بەڵام ئەوەی گرنگە ئێوەن چونکە بەبێ ئێوە ناتوانین ئەوکارە بکەین." دیارە ئێمە وەڵامێکی تەواومان نەدانەوە و گوتمان: "ئێستاکە ناتوانین هێچ بڵێین و هاریکاریتان بکەین. لەسەری تێدەفکرین و دوایی بڕیاری خۆمان دەدەین". ئیتر ئەوانیش چوون و دەستیان بە دامەزراندنی HEP کرد. هەروەکو دەزانرێ ئێمە لەژێرەوە ڕێکخستنی ئەوانمان بە تەواوی خستە دەستی خۆمان، کاتێ هەستیان بەوە کرد، هاتن و جارێکی تر بەپەلە گوتیان: "ئەگەر ئێوە ناخوازن دەستی لێبەر دەدەین".

چونکە بینیان بەبێ ئێمە ناتوانن هیچ بکەن، ئێمەش پێمان گوتن: "وەکوو دیتتان بەبێ ئێمە لە کوردستان هیچ شتێک دروست نابێت. ئەگەر دەتانهەوێ کارێک بکەن، پێویستە بە بڕیاری ئێمە دروستی بکەن، واتە خزمەتی دەوڵەت نەکات و بکەوێتە خزمەتی میللەت، ئەگینا تاکە ڕۆژێک ناتوانێ لەسەر پێ خۆبگرێ". کاتێ دەوڵەت بینی بەم شێوەیە ئەو پارمەتییەی سازیان کرد تا لە دژی ئێمە بەکاریان بێنن، خستوومانە دەستی خۆمان و سیاسەتەکەیان پوچەڵ بۆتەوە، ڕێگەیان پێنەدا بکەوێتە ناو هەڵبژاردنەکان. ئێمەش تاکتیکی ئەوانمان خراپ کرد و سەرۆکایەتی داوای لە چەپەکانی تورک کرد کە بەیەکەوە تاکتیک لە هەڵبژاردنەکان دا بەڕێوە ببەین. کاتێ دیتمان ئەو چەپانە ئەم کارە ناکەن، خۆمان بەتەنیا

ئەو تاکتیکەمان بەڕێوەبرد و لەگەڵ SHP ڕێکەوتنمان کرد. ڕێگەوتنەکە وابوو کە ئەو پارلەمانتارانەی دەریان دەخەن لەگەڵ SHP بکەونە ناو هەڵبژاردن و بچنە ناو مەجلیس. لێرەدا ئامانجی ئێمە ئەوە نەبوو کە هەندێ پارلەمانتار دەربخەین، بەڵکوو بۆ ئەوە بوو کە هەڵبژاردنەکە بکەینە ئامرازێک تاکوو پروپاگەندە بکەن و ئەرکی بەرە ڕاحەت بکەین. بە ڕاستی لەو هەڵبژاردنانەدا گەلێک کەڵکمان وەرگرت و پروپاگەندەی زۆرمان کرد. دەوڵەت بینی کە هەموو شتێکی لەدەست دەرچووە ناتوانێ هیچ کارێک بکات، لە ئەنجامدا ئەوەی ئێمە دەمانهەویست میللەت ببینن کە پارلەمانە ناتوانێ خزمەتی کوردستان وەدی بێنێت. چونکە بە دەیان ساڵ بوو نەمانتوانی بوو ئەوە لە میللەت بگەینین. بەڵام کاتێ نوێنەرانی گەل کەوتنە پارلەمان و سوێندیان خوارد، بە چاوی خۆیان دیتیان چیان بەسەر هات، لە دواییش دا پەرلەمان چی کرد و چی بەسەر HEP هات. بەمجۆرە دەوڵەت HEPی داخست و ئێمەش لەشوێنی ئەو DEP مان دروست کرد. وەکوو دەزانین ناچار بوون DEP یش بگرن و بوو بە بەڵایەک لە سەریان و تاکوو ئێستاش بەناوی HADEP بەڵای سەریانە.)

جەمیل بایک ئاماژە بۆ دەستکەوتنەکانی ئەو هەوڵە نادیموکراتییەی پەکەکە ناکات و نالێت بە لەمپەر خستنەبەر پرۆژەی تۆرگۆت ئۆزال بۆ دیموکراتیزە کردنی تورکیا و گیروگرفت دروست کردن بۆ HEP چ سودێک بە نەتەوەی کورد گەیشت؟

بەهەر حاڵ ئەمڕۆ HADEP لە تورکیا بە ئازادی خەبات دەکات و ئەندامانی لە هەڵبژاردنی ساڵی ١٩٩٩ی تورکیادا نزیکەی ٢٠%ی دەنگی کوردەکانیان هێنایەوە. لە HADEP دا ژمارەیەکی زۆر کورد هەن کە لە بەرامبەر سیاسەتی دەوڵەتی تورکیادا کە دژ بە نەتەوەی کورد هەیەتی، بەربەرەکانی دەکەن و سەبارەت بە هەڵبژاردنی ساڵی ٢٠١٥ی تورکیا و هێنانەوەی ٨٠ کورسی پەرلەمان لە بەشەکانی دواییدا دەدوێم.

پەکەکە ساڵی ١٩٩١، کۆنفرانسێکی بەناوی کۆنفڕانسی زیندان لە ناوەندی سەرۆکایەتی عەبدوڵا ئۆجەلاندا پێکهێنا. دەوڵەتی تورکیا لەو ساڵەدا، ژمارەیەکی زۆر زیندانی سیاسی ئازاد کرد کە بەشێکیان کادیر و لایەنگری پەکەکە بوون. بەندکراوەکان بە ئامۆژگاری محەمەد شەنەر کە پێشتر لەگەڵیان زیندانی بوو، زۆر ئازایانە خۆیان لە زینداندا ڕاگرتبوو. ئەوان لە بەرامبەر مەئمورەکانی تورکیادا لاوازییان پێشان نەدابوو و بە خۆڕاگری لە زینداندا مابوونەوە، بەڵام مانەوەیان بەو شێوەیە بەدڵی ئۆجەلان و بایک نەبوو. لەبەر ئەوە جەمیل بایک لە لاپەڕەی ٥٩٥ی کتێبەکەیدا "مێژووی پارتی کرێکارانی کوردستان" دەڵێت:

- (ساڵی ١٩٩١ لە گۆڕەپانی سەرۆکایەتی کۆنفڕانسی زیندان سازکرا. ئەوکاتە گەلێک کادری ئێمە لە زیندان دەرکەوتبوون، کە خاوەنی گیروگرفتی تایبەت بەخۆیان بوون. لەناو زیندان خەبات و بەرخۆدانیان کردبوو، بەڵام دوای ئەوەی شەنەر دەسەڵاتی خۆی بەسەریان دا سەپاندبوو، ئەو بەرخۆدانە لە چوارچێوەیەکی سیاسی دەرکەوتبوو. واتە بەرخۆدان لە پێناوی شتی بچووک دا دەکرا، نەک بۆ ئامانجی مەزنی سیاسی. دیارە ئەمەش بەو هۆیە بوو کە بڵاوی و دوور بوون لەناو ئەم کادرانەدا دروست ببوو و بە جارێک لە پارتی دوور کەوتبوونەوە. لەگەڵ ئەم گروپە سەکینە جانسزیش هاتبوو، کاتێک هات ئەویش بە سەرۆکایەتی گوتبوو: بەسە ئیتر ماندوو بووی و ئەو کارە بە ئێمە بسپێرە[٣].)

ساڵی ١٩٩٢، دەوڵەتی تورکیا بۆ ئەوەی کارگەریی ڕاپەرینی ساڵی ١٩٩١ی باشوری کوردستان لەسەر کوردەکانی باکوری کوردستان لەناو بەرێت، هێرشێکی بەربڵاوی کردە سەر باکوری کوردستان و سەدان گوندی کوردستانی وێران کرد و سەدان کەسی ئاوارە کرد.

١- مێژووی پارتی کرێکارانی کوردستان لاپەرەی ٥٨٨.
٢- هەمان سەرچاوە، لاپەڕەی ٥٩١.

٣- نابێ ئەوە لەبیر بکەین کە ئازادی ئەو زیندانییانەی پەکەکە لە سەردەمی سەرۆکایەتی تۆرگۆت ئۆزال دا بەڕێوەچوو کە دەیویست ڕیفۆرم بکات و پەکەکە قبووڵی نەبوو. سەکینە جانسز لەگەڵ دوو خانمی تر لە مانگی یەکەمی ساڵی ٢٠١٥ لە هۆدەی کارەکەیدا لە پاریس تیرۆرکرا و هەتا ئێستا بکوژی ئەو و هاوڕێکانی نەدۆزراونەتەوە.

# شەڕی پەکەکە دژی پەرلەمانی کوردستان

ڕۆژی ١٩٩٢/٥/١٩ بۆ یەکەم جار بەرەی کوردستانیی لە باشووری کوردستاندا، هەڵبژاردنێکی ئازاد و دیموکراتی بەڕێوەبرد. گەلی کورد بۆ یەکەم جار لە مێژووی خۆیدا، ڕۆژی ١٩٩٢/٦/٤ یەکەم پەرلەمانی خۆی بە هاوبەشی لەنیوان پارتی دیموکراتی کوردستان، یەکێتیی نیشتمانی کوردستان، برا کریستیانەکان و تورکمانەکانی کوردستان پێکهێنا. من ئەو شانازییەم پێبەخشرا کە یەکێک بم لە چاودێرانی ئەو هەڵبژاردنە و بەشداریی کرد لە یەکەم خولی یەکەم پەرلەمانی کوردستاندا و بیست ڕۆژ دوای پێکهاتنی پەرلەمان، ڕاپۆرتی خۆم لە کتێبێکی ٢٢٠ لاپەڕەییدا لەژێر ناوی **"ڕاپۆرت دەربارەی هەڵبژاردن و پەرلەمانی کوردستان"** لە وڵاتی سوید بڵاوکردەوە.

ئەو هەلومەرجەی لەو کاتە ناسکەدا بۆ نەتەوەی کورد لە باشووری کوردستان ڕەخسابوو، پەکەکە بە بەرزکردنەوەی دروشمی ئازادیی کورد و سەربەخۆیی هەموو کوردستان، خەریک بوو کوردی شار و گوندە ئازادکراوەکانی باشووری کوردستانی ڕێکدەخست و بە دژی پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتیی نیشتمانی کوردستان هاتە گۆڕەپانەکەوە و پشتیوانی و بەرگری کردنی ئەمریکا و ئینگلیز و ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکانی لە کوردی باشور، بە کفر و خیانەت بە کورد ناساند و ڕایگەیاند: **(گەل نابێ بایەخ بە یاساکانی پەرلەمان بدات.)**

هەروەها ڕایگەیاند کێشەی باشوری کوردستان بەبێ پەکەکە چارەسەر نابێ و پارتی و یەکێتی دەبێ پەکەکە بە لایەنێکی کێشەی کورد لە باشوری کوردستان بزانن. هەرکە پارتی و یەکێتی ڕێیان پێنەدا دەست لە کاروباری باشوری کوردستان وەربدات، پەکەکە دروشمی ڕوخاندنی پەرلەمان و حکومەتی کوردستانی بەرز کردەوە. دروشمێک کە تا ئەوکاتە و ئێستاش بۆ ڕژێمی تورکیا و داگیرکەرانی کوردستانی بەرز نەکردوەتەوە.

ناوەندەکانی حەفتانین، خواکورک، مەتینا و چقورچەیان بە گریلا بەهێز کرد و لە هەندێک جێگەشدا بە ناوی پارتی ئازادیی "پاک" بۆ تێکدانی باری کوردستان، دەستیکرد بە ئاژاوە نانەوە. کۆبوونەوەی هێزەکانی پەکەکە لەو ناوەندانە، دەوڵەتی تورکیای هاندا کە پەیتا پەیتا بە فڕۆکە پەلاماری گوندەکانی باشوری کوردستان بدات و لە ئاکامدا زیانێکی زۆری گیانی وماڵی بە دانیشتوانی سەر سنوری دەستکرد باشور لەگەڵ باکوری گەیاند.

ئەوانە لە کاتێکدا ڕوویان دەدا کە هێشتا عەبدوڵا ئۆجەلان و ڕێبەرانی پەکەکە لەسەر شێوەی خەبات و چۆنیەتی بەرەنگار بوونەوەیان دژی ئیمپریالیزم لە باشوری کوردستان و تورکیا دوو دڵ بوون و نەیاندەزانی چۆن و لە کوێ کەڵک لە گریلاکانیان وەرگرن و لە هەلومەرجی ڕەخساو دژی کێ و کام لایەن شەڕ بکەن، بەڵام شەڕیان دەویست. لە باکوری کوردستان هەرچەندە گەلی کورد ئامادەی گیانبەخت کردن بوو و دەیویست وەک باشوری کوردستان بە ئازادی بگات، بەڵام ئوجەلان و ڕێبەرانی پەکەکە توانای کەڵک وەرگرتنیان لەو هێزەی خەڵک نەبوو، یان نەیاندەویست دژی دەوڵەتی تورکیا بەکاریان بێنن، بەڵام خەبات و چالاکییەکانی جەماوەریان بە ناوی خۆیان تۆمار دەکرد. لەم بارەیەوە جەمیل بایک دەڵێت: **(ئەو کاتە گەلێک مشت و مڕ دروست دەبوو، کە ئایا ساڵی ١٩٩٢ لە باشوور شەڕ بکەین یان لە باکور. واتە هەستمان بەو مەترسیە دەکرد کە ڕژێمی تورکیا شەڕ بهێنێتە ناو گۆڕەپانی باشوور. چونکە هێشتا هێزی سەرەکیمان لە باشوور بوو. هەروەها دەیانزانی کە PAK مان دامەزراندوە و دەخوازین لە باشوور خەبات بکەین. تەنانەت لێپرسراوی بنکەی خواکورک بۆخۆشی دەیگوت: "شەڕ دەکەوێتە باشوور و پێویستە بەگوێرەی ئەمەش ئامادەکاری بکەین." واتە لە دەست نیشان کردنی ڕەوشی شەڕدا لاوازییەکی ئەوتۆ نەبوو، تەنیا مەسەلەی خستنی ئەو بڕیارە لەناو پراتیکدا بوو(١).)**

لە پراکتیکی شەڕی چەکدارانەدا، پەکەکە ساڵی ١٩٩٢ لاوازییەکی بەرچاوی نواند. لە "تاشدەلەن" ١٢ گریلایان بەدەست هێزەکانی تورکیا

شەهید بوون. گروپێکیان لە "ئەرجان" کەوتە بۆسەی دوژمنەوە و لە ٣٠ گریلای ئەو گروپە، ٢٣ کەسیان شەهید بوو و حەوت کەسەکەی تریشیان بە بریندار کەوتنە دەست هێزەکانی دوژمنەوە[٢]. کە ئەوە کارەساتێکی چاوەڕوان نەکراوە لە شەڕی پێشمەرگایەتیدا.

جگەلەوانە، ڕۆژی ١٩٩٢/٨/١٥، حکومەتی تورکیا هێرشی کردە سەر لایەنگرانی پەکەکە و زەبرێکی قورسی لێدان و ژمارەیەکی زۆری لێ دەستگیر کردن. هۆی ئەو جوڵەیەی سوپای تورکیا بۆ ئەوە دەگەڕایەوە کە نەکات ئۆجەلان و ڕێبەرانی پەکەکە کوردی باکوری کوردستان هانبدەن کە ئەوانیش ناوچەی خۆیان ئازد بکەن، بەڵام بەپێچەوانەوە لەوکاتە دژوارەدا، ئۆجەلان بە دژی پەرلەمان و حکومەتی هەرێمی کوردستان، تیۆری حکومەتی شەڕ و پەرلەمانی نەتەوەیی بڵاوکردەوە و بڕیاریدا بە کردەوە بۆ دامەزراندنی ئەو پەرلەمانە خەیالییە وەک ئاڵتەرناتیڤی پەرلەمانی کوردستان خەبات بکەن[٣].

بەو مەبەستە، پەکەکە ڕۆژی ١٩٩٥/٤/١٤، پەرلەمانێکی لە ئەوروپا دامەزراند و ناوی **"پەرلەمانی نەتەوەیی"** لەسەر دانا و ویستی وەک ئاڵتەرناتیڤی پەرلەمانی هەرێمی کوردستانی عێراق، لە ئەوروپاوە بیگوازێتەوە بۆ باشوری کوردستان. بە خەیاڵ و گوتنی ئۆجەلان: بەو پەرلەمانە بەرژەوەندیی ئەمریکا، تورکیا و پارتە سیاسییەکانی باشوری کوردستان بخاتە مەترسییەوە.

بۆ گەیشتن بەو خەونە، پەکەکە ساڵی ١٩٩٥ هەوڵیدا ئەندامانی پەرلەمانە خەیاڵییەکەی لە باشوری کوردستان جێگیر بکات و حکومەتێکیش لەژێر ناوی حکومەتی "زاب" لەوێ دامەزرێنیت. هەرچەندە بۆ ئەو مەبەستە چەند کەسێکی لە شاری سلێمانی جێگیر کرد، بەڵام لە پرۆژەکەیدا سەرنەکەوت. لەم بارەیەوە جەمیل بایک دەڵێت: **(دوژمن لەوە دەترسا کە باشووری مەزن بکەوێتە دەستی ئێمە. ئەگەر ئێمە گرانیی خۆمان خستبا سەر باشوور، هیچ سیاسەتێک بێ ئێمە جێبەجێ نەدەبوو و بەرژەوەندی**

ئەوان دەکەوتە مەترسییەوە. ئەمە بۆ ئەمریکا و تورکیا و پارتەکانی باشوور مەترسیدار بوو و ئەو ناوچانە دەبوونە بنکەیەک بۆ کوردستان و ئەویش مردنی ئەوان بوو(٤).)

سەرەتا پێویستە بڵێم ئەوکاتە لە فەرهەنگی بەستراوەیی سیاسیی ئۆجەلان و پەکەکەدا نەبوو کە باس لە ڕۆژئاوای کوردستان وەک بەشێک لە خاکی کوردستان بکەن، ئەوان بۆ ڕازی ڕاگرتنی بنەماڵەی ئەسەد نەیاندەویست ناوی ڕۆژئاوای کوردستان، بە زمان و بە نوسین بەکار بهێنن. هەرچەندە باشیان دەزانی لە بواری زانستییەوە، خاڵێکی بچووکیش چوار سوچی ڕۆژهەڵات، ڕۆژئاوا، باکور و باشوری هەیە! بەڵام بە وتەی ئەوان، کوردستانی کوردان لە سێ هێڵی ڕۆژهەڵات، باکور، باشوری مەزن و باشوری بچکوک پێکهاتبووە. سەبارەت بە شەڕی پەکەکە لە باشوری کوردستاندا دژی پارتی دیموکرات و یەکێتی نیشتمانیی کوردستا، مستەفا شەفیق پێیڕاگەیاندم:

- (پێویستە لێرەدا ئاماژە بۆ تێڕوانینی ئایدیولۆژیای پەکەکە بکرێت کە لە چوارچیوەی شەڕی دژ بە باشوری کوردستان و بەتایبەتی دژی سەرۆکایەتی بارزانی بوو. ئەو لە چوارچێوەی کوردستاندا، باکوری کوردستان بەو پارچەیە دەزانێت کە بتوانێت سەرکردایەتی بزاڤی کورد بکات و گشت پارچەکانی تر دەبێت سەر بەم بەشە بن. باشوری کوردستان بە تێڕوانینی ئۆجەلان دەبێ سەربە باکور بێت. هەروەها لە ڕووی چینایەتیشەوە بە ڕای ئۆجەلان، چینی دەرەبەگی پارتی دیموکراتی کوردستان و چینی بۆرژوازی بچووکی یەکێتی نیشتمانی کوردستان ناتوانن ئەو ڕۆڵە بگێڕن، بۆیە هەرچۆنێک بێ دەبێ کورسی سەرکردایەتی بۆ پرۆلتاریا چۆل بکەن کە پەکەکە نوێنەرایەتی دەکات. ئەم بۆچوونەی پەکەکە بەشێوەیەکی ڕوون و ئاشکرا لە کتێبی پرسی نەتەوەیی کورد و ڕێگاچارەسەریدا داڕێژراوە. لەم چوارچێوەیەدا بۆ پەکەکە ڕەوا بوو کە شەڕ لە باشور و لەگەڵ هێزە سیاسییەکان باشوری کوردستان بکات.)

بەهەرحال ئۆجەلان لەسەر ئەو بنەمایە، دروشمی ڕوخاندنی پەرلەمانی کوردستانی بەرز کردەوە و جەمیل بایک گوتەنی، پەکەکە لە ساڵی ١٩٩٢وە دەستی کرد بە شەڕ بە دژی خیانەت!!! بەو واتایە بوونی پەرلەمانی کوردستان بەبێ پەکەکە، خیانەتە بە کورد و کوردستان و دەبێ لەناو بچێت!!!.

کردەوەکانی پەکەکە، پەرلەمانی کوردستانی ناچار کرد دوای خۆپیشاندانێک کە لایەنگرانی پەکەکە ڕۆژی ١٩٩٢/٦/٢٦ لە هەولێر کردیان و سێ هاووڵاتیان تێدا شەهید کرد، بڕیارێکی گشتی لەسەر ئەو ڕێکخراوەیە بدات و گێرەشێوێنییەکانی لە باشوری کوردستاندا بخاتە بەرباس و لێکۆڵینەوە.

لە کۆبوونەوەیەکیدا، پەرلەمانی کوردستان ڕۆژی ١٩٩٢/٨/٣١ بە دەنگی ئەندامانی لیستی سەوزی یەکێتی نیشتمانی و لیستی زەردی پارتی دیموکراتی کوردستان بڕیاریدا، کۆتایی بە ئاژاوەگێڕییەکانی پەکەکە لە باشوری کوردستاندا بێنێت و ڕایگەیاند ئەگەر پەکەکە ئامادە نەبێ وەک هێزە کوردییەکانی بەشەکانی تری کوردستان "حیزبی میوان"، گوێ بۆ یاساکانی حکومەتی کوردستان شل بکات، ئەوە پێش بە هەڵسورانی لە باشوری کوردستان بگرن(٥).

پەکەکە بەو هەڵسەنگاندنە هەڵەیەی کە خەڵکی باشوری کوردستان و پێشمەرگەکانی پارتی دیموکرات و یەکێتی نیشتمانی ئامادە نابن دژی پەکەکە شەڕ بکەن و پارتی ئازادی کوردستان ڕیشەی لەنێو خەڵکی باشوری کوردستاندا داکوتاوە، گوێی نەدایە بڕیاری پەرلەمانی کوردستان. لە ئاکامدا پێشمەرگەکانی یەکێتی نیشتمانی و پارتی دیموکراتی کوردستان لە بەرامبەریاندا ڕاوەستان و بەپێچەوانەی ڕای پەکەکە، بەرەنگاریان بوونەوە و لە شەڕێکی قورس و خوێناویدا، نزیکەی ١٦٠ گریلای پەکەکەیان کوشت و ژمارەیەکی زیاترشیان لێ بەدیل گرتن. عەبدوڵا ئۆجەلان هەرکە هەستی بەو شکستە مەزنەی هێزەکانی کرد، ئاگربەسی بۆ گریلاکانی

ڕاگەیاند و گوتی: (لەمەوبەدوا ڕێز لە یاساکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان دەگرن و گریلا بەپێی یاسا لە باشووری کوردستان دەجوڵێتەوە.)

بەگوێرەی ئەو ڕاگەیاندنەی ئۆجەلان، پارتی و یەکێتی شەڕیان ڕاگرت و دیلەکانی پەکەکەیان ئازاد کرد و ئیزنیان بە ئەندامانی پەکەکەدا لە شار و گوندەکانی باشوری کوردستان بمێننەوە. جەمیل بایک دەربارەی ئەو شەڕە و ئاکامەکەی دەڵێت: (لە کۆتایی ساڵی ١٩٩٢ لە شەڕی باشوور، ئەگەر سەرۆکایەتی پارتی تەدبیری وەرنەگرتبا، بەتەواوی لەناو دەچووین. چونکە خواکورک دەستی لە شەڕ بەردا و ئێمەش کەوتبووینە گەمارۆ[٦].)

جەمیل بایک، هەروەها لە لاپەڕەکانی ٦٣١- ٦٣٢ی کتێبەکەیدا پەنجە بۆ ئەنجامەکانی ئەو شەڕە رادەکێشێ و لە خاڵی سێیەمی ڕوونکردنەوەکەیدا دەنوسێت: (ئەگەر لەو شەرەدا بەپێی تاکتێک هەنگاومان هەڵێنابا، بیری ئوتۆنۆمی و فیدراڵی دەسڕانەوە و ئەم کۆسپانە نەدەمان. بیری سەربەخۆیی و ئازادی لە کوردستاندا بەتەنیا دەمایەوە و حاکمیەتی خۆی سەقامگیر دەکرد.) هەروەها ناوبراو دەڵێت: ( بۆ هەرکەس ڕوون بۆوە کە مەسەلەی کوردستان بەبێ پەکەکە چارەسەر نابێ.)

---

١- مێژووی پارتی کرێکارانی کوردستان لاپەرەی ٦١١.
٢- هەمان سەرچاوە، لاپەڕەی ٦١٦.
٣- هەمان سەرچاوە، لاپەڕەی ٦٢٣.
٤- هەمان سەرچاوە و هەمان لاپەڕە.
٥- پرۆتکۆڵی دانیشتنی ژمارە ٢٧ی پەرلەمانی کوردستان، ١٩٩٢/٨/٣١
٦- مێژووی پارتی کرێکارانی کوردستان لاپەرەی ٦٣٢.

# قەیران و ئاڵۆزیی لە پەکەکەدا بەرینتر دەبێتەوە

شەڕی ساڵی ١٩٩٢ی پەکەکە دژی پەرلەمان و حکومەتی هەرێمی کوردستان، قەیران و ئاڵۆزییەکانی نێو پەکەکەی بەرینتر کردەوە. تەرزی جەمال ١٧ ئەندامی پەکەکەی بە تاوانی سیخوڕی کردن بۆ دوژمن کوشت و بۆخۆشی کەوتە بەر لێکۆڵینەوەی ئۆجەلان و گوللەبارانیان کرد[1]. بە وتەی جەمیل بایک، عوسمان ئۆجەلانی برای عەبدوڵا ئۆجەلان بە ١٨٠٠ گریلا دژی شەڕ و ئاژاوەگێڕییەکانی پەکەکە ڕاوەستا و لە "زەڵێ" مانی گرت. لە ئەنجامدا عەبدوڵا ئۆجەلان، ناوبراوی لە ئەندامەتی کۆمیتەی ناوەندی خست. عوسمان لە پەکەکە ڕایکرد و پەنای بۆ کۆماری ئیسلامی ئێران برد، بەڵام عەبدوڵا ئۆجەلان ئەوی گەڕاندەوە و لە کۆنگرەی پێنجەمی پەکەکەدا، عوسمانی بە کەسایەتییەکی ڕێفۆرمیست ناساند و مەحکومی کرد[2].

سەبارەت بە ڕاگرتنی ئەو شەڕە لەلایەن عوسمان ئۆجەلانەوە، پێوەندیم بە ناوبراوەوە گرت و ئەویش لە وتووێژێکی تایبەت و ڕاستەوخۆدا کە دەنگی لای من پارێزراوە ڕۆژی ٢٠١٥/١٢/١ پێی گوتم: (ڕاستییەکەی ئەوەیە ئێمە لە دوو بەرەی ڕۆژئاوا و ڕۆژهەڵاتی باشوری کوردستاندا لە شەڕدا بووین. من بەرپرسی بەرەی ڕۆژهەڵات بووم و جەمیل بایک بەرپرسی بەرەی ڕۆژئاوا. هەردوولامان زۆر تەنگاو بووین، بە جۆرێک جەمیل بایک ١٨ گریلای کە لە شەڕدا بریندار ببوون، گوللەباران کرد، دیارە لەو ١٨ کەسە یەکیان مایەوە و نەمرد. لە لایەکی تردا ٣٧ زیندانیمان هەبوو، بەشێکیان دیل و جاش بوون و ژمارەیەکیان ئەندامی پەکەکە بوون کە بە فەرمانی جەمیل بایک ئەو ٣٧ کەسەشیان کوشت. ئەو ڕووداوە دەگەڕێتەوە بۆ کۆتایی مانگی ١٠ی ساڵی ١٩٩٢. جەمیل بایک بەو بیانویە ئەو ٥٤ کەسەی کوشت کە دەیگوت ئەگەر ئەوانە بکەونە دەست دوژمن نهێنییەکانی ئێمە ئاشکرا دەکەن. بە دیتنی ئەو کارەساتە من ڕۆژی ١٩٩٢/١٠/٢٠ لە بەرەی خۆمدا شەڕم ڕاگرت، ژمارەی ئەو گریلایانەش ٨٠٠ کەس بوو، نەک ١٨٠٠ کەس.

**لێرەدا پێویستە دوو شت ڕوون بکەمەوە، یەکەمیان ڕاگرتنی شەڕ قازانجی بۆ ئێمە هەبوو کە ژمارەیەکی زیاترمان لێ نەکوژرا و دووەم جەمیل بایک لەگەڵ چەواشەکارییەکانی، یەکەم کەسە لە پەکەکەدا کە زیاتر لە ٦٠% کوشتنەکانی گریلا و خەڵکی تر بە فەرمانی ئەو بەڕێوەچووە.)**

بەهەر حـــاڵ کێشـــەی نـــاوخۆی پەکەکە لەلایەک و کەم ئەزمـــوونی کادیرەکانی لە بەڕێوەبردنی خەباتی نهێنی و جەماوەریی بە دژی ڕژێمی دیکتـــاتۆری تورکیـــا لـە لایەکـــی تـــرەوە، زۆربەی ئەنـــدامان و لایەنگرانـــی پەکەکەی لە شـار و بەتـایبەتی گوندەکانی بـاکوری کوردسـتان بـۆ دوژمـن ئاشکرا کرد. دەوڵەتی تورکیا بە کەڵک وەرگرتن لە خەباتی بە ئاشکرای لایەنگرانی پەکەکە، ژمارەیەکی تر لە گوندەکانی باکوری کوردستانی چۆڵ کرد. لەبەر ئەوە نزیکەی نۆ هەزار کەس لەو گوندانە ڕایانکردە باشوری کوردستان کە سەرەتا بەهۆی ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان لە کەمپی "ئەتروش" جێگیر کران[٣].

بەهۆی دەستێوەردانی بەرپرسانی پەکەکە لە ژیانی ئەو پەناهێنەرانە، کێشەیەکی زۆر بۆ ئەو کۆمەڵە خەڵکە خوڵقێندرا کە ئەویش داستانێکی تایبەت بەخۆی هەیە و کتێبێکی بەناوی **"کەمپی ئەتروش- ڕاستییەکان و ئاکار و کردەوەکانی پەکەکە"** بە زاراوەی کرمانجی لەسەر بڵاوکرایەوە. هەروەهـا دەوڵەتـی تورکیـا گوشـارێکی زۆری خسـتە سـەر ئەنـدامان و لایەنگرانی پەکەکە و خەڵکی ئاسایی شار و گوندەکانی باکوری کوردستان و پێوەندی نێوان گریلا و جەماوەری باکوری کوردستانی لێک پچڕاند. لەو بارەیەوە جەمیل بایک دەڵێت:

**- (وەکوو پێشتر گوتمان، دوژمن بە چاوترساندنی میللەت پێشی سەرهەڵدانی گرت و بە چۆڵکردنی گوندەکان گەل و گریلای لە یەکتر دوور خستەوە. یەکێک لە هۆیەکانی لەناوچوونی پەیوەندی گریلا و جەماوەر ئەوە بوو کە ڕێکخراوەکانی بەرەی ئێمە بە ئاشکرایی کاریان دەکرد نەنهێنی و هیچ حیسابی دوژمنیان نەدەکرد. هەموو شتێک ببوو بە ئامانج و**

کامە گوند و کامە دۆستی ئێمەیە و کێ لەناو کۆمیتەکانی ئێمەدا کار دەکات و کێ پەیوەندی لەگەڵ ئێمە هەیە، لە شار و گوندەکان، هەموویان دەناسران. دوژمنیش کەڵکی لەمە وەرگرت و چووە سەر ڕێکخستنەکانی ئێمە و هەمووی پرش و بڵاو کردەوە. هاوکات لەگەڵ ئەمەش بە ئۆپراسیۆن دەچووە سەر گریلا. گریلاش وای لێهاتبوو کە نەک هەر نەیدەتوانی شەڕ بکات، بەڵکوو نەیدەتوانی کێشەکانی لۆجستیک و جبەخانەی خۆشی چارەسەر بکات[٤].)

هەر لەو ساڵەدا واتە ١٩٩٤، پەکەکە بەهۆی زەبر لێکەوتنەکانی و ڕژێمی تورکیاش بەهۆی ڕاپەڕینەکانی پەیتاپەیتای گەل، لە قەیرانێکی قوڵی سیاسیدا نوقم بوون. عەبدوڵا ئۆجەلان وەک هەمیشە بۆ ئەوەی پەکەکە لەو قەیران و تەنگژەیە ڕزگار بکات، بڕیاری پێکهێنانی کۆنگرەی پێنجەمی پەکەکەی ڕاگەیاند. چونکە بە دوای شەڕی ساڵی ١٩٩٢ی پەکەکە دژی پەرلەمان و حکومەتی هەرێمی کوردستان، کۆمیتەی ناوەندی پەکەکە هەڵوەشابوو و پەکەکە کۆمیتەی ناوەندی نەبوو، عەبدوڵا ئۆجەلان کۆمیتەیەکی ئامادەکاری کۆنگرەی پێکهێنا کە ئامادەکاریی بۆ پێکهێنانی کۆنگرە بکات.

---

١- مێژووی پارتی کرێکارانی کوردستان لاپەرەی ٦٣٨.

٢- هەمان سەرچاوە، لاپەڕەکانی ٦٣٩- ٦٤٤.

٣-کەمپی ئەو پەناهێنەرانە لە ئەتروش، بەهۆی شەڕ و نەبوونی ئەمنیەت گواسترایەوە بۆ مەخمور. دوای نەمانی سەدام حوسێن لە ساڵی ٢٠٠٣دا پەکەکە بەشێک لەو پەنابەرانەی پرچەک کرد و ساڵی ٢٠١٤ لە پشت بەرەی شەڕ لەگەڵ داعش کەڵکی لێیان وەرگرت کە ئەوەش داستانی خۆی هەیە و دواتر ئاماژەی بۆ دەکەم.

٤- هەمان سەرچاوە، لاپەڕەی ٦٤٧.

# کۆنگرەی پێنجەمی پەکەکە

کـۆنگرەی پێنجەمـی پەکەکە بەبـێ ئامـادەبوونی عەبـدوڵا ئـۆجەلان لە مـانگی چـوارەمی سـاڵی ١٩٩٥، لە باشـوری کوردسـتان پێکهـات. ئـۆجەلان ئامۆژگـاریی و فەرمانەکـانی خـۆی بە ڕێگـای تەلەفـۆنەوە بە کـۆمیتەی ئامادەکـاری کـۆنگرە و ئەنـدامانی بەشـدار لە کـۆنگرەدا ڕاگەیانـد. ئـۆجەلان هاوکـات لەگەڵ بەڕێوەچـوونی کـۆنگرەی پێنجەمـی پەکەکە لە باشـوری کوردستان، بڕیاریدا کۆنگرەی یەکێتـی ئـازادی ژنـانی کوردسـتان YAJK یـش پێک بێت.

کـاتی بەڕێوەچـوونی کـۆنگرەی پێـنجەم، پـارتی دیمـوکرات و یەکێتـی نیشتمانی دەستەویەخەی شەڕی خۆکوژیی بوون. عەبدوڵا ئۆجەلان بە کەڵک وەرگرتن لەو هەلەی کە یەکێتی نیشتمانیی و پارتی دیموکراتی کوردستان لە باشـوری کوردسـتان پێکیـان هێنـابوو، بە کـۆمیتەی ئامادەکـاری کـۆنگرەی ڕاگەیانـد، بـۆ لە دەسـەڵات خسـتنی ئەو دوو ڕێکخـراوە، پێویسـتە دەسپێشخەری بکەن و بە زووترین کات بکەونە جووڵە و شـاری زاخـۆ بگـرن و ئەو جێیە لە پێشمەرگەکانی پارتی دیموکرات پـاک بکەنەوە، بەڵام کـۆنگرە بۆ ئەوەی کە کارەکانی بە نیوەچڵی نەهێڵێت، فەرمـانی ئـۆجەلانی بـۆ دوای تەواو بوونی کارەکانی خۆی هێشتەوە. لەم بـارەیەوە جەمیـل بـایک دەڵێت: (سەرۆکایەتی فەرمانی ناردبوو کە ئێمە دەتوانین ئەو هێزە ئاڵتەرنـاتیڤە بین، بۆ ئەوە پێویستە هەرچـی زووتـر بکەوینە جـووڵە و دەست پێشـخەری بکەین، سەرۆکایەتی دەیگوت: بەرلە هەموو شتێک پێویستە زاخۆ بگرن....، لە لایەک زستان بوو، لە لایەکیش کۆنگرە بەڕێوەدەچوو. ئێمە نەماندەویست کۆنگرە بخەینە بەرمەترسی و لەسەر ئەوەش گفتوگۆیەکی توند لەنێوان من و هەڤـاڵان دەرکەوت. مـن دەمزانـی ئەگەر ئەوکـارە بکەیـن، بـێ سـێ و دوو تورکیا موداخلە دەکات و ئێمەش ناتوانین کۆنگرە ساز بکەین. واتە پێویست بوو لەنێوان شەڕ و کۆنگرەدا یەکێکیان هەڵبژێرین و هەردووکیان بەیەکەوە

نەدەبوون. لەبەر ئەوەش دەمگوت: هەرچی زووتر کۆنگرە تەواو بێت و دەست بە ئامادەکاری بکەین[1].)

بڕواننە ئەو ئاڵۆزییەی کە مێشکی ئۆجەلان و بەرپرسانی پەکەکەی داگرتووە. بەکام زانستی سەربازیی و سیاسی، سەرۆکی حیزبێکی سەربازیی دوور لە وڵات، لە وڵاتێکیترەوە پلانی شەڕ و گرتنی شاری وڵاتێکی تر دادەڕێژێت، هەموو ئەو کەسانەی لە سوپاکانی سەربازیی و پێشمەرگایەتیدا بوون، دەزانن، لە بواری تاکتیکی شەڕەوە، پێویستە بۆ چەککردنی گوند یان پێگەیەکی بچووک چەند جار شناسایی ناوچەکە بکرێت. لە ورەی دانیشتوانی گوند یان پێگەکە و هێزی پەلاماردەر و چەکەکانیان بکۆڵدرێتەوە. لەگەڵ ئەوەشدا جەوی ناوچەکە لەبەر چاو بگرن و بە دوای ئەوەدا، بەڕێوەبەرانی پلان، دەرەتانی هێزی خۆی هەڵسەنگێنێت و پێداویستییەکانی بۆ ئامادە بکاتو لە جەو و کەشێکی ڕەخساودا پلانەکەی بەڕێوەبەرێت، نەک کەسێک بەتەنیا خۆی لە وڵاتێکیترەوە، بە تەلەفۆن فەرمانێکی بەم جۆرە زۆر گرنگە بدات کە لەوانە بوو گیانی سەدان مرۆڤی تێدا لەناو بچێت. دیار نییە عەبدوڵا ئۆجەلان بۆچی لە جیاتی بەدەستخستنی زاخۆ، فەرمانی بەدەست خستنی "سلوپیا"، "جەزیر" یان گوندێکی نزیک سنوری دەستکردی سوریای بە گریلاکانی دەرنەدەکرد کە لە چنگ داگیرکەردا بوون و لە شوێنی ژیانی خۆی لە سوریا نزیک بوو؟ بۆچی ئامانجی ئەو تەنیا شار و گوندەکانی باشوری کوردستان و کوشتنی خەڵکی کورد بوو؟ ئایا ئەو هێشتاش لە حاڵەتی خۆ پەروەردە کردندا بوو بە دەرەتانی دەوڵەتی تورکیا؟ یان پەیمانە ستراتیژەکەی لەگەڵ ڕژێمەکانی ئێران و سوریا حوکمیان پێدەکرد کە باشوری کوردستان بشێوێنی؟ یان پڕۆژەی دامەزراندنی سۆسیالیزمی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی لەو بەشەی کوردستانەوە بەدەست بوو، نەک کوردستانی ژێردەسەڵاتی تورکیا؟

بەهەرحاڵ، کۆنگرە پێڕەوی ناوخۆی ARGK ی گۆڕی و بە وتەی بایک پێڕەوێکی نوێی بەگوێرەی بارودۆخی ئەوکاتی دنیا و سۆسیالیزم و

کوردستان بۆ ئامادە کرد. هەروەها کاتێک ئۆجەلان بینی گریلا ناتوانێ باشوری کوردستان بخاتە دەست خۆی، فەرمانی بە کۆنگرەدا پلانی ڕەکێشکردنی سوپای تورکیای بۆنێو خاکی هەرێمی کوردستانی عێراق بخاتەبەرباس. لەم بارەیەوە جەمیل بایک دەڵێت:

**- (ئێمە بە گوێرەی ئەو پیلانە خۆمان ئامادە دەکرد کە بەرلە کات دوژمن ڕاکێشینە باشوور و زەبری گەورەی لێبدەین. بێگومان دوژمنیش لەوە تێگەیشتبوو، لەبەر ئەوەی ئێمە ئەو بڵاوکراوەیەمان لەسەر بێتەل خوێندەوە تا هەڤاڵان لەسەر بنچینەی کۆنگرە ئامادەکاری خۆیان بکەن و لەسەریان پەروەردە ببن(٢).**

بنوارە، پەکەکە چۆن چاو لە پێگە و دامودەزگاکانی دەوڵەتی تورکیا دەپۆشێت و پلانی ڕەکێشکردنی سوپای تورکیای بۆنێو خاکی کوردستانی ئازاد دادەڕێژێ و بیرلە ئاسایش و ژیانی هاووڵاتیانی ئەو بەشە ڕزگارکراوە ناکاتەوە. لە کاتێکدا لە کوردستانی ژێردەسەڵاتی تورکیادا پەکەکە تەنیا بە ڕێگای دانانی کەمین لە جادەکاندا دەتوانی زەبر قورس و زیانی گەورە بە دەوڵەتی تورک بگەیەنێ، بەڵام خۆ لەو تاکتیکەی شەڕ نادات و باشوری کوردستان دەکاتە ئامانج. لەکاتێکدا بە ڕەکێشکردنی سوپای تورکیا بۆ باشوری کوردستان، دەوڵەتی تورکیا بە کەمترین زیان ئەو بەشەی کوردستان وێران دەکات کە بە دڵنیاییەوە ئەو هەڵوێستەی ئۆجەلان جێی ڕەزامەندیی داگیرکەرانی کوردستانە.

لە چوارچێوەی ئەو پلانەیدا، پەکەکە دوای تەواوبوونی کۆنگرەی پێنجەم، لە زاخۆ هێرشی کردە سەر بارەگاکانی هێزی تورکمانەکان و ڕایگەیاند، ئەوانە میتی تورکیان و لە ئاکامدا زەبرێکی قورسی لێوەشاندن. دواتر بە مەبەستی ڕەکێشکردنی سوپای تورکیا بۆ نێو خاکی باشوری کوردستان، لە دوورەوە سەربازگەیەکی تورکانی لەسەر سنوری دەستکرد گوللەباران کرد. لەو بارەیەوە جەمیل بایک دەڵێت:

**- (.... سەربازگەیەکی سەرسنوور هەبوو کە دەمانـدیت هەنـدێ ئامادەکاری لەوێ دەکرێ، ویستمان لەو سەربازگەیە بدەین تاکوو هەڵوێستی تورکیاش تێبگەین، تاکوو تورکیا بخەینە کاردانەوە و بە ڕق و کین و بەبێ ئامادەکاری بکەوێتە باشوور و زەبری کاریگەری لێبدەین[٣].)**

لەوە بگەڕێین کە تورکیا خاوەنی بەهێزترین سوپایە لە ناتۆدا و ئەمەش شتێکی شاراوە نییە کە ئۆجەلان و پەکەکە نەیزانن. بەڵام ئەگەر سەربازگەی وڵاتێک بەبێ جیاوازی لە دنیادا، لە هەر لایەکەوە بە چەک پەلامار بدرێت، ئەو سەربازگەیەش بە چەک وەڵام دەداتەوە و لەجێی خۆی نابزوێ و لە سەنگەرەکانی خۆی لەنێو سەربازگەدا کەڵک وەردەگرێت کە زیانی بە سەربازەکانی نەگات. لەگەڵ ئەوەشدا داوای هێزی یارمەتیدەر و هێزی ئاسمانی دەکات کە بێت و ناوچەی هێرشکەران بۆمباران بکات. ئەوە ئەسڵێکی سەربازییە بەبێ گۆڕان کە جەمیل بایک و سەرکردەکانی تری پەکەکەش دەیانزانی، بەڵام ئەوان هەر ئەوەیان دەویست کە سوپای تورکیا ناوچەی زاخۆ بۆمباران بکات.

بەهەرحاڵ، عەبدوڵا ئۆجەلان بەبێ هیچ ئامادەکارییەکی پێشوەخت، هاوکات لەگەڵ کۆنگرەی پێنجەمی پەکەکە، بە ڕێگەی تەلەفۆنەوە، کۆنگرەیەکیشی بۆ ژنانی ئەندامی پەکەکە پێکهێنا. هەر بە تەلەفۆنیش ئەرکی ئەوانی دیاریی کرد و کارەکانی بۆ دەستنیشان کردن و هەرکامەیانی ڕەوانەی شوێنی دیارییکراو کرد[٤].

لەگەڵ کۆتاییهاتنی کۆنگرەی پێنجەم، پەکەکە چەند گروپێکی ڕەوانەی ناوچەکانی ئەرزروم، دێرسیم و دیاربەکر کرد، تا دوای ڕەکێشکردنی دوژمن بۆ خاکی باشوری کوردستان، ئەوانیش لەوێ لە دوژمن بدەن، بەڵام ئەو گروپانە نەگەیشتنەجێ و لە ناوچەی جودی کەوتنە کەمینی دوژمنەوە و زیانێکی قورسیان لێکەوت[٥].

هەروەها بەوکارانەی بیانووی دایە دەست سوپای تورکیا کە بخزێتە باشوری کوردستان کە پەرلەمان و حکومەتی کوردستان دەسەڵاتیان

بەسەرییەوە هەبوو. بە هاتنی سوپای تورکیا بۆ باشور، چونکە گریلاکان ورەی بەربەرەکانیان دژی سوپای تورکیا نەبوو! بەرلە هەموو لایەنێک خۆیان لە مەترسی ڕزگار کرد. لەو چوارچێوەیەدا، سەرەتا یەکێتیی ژنانیان بەرەو چیای گارە نارد و پاشانیش بۆخۆیان ڕایانکرد و باشوری کوردستانیشیان خستە ژێر پۆستاڵی سوپای تاوانباری تورکیا.

ڕێبەرانی پەکەکە بەبێ لەبەر چاو گرتنی هێز و توانا و ورەی خۆیان و گریلاکانیان، بە پشت بەستن بەو گوتنەی عەبدوڵا ئۆجەلان کە گوتبووی: (باشووریان بۆ دەکەینە ڤێتنام.) خەریک بوون هەموو باشوری کوردستان بدەنە دەست دەوڵەتی تورکیا. لەم بارەیەوە جەمیل بایک دەڵێت: (دەیانزانی ئەگەر شەڕ بکێشرێتە سەرتاسەری باشوور، ئەو گۆڕەپانەیان بۆ دەبێتە گۆڕستان و قسەی سەرۆکایەتی وەدی دێت کە بەرلە هێرشەکە گوتبووی: "باشووریان بۆ دەکەینە ڤێتنام." دوژمن بە ڕاستی دەترسا و بۆ ئەوەی نەکەوێتە زلکاوێکی وەهاوە، دەیهەویست گورج و گوڵ زەبری خۆی بوەشێنێ.... و لە حەوتوویەکدا ئەو ناوچانە بخاتە بن کۆنترۆڵی خۆی.... ئەگینا زەبری گەورەتریان دەخوارد. ئەوکاتە باکوور و باشوور دەبوونە یەک و پەکەکە دەبوو بە پارتییەکی ڕەسمی لە باشوور و لەلایەن دەوڵەتان و ڕای گشتی جیهانیشەوە دەناسرا، بەڵام ڕای گشتی جیهان تورکیای ناچار کرد باشوور بەجێ هێڵێ و بگەڕێتەوە ناو سنوورەکانی خۆی[٦].)

سەرنج بدەنە ئەو سیاسەت و کردارە دوژمنکارییەی ئۆجەلان و جەمیل بایک کە باشوری کوردستان بخەنە ژێردەسەڵاتی دەوڵەتی تورکیا، واتە ئەوەی تورکیا بە دوای جەنگی یەکەمی جیهان و لە ساڵی ١٩١٩وە هەوڵی بۆ دەدات کە پارێزگای موسڵ بە کوردستانیشەوە هی خۆیەتی و داوای دەکات. بایک لەوە بە پەرۆشە کە سوپای تورکیا لەژێر گوشاری ڕای گشتی جیهان و بە هەوڵی ڕێکخراوەکانی باشوری کوردستان، بە ناچار باشوری کوردستانی بەجێهێشت!!!

پەکەکە بە گوێرەی فەرمانی ئۆجەلان و کۆنگرەی پێنجەمی، سوپای تورکیای کێشایە نێو خاکی هەرێمی باشوری کوردستانەوە، بەڵام چونکە گریلاکانی لە بەرامبەر سوپادا خۆیان بۆ ڕانەگیرا و ڕایانکرد، دەستی کرد بە پروپاگەندە و تاوانی هێرش کردنی سوپای تورکیای بۆسەر باشوری کوردستان، خستە ئەستۆی پارتی دیموکراتی کوردستان. لە درێژەی ئەو سیاسەتو پروپاگەندەیەیدا، گریلاکانی پەکەکە لە "حەفتانین"ەوە پەلاماری هێزەکانی پارتی دیموکراتی کوردستانیان دا، بەڵام لەوێش شکان و پێشمەرگەکانی پارتی دیموکرات، زەبری قورسیان لە گریلاکانی پەکەکە وەشاند و ژمارەیەکی لێ بەدیل گرتن. لەو بارەیەوە جەمیل بایک دەڵێت: **(ئەوکاتە هەڤاڵان لە حەفتانین ویستبوویان زەبرێک لە PDK بدەن، بەڵام لەبەر ئەوەی ئامادەکارییان نەبوو، زەبرێکی مەزنیان خوارد و گەلێک شەهیدمان دا. ئەودەم من لە ئێران بووم و پاش ئەو ڕووداوە لەگەڵ هەڤاڵان بە تەلەفۆن قسەم کرد و پێم گوتن کە بچن خۆیان تەسلیم بکەن لەو شێوازە باشترە. لە کاتێکدا ئێمە لە PDK بەهێزتر بووین و PDK دەبوایە لە ئێمە بترسێ، بۆ دەبێ ئیزن بدەین ئەو کارانە بکەن و جەسارەت وەرگرن[٧].)**

بۆ زانینی پتر سەبارەت بەو شەڕە پێوەندیم بە مستەفا شەفیق یەکێک لە ڕێبەرانی پەکەکەوە گرت، ناوبرا گوتی: **(کۆنگرەی پێنجەمی پەکەکە لە بابەتی هەڵسەنگاندنی شەڕی ١٩٩٢ لەگەڵ هەرێمی کوردستان و دەرکەوتەکانی ئەم شەڕە گەیشتە ئەو دەرئەنجامە کە ئیتر نابێ لە باشوری کوردستان شێوەی شەڕی چەکداریی لە خەباتدا بگرێتەبەر، بەڵکو دەبێ هەوڵبدەین بە ڕێگای سیاسی- دیموکراتیانە کار بکەین بۆ دروستکردنی هێڵی سێیەم "کە هێڵی پەکەکە"یە. هەر بۆ ئەم مەبەستەش بڕیاردرا لە جیاتی پارتی ئازادی کوردستان PAK، "یەکێتی نەتەوەیی و دیموکراتی کوردستان YNDK " دابمەزرێت. بێگومان هەرلە دوای کۆنگرەی پێنجەم YNDK دامەزرا و بارەگاکانی بە ئاشکرا لە باشوری کوردستان کردەوە، بەڵام بڕیاری شەڕ کە ساڵی ١٩٩٥ درا. وەکو لە باسەکەشدا هاتووە**

سەرکردایەتی پەکەکە خوشی ئاگادار نەبوو، بەڵکو عەبدوڵا ئۆجەلان لە شامەوە هێزێکی تایبەتی بە سەرکردایەتی عەلی حەیدەر قەیتان "فوئاد" نارد بۆ ئەم مەبەستە و شەڕەکە دست پێکرا کە بەڕاستی بۆ زۆربەی ئەو سەرکردانەی کە ئەوکات لە ساحەدا بوون جێی پرسیار و سەرسوڕمان بوو. یەکێک لەوانە جەمیل بایک خۆی بوو کە بەڕاستی ئاگاداری ئەم بڕیارە نەبوو.)

مرۆڤ لەو سیاسەتەی پەکەکە و سەرکردەکانی ناگات و نازانێ ئەوانە جگەلە شەڕ و ئاژاوە نانەوە چییان دەوێ!!! لە کاتێکدا پارتی دیموکرات دژی بەزاندنی سنور لەلایەن تورکیاوە هەڵوێستی وەرگرت و بە یارمەتی ڕای گشتی جیهان سوپای تورکیای لە خاک و شوێنی دەسەڵاتی خۆی دەرکرد و پەکەکەی لە تەنگژە دەرخست و مەیدانی جوڵەی بۆ بەرفرەوان کردەوە، بۆچی ئۆجەلان و ڕێبەرانی پەکەکە لە بەرامبەر سوپای تورکیادا، دیسانیش پەلاماری پێشمەرگەکانی پارتی دیموکراتیان دا؟ بۆچی ڕێبەرانی پەکەکە بەو کارەیان ژمارەیەکی زۆریان لە ڕۆڵەکانی کورد لەناو برد و ژمارەیەکی زۆر ژن و منداڵیان بێ باوک و سەرپەرشت هێشتەوە؟

پەکەکە ساڵی ١٩٩٥، ئەنجامێکی باشی لە بڕیارەکانی کۆنگرەی پێنجەم وەرنەگرت. لەو ساڵەدا، دژی دەوڵەتی تورکیا لە جووڵە کەوت، بەڵام خۆیان گوتەنی توشی قەیران بوون و پێوەندی نێوان گریلا و خەڵک پچڕا. لە باشوری کوردستان هەندێک دەسکەوتیان هەبوو، ئەویش بە ئازاردانی خەڵکی ئەو جێیە و ئاژاوە نانەوە بۆ ڕێکخراوەکانیان. لەو بارەیەوە جەمیل بایک دەڵێت: (ئێمە لە ساڵی ١٩٩٥دا ئەنجامێکی ئەوتۆمان وەرنەگرت و دەرئەنجامەکانی کۆنگرەی پێنجەم نەهاتە بواری کردارییەوە. هۆیەکەشی ئەوە بوو کە تورکیا لە ساڵی ١٩٩٤دا پەیوەندی نێوان گەل و گریلای پچڕاندبوو و ڕێگەی لۆجستیک و ئازووقەی لە ئێمە بڕیبوو. ئەگەرچی ئەو مەسەلەیە لە ساڵی ٩٤دا زۆر خۆی نەنواند، بەڵام لە ساڵی ٩٥دا ئێمەی تووشی قەیران و تەنگانە کرد. کاتێ هەڤاڵ دەکەونە تەنگانە و برسێتی،

ئەوکات ئەوانە لاوازن، دەکەون و پارتی بە مەسەلەی ناوخۆوە خەریک دەبێ و ناتوانێ بەپێی پیلانەکانی بجووڵێتەوە. بەو شێوەیە ساڵی ٩٥ زۆر بە گرانی دەرباز بوو. ئەگەر لەو ساڵەدا هەندیکیش دەسکەوتمان هەبوو بە بۆنەی شەڕی باشوور بوو نەک باکوور[٨].)

دیار نییە کە پەکەکە لە باشوری کوردستان جگەلە بەکوشتدانی ژمارەیەکی زۆر گریلا و بەدیل گرتنیان لەلایەن پێشمەرگەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان و شەهید و بریندار کردنی ژمارەیەک پێشمەرگە و هاووڵاتی ئەو بەشەی کوردستان، چۆن دەستکەوتێکی هەبووە؟ چونکە هەرگیز لە مێژووی نەتەوەکاندا کوشتنی برا بەدەست برا، بە سەرکەوتن ناژمێردرێت.

شکان و پاشەکشەکانی پەیتا پەیتای پەکەکە لە تورکیا و باشوری کوردستان و خۆ خزاندنی گریلاکانی بۆنێو خاکی ئێران و ڕۆژهەڵاتی کوردستان، بەرە بەرە کادیر و گریلاکانی پەکەکەی توشی داهێزان کرد و بە دوای ئەوەدا ڕێبەرانی پەکەکە نەیانتوانی وەک پێویست کەڵک لە گریلاکانیان وەرگرن و بۆ کۆماری ئیسلامی ئێران دەستەمۆ بوون. لەم بارەیەوە جەمیل بایک دەڵێت: (دەوڵەتی ئێران بە ئەنقەست ڕێگەی گوندەکانی دەکردەوە تاکوو هەڤاڵانی ئێمە لەو گوندانە فێری ئاکاری خراپ ببن و لە کەسایەتی میلیتان دەرکەون. بۆیە هێزەکانی سەر سنووری ئێرانمان وەکوو چەتە و ڕێگریان لێهاتبوو و دەستیان لە شەڕ و پارتی بە جارێک بەردابوو. تواناکاری زۆر بوو، ئەوانیش دەیانخوارد و دەیانخواردەوە و کەوتبوونە شوێن ڕاحەتی خۆیان[٩].)

بایک بۆ چارەسەر کردنی ئەو کێشەیە و لە ڕاستیدا بۆ وەرگرتنی یارمەتی لە کۆماری ئیسلامی چووبوو بۆ ئێران تا بەڵکوو پەکەکە بتوانێ لە باشوری کوردستاندا بەسەر پارتی دیموکراتدا زاڵ بێت و ناوچەکانی ژێردەسەڵاتی پارتی لەسەر سنوری دەستکردی باشور لەگەڵ باکور بە تەواوی بخاتە دەست خۆی. جێگیرکردنی گریلاکانیشیان لەسەر سنورو

خاکی ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا بە ئیزنی ئێران بوو، نەک ئەوەی کە گریلا خۆی بتوانی بچێت لەو شوێن و گوندانەدا جێگیر بێت کە بایک ئاماژەی بۆ دەکات. ئێران بەوکارەی ڕێگەی ڕەگازۆیی کردنی پێشمەرگەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستانی لە باشورەوە بۆ ڕۆژهەڵات بەستبوو. هەرلەو کاتەدا کە جەمیل بایک لە لای بەرپرسانی کۆماری ئیسلامی ئێران بوو، عەبدوڵا ئۆجەلان ئاگاداری دەکاتەوە کە پارتی دیموکرات پێشنیازی کردوە بە ڕێگەی سیاسی کۆتایی بە شەڕەکانمان بێنین. لەبەر ئەوە ئۆجەلان بە جەمیل بایک ڕادەگەیەنێ کە پێویستە بگەڕێتەوە باشوری کوردستان و کێشەکان چارەسەر بکەی. لەم بارەیەوە بایک دەڵێت:

- (سەرۆکایەتی گوتی: بچووە مەسەلەی ئێمە و PDK هەیە بە دوایین قسە و کۆبوونەوە کۆتایی پێ بێنە." کاتێ گەیشتمە هەولێر بەرلەوی بچمە لای PDK تەلەفۆنم بۆ سەرۆکایەتی کرد و دوایین ڕێنوێنیم وەرگرت، پاشان بەرەو سەلاحەدین وەڕێ کەوتم. هەم سەرۆکایەتی و هەم هەڤالانی بڕیارگەی ناوەندی ئاگاداری چوونی من بوون بۆ سەلاحەدین. ڕەوشێکی گەلێک خراپ بوو، لەوانە بوو هەر ئێستا نا ئێستا لەنێوان ئێمە و PDK شەڕ دەست پێ بکات.

PDK زۆر دەترسا چونکە هەڵگیرسانی شەڕێکی وەها لە بەرژەوەندی ئەودا نەبوو، لەبەر ئەوەی نێوانی لەگەڵ YNK باش نەبوو، بۆیە نەیدەویست لە هەردوولاوە بکەوێتە شەڕ. لەسەر ئەو بنەمایە داوای لە ئێمە کردبوو بچین لەگەڵی دانیشین و کێشەکانمان بە ڕێگەی سیاسی چارەسەر بکەین. دیارە ئێمەش تا ئەوکاتە هەڵوێستێکی وەهامان دیار نەکردبوو.

دانیشتنەکە لە کەش و هەوایەکی باشدا دەرباز بوو. بە ئاشکرا گوتمان: "چارەنووسی هەردوو پارچە بەیەکەوە گرێدراوە، بەو پلانەی ئێوە دەیگێڕن باشووریش لەناو دەبەن، دوو ڕێگەتان لە پێشە، یان ببنە دۆستی ئێمە و بناغەیەکی پتەوی دۆستایەتی دابڕێژین، یان ببنە دوژمنمان و

ئەنجامەکەشی دیارە. ئیتر کامەیان قبووڵ دەکەن دەمێنێتەوە سەر ئێوە، بۆ ئێمە هەردووکیان باشە، ئێوەش وا باشترە بەپێی بەرژەوەندی خۆتان هەڵسوکەوت بکەن....

من دەمەویست هەر ئەو ڕۆژە کۆبوونەوە کۆتایی پێ بێت و بگەڕێمەوە لای هەڤاڵان، بەڵام سامی عەبدولڕەحمان دوای نان خواردن گوتی: "ئەگەر بەیانیش دانیشتنەکەمان بەردەوام بێت، باش دەبێ." منیش گوتم زۆر باشە، مادام ئێوە دەخوازن سەرلە بەیانی درێژە بە کۆبوونەوەکەمان دەدەین. من حیسابی ئەوەم لەگەڵ خۆم دەکرد کە هەتا مەسعود یا نێچیر لەوێ نەبێ ئەوان ناتوانن بڕیارێک بدەن، چونکە ئیرادەی ئەوەیان نییە، هەر بۆیە دەیانەوێ لەگەڵ ئەوان قسە بکەن و بەیانی وەڵاممان بدەنەوە. دوای ئەمە لە سەلاحەدین دەرکەوتین و هاتینەوە هەولێر.

کاتێ گەیشتمە هەولێر، شەو درەنگ چەند هەڤاڵ هاتنە لامان. لێم پرسین: "بۆ بەم شەوە درەنگە هاتوونە ئێرە؟" گوتیان: هەڤاڵ ابوبکر ئێمەی ناردووە تا ئێوە لەگەڵ خۆمان دەست بەجێ ببەینە زاب، چونکە لەوانەیە بەیانی ڕێگە بگیرێ." منیش پێم سەیر بوو و گوتم: "خێرە، چ بووە؟" گوتیان: "ئێمە نازانین هەڤاڵ ابوبکر گوتوویەتی هەتاکوو بەیانی ئێوە بگەینینە لای." منیش لەگەڵ خۆم گوتم، دیارە شتێک قەوماوە و لەوانەیە شەڕ دەست پێبکات، بەڵام بۆچی من خەبەرم لە هیچ نییە، گوتم لەوانەیە پەیوەندی پچڕابێ بۆیەش ئەم هەڤاڵانەی ناردووە. ئیتر منیش بەو هەڤاڵانەی ترم گوت: "سبەی نەچنە سەلاحەدین، چونکە لەوانەیە شەڕ ببێت. لە کۆتاییدا بڕیارماندا لەپێشدا گوێ لە گفتوگۆی ڕۆژانەی بێتەل ڕابگرین تاکو ڕەوشەکە تێبگەین، پاشان ئەگەر شتێک نەبوو وەڕێ بکەوین. ئەگەر پرسیاریشیان کرد بۆ وا درەنگ هاتوون، دەڵێین سەیارەکەمان خراپ ببوو. سەعاتی ١٠ی بەیانی بێتەلمان کردەوە و زانیمان کە هەڤاڵان لە هەموو لایەکەوە هێرشیان کردووەتە سەر PDK، بۆیە لە ڕۆیشتن بۆ سەلاحەدین پاشگەز بووینەوە.

ڕەوشێکی زۆر سەرسوڕهێنەر بوو، ڕاست لەو ڕۆژەدا کە دەبوایە بچین ئاکامی کۆبوونەوەکە دەستنیشان کەین، هێرشیان کردبووە سەر PDK. تەنانەت ئەوکاتەش بە بێتەل بە هەڤاڵ ابوبکرم گوت: "ئێوە چیتان کرد؟ ئێمە لە گفتوگۆدا بووین و هەتا ئەمڕۆش دانیشتنەکە درێژەی هەبوو." لە وەڵامدا گوتی: "هیچ نییە، دەتوانن گفتوگۆی خۆتان بەردەوام بکەن." بینیم هەڤاڵ بۆخۆشیان نازانن چ دەکەن و بەو چالاکییانەی کردبوویان و زەبریان لە PDK دابوو، سەرخۆش بوون[١٠].) هەرلەو بارەیەوە خەلیل ئاتاج "ئەبوبەکر" دەڵێت:

- (جەمیل بایک دوای کۆنگرەی پێنجەم لە مانگی تەباخ هات بۆ هەولێر، گروپێکیش هات و کاسێتێکی ئۆجەلانیان هێنا کە دژی پارتی شەڕێکی گەورە بکەین بۆ بەدەستهێنانی دەسەڵات لە ناوچەکەدا. بەرلە هەڵگیرسانی شەڕەکە من لەگەڵ کاک فازل میرانی قسەم کرد و گوتم دەمانەوێ پێوەندیمان هەبێ و گریلاکانمان بتوانن هاتووچۆ بکەن، قبوڵی نەکرد و گوتی پێمانخۆشە وەک حیزب پێوەندیمان هەبێت، بەڵام لەگەڵ هاتووچۆی ئێمە نەبوو. بەو فەرمانەی ئۆجەلان ڕۆژی ١٩٩٥/٨/٢٦ شەڕ دەستی پێکرد و جەمیل بایک تووڕە بوو و گوتی لەلایەک منتان ناردوە بۆ وتووێژ و لەلایەکی تردا شەڕ دەکەن. لە ڕاستیدا کێشەی ئێمە لەگەڵ کوردی باشور لە سەرەتاوە تا کۆتا لەسەر دەسەڵات بوو، ئاپۆ دەیگوت هێڵی پارتیمان قبوڵ نییە و بە ڕاشکاوی دەیگوت ئەگەر لەگەڵ ئێمە نەبن، دوژمنی ئێمەن و دەبێت لە ناویان بەرین. مەبەست لە هاتووچۆ کردنیشمان کارکردنمان بوو بۆ ڕێکخستنی کوردەکانی باشوری دژی پارتی و یەکێتی.)

بەم جۆرە، عەبدوڵا ئۆجەلان لەلایەک جەمیل بایکی لە ئێرانەوە گەڕاندەوە بۆ باشوری کوردستان کە لەسەر داخوازی پارتی دیموکراتی کوردستان کێشەکانیان بە ڕێگەی سیاسییەوە چارەسەر بکەن و لەلایەکیتردا لە کاتی دانیشتن و گفتۆگۆ کردندا گریلاکانی پەکەکەی ناردە سەر بنکەکانی پارتی دیموکرات و بەگوێرەی ڕاگەیاندنی خۆی لە

تەلەفزیۆنی MEDtv ، دەستی بەسەر ٢٥ بنکە و بارەگای پارتی دیموکراتدا گرت و هەوڵیدا هەموو ناوچەکە بخاتە دەست خۆی. گریلاکانی پەکەکە لە ڕۆژی یەکەمی شەڕدا زۆربەی ناوچە ستراتیژییەکانیان گرت، بەڵام پێشمەرگەکانی پارتی دیموکرات لە دژە هێرشێکی کوتوپڕدا، بەرپرچی گریلاکانیان دایەوە و تێکیان شکاندن و ناوچەکەیان خستەوە دەست خۆیان.

گریلا بۆ یەکەم جار لە مێژووی پەکەکەدا بەهۆی لێکەوتنی زەبری قورس، زمانی کرایەوە و تاوانی شەڕەکەی خستەسەر ئۆجەلان و گوتیان: **(ئێمە دژی کورد شەڕ ناکەین و ئەم شەڕە بە قازانجی شۆڕش نازانین.)** تەنانەت زۆربەی بەرپرسانی گریلا بەدڵ خۆیان نەدایە بەر شەڕەکە و وەک جەمیل بایک دەڵێت: **(گوتیان بە تۆبزیی ئۆجەلان و فەرمانی ئەو شەڕیان دەست پێکردووە.)**

هەر لەم بارەیەوە بایک دووپاتی دەکاتەوە و دەڵێت: **(لەناو شەڕیشدا وایان هەڵسوکەوت دەکرد کە ئەمە خواستی خۆتە و بۆخۆت "سەرۆکایەتی" ئەم شەڕەت دەست پێکرد. واتە ئەمە شەڕی سەرۆکایەتییە، نەک هی پارتی(١١).)**

عەبدوڵا ئۆجەلان ئەم جارەش وەکوو جاری جاران کە بینی هێزەکانی گریلا لە تەنگانە کەوتوون و پاشەکشەیان کردوە، خۆی یەکلایەنە ئاگربەسی ڕاگەیاند و دیسانیش پارتی دیموکرات لێی قبووڵ کرد(١٢). دوای قبووڵ کردنی ئاگربەس لەلایەن پارتی دیموکراتەوە، ئۆجەلان سەرلەنوێ هەوڵیدا، لەگەڵ ڕێبەرانی پارتی دانیشتنێک پێک بێنێ و بە هەڕەشە لێکردنی هەڵگیرساندنەوەی شەڕ و وێرانکردنی باشووری کوردستان، داواکارییە ناڕەواکانی بەسەر ڕێبەرانی پارتی دیموکراتدا بسەپێنێ. پەکەکە لە ڕابردوودا گەلێک جار بەهەڵە لە نەرم و نیانی پارتی دیموکراتی کوردستان گەیشتبوو و هەڵوێستی ئاشتیخوازانەی ڕێبەرانی پارتی دیموکراتی بە ترسەنۆکی ئەوان لە قەڵەم دەدا. ئەوان وا تێگەیشتبوون کە پارتی لەترسان هەڵسوکەتی نەرم پێشان دەدات و لە

ڕاستیدا نەرم بوونی پارتی دیموکرات بۆ بەرژەوەندیی گەلی کورد، عەبدوڵا ئۆجەلانی توشی هەڵە کردبوو.

پەکەکە بەدوای هەر شەڕێکیدا لەگەڵ پارتی دیموکراتی کوردستان، ڕادەگەیەنێ کە پارتی لاوازە و شەڕی پێ ناکرێ و لە ترسان مل بۆ ئاگربەس ڕادەکێشێت. ئەو بۆچوونەی لەوەوە دێت کە ئۆجەلان بیر لەوە ناکاتەوە کە شەڕی کورد کوژی لەژێر هەرناوێک و بۆ هەر مەبەست و ئایدیولۆژییەک بێت، تاوانێکی مەزنی نەتەوەییە و لەو بوارەدا سەرۆک و سەرکردایەتی پارتی دیموکرات خۆیان لە بەرامبەر نەتەوەی کورددا بە بەرپرس دەزانن. ئەگەر لاپەڕەکانی مێژووی شەڕەکانی براکوژی لە کوردستاندا هەڵدینەوە و بە بەڵگە لەگەڵ یەکتر بدوێین، هەرگیز توشی ئەوە نابین کە پارتی دیموکرات هەڵگیرسێنەر و هێرشبەری شەڕەکان بوو بێت. ئەو حیزبە بە بەردەوامی لە شەڕەکاندا بەرگریی لەخۆی و لە نەتەوەکەی کردوە. پارتی دیموکرات ئازادکردنی نەتەوەی کورد لە نەرم و نیاییدا دەبینێ و دەزانێ کورد بە شەڕ و توندوتیژی سەرناکەوێت. لەو بارەیەوە جەمیل بایک دەڵێت:

- (دوای ئاگربەس سەرۆکایەتی فەرمانی نارد کە بە هەندێ هەڤاڵی ژێر گفتوگۆ دەست پێ بکەن، پاشان لە ئاستی بەرزدا بە ئەنجامی بگەیەنن. لەسەر ئەو بنەمایەش چەند هەڤاڵمان نارده هاوینە هەواری سەلاحەدین تا بزانین تامی زاری PDK چییە؟ ئەوکاتە هەر داوایەکمان لە PDK کردبا، قبووڵی دەکرد، چونکە دەترسا دەست بە شەڕ بکەینەوە. نەشیاندەویست کەس ئەم ڕاستییە بزانێ و دیسانیش خۆیان بەهێز نیشاندەدا، کەچی وانەبوو و ئێمە بەوەمان دەزانی. بۆیە بە هەڤالانم گوت کە ئێمە دەتوانین زۆر بە ئاشکرا قسە بکەین و وەفدی PDK بکێشینە زاب، تا لێرە گفتوگۆکانمان ئەنجام بدەین. ... هەڤالان ئەمەیان بە PDK گوتبوو، ئەوانیش دەست بەجێ قبووڵیان کرد[١٣].)

پارتی دیموکرات وەفدێکی نارده ئامێدی، بەڵام هیچکام له بەرپرسانی سەرووی پەکەکە لەترسی ئەوەی کە نەوەکوو سبەینێ بەرپرسایەتیان بکەوێتە ئەستۆ، ئامادە نەبوون بەرپرسایەتی وتووێژەکەیان بگرنە ئەستۆ، بۆیە ئەبوبەکر و گروپەکەیان نارد بۆ ئەو وتووێژە. ئەبوبەکر و وتووێژکەرانی پەکەکە هەوڵیاندا وەفدی پارتی دیموکرات بکێشنە ناوچەکانی ژێردەسەڵاتی پەکەکە و لەوێ لەگەڵیان کۆبنەوە و بە پشتبەستن بە هێزەکانی خۆیان لە ناوچەکەدا، داخوازەکانیان بەسەر وەفدی پارتیدا بسەپێنن، بەڵام ئەندامانی وەفدی پارتی ڕازییان دەکەن، بچن لە سلاحەدین وتووێژ بکەن. ئەبوبەکر لە هەولێر بەشوێن جەمیل بایکدا دەنێرێ کە بێت بەرپرسایەتی وتووێژەکە بگرێتە ئەستۆ. بایک دێ، بەڵام نازانێ لەسەر چ بنچینەیەک گفتوگۆ بکات، لەبەر ئەوە بە توندی لە ئەبوبەکر تووڕە دەبێ و دەڵێت: **(دوای ئەو هەمووە شەڕ و شەهیدانە چۆن دەتوانن بەو شێوەیە بێنە بەرپێی دوژمن**[١٤]**.)**

لەگەڵ ئەوەشدا، جەمیل بایک لەگەڵ گروپی وتووێژکەری پەکەکە دەکەوێ و لەگەڵ سامی عەبدولڕەحمان و چەند نوێنەری تری پارتی دیموکرات کۆدەبێتەوە. کۆبوونەوەی جەمیل بایک و گروپەکەی لەگەڵ سامی عەبدولڕەحمان و بەرپرسانی تری پارتی سێ ڕۆژی خایاند و پارتی بەشێک لە داواکارییەکانی پەکەکەی قبووڵ کرد. جەمیل بایک دەربارەی ئەو وتووێژ و ئاکامەکەی دەڵێت:

**- (لە ترسی ئەوە کە دەست بەشەڕ بکەینەوە، هەموو خواستەکانی ئێمەیان قبووڵ کرد. .... دیارە تەواو ئەو شتەی ئێمە دەمانهەویست پێک نەهات، بەڵام ئەوەی پێکمان هێنابوو خراپ نەبوو. .... ئامانج دروست کردنی ناوەندێکی ئازاد و دیموکرات بوو لە باشووری کوردستان، کە هەرکەسێک بتوانێ بە ئازادی بۆچوونی خۆی بێنێتە زمان و پێشی کەس نەگیرێ. دەسەڵاتێکی دیموکراتیک دروست بێ، حکومەت و پارلەمانی فیدراڵی ببنە حکومەت و پارلەمانی دیموکراتیک و لەسەر ئەم بنچینەیە**

بکەونە خزمەتی هەموو کوردێک، نەوەک تەنیا خزمەتی دوو پارتی یان پارچەیەک بکات[١٥].)

ئەو کۆبوونەوەیە بە ڕەوڵەت کۆتایی بە کێشەی عەبدوڵا ئۆجەلان و پەکەکە لەگەڵ پارتی دیموکرات هێنا، بەڵام سەرلەنوێ شەڕ بە هێرشی دووبارەی پەکەکە بۆسەر بنکەکانی پارتی دیموکرات هەڵگیرسایەوە و هەتا نوسینی ئەم لاپەڕانەش شەڕەکە بەردەوامە و بەکۆتا نەهاتووە.

پەکەکە کە دەبینی لە شەڕەکانیدا شکستی هێناوە، تاوانی بەشێک لەو شەڕانەی دەخاتە ئەستۆی یەکێتیی نیشتمانی کوردستان و دەڵێت: یەکێتی دەستی هەبووە لە خۆشکردنی ئاگری شەڕی نێوان پەکەکە و پارتی دا. لەم بارەیەوە جەمیل بایک دەڵێت: (YNK لە سەرەتادا دەیهەویست شەڕی خۆی و PDK بکاتە شەڕی PDK و پەکەکە، تەنانەت هەندێ چەکی ئێمەشی لە دهۆک بە دەستی PDK بەگرتن دا، تاکوو لەنێوان ئێمە و PDK ناکۆکی و شەڕ دەرکەوێ. دیسان بەرلە شەڕ گروپێک هەڤاڵی بریندار کە دەمانهەویست دەربازی گۆڕەپانی سەرۆکایەتیان بکەین، کاتی دەربازبوونیان لە زاخۆ، خستیە گەمارۆی PDK. دەیهەویست بەهەر جۆرێک دەتوانێ ڕامانکێشێتە ناو شەڕ و بەپێی بەرژەوەندی خۆی هەڵمان سوڕێنێ. بەو جۆرە ئێمە و PDK لاواز بکات و بۆخۆی ببێتە فەرمانڕەوای سەرتاسەری کوردستان. کاتێ شەڕی ئێمە ڕاوەستا و ئاگربەسمان کرد، YNK زۆری پێ ناخۆش بوو و دەیهەویست ئەو شەڕە دیسان دەست پێ بکاتەوە.[١٦])

١ تا ١٦- مێژووی پارتی کرێکارانی کوردستان لاپەرەکانی ٦٥٥ ، ٦٥٧ ، ٦٥٦ ، ٦٥٩ ، ٦٥٨ ، ٦٦٠ ، ٦٦١ ، ٦٦٢ ، ٦٦٣ ، ٦٦٤ ، ٦٦٦ ، ٦٦٨ ، ٦٦٩ ، ٦٦٩ ، ٦٧٠ ، ٦٧١ ، ٦٧٢ و ٦٧٣.

# دامەزراندنی تەلەفزیۆنی MED

پێشتر گوتم ڕژێمی تورکیا بەهۆی قەڵاچۆکردنی گوندەکانی سەر سنوری دەستکردی نێوان باکور بۆ باشوری کوردستان و گواستنەوەی دانیشتوانی ئەو ناوچانە بۆ شارەکان و ڕاکردنی نزیکەی نۆ هەزار کەس خەڵکی ئەو گوندانە بۆ باشوری کوردستان و جێگیر کردنیان لە کەمپی "ئەتروش" لەلایەن ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکانەوە، پێوەندی گریلا لەگەڵ کوردی ئەو ناوچانە پچڕا و ئیتر گریلا وەک پێویست نەیتوانی بخزێتە نێو قولایی خاکی باکوری کوردستان و شەڕ بکات و تەنانەت لە شەڕی ناوچە سنورییەکانیشدا پتر زەبری لێ دەکەوت تا بەدەستهێنانی دەستکەوت. لەبەر ئەوە پەکەکە بۆ بەهێز کردنی پێوەندییەکانی لەگەڵ خەڵکی شار و گوندەکان و کوردی بەشەکانی تری کوردستان، لە فیکری دانانی تەلەفزیۆنێکی سەتەلایت کەوت کە بەڵکوو بە ڕێگای ئەو تەلەفزیۆنەوە بتوانێ بۆشایی پێوەندییەکانی قەرەبوو بکاتەوە. دەرەتانی باشی ئابووری کە بەدەستخستنی گومان و مشتومڕی زۆری لەسەرە و زۆربوونی ژمارەی کوردی باکوری کوردستان لە ئەوروپا، بۆ نمونە پترلە نیو ملیۆن کورد لە ئەڵمانیا، ئەو دەرفەتەی بۆ پەکەکە ڕەخساند کە بتوانی لە کۆنفڕانسی چوارەمی خۆیدا، بڕیار لەسەر دانانی کەناڵێکی تەلەفزیۆنی سەتەلایت لە ئەوروپا بدات.

دانانی تەلەفزیۆنی MED لە لایەن پەکەکەوە هەنگاوێکی بەنرخ بوو لە خەباتی سیاسی و جەماوەریی و کەلتوریی کورددا کە پەکەکە لە تەکنیکی نوێی جیهاندا دەستی پێگەیشت. تەلەفزیۆنی MED یارمەتی زۆری بە باری فەرهەنگیو زمانەوانی کوردەکانی باکوری کوردستان کرد. پەکەکە لە بوارەکانی سیاسیشدا زۆر باش توانی ئەو بۆشاییە پڕ بکاتەوە کە دەوڵەتی تورکیا لەنێوان گریلا و ئەندامان و لایەنگرانیدا پێکی هێنابوو. تەلەفزیۆنی MED بوو بە مینبەرێکی سیاسی، فەرهەنگی و ڕێکخستنی پەکەکە دژی

ڕژێمی تورکیا و ئەگەر تەنیا بۆ ئەو مەبەستە و بەرژەوەندییە گشتییەکانی کورد کەڵکی لێوەربگیرایە، بێگومان لە بزوتنەوەی ڕزگاریخوازانەی نەتەوەی کورددا، جێگەیەکی تایبەتی پەیدا دەکرد، بەڵام پەکەکە لە پەنای خەباتی فەرهەنگی و هۆشیار کردنەوە کورد دژی دەوڵەتی تورکیا، زۆر ناشیرینانە دژی ڕێکخراوە کوردییەکان، وڵاتانی ئەوروپا و بەتایبەتی دژی حکومەت و پەرلەمانی کوردستان کەڵکی لەو تەلەفزیۆنە وەرگرت و لە هەموو شێوەیەک بۆ ناو زڕاندن، تۆمەت هەڵبەستن و زەبر لێدان لە دەستکەوتە نەتەوەییەکانی کورد لە بەشە جیاوازەکانی کوردستاندا کۆتایی نەکرد و گەورەیی خۆی لە چەواشەکاریی، بێڕێزیی کردنی سەرۆک و سەرکردە کوردەکاندا بینییەوە. گوێ نەدانی لێپرسراوانی پەکەکە بە یاساکانی جیهانو دەزگاکانی ڕاگەیاندنی گشتی لەسەر شاشە MEDtv و هاندانی لاوانی کورد بۆ بە ئەنجام گەیاندی کاری تێکدەرانە و دژبە یاسا لە جیهاندا، وەک دەست بەسەرداگرتنی ساختمان و دەزگا سیاسی و فەرهەنگییەکان و سەفارەتخانەکان و هەڵگەڕانەوە لە پۆلیسی وڵاتانی ئەوروپی، سەرەتا دەوڵەتی ئەڵمانیای ناچار کرد کە کۆتایی بە چالاکی سیاسی پەکەکە لە وڵاتەکەیدا بێنێت و دواتر وڵاتانی ئەوروپی کرد بە دوژمنی خۆی و کوردەکانی دانیشتووی ئەو وڵاتە ئەوروپییانە.

MEDtv بۆ داسەپاندنی ویستی پەکەکە بەسەر ڕێکخراوە سیاسییە کوردییەکاندا، بوو بە بڵندگۆی شەڕی ناوخۆی باشوری کوردستان و بەکوشتدانی کورد بەدەست کورد و هەلی بۆ ژمارەیەک کوردی بەناو ڕۆشنبیر ڕەخساند، تا بۆ هێمن کردنەوەی دەرونیان، سەرۆک و سەرکردەی ڕێکخراوە سیاسییەکانی کوردستان تاوانبار بکەن و بەبێ لەبەرچاو گرتنی هیچ پرنسیپێک بە تاوانی ئەوەی کە نەیانتوانیوە شۆڕش سەرخەن، لە شاشەی تەلەفزیۆنی MED دا موحاکمەیان بکەن. دیارە لە کەش و هەوایەکی ئەوتۆشدا دوژمنانی کورد و ڕژێمە داگیرکەرەکانی کوردستان هەوڵدەدەن کەسانی گوێ لەمست و بەکرێگیراوی خۆیان بخزێننە نێو ئەم

کێشەیەی کە لەنێو هێزە سیاسییە کوردییەکاندا سەرهەڵدەدات. لە ئاکامی ئەو هەڵەکارییەدا، MEDtv بیست و یەک جار لە لایەن خاوەن شەریکەی سەتەلایتەکەیەوە هوشیار کرایەوە و سەرئەنجام دوای گیرانی عەبدوڵا ئۆجەلان، ئیزنی بڵاوکردنەوەیان لێوەرگرتەوە. پەکەکە توانی بە کەڵک وەرگرتن لە یاساکانی ڕاگەیاندنی گشتی ئەوروپا، تەلەفزیۆنێکی دیکە بە ناوی MEDYA بکاتەوە و ئەم جارەیان لەژێر چاودێریی یاسادا پرۆگرامەکانی بڵاوبکاتەوە. بەرلە داخستنی MEDtv، پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتی نیشتمانی کوردستان ڕۆژی ١٩٩٨/٩/١٧ لە واشنتۆن ڕێککەوتن و بەڕێزان مەسعود بارزانی و جەلال تاڵەبانی پەیمانێکی ئاشتیان واژۆ کرد. پەکەکە بە لایەنگریی شەڕ و دژی ئاشتی لە کوردستاندا هەڵوێستی خۆی ڕاگەیاند و بەدوای ئەو ڕێککەوتنەدا، ڕۆژی ١٩٩٨/١٠/٢١، لە تەلەفزیۆنی MED ڕایگەیاند: (لایەنی سێیەمی ئەو ڕێککەوتنە پەکەکەیە و دەبێ لەبەرچاو بگیرێ.) هەروەها گوتی: (ئاشتی نێوان پارتی و یەکێتی لە تاران، ئەنکارا، دیمەشق، بەغدا و سەرچیاکانی کوردستان بڕیاری لەسەر دەدرێ.)

# ڕاکردنی عەبدوڵا ئۆجەلان لە سوریا و گیرانی لە کینیا

پەکەکە لە کۆتایی ساڵی ١٩٩٧ و سەرەتای ساڵی ١٩٩٨دا بەهۆی لایەنگریی کردنی کوردی بەشە جیاوازەکانی کوردستان لێی، بەتایبەتی لە ئەوروپا هێز و توانایەکی زۆری پەیدا کرد و بەهۆی چالاکی خۆبەختکەرانەی "ئینتحار" لایەنگرانی، بەرژەوەندەکانی تورکیا و تەنانەت ئەوروپاشی لە مەترسی خست. تورکیا لە بەرامبەر ئەو زەبر لێکەوتنانەیدا، لە کۆتایی ساڵی ١٩٩٨وە گوشارێکی زۆری خستەسەر پەکەکە و لە سەرەتای مانگی سێپتێمبەری ١٩٩٨دا، عەبدوڵا ئۆجەلانی ناچارکرد، چاو لە سەربەخۆیی کوردستان بپۆشێ و بەشێوەی یەکلایەنە دژی سوپای تورکیا شەڕ ڕابگرێت و داواکانی لە دەوڵەتی تورکیا بۆ مافی کەلتوری و ئازاد بوونی خەباتی سیاسی پەکەکە لە چوارچێوەی سنورەکانی تورکیا دابەزێنێت. تورکیا داوای ئۆجەلانی قبووڵ نەکرد و لە بەرامبەریدا بە یارمەتی وەرگرتن لە دەوڵەتە زلهێزەکانی ئەوروپا و ئەمریکا، پلانێکی سەرتاسەری بۆ لەناوبردنی ئۆجەلان داڕشت. بەو مەبەستە، هێزەکانی گواستەوە بۆسەر سنوری دەستکردی سوریا و لەوێ مۆڵی دان و بە دەوڵەتی حافز ئەسەدی ڕاگەیاند: **(ئەگەر دەوڵەتی سوریا کۆتایی بە چالاکی و مانەوەی پەکەکە و عەبدوڵا ئۆجەلان لە خاکەکەیدا نەهێنێت، تورکیا هێرش دەکاتە سەر ئەو وڵاتە.)**

حافز ئەسەد سەرکۆماری سوریا هەڕەشەی تورکیای بە جددی وەرگرت و بۆ ئەوەی وڵاتەکەی تووشی شەڕ نەبێت، عەبدوڵا ئۆجەلانی ناچار کرد سوریا بەجێبهێڵێت. ئۆجەلان چونکە لەگەڵ ژیانی پێشمەرگایەتی ڕانەهاتبوو، یان بڕوای بە کادیر و گریلاکانی نەبوو، لە چوون بۆ چیاکان خۆی پاراست و لە سوریاوە بە فڕۆکە چوو بۆ ڕوسیا[1]. پەرلەمانی ڕوسیا داوای کرد ئۆجەلانی لە ڕوسیا ڕابگیرێ، بەڵام "یەلتسین" سەرکۆماری ڕوسیا لەسەر گوشاری ئەمریکا و ئەوروپا ئیزنی مانەوەی پێنەدا و لە ئاکامدا

ئۆجەلان ناچاركرا ڕوسیا بەجێهێڵێت. ئەو لەوێوە چوو بۆ ئیتالیاو ڕۆژی ١٩٩٨/١١/١٢ لە فرۆكەخانەی ڕۆم دابەزی، كەچی پۆلیسی ئیتالیا دەستبەجێ خستییە ژێر چاودێریی. ئۆجەلان بە چوونی بۆ ئەوروپا تووشی كێشەیەكی مەزن ببوو. ناوبراو بۆ خۆ ڕزگار كردنی لەو كێشەیە، ڕۆژی ١٩٩٨/١١/٢٥ پێشنیازێكی نوێی ئاراستەی دەوڵەتی توركیا كرد كە خۆی لە حەوت خاڵدا دەبینییەوە، بەڵام توركیا وەڵامی نەدایەوە و تەنانەت داوای لە ئیتالیاش كرد ئۆجەلان بەتاوانی تیرۆری هاووڵاتیان بداتەوە بە توركیا. ئیتالیا بەشێوەی ڕاستەوخۆ داوای توركیای بەجێنەهێنا، بەڵام چونكە بە مانەوەی ئۆجەلان لە وڵاتەكەیدا زەبر لە بەرژەوەندە سیاسی و ئابوورییەكانی دەدرا، ئۆجەلانی ڕازی كرد كە ئیتالیا بەجێهێڵێت.

عەبدوڵا ئۆجەلان ئەم جارەیان پەنای بۆ وڵاتی هولەند برد، بەڵام لەویش ڕانەگیرا. دوای هولەند، ناوبراو چوو بۆ وڵاتی یۆنان كە وڵاتێكی بەڕواڵەت دۆستی كورد و ناكۆك لەگەڵ توركیا بوو، كەچی دەرگای ئەوێشی لێ گاڵە درا و بە ڕێنوێنی یۆنانییەكان خۆی گەیاندە وڵاتی كینیا. ئۆجەلان چوو بۆ كینیا، بەڵام ڕۆژی ١٩٩٩/٢/١٥، بە پلانێكی چەند لایەنە لە "نایرۆبی" پایتەختی كینیا گیرا و بردرایەوە بۆ توركیا. گیران و بردنەوەی عەبدوڵا ئۆجەلان بۆ توركیا و زیندانی كردنی لە دوڕگەی ئیمرالی كاریگەریی زۆری كردە سەر ورەی نەتەوەی كوردمان و تەنانەت ئەوانەش كە لە لایەن پەكەكەوە زیانیان بینی بوو، بە گوێرەی سوننەتی كوردەواری، بۆ ئۆجەلان بە پەرۆش بوون و هەموو لایەك دژی دەوڵەتی توركیا ڕاپەڕین. لە ئاكامی ئەو ڕاپەڕینەدا، ٦٣ كەس لە باكوری كوردستان و لە ئەوروپا دژی بێدەنگ بوونی ئەوروپا و ئەمریكا لە ئاست كێشەی كورد و دەستگیر كردنی عەبدوڵا ئۆجەلان، ئاگریان لە جەستەی خۆیان بەردا و چەندین چالاكیی خوبەختكەرانە لە باكور و شارەكانی توركیا بەڕێوەچوون.

١- لەو دەركەوتنەیدا، عومەر گۆسێ پەرلەمانتاری ڕژێمی سوریا لە دیمەشقەوە تا روسیا و یۆنان لەگەڵ ئۆجەلان بوو.

## کۆنگرەی شەشەمی پەکەکە و هەنگاوەکانی دوایی

دوای گیران و بردنی عەبدوڵا ئۆجەلان بۆ زیندانی ئیمرالی تورکیا، پەکەکە کۆنگرەی شەشەمی خۆی پێکهێنا کە ستراتیژی خەبات و کۆمیتەی ناوەندیی نوێ هەڵبژێریت، خەلیل ئاتاج "بۆتان" سەبارەت بە کۆنگرەی شەشەمی پەکەکە دەڵێت: **(لە پەکەکەدا هەر چوار ساڵەی کۆنگرەیەک پێکدەهات، بەڵام لە کۆنگرەی شەشەمەوە کە عەبدوڵا ئۆجەلان گیرا، تا کۆنگرەی نۆیەمی هەموو کۆنگرەکانی پەکەکە ئاوارتە بوون.)**

مستەفا شەفیق دەربارەی چۆنیەتی پێکهاتنی کۆنگرەی شەشەم پێیڕاگەیاندم: **(دوای گیرانی عەبدوڵا ئۆجەلان کۆنگرەی شەشەم بە بەشداریی زیاتر لە ٣٠٠ ئەندام بە شێوەی پچڕپچڕ پێکهات و لە سەرەتای مانگی مارسی ١٩٩٩ کۆتاییهات. لە کۆنگرەدا نزیکەی ٤٠ کەس بۆ کۆمیتەی ناوەندیی هەڵبژێردرا و کۆمیتەی ناوەندیش کۆنسەی سەرۆکایەتی لە دە ئەندام دیاری کرد. یەکێک لە بڕیارەکانی کۆنگرە ئەوە بوو کە ئۆجەلان وەکو ڕەمز سەرۆکی پەکەکە دەمێنێت، بەڵام سەرکردایەتی پەکەکە بەهیچ شێوەیەک پابەند نابێت بە فەرمان و ڕاسپاردەکانی تا ئەوکاتەی لە حاڵەتی بەندکراوی دابێت و پێوەندیی ڕاستەوخۆی لەگەڵ ڕێکخستندا نەبێت.)**

کۆمیتەی ناوەندی، عوسمان ئۆجەلان، جەمیل بایک، دوران کالکان، موراد قەرەیلان، سەکینە جانسز، مستەفا قەرەسو، خەلیل ئاتاج و سێ کەسی تری بە ئەندامی کۆنسەی سەرۆکایەتی هەڵبژارد و عوسمان ئۆجەلان بە وەکالەت ئەرکەکانی عوبدوڵا ئۆجەلانی پێسپێردرا، بەڵام هەروەکوو عەبدوڵا ئۆجەلان پێشتر گوتبووی: **(هەوڵی هەموو ئەو کەسانەم لەبار بردووە کە ویستیان ببن بە کەسایەتی دووەم لە پەکەکەدا[1].)** هیچ کام لە ئەندامانی کۆنسەی سەرۆکایەتی پەکەکە نەیانتوانی جێی ئۆجەلان بگرنەوە و کۆنگرە بەبێ ئەوی کە سەرنج بداتە باری ڕوحی ئۆجەلان لە زیندانی ئیمرالی

تورکیادا، سەرلەنوێ عەبدوڵا ئۆجەلانی بە سەرۆکی پەکەکە هەڵبژاردەوە و ڕایانگەیاند: **(مەسەلەی کورد لە ئیمرالی چارەسەر دەکرێ.)**

کۆنگرەی شەشەم وەک کۆنگرەکانی پێشووی پەکەکە سەرلەنوێ ڕێبازی ئۆجەلانی بە ستراتیژی جیهان بۆ دامەزراندنی سۆسیالیزم ناساند و بە ناوی "ئاپۆ"، یان "ئاپۆییزم" تاکتیکەکانی خەباتی دوارۆژی خۆی لەسەر دامەزراند. کۆمیتەی ناوەندیی پەکەکە لە ڕاگەیاندنی کۆتایی کۆنگرەی شەشەمیدا کە ڕۆژی ١٩٩٩/٣/٣ بە بۆنەی کۆتاییهاتنی کۆنگرەی شەشەم بڵاویکردەوە، دەربارەی کەسایەتی عەبدوڵا ئۆجەلان و ستراتیژی دوارۆژی پەکەکە بۆ دامەزراندنی سۆسیالیزم دەڵێت: **(کۆنگرەی ئێمە ئەم ڕاستییەشی دەرخستووە کە سەرۆک ئاپۆ نوێنەرێکی هەرە هێژایە، سیمبۆڵی سۆسیالیزم و ڕەمزی مرۆڤایەتیی سەردەمی ئێمەیە، لەم چوارچێوەیەدا، لە باری تیۆری و پراکتیکەوە، سەرۆکایەتی ئێمە لە خەباتی شۆڕشگێڕی و سۆسیالیستیدا ڕۆڵێکی مەزنی بە دەستە و دژی سیستەمی ئیمپریالی و کاپیتاڵی ڕەنگی ژیانێکی نوێ و شێوەی تێکۆشانێکی تازەی پێکهێناوە. سەرۆک ئاپۆ کریستالیزەیەکی تەواو عەیاری خەباتی سۆسیالیستییە و لە هەر هەلومەرج و بارودۆخێکی مێژووییدا ئەرکی سەرشانی بەجێهێناوە. پارتیی ئێمە لەسەر ڕوح و تەفکیری سەرۆک ئاپۆ دامەزراوە و هەر ئەو ڕێبازە پۆزەتیڤە درێژە پێدەدات کە ئەو دامەزرێنەری بووە. فەلسەفەی سەرۆک ئاپۆ هەر ئەو زانستەیە کە هەموو هێزە سۆسیالیستەکان و سەرجەمی ئازادیخوازان و ئاشتیخوازان و دیموکراتەکانی جیهان وەک سەرچاوەی تێکۆشان باوەڕیان پێیەتی.)**

نوێنەرانی کۆنگرەی شەشەمی پەکەکە بەبێ دەرس وەرگرتن لە شکستی شەڕەکانی ڕابردوویان کە بەدژی هێزە سیاسییە کوردییەکان و بەتایبەتی دژی پارتی دیموکراتی کوردستان و حکومەت و پەرلەمانی کوردستان بەڕێوەیان بردبوو، بڕیاریاندا لەمەوبەدوا بەناوی پەکەکەی باشور لە

هەرێمی کوردستاندا درێژە بە شەڕ بدەن و لە پەنای ئەو شەڕەشدا، شەڕ بەرنە قوڵایی خاکی تورکیاوە.

مستەفا شەفیق دەلێت: (بڕیارەکانی کۆنگرە تەنها سێ مانگ کاری پێکرا و هەر لەگەڵ یەکەم دەرکەوتنی ئۆجەلان لە دادگا و دەرکردنی پاراستنی خۆی لە دادگای تورکیا کە ستراتیژی کۆماری دیموکراتی بە ئەساس وەرگرت، سەرکردایەتی پەکەکە لەم هەڵوێستەی پاشگەز بووەوە و ستراتیژی نوێی ئۆجەلانی قبووڵ کرد.) کۆمیتەی ناوەندی پەکەکە لە ڕاگەیاندنی ڕۆژی ١٩٩٩/٣/٣یدا دەڵێت: (کۆنگرەی شەشەم ئانالیزێکی قووڵ و بنەڕەتی و زیاتری لەسەر گریلا کردووە. لە باری شەڕ و ئەرتەشی ڕزگاریی کوردستان و پێش نەکەوتنێکی دیار و بەرچاوی ئەم ئۆرگانە، سستی و کزی و دەستی کەم گرتنی ڕۆڵ و دەوری گریلا وەک هۆ دەنرخێنێت و کەم کاریی بەڕێوەبەرەکان و گریلاکان دەستنیشان دەکات. بەپێی ئەو ئەسڵە کە دیسیپلینی گریلا گەرانتی ژیانی ئێمەیە و هەر شتێکی ئێمە بریتییە لە سوپا و گریلا، کەوایە دەبێ ARGK هەردەم مەزنتر و بەهێزتر و کارامەتر بکرێت. .... شەڕ بەرەو باشووری کوردستان و بۆ قوڵایی خاکی تورکیە بەرەوپێش بەرێت، ترس و دڵەخۆرپە بخاتە گیانی دوژمنەوە و بە شەڕێکی گەورە و گران سیستەمی کۆڵۆنیالی لەبن و بناغەوە بلەرزێنێت.

کۆنگرەی شەشەمی ئێمە، هەموو پارچەکانی کوردستان و سەرهەڵدانەکانیان لەبەر ڕۆشنایی نەتەوەییدا دەنرخێنێت و بەتایبەت لەسەر باشووری کوردستان ڕادەوەستێت و هەلومەرجێکی کە وا ئێمڕۆ زاڵە بەسەر ئەم بەشەی نیشتمانەکەمان و بەتایبەت کە پرۆبلیمات و بێ ئارامی و نەبوونی سەقام و پایەدارییەکی سیاسی تێدا بەرچاوە، هەوڵی پتر و خۆماندوو کردنێکی مەزنتری تێدا بەهێزتر بکەن. لەسەر ئەم ئەسڵە، بۆ ئەوەی خەتی پارتیمان لەم هەرێمەدا بتوانێ ژیانێکی گەرانتیدار وەرگرێت، بڕیارە هەموو خەباتی خۆمان لەو هەرێمەدا لەژێر ناوی "پەکەکە باشوور" بخەینە گەڕ و بەڕێوەی بەرێن.)

پەکەکە بڕیـاری خـۆی بـۆ بردنـی شـەڕ بـۆ قـوڵایی خـاکی تورکیـا بەجێنەگەیانـد و تەنـانەت لـولەی چەکەکانیشـی بـۆ تورکیـا شـۆڕ کـردەوە و ڕایگەیانـد هەرگیـز بەدژی تورکیـا دەسـت بـۆ چەک نـابەنەوە، بەڵام دوا بە دوای کۆتاییهاتنی گۆنگرەی شەشـەم، بە یـارمەتی داگیرکەرانـی کوردسـتان، گریلاکانی لە گیانی خەڵکی ئاسایی باشوری کوردستان بەردا. پەکەکە بـۆ وەشـاندنی زەبـری گورچـوبڕ لە گەلـی کوردمـان لە باشـوری کوردسـتان، لە تـاکتیکی شـەڕی گەڕۆک کەڵکـی وەرگـرت و ڕۆژ نەبـوو لەو هەرێـمەدا ژمـارەیەک بەدەسـت گریلاکـان زیانیـان پێنەگـات. لەو بـارەیەوە مسـتەفا شەفیق دەلێت: **(بڕیارەکانی کۆنگرە تەنها سێ مانگ کاری پێکرا و هەر لەگەڵ یەکەم دەرکەوتنی ئۆجەلان لە دادگا و دەرکردنی پاراستنی خۆی لە دادگـای تورکیـا کە سـتراتیژی کۆمـاری دیمـوکراتی بە ئەسـاس وەرگـرت، سەرکردایەتی پەکەکە لەم هەڵوێستەی پاشگەز بووەوە و ستراتیژیی نوێی ئۆجەلانی قبووڵ کرد.)**

کۆمیتەی ناوەندی پەکەکە هەتا ئێستا کە خەریکی نوسینی ئەم دێڕانەم لە کۆتـایی سـاڵی ١٩٩٩دا، لەژێـر نـاوی پەکەکەی باشـور، ئەرکـی خـۆی دژی دانیشتوانی باشوری کوردستان بەڕێوە دەبات و گومانیش لەوەدا نییە، بە گوێرەی بڕیاری کۆنگرەی شەشەم ترس و دڵەڕاوکێیەکی زۆری خستوەتە دڵـی خەڵکـی ئەو هەرێمەی کوردسـتان و لەگەڵ شـەهیدکردنی دەیـان ڕۆڵەی ئەو بەشـەی کوردسـتان، تەنـانەت بەزەبیـان بە چێـڵ و مەڕ و مـاڵات و کانیـاو و کارەبای دانیشتووانیشدا نایەت. تۆ بڵێی ڕێبەرانـی پەکەکە بەو کارانەیـان بتوانن سیستەمی کۆڵۆنالیستی لەبن و بناغەوە بلەرزێنن؟

کۆنسـەی سـەرۆکایەتی پەکەکە ئەمـڕۆ لە جیـاتی ئەوەی کە هەوڵـی ئازادکردنی عەبدوڵا ئۆجەلان لە زیندانی تورکیا بدات، یـان بـۆ پاراستنی پرسـتیژی ڕێکخراوەکەیـان و بەفیـڕۆ نەدانـی خـوێنی هەزاران ئەنـدام و لایەنگـری پەکەکە و خەڵکـی بێتـاوانی بـاکوری کوردسـتان پشـت لەو فەرمانـانەی ئۆجەلان بکـات کە بە ئامۆژگـاریی دەزگـای هەواڵگریـی تورکیـا

بەڕێوەیان دەبات، بەچەشنی ساڵانی ١٩٧٣- ١٩٧٨ کە ئەندامانی ڕێکخراوە ئۆپۆزیسیۆنەکانی تورکیای تیرۆر دەکرد، گوتنە کۆنەکانی ئۆجەلان لەسەر چارەنوسی گەلەکەمان دووپات دەکاتەوە!!

بۆ دەرخستنی ئەو ڕاستییە پێویستە بزانین عەبدوڵا ئۆجەلان لە زیندانی ئیمراڵییەوە چۆن لەسەر کێشەی کورد و بزوتنەوەکانی دەدوێ، بەڵام باشتر ئەوەیە سەرەتا ئاگاداری بەشێک لە وتوویژی "ئەحمەد زەکی ئوکچویوغلو" سەرۆکی پێشوی لیژنەی پارێزەرانی ئۆجەلان بین کە ڕۆژی ١٩٩٩/٦/٥ لەگەڵ شاهین بەکر سورەکلی لە بەشی کوردی ڕادیۆ SBS ی ئوسترالیا ئەنجامیداوە. ئوکچویوغلو لە بەشێکیدا دەڵێت:

**شاهین بەکر:** واتە ئەو شتانەی ئۆجەلان دەیویست بیڵێت ڕای ئێوەی لەسەر نەبوو؟

ئەحمەد زەکی ئوکچویوغلو: **(یەکەم جار بەویشم گوت و بە هەڤاڵەکانی ئەویشم گوت کە ئەم کێشەیە بەرلە هەموو شتێک کێشەی کوردە و لە دواییدا کێشەی پەکەکە و پاشان هی عەبدوڵا ئۆجەلان. هەڤاڵانی بەم شێوەیە تەماشای کێشەکەیان نەدەکرد و گوتیان ئەم کێشەیە ئەوەڵ هی عەبدوڵا ئۆجەلانە و پاشان هی پەکەکە و لە دواییدا هی کوردە. بۆیە لە سەرەتادا ڕێکنەکەوتین و هۆی خۆکێشانەوەکەشم ئەمە بوو.)**

**شاهین بەکر:** بەڕێز ئوکچویوغلو، میدیای جیهانی دەڵێت کە ئۆجەلان زۆر شتی گوتووە و هەندێک لەو گوتنانەی دژی پرنسیپی ساڵانی ڕابرووی پەکەکەیە. لە لایەکیترەوە پەکەکەش دەڵێت میدیای تورکی درۆ دەکات و ڕاست ناڵێ، هەروەها دەگوترێت ئەو شتانەی ئۆجەلان لە دادگادا دیلێت، نوێ نین و پێش ئێستاش گوتراون. بە دیتنی ئێوە ئۆجەلان لە دادگادا چی گوت و بۆ؟

ئوکچویوغلو: **(پێشانیش هەندێک چەوتی لە دیتنەکانی ئۆجەلان دا هەبوو و ئەمڕۆ دیتنەکانی سەرتاپا چەوتن.)**

**شاهین بەکر:** مەبەستت لە ڕای ئەو "عەبدوڵا ئۆجەلان" لە دادگادایە، یان شتی تر؟

ئوکچویوغلو: (ئەو تێڕوانینانەی کە لەسەر ئۆجەلان دەنوسرێن و گوتراون و دەنوسرێن ڕاستن. پەندێکی تورکی هەیە کە دەڵێت: "میزراک چوواڵە سگماز" واتە "تیر کە ڕەها بوو لە کەواندا نامێنێ." بۆیە ئێمە ناتوانین هەموو شتێک بشارینەوە، لەبەر ئەوەی هەموو ئاشکران. لە سەرەتادا بە عەبدوڵا ئۆجەلانم گوت: دەوڵەت فریوت دەدات، بەتۆ دەڵێت ئەگەر ئیفادەکەت- وەڵام- وەها بێت و ئەم شتانە بڵێی، ئیعدامت ناکەین. بە ئۆجەلانم گوت: هەربەم شێوەیەش شێخ سەعیدیان فریودا. ئەوان ئیعدامت دەکەن، بەڵام ئەو باوەڕی بەمن نەکرد.)

**شاهین بەکر:** ئەم سیناریۆیەی کە ساز دەدرێت و شێوەی دادگایی کردنی ئۆجەلان، وەک پارێزەر و محامی بە دڵی تۆ نیە. باشە ئەگەر پرۆسەی پاراستنی ئۆجەلان لە دەست تۆدا بووایە و تۆ پارێزەری سەرەکی ئەم کێشەیە بوویتایەی، پرۆسەی پاراستنت بە چ شێوەیەک بەڕێوە دەبرد؟

ئوکچویوغلو: (من بە عەبدوڵا ئۆجەلانم گوت: تۆ دەبێ بەرگری لە خۆت بکەی و کێشەی کورد و ڕێکخستنەکەشت بپارێزی. تۆ ناتوانی تازە ئەمڕۆ بەرەو دواوە هەنگاو هەڵگری. بەڵێ، زۆرتان هەڵە هەیە و من خۆشم دژی ئێوە بووم و ئێستاش دژی ئێوەم، بەڵام دەوڵەتی تورکیاش هیچ ڕێگای تری لە بەرامبەر کورددا نەهێشتبوو. بۆیە تۆ دەبێت ئەمە بڵێت، هیچ ڕێگایەکتان پێشانی ئێمە نەدا و هیچ ڕێگایەکتان لە بەردەم ئێمە نەهێشت، بۆیە ئێمەش ناچار بووین چەک هەڵگرین و چەکیش زیانی بە هەردوولامان گەیاندوە. ئێمە خوازیاری ئەوە نین بە شێوازی چەکداریی درێژە بەم کێشەیە بدەین، بەڵام دەبێت بڕیار بدەن و ڕێگای تر بکەنەوە. پێم گوت: مافی کورد بپارێزە، ئەوە سەد ساڵە تورک ئینکاری مافی کورد دەکات. تۆ دەبێ باسی کورد بکەیت و وەک سەرکردەیەک بەرگری لە خۆت بکەی و لەسەر پێی خۆت بوەستی، بەڵام نەمتوانی قەناعەتی پێ بکەم.)

شاهین بەکر: بەڕێز ئوکچویوغلو وەک دەڵێن بینینتان بۆ ئەم ڕەوشە دیتنێکی بەخێر نیە؟

ئوکچویوغلو: (بەڵێ بەخێر نیە. کاتی شێخ سەعیدیش هەر ئەم شتە بوو. شێخ سەعیدیشیان فریودا. چوونە ژوورەکەی لە بەندیخانەی ئیمرالی و پێیان گوت: مەڵێ ئەم کێشەیە، کێشەی کوردانە و بڵێ ئێمە بۆ ئیسلام ڕاپەڕیوین، ئێمە بڕیاری ئیعدامت دەدەین و پاشان بۆت دەکەین بە زیندانی هەتا هەتایی و دەتنێرین بۆ "ئەدرنا" و دوو ساڵ دورت دەخەینەوە. دوای ئەو دوو ساڵە بچۆ "خنس" و لە ناوچەی خۆت بمێنەوە. ئێمە دێین پێکەوە بەرخێک سەر دەبڕین و دەیخۆین. ئا بەو شێوەیە ڕێککەوتن.

شێخ سەعید دەچێتە دادگا و وەک عەبدوڵا ئۆجەلان ئینکاری شتەکانی دەکات و ئینکاری کێشەی کورد دەکات و لە دواییشدا بڕیاری لە سێدارەدانی دەدرێت و هەر ئەو ڕۆژە دەیبەن دەیکوژن. کاتێ دەیبەن بیکوژن، شیخ سەعید ئەو حاکمە دەبینێ کە ناوی حاکم "عەلی سایب" بوو، پێی دەڵێت: عەلی بەگ تۆ گوتت ئەوها و ئەوها بڵێ ئێمە عەفوت دەکەین. حاکم دەڵێت ئەم سزایە بۆ کەسانی وەک تۆ کەمیشە و شێخ سەعید دەبەن و لە سێدارەی دەدەن.

ئەم چیرۆکەی شێخ سەعیدم لە لای کۆنترا گریلاکانی تورک بۆ ئۆجەلان گێڕایەوە و پێم گوت: شێخ سەعیدیان ئاوا بەم جۆرە فریودا و تۆش فریو دەدەن. ئۆجەلان گوتی: پێوەندی من و شێخ سەعید هیچ بە یەکەوە نیە

شاهین بەکر: هەر بەم شێوەیە، ئۆجەلان وەڵامی دایەوە؟

ئوکچویوغلو: (بەڵێ. جاری دووەم کە من چوومە لای، ئۆجەلان بەمنی گوت: ئەوانەی لە ژورەوەن، خۆشیان لەو چیرۆکەی تۆ دەربارەی شێخ سەعید نەهات. دەبێ لەمەوبەدوا وریا بی لە قسەکانتدا و شتی ئاوا چەوت بەمن نەڵێی. پێم گوت ڕاستییەکەی ئەوەیە. من بۆ ئەوەم نەگوتووە کە ئەوان کەیفیان پێ بێت. حەزم دەکرد ئەمە نمونەیەک بێت بۆ تۆ و دەرسی لێوەرگری.)

**شاهین بەکر:** ئێشکچییەکانی تورک قسەکانی تۆیان بیست؟ تۆ بە ئاشکرا ئەو شتانەت گوت؟

ئوکچویوغلو: **(بەڵێ. دۆزێکی مێژوویی یە. پیویستە دەستی پێ نەکەین، یان کاتێک کەوتینە ناوی ئەرکی خۆمان جێبەجێ بکەین. من ناچار بووم ئەو ڕاستییە بڵێم.)**

ئێستا کە ئاگاداری بیروڕای ئەحمەد زەکی ئوکچویوغلو سەرۆکی پێشووی لیژنەی پارێزەرانی عەبدوڵا ئۆجەلان و ڕێکخراوەکەی بووین، باشتر ئەوەیە سەرنج بدەینە بەشێکی بچوک لە وتەکانی ئۆجەلان و بزانین ئەو چۆن و بە چ شێوەیەک لە بەرامبەر دادگای تورکیادا بەرگری لە ئایدیولۆژییەکەی و پەکەکە و نەتەوەی کورد دەکات. ڕۆژنامەی "ڕۆژا تەزا" **Rojateze** لە لاپەڕەی دووەمی ژمارە دووەمی خۆیدا بەشێک لە وتەکانی عەبدوڵا ئۆجەلانی بڵاوکردەوە. ئۆجەلان لە دادگادا گوتی:

**- (بۆ ئاشتی و دیموکراسی هەلێک بەمن بدەن تا کۆتایی بە شەڕی پەکەکە بێنم. خەڵک لەسەر چیاکانەوە بێنمەوە خوارێ و نەهێڵم چیتر خوێن بڕژێ. من دوای بیست ساڵ تازە تێگەیشتم کە ڕێگای شەڕ هەڵەیە. کاروباری سیاسی ئاشتیخواز و دیموکرات باشترە. .... من سەربەخۆییم ناوێ، تەنانەت فیدراسیۆن و خودموختاریشم ناوێ. ئەو ویستانە لە جێدا نین و دەوڵەتی تێکەڵاو باشترە. من تەنیا کۆماری دیموکراتیم دەوێ. من دەمەوێ خزمەتی دەوڵەتی تورک بکەم. من ئەگەر هەتا ئێستا گەلێک هەڵەم کردوە، دەمەوێ لەمەوپاش هەڵەکانم ڕاست بکەمەوە. ئێوە چیتان دەوێ من وا دەکەم.... سەرهەڵدانی پێشووی کوردان وەک سەرهەڵدانی شێخ سەعید، دێرسیم و ئەوانی تر هەموویان کۆنەپەرستانە بوون، فیوٚدالی بوون، دژی کۆماری تورکیا بوون، لەبەر ئەوە مستەفا کەمال بە شکاندنی ئەوان کارێکی باش و بەنرخی کرد. پێویست بوو ئەوە بکات. کەمالیزم ئایدیولۆژییەکی باشە و من لەگەڵ ئەوم.... ئەو پیلانەی باکوری عێراق- مەبەست باشوری کوردستانە. نوسەر- مەترسییەکی گەورەی بۆ تورکیا هەیە**

که به دەستی ئینگلیز پێکدێ. من دەمەوێ موسڵ و کەرکوکیش بکەونه ناو سنوری تورکیا، تا میساقی نەتەوەیی تەکمیل بێت.)

ئەمانە تەنیا بەشێکی بچووکن له وتەکانی ئۆجەلان که له بەرگرییەکەیدا بۆ دادگای تورکیای نوسیوەو کۆنسەی سەرۆکایەتی پەکەکەش له بەیاننامەکەیدا ڕایگەیاند: (**ئێمه لەگەڵ سەرۆکایەتین و ئەو چ دەڵێ له جێدایه.**) بەم جۆره کۆماری دیموکراتی بوو به بڕیاری پەکەکه و ستراتیژی لەسەر دەوڵەتی تێکەڵاو داڕشت.

---

١- سەرکردەوە گەل، حەوت ڕۆژ لەگەڵ ئاپۆ، لاپەڕەی ٢١٠.

# کۆماری دیموکراتی

پارتی کرێکارانی کوردستان سێ قۆناخی خەباتی بڕی تا پرۆژەی کۆماری دیموکراتی کردە ستراتیژ و وازی لە سەربەخۆیی و فیدراڵی و ئۆتۆنۆمی بۆ باکوری کوردستان هێنا. پەکەکە ئەمرۆ بە ڕێگای کۆماری دیموکراتییەوە پەیمانی ئەمەکناسیی خۆی بە دەوڵەتی تورکیا ڕادەگەیەنێت و بە وتەی ڕێبەرانی، خەریکە میساقی نەتەوەیی لەگەڵ ڕژێمی تورکیا تەکمیل دەکات، ئەویش بەشێوەی یەکلایەنە، نەک بە ڕەزامەندی دەوڵەتی تورکیا.

قۆناخی یەکەمی ژیانی پەکەکە لەساڵی ١٩٧٣وە دەستی پێکرد و هەتا ساڵی ١٩٧٨ کە کۆنگرەی دامەزرێنەری پەکەکە پێکهات، دەوامی کرد. پەکەکە لەو قۆناخەیدا گروپێکی ئایدیولۆژی بچووک بوو، و بە نوسینی عەبدوڵا ئۆجەلان و جەمیل بایک گروپەکەیان بە ئیمکاناتی دەوڵەتی تورکیا خۆی پەروەردە کرد، بەڵام ئەندامانی تری گروپەکەیان دژی ئەو ڕایەن و کردەوەکانی گروپی ئایدیولۆژی بە ئایدیولۆژی ئەندامان و گروپەکەیان دەبەستنەوە.

قۆناخی دووەمی پەکەکە لە کۆنگرەی دامەزرێنەرەوە، هەتا ١٩٨٤/٨/١٤ و بوونی عەبدوڵا ئۆجەلان لە سوریا دەگرێتەوە. پەکەکە لەو قۆناخەیدا گریلاکانی لە "دۆڵی بەقاع" پەروەردە کرد و لەگەڵ پارتی دیموکراتی کوردستان پەیمانی هاوکاریی و لەگەڵ دوو دەوڵەتی سوریا و ئێران پەیمانی ستراتیژی واژۆ کرد.

قۆناخی سێیەمی ژیانی پەکەکە لە ١٩٨٤/٨/١٥وە دەست پێدەکات و هەتا ١٩٩٩/٨/١٥، ماوەی ١٥ ساڵ دەگرێتەوە کە بە پاڵپشتیی سوریا، ئێران و دواتریش عێراق دژی ڕژێمی تورکیا و هێزە سیاسییەکانی گۆڕەپانی خەباتی چەپ و نەتەوەیی شەڕی چەکدارانەی کرد.

پەکەکە ئەمڕۆ بە ڕاگەیاندنی ستراتیژی کۆماری دیموکراتی پێ دەنێتە چوارەمین قۆناخی ژیانی سیاسی و چەکدارانەی. ئەم هەڵوێستە نوێیەی

پەکەکە وەرچەرخـــانێکی گـــرنگە لە ســـتراتیژ و تاکتیکەکـــانی ئەو ڕێکخراوەیەدا، لەبەر ئەوە پێویستە سەرەتا بزانین پرۆژەی ئەو ستراتیژە لە کوێوە هات و چۆن سەری هەڵدا، بەڵام سەرەتا بزانین مستەفا شەفیق چۆن باس لە ستراتیریی پەکەکە دەکات. ناوبراو لەو بارەیەوە دەڵێت: **(لە پەکەکەدا، ستراتیژی بنەمای فیکری و فەلسەفی و ئایدیولۆژی ڕەواڵەتین، ئەو جێیەی عەبدوڵا ئۆجەلان تێدایە، ستراتیژیی تێدا دادەمەزرێت، بۆ نمونە پەکەکە سێ قۆناخی خستوەتە پشت سەر. قۆناخی یەکەم قۆناخی ئەنکارایە کە خۆیان دەڵێن قۆناخی ئایدیولۆژی و دامەزراندنی پارتییە، قۆنــاخی دووەم قۆنــاخی سوریا کە لەودا هەمــوو ســتراتیژیی پەکەکە لە دەوری پێوەنــدیی ئــۆجەلان و ســوریا و شــەڕی چەکــدارانەدا بــووە و سەرکردایەتی لێی بێئاگا بووە. قۆناخی سێیەم، قۆناخی ئیمرالی‌یە کە لەو قۆناخەدا بەهەموو شێوەیەک دەیەوێت لەگەڵ تورکیا بگونجێ و ستراتیژی کۆماری دیموکراتی و گونجاندن لەگەڵ تورکیای داناوە.)**

هەروەکوو پێشتر ئاماژەم بۆ کرد و هەموو لایەکمان ئاگادارین، عەبدوڵا ئۆجەلان سەرۆکی پارتی کرێکارانی کوردستان ڕۆژی ١٩٩٩/٢/١٥ لە نایرۆبی پایتەختی کینیا دەستگیر کرا و بردرایەوە بۆ تورکیا. دوابەدوای گیرانی، ئۆجەلان دەیان پارێزەری کورد و بیانی ڕایانگەیاند: **(ئامادەن لە بەرامبەر دادگای تورکیادا، پارێزگاری لە سەرۆکی پەکەکە بکەن.)** دادگای ئاسایشی تورکیا چەند کەسێکی قبووڵ کرد و "ئەحمەد زەکی ئوکچویوغلو" بوو بە سەرۆکی لیژنەی پارێزەرانی ئۆجەلان. ئوکچویوغلو بۆ ئەوەی لە لایەک کێشەی کورد بکێشێتە بەرنامەی کاری دادگای تورکیا و لەلایەکیتردا عەبدوڵا ئۆجەلان لە زیندان ڕزگار بکات، بە ئۆجەلانی ڕاسپارد: **(تۆ نابێ فریوی دەوڵەتی تورکیا بخۆی و پێویستە مافی کورد بپارێزی. سەد ساڵە تورک ئینکاری مافی کورد دەکات و تۆ دەبێ باسی کورد بکەی و لە پلەی سەرکردەیەکیشدا خۆت بپارێزی و لەسەر پێی خۆت ڕابوەستی.)**

ئەحمەد زەکی ئوکچویوغلو نەیتوانی قەناعەت بە عەبدوڵا ئۆجەلان بێنێت. ناوبراو ئامۆژگارییەکانی ئوکچویوغلوی لە گوێ نەگرت، بەڵام بەپلانی کاربەدەستانی میتی تورکیا کە بەتاکتیکی جۆراوجۆر هەڵسوکەوتیان لەگەڵ دەکرد، لە دورگەی ئیمراڵی تورکیاوە پرۆژەی "کۆماری دیموکراتی" گەڵاڵە کرد و کۆنسەی سەرۆکایەتی پەکەکەش دوای مشتومڕێکی توندی نێوخۆیی، ئەوی بە ستراتیژی نوێی پارتەکەی ناساند و هەتا ئێستاش بەبێ ئەوەی کە بە ڕاشکاوی بە خەڵک ڕابگەیەنن کە لە ستراتیژیی پێشوویاندا شکستیان هێناوە، دروشمی ئاشتی لەگەڵ دەوڵەتی تورکیایان کردوەتە بنێشتەخۆشکە و لە ڕادیۆ، تەلەفزیۆن، ڕۆژنامەکانیان و خۆپێشاندانە جەماوەرییەکاندا پروپاگەندەی بۆ دەکەن.

بەرلەوەی کە پەنجە بۆ ئامانجەکانی کۆماری دیموکراتیی پەکەکە ڕابکێشم، پێویستە ئاوڕێک لەو بڕیارەی کۆنسەی سەرۆکایەتی پەکەکە بدەینەوە و بزانین ئەو کۆنسەیە لەسەر کام بنەما و بەپێی چ بەند و ماددەی پڕۆگرامی پەسەندکراوی کۆنگرەی شەشەمی پەکەکە کە بڕیاریدا بوو "شەڕی چەکدارانە بەرێتە قولایی خاکی تورکیا"، پشتی لەو بڕیارەی کۆنگرەکەی کرد و دوای تێپەڕبوونی سێ مانگ و بانگەوازی ئۆجەلان، شتێکیان لەجێی دانا کە ١٨٠ پلە جیاوازیی لەگەڵ بڕیاری کۆنگرەکەیان هەیە. کۆنگرەی شەشەم بە بەشداریی زیاتر لە ٣٠٠ ئەندام پێکهات و ستراتیژ و تاکتیکەکانی دواڕۆژی پەکەکەی پەسەند کرد و هەروەکوو مستەفا شەفیق گوتی: **(یەکێک لە بڕیارەکانی کۆنگرە ئەوە بووە کە ئۆجەلان وەکو ڕەمز سەرۆکی پەکەکە دەمێنێت، بەڵام سەرکردایەتی پەکەکە بەهیچ شێوەیەک پابەند نابێت بە فەرمان و ڕاسپاردەکانی تا ئەوکاتەی لە حاڵەتی بەندکراوی دابێت و پێوەندیی ڕاستەوخۆی لەگەڵ ڕێکخستندا نەبێت.)** بەڵام عەبدوڵا ئۆجەلان بەتەنیا لە دورگەی ئیمراڵییەوە هەموو ڕیسەکانی لێ کردنەوە بە خوری. لەو بارەیەوە نزامەدین تاش "بۆتان" دەڵێت:

- (لە ڕاستیدا ئێمە وەک کۆنسەی سەرۆکایەتی پەکەکە وامان بیردەکردەوە کە تورکیا لە ماوەی چەند ڕۆژدا ئاپۆ دەکوژێت. ئەوە بوو کە بڕیارماندا لە ماوەی زیندانی بوونیدا ئاپۆ هەڵپەسێرین و بە هەموو شێوەیەک لە دەوڵەتی تورکیا بدەین. کەچی دوای چەند ڕۆژ ئاپۆ بەهۆی دەوڵەتی تورکیاوە ئێمەی ئاگادار کردەوە کە دەتانەوێ من بە کوشتن بدەن؟ ئاپۆ ڕایگەیاند کە لەو بڕیارە پاشگەز بینەوە. ئەوە بوو ئێمە گوتمان با نەبین بە سەبەبی کوشتنی، کۆبووینەوە و بڕیارەکەمان هەڵوەشاندەوە و گوتمان ئێمە لە خزمەت ئەوداین و هەرچی بڵێت ئێمە بەگوێی دەکەین. دیارە ئێمە هەندێک قسەمان کرد، بەڵام ژنەکان کە لە پەکەکەدا ژیانی خۆیان بە پەکەکەوە بەستوەتەوە، گوتیان ئەگەر بەقسەی ئاپۆ نەکەن، ئێمە خۆمان دەتەقێنینەوە.)

ئەو کۆمارە دیموکراتییەی کە ئەمڕۆ پەکەکە بە ستراتیژی خۆی هەڵیبژاردوە، بۆ زۆربەی هەرە زۆری گەلی ئێمە و تەنانەت لایەنگرانی پەکەکەش دیاردەیەکی ناڕوون و نامۆیە و هەرکەسەی بە جۆرێک لەسەری دەدوێ و لێپرسراوانی پەکەکەش وەک پێویست ناتوانن مەبەستی ڕوونی خۆیان لەسەر کۆماری دیموکراتی بۆ خەڵک ڕوون بکەنەوە و لە ڕاستیدا باس لێکردنی ئەوەندە ئاڵۆزە کە زمان توانای بەیان کردنی نییە. بۆ ئەوەی لە ناوەڕۆکی ئەو ستراتیژە نوێیەی پەکەکە بگەین، باشترە سەرەتا بزانین عەبدوڵا ئۆجەلان لە بەرگری کردنە دەستنوسەکەی خۆیدا بۆ دادگای تورکیا، چۆن ئاماژە بەو دیاردەیە دەکات و لە کۆماری دیموکراتی تورکیادا !!! چ مافێکی بۆ کورد دەوێت. ئۆجەلان لە نامەیەکیدا بۆ سەرۆکی دادگای ئاسایشی دەوڵەتی تورکیا دەنوسێت: (دادوەرە بەڕێزەکان، من دەمەوێ لەو ڕۆژانەدا کە محاکەمەی من نزیک دەبێتەوە، پەنجە بۆ چەند تەوەرەیەک ڕاکێشم کە بە محاکەمەی من دەبەسترێنەوە. کێشەی من و هەلومەرجی ئەمڕۆی تورکیا، ساڵی ١٩٢٥ و کاتی دامەزراندنی کۆماری تورکیا و لیبراڵ بوونی ئەو کۆمارە و کێشەی موسڵ و کەرکووکم وەبیر دێننەوە کە بەهۆی

سەربزێوی ئەنجامێکی نیگاتیڤی بەدەست خست. بەتایبەتی فێڵبازی و پیلانگێڕی ئینگلیز کە لە پشت پەردەی کێشەی کورددا پیادەی کرد و ئەوی بە ئامانج گەیاند.

ئێستا ئەو شتەی کە لە عێراق پێکدێ‌و بەستراوەیی ئەو بەشەی کورد بە یارییەکانی ئەو سەردەمەم لە مێشکدا زیندوو دەکەنەوە. ئەگەر من و پەکەکە لەجێی بزاڤی ١٩٢٥ دانێین، دەبینن یارییەکانی ئەمڕۆ گەلێک نزیکایەتی هاوبەشیان لەگەڵ یارییەکانی ئەوکات هەیە. من بەو توانا و تەئسیرەی خۆم لەسەر پەکەکە و کوردان، بۆ ئەوەی کە ئەو یارییە دووپات نەبێتەوە، میساقی میللی تورکیا بە برایەتی تورک و کورد گەلێک کراوە دەبینم. یەکێتیی و دیموکراتی ڕاستەقینە بۆ سەرکەوتنی کۆماری دیموکراتی لە بەرامبەر پیلانەکانی دەرەوە و بەتایبەتی لە دژی ئەو پیلانەی کە لە عێراق پێکدێ، بۆ سەرکەوتنی هێڵی میساقی میللی بە ئەرکی خۆمان دەزانین و بە هەڵوێستی نوێ حەرەکەتی بۆ دەکەین.[(1)])

عەبدوڵا ئۆجەلان بۆ پێکهێنانی پەیمانی نوێی خۆی و پەکەکە لەگەڵ دەوڵەتی تورکیا لە چەند بەشی نامەیەکی ڕۆژی ١٩٩٩/٨/١یدا بە کۆنسەی سەرۆکایەتی پەکەکە فەرماندەدات و دەنوسێ:

- (پەکەکە دەبێ لێرەوەبەدوا دەست لە هەندێ دیتنی دوگماتێکی خۆی و ئەو بەڕێوەچوونە کوێرانەیەی هەڵگرێ.

- ئەگەر بە وردی لەبیری پەکەکە بڕوانین ئەوە دەردەکەوێ کە پەکەکە هیچ جارێک داوای دەوڵەتی سەربەخۆ و جوودابوونەوەی لە کۆماری تورکیا نەکردووە و نەکەوتوەتە نێو قالبێکی ناسیونالیستی تەسکەوە.

- بۆ گەورەیی دەوڵەت و سوپا، تورکیا دەیویست مەشروعیەتی سنورەکانی خۆی بپارێزێت، یا ئەوەتا دەبووایە پەکەکەی لە سنورەکانی خۆیدا دوور خستبایەوە یان لەناوی بردبا. بۆیە دەبێت بچینە ئەو ناوچانەی کە لەپێشدا دەستنیشان کراون، دەبێ لەژێر سێبەری UN کەمپی مەخمور بکەین بە شوێنکی سیاسی.

- دەبێ پەکەکەی باشوور جێی خۆی لەنێو ئەو ڕێکخستنە نوێیەی کورد لە باشووری کوردستان بکاتەوە و سەرکردایەتیش هەوکاری ئەم شتە بکات بۆ ئەوەی جێگای خۆی وەک هێزێک لە دەسەڵاتی ئەوێ وەربگرێت.

- تورکیاو هەندێ لایەنیتر توانیان پەکەکە وەک ڕێکخستنێکی تیرۆریست پێشانی وڵاتانی دەرەوە بدەن، هەر لەبەر ئەوە ڕێگا لە پەکەکە گیرا و نەیتوانی هەنگاو بەرەوپێشەوە بنێت.

- پێویستە لەم قۆناغەدا خاڵە لاوازەکانی تورکیا دژی تورکیا بەکار نەهێنین، بەڵکوو بەپێچەوانەوە پێویستە بەهەموو توانایەکمانەوە هەوڵی بەهێز کردنی ئەو خاڵە لاوازانە بدەین.

- ئەگەر دەوڵەتی تورکیا بەرامبەر بەو کارە باشانەی ئێمە هیچ هەڵوێستێکی پۆزەتیڤی پێشان نەدا، ئەوە ئێمە نابێ بێ ئومێد بین.

- ئەم شتانەی کە من لەم قۆناغەدا دەیانڵێم پێویستە بە هەموو پەکەکە بگات، باوەڕ ناکەم زۆر کەس هەبن کە بەشێوەیەکی عەمدی دژی ئەم شتانە دەرکەون یان پێی ئیستفزاز "بهەژین" بن. ئەگەر واش بن ئەوە ئێوە دەتوانن بە ئاسانی دمکوتیان بکەن. ئەوەی لەم بوارەشدا بکەوێتە سەرشانی من ئەوە منیش دەتوانم ڕۆڵی خۆم ببینم. لە لایەکی تریشەوە ڕاگەیاندنێکی بەهێزتان هەیە و ئەرکی سەرشانی ئێوەیە کە ئەم شتانەی من دەیانڵێم بە خەڵکی ڕابگەیەنن و ئەمەش ئەرکێکی زەحمەت نابێت.

- هەڵەیەکی گەورەیە گەر ئێوە وەکوو پێشوو خۆتان لەوەی "کوردستانی باشوور" بە مەترسیەکی گەورە بۆ تورکیا نابینن.

- ئێوە خۆتان لە کوردستانی باشوور بە بێگانە دامەنێن، بەڵکوو پێویستە خۆتان وەک خاوەن ماڵ ببینن، چونکە نیوەی زیاتری ئەو ڕێکخستنە "پەکەکە باشوور" خەڵکی باشووری کوردستانە، بۆیە هیچ گرفتکتان نابێت[٢].)

باشترە جارێکیتریش ئەم پەیمانەی عەبدوڵا ئۆجەلان بۆ ڕژێمی تورکیا بخوێننەوە، بنوارنە دەقەکەی سەبارەت بە پرچەک کردنی ئاوارەکانی

کەمپی مەخمور و دروستکردنی پەکەکەی باشور بۆ دژایەتی کردن لەگەڵ دەستکەوتی نەتەوەکەمان لە باشوری کوردستان و هاندانی سوپای تورکیا بۆ ئەوەی کە دەستدرێژی بکاتە خاکی ئەو وڵاتە و دانواندنی بۆ ڕژێم تورکیا. ناوبراو هەروەها ڕۆژی ١٩٩٩/٨/٢ بەهۆی پارێزەرەکانیەوە بانگەوازێکی ئاشتی بڵاوکردەوەو لە بانگەوازەکەیدا بە گریلاکانی ڕاگەیاند، دەست لە چەک بەردەن و دژی تورکیا شەڕ ڕاگرن، بۆ ئەوەی زەبر لە برایەتی کوردو تورک نەکەوێ و سنورەکانی تورکیا بەجێهێڵن. جگەلەوە لە بەرامبەر نافەرمانی و سەربزێوییەکانی پەکەکەدا، داوای لە دەوڵەتی تورکیا کرد، لێبوردنی گشتی بۆ ئەندامانی پەکەکە دەربکات و بەشێوەی ڕەسمی یاسای لێبوردنی گشتی ڕاگەیەنێ، کەچی بڵند ئەجەوید لە وەڵامی داواکەی ئۆجەلاندا، ڕۆژی ١٩٩٩/٩/٤ گوتی:

**- (پەکەکە کەوتووەتە هەڵوێستێکی دژوارەوە، بۆیە ئەو بانگەوازەی ڕاگەیاندوە و دەیانەوێ بە مەبەستی کۆتایی هێنان بە تیرۆر یاسای لێبورنی گشتی پەسەند بکەین. هەرکەسێک بیر لە بەرژەوەندی تورکیا بکاتەوە، دەبێ لە کۆتایی هێنانی تیرۆردا یارمەتی بکات، بەڵام لە هیچ کاتێکدا ئەو مەسەلەیە ناخەینە سەودا و مامەڵەوە. ئێمە بە جێگەی لێبوردنی گشتی، داوای پەشیمانیی قبووڵ دەکەین، ئەویش لەو کەسانە کە تیرۆریان نەکردبێ و دەستیان بەخوێنی هاووڵاتیان سور نەبووبێت.)** جگەلەوە سلێمان دمیرێل سەرکۆماری تورکیا ڕیگەیاند: **(دەوڵەت ئەو جۆرە لێدوانانەی ئۆجەلان بە هیچ دەگرێ و گوتنەکانیشی کار لە ئێمە و دەوڵەت ناکەن.)**

مێژووی گەلانی ژێردەستە و مێژووی پڕلە کارەساتی گەلی کوردمان سەلماندویانە کە ئەگەر زیندانییەکی سیاسی خۆی بۆ ڕانەگیرێ و لە زینداندا بشکێ، بۆ ڕازی کردنی دوژمن و پاراستنی گیانی خۆی، گەلێک شتی نارەوای دوور لە ڕاستی دەڵێت. ئۆجەلان یەکێک لەو سەرکردانەیە کە پێشتر لە ساڵی ١٩٧٢دا بە وتەی خۆی حەوت مانگ زیندانی بووە و چونکە

مــانەوەی لە زینداندا زۆر بــۆ دژوار بــووە، دوای ئــازادبوونی لە زینــدان ڕایگەیانــدوە: **(تــازە قەت خــۆم بەدەســتەوە نــادەم.)** کــاتێ گیرانــی ئەم جارەشــی هەر لە ڕۆژی یەکەمــی گیرانەکەیدا لەســەر شاشــەی تەلەڤزیــۆن لەبەر دیــدی هەمــوو دانیشــتووانی کوردســتان و جیهــان بە ڕاشــکاوی بەو پاسەوانانەی کە خەریکبوون دەیانبردەوە بۆ تورکیا گوت: **(من دایکم تورکە و بۆ خزمەت ئامادەم.)**

کەوابوو گوتنی زیندانییەکی وەک ئوجەلان زۆر جێگەی سەرسوڕمانە کە کۆنسەی سەرۆکایەتی پەکەکە قسەکانی بەجددی وەربگرێ و پەیڕەوەی لە فەرمانەکانی بکات. لەمەش سەیرتر پڕوپاگەندەی ئەو بەناو ڕۆشنبیرانەیە کە دەیــانەوێ بە سەفســەتە و چەنەوەڕیــی تەســلیم بــوون بە ڕێبــاز و ستراتیژی نوێ دابنین.

ئۆجەلان و کۆنسەی سەرۆکایەتی پەکەکە بە پەسەند کردنی ستراتیژی کۆماری دیموکراتی، هەموو شەرت و مەرجەکانی پێشوویان خستە ژێرپێ. ســەرەتا هەمــوو شــۆڕش و بزوتنەوەکــانی کوردیــان بە دوای ١٩٢٥ لە خزمەتکردن بە بێگانەدا بینــی و ئەوانیــان بە کۆنەپەرست و دەرەبەگ و پێشــێلکەری دیموکراســی تاوانبــار کــرد. بە وتەی ئــۆجەلان و پەکەکە شــێخ ســەعیدی پیــران، ســەید ڕەزا، ئیحســان نــوری پاشــا و هەمــوو شــەهیدانی بزوتنەوەکانی ڕزگارییخوازنەی کوردستان، نەیانهێشتووە کۆماری لیبراڵی تورکیــا لە مــاوەی ٧٥ ساڵی ڕابــردوودا ڕەوتــی سروشتی خــۆی بپێــوێ و بە ئامانجە دیموکراتییەکانی بگات.

مێژووی پەکەکە لەسەر شەڕ و خوێن ڕشتن دانراوە. هەموو لایەک دەزانن کە ئەگەر کەسێک ڕەخنەی لە کــار و کردەوەکــانی پەکەکە گرتبــا و شــەڕی براکــوژیی پەکەکەی لە باشوری کوردســتان ســەرکۆنە کردبــا، بە هاوکــاریی کەمــالیزم و ســەهیونیزم تاوانبــار دەکــرا و ئێســتاش خەباتکــارانی بــاکوری کوردستان بەوە تاوانبــار دەکەن کە دژی کۆمــاری لیبراڵی کەمالیستەکانن و ئۆجەلان لە زیندانەوە فەرمان بە کۆنسەی سەرۆکایەتی پەکەکە دەدات کە

ئەوانەی دژی بۆچوونەکـانی ئەون، دمکوتیـان بـکەن و دەڵێـت ئەوەی لەم بوارەشـدا بکەوێـتە سەرشـانی ئەو، دەتـوانێ ڕۆڵـی خـۆی ببینێـت کە خوێنەرانی ئازیز بێگومان لە واتای ئەو وتەیەی ئۆجەلان دەگەن.

عەبـدوڵا ئـۆجەلان و پەکەکە بـۆ ئەوەی ئەرکـی شۆڕشـگێڕی خۆیـان لە بەرامبەر کۆماری دیموکراتی تورکیادا بەجێ بگەیەنن، چەند قۆناغیان دەستنیشان کرد، وەک ئاگربەس، داماڵینی چەکی گریلا و دەست بۆ چەک نەبردنەوە، داوای لێبوردنی گشتی و گەڕانەوەی ئەندامان بۆ خزمەتکردن بە کۆماری تورکیا.

چەک دانـانی پەکەکە و کۆتـایی هێنـانی شـەڕ دژی ڕژێمـی تورکیـا لە چوارچێوەی پڕۆگرام و پرنسیپی ڕێبەرانی ئێستای پەکەکەدا، بێگومان ئەو قازانجانەی بۆ کورد دەبێ کە ئیتر تورکیا نەتوانێ گوندەکانی کوردستان وێران بکات و لاوەکانمان بە تاوانی کردەوەی تیرۆریستی بکوژێ و بەپێی یاسا و ڕێسامەکانی جیهان، مافە دیموکراتییەکانی کورد پێشێل بکات. هەروەها پەکەکەش ئیتر ناتوانێ وەک پێشوو بیانوو بە کوردی باشوور و بەشەکانی تری کوردستان بگرێ و لەژێر پەردەی هەوڵدان بۆ دامەزراندنی دەوڵەتـی سـەربەخۆی کوردسـتان، چارەنوسـیان لە مەترسـی هاوێژێـت. پتەوکردنـی میسـاقی میللـی ئـۆجەلان لەگەڵ تورکیـا، پیلانەکـانی ئەو و پەکەکەی پتـر ئاشـکراکرد. هەرچەنـدە عەبـدوڵا ئـۆجەلان لە ڕابردووشـدا نەیشاردوەتەوە ئـازادبوونی باشوری کوردستانی بە خەنجەرێک لە پشتی خۆی و ڕێکخراوەکەیدا دەبینێت، بەڵام ژمارەیەک لە ڕووی نەزانی یاخود بە مەبەستی تایبەت و قازانجی شەخسی گوێی خۆیان لێ کپ دەکرد.

دوای بڵاوبوونەوەی بانگەوازی ئۆجەلان، هەرکام لە ئەندامانی کۆنسەی سـەرۆکایەتی و ئۆرگانەکـانی پەکەکە بە تەلەفـۆن و بڵاوکـردنەوەی بەیاننامە لە ڕۆژنامەکاندا پشتی بانگەوازی ئۆجەلانیان گرت و ئەویان بە سـتراتیژی نـوێ کـورد ناسـاند. کۆنسـەی سـەرۆکایەتی پەکەکە لە بەیاننامەیەکدا کە ڕۆژی ١٩٩٩/٨/٥لە تەلەفزیـۆنی MEDدا بڵاویکـردەوە،

پشتی بانگەوازی ئۆجەلانی گرت و ڕایگەیاند: **(هەموو شێوەکانی خەبات لە شێوازی کۆماری دیموکراتیدا بەڕێوە دەبات.)**

کۆنسەی سەرۆکایەتی پەکەکە بانگەوازی ئۆجەلانی بە هەلێکی زێڕین بۆتورکیا نرخاند. کۆمیتەی ناوەندی پەکەکە لە ڕاگەیانێکی خۆیدا کە ڕۆژی ١٩٩٩/٨/٨ لە MEDtv بڵاویکردەوە، ڕایگەیاند: **(لە کۆبوونەوەی ڕۆژانی ٢٣-١٩٩٩/٧/٢٩دا، بانگەوازی ئۆجەلانمان بە ستراتیژی نوێ قبووڵ کرد و پێویستە کێشەکەمان لەگەڵ تورکیا لە کۆمارێکی دیموکراتیدا چارەسەر بکەین و بۆ ئەوەش ئاڵوگۆڕ لە پێڕەو و پرۆگرامەکەماندا پێک دێنین و بڕیارماندا کۆنگرەیەکی نائاسایی ببەستین.)** هەروەها بەرەی ڕزگاری نەتەوەیی "ئەرگەکە" ڕایگەیاند: **(لە ڕۆژی ١٩٩٩/٩/١وە سنورەکانی تورکیا بەجێدەهێڵێت و دەکشێتەوە دەرەوەی سنورەکان.)**

عوسمان ئۆجەلانی برای عەبدوڵا ئۆجەلان و ئەندامی کۆنسەی سەرۆکایەتی پەکەکە کە دوای گیرانی عەبدوڵا ئۆجەلان، ئەرکی بەڕێوەبردنی پەکەکەی بە ئەستۆ بوو، ڕۆژی ١٩٩٩/٨/٥ بە ڕێگەی تەلەفزیۆنی MEDtv دا، کۆماری دیموکراتی بۆ ئێران، عێراق و سوریاش ویست. ناوبرا لەو بارەیەوە گوتی: **(ئەو پرۆسە ئاشتییەی پەکەکە دەستی پێکردوە، بە پەلە بەرەوپێشەوە دەچێ و هیچ گیروگرفتیش لە پێکهێنانیدا نییە. پێویستییەکانی دیموکراسی و ئاشتی هەندە گرنگن کە ڕێگەی گەڕانەوەیان نەماوە و ئێمە لەو هەڵوێستەماندا هەموو کۆمەڵگای تورکیا و دەڵەتیشمان لەبەرچاو گرتووە. دەوڵەتی تورکیا باوەڕی بەم پرۆسەیە هەیە، بەڵام بە تەدبیر هەڵسوکەوتی لەگەڵ دەکات. ئەو بڕیارەی ئێمە هەموو خەڵکی سەرسام کرد، بەڵام ئەمە ڕێبازی ئێمەیە بەرەوە ئاشتی و دیموکراسی. هێزەکانمان بۆ ئاوەدان کردنەوەی تورکیا تەرخان دەکەین و ئەگەر هەلومەرجیش بێتە پێشەوە، ئێمە دەست بۆ چەک نابەینەوە و بەرپرسانی سەربازیی تورکیا دڵنیا دەکەینەوە لەو بڕیارەمان پاشگەز نابینەوە. پرۆژەی کۆماری دیموکراتی بۆ هەموو ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستە و**

**هەموو لایەکیش ڕۆڵی خۆیانی تێدا دەبینن و کۆماری دیموکراتیمان بۆ ئێران، عێراق و سوریاش دەوێت.)**

تا گیرانی عەبدوڵا ئۆجەلان، پەکەکە هەوڵدان بۆ دامەزراندنی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردی لە کوردستان بەسەرۆکایەتی عەبدوڵا ئۆجەلان و پەکەکەی بە ئەرکی سەرشانی هەموو کوردێک دەزانی کە لەو ڕێگەیەوە خزمەت بە کورد بکەن، بەڵام ئێستا بە قسەی عوسمان ئۆجەلان، کورد لە هەموو بەشەکانی کوردستاندا پێویستە بە ئەرکی خۆیان بزانن کە لەژێر ڕێبەرایەتی پەکەکەدا لە ئێران، عێراق، سوریا و تورکیادا خزمەتی کۆمارە دیموکراتییەکانی ئەو وڵاتانە بکەن!!!

سەبارەت بەو گۆڕانکارییە فیکریی و ستراتیژییە لە پەکەکەدا، عوسمان ئۆجەلان لە وتووێژێکی تایبەت و ڕاستەوخۆدا کە دەنگی لای من پارێزراوە، ڕۆژی ٢٠١٥/١٢/١ گوتی: **(دوای گیرانی سەرۆک ئاپۆ لە ساڵی ١٩٩٩دا ئێمە کۆنگرەی نۆیەمی پەکەکەمان پێکهێنا. ئەوە کاتێک بوو کە ئێمە پێویستمان بە ڕیفۆرم بوو، دەمانگوت کوشتن لە پەکەکەدا نەمێنێت، دەبێ گریلا لە هێزێکی فیدراڵیدا خۆی ببینێتەوە، هێزێکی مەدنی کە بتوانێ هاوسەرگیریی بکات و بەشدار ببێت لە ژیانی مەدنی و سۆسیال و ڕفۆرمدا. ساڵی ٢٠٠٣ بە ڕەسمی ئاماژەمان بۆ ئەو ستراتیژە کرد و گوتمان دەمانەوێ لەگەڵ تورکیا وتووێژ بکەین. ئەوە لە کاتێکدا بوو، پرۆژەی ئاپۆ لە ساڵی ٢٠١٣دا باسی ئەو ڕفۆرمەی کرد. ساڵی ٢٠٠٣ گوتمان با لە دەستپێکدا پیرەکان، نەخۆشەکان و بریندارەکان چەکدانێن و بگەڕێنەوە بۆ تورکیا، ئێران و سوریا. بە چوونی ئەو کۆمەڵە خەڵکە، کۆمەڵێک زۆر قەیران و کێشەی لەسەر شانی ئێمە سووک دەبوو. ئەوە پرۆژەیەکی ڕیفۆرم و چارەسەرییەکی سیاسیی بوو کە تێدا سەرنەکەوتین.)**

جگەلە عوسمان ئۆجەلان، مستەفا قەرەسوو ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی پەکەکەش ڕۆژی ١٩٩٩/٨/٨ بە تەلەفۆن بەشداریی پرۆگرامێکی تەلەڤزیۆنی میدیای کردو گوتی: **(لە ڕۆژی ١٩٩٩/٩/١وە ئاگربەس لەگەڵ پارتی**

دیموکراتیش ڕادەگەیەنین و ئەگەر ئەوان بگەڕێنەوە سەر هێڵی نەتەوەیی، دژی ئەوانیش شەڕ ناکەین.)

بە وتەی مستەفا قەرەسوو وادیارە دەوڵەتی تورکیا گەڕاوەتەوە سەر هێڵی نەتەوەیی و چونکە پەکەکەش هەڵگری بیری نەتەوەییە!!! شەڕ کردنی بە دژی دەوڵەتی تورکیا ڕاگرتووە و بە وتەی خۆیان بۆ هەمیشە وازیان لە شەڕ دژی دەوڵەتی تورکیا هێناوە، بەڵام پارتی دیموکراتی کوردستان کە خۆی حیزبێکی نەتەوەییە و لە ڕێگای خەبات و هەوڵدان بۆ نەتەوەی کورد دەیان هەزار شەهیدی داوە، بە وتەی قەرەسوو ئەندامی کۆنسەی سەرۆکایەتی پەکەکە، لەسەر هێڵی نەتەوەیی دا نییە!!!

بەمجۆرە هەرکام لە ئەندامانی کۆنسەی سەرۆکایەتی، کۆمیتەی ناوەندی و ئۆرگانەکانی پەکەکە بە نۆرەی خۆیان پشتی بانگەوازی عەبدوڵا ئۆجەلانیان گرت کە میساقی میللی خۆیان لەگەڵ دەوڵەتی توکیا بەهێز بکەن، شەڕیان دژی دەوڵەتی تورکیا ڕاگرت، بەڵام هەتا ئێستا کە من خەریکی نوسینی ئەم دێڕانەم، تورکیا وەڵامی داخوازی لێبوردنی گشتی ڕێبەرانی پەکەکەی نەداوەتەوە و دەیەوێت جگەلە ئۆجەلان، ئەوانی تریش ناچار بکات واز لەو داوایە بێنن و ڕێگای خۆبەدەستەوەدان بگرنەبەر!

شکانی ستراتیژی پەکەکە بۆ دامەزراندنی سۆسیالیزم!!! و دەوڵەتی سەربەخۆی کورد، جارێکی تریش بە نەتەوەی ئێمەی سەلماند کە سۆسیالیزم بە کوردی هەژار بێ دەوڵەت دانامەزرێت! بۆ ئازادبوونی خۆشی، ئەگەر کوردی هەر بەشێکی کوردستان یەکڕیز و یەکگرتوو نەبێت و لە بەرەیەکی نەتەوەیی و نیشتمانیدا لەگەڵ کوردی پارەچەکانی تری کوردستان کۆنەبێتەوە، سەبارەت بە داواکانی یەک دەنگ نەبێ، دیپلۆماسی بەهێزی نەبێ و نەتوانی بەرژەوەندیی ئابووری دەوڵەتە زلهێزەکانی جیهان و دراوسێکانی لە هەرێمەکەیدا بپارێزی و ڕێز لە یاساکانی جیهان نەگرێت، سەرکەوتن بەدەست ناهێنێت. بۆ ئەوەی ئێمەی کورد سەرکەوین، پێویستە بەپێی هەلومەرجی ڕەخساو لە هەرێمەکاندا

بجوڵێینەوە. پەکەکە خۆی کردوەتە قوربانیی ئەو هەڵەکارییانەی و دڵسۆزانی کورد دەبێ لە کردەوەکانی ئەزموون وەربگرن. هەرچەندە ئێستاش کەسانێک هەن کە نەهاتوونەتەوە سەرخۆ و باوەڕیان بە شکانی پەکەکە نەهێناوە، بەڵام ڕاستی تاڵە و بەهەمموو کەس قوت نادرێت. هیوادارم ڕێبەرانی پەکەکە بەسەر ڕابردووی ڕێکخراوەکەیاندا بچنەوە و ڕێگایەکی دروست بگرنە پێش کە چیتر بە خەیاڵ ڕێبەرایەتی کردنی هەموو کوردستان و دامەزراندنی سۆسیالیزم و دەوڵەتی دیموکراتی، خۆیان و ئەندام و لایەنگرەکانیان فریو نەدەن.

١- ڕاپۆرتی دەستنوسی عەبدوڵا ئۆجەلان بۆ سەرۆکی دادگای ئاسایشی دەوڵەتی تورکیا لە زیندانی ئیمرالی، لە کتێبی لە پشت پەردەی ئیمرالی Imralinin perde arkasi، نوسینی ئۆیا ئارموچوو و لامعە ئایهان، بڵاوکراوەی ئومێد، ئەنکارا ١٩٩٩ وەرگیراوە.

٢- عەبدوڵا ئۆجەلان بۆ کۆنسەی سەرۆکایەتی پەکەکە، ڕۆژنامەی سەرخۆبوون، ژمارە ٢١٢، مانگی هەشت.

# کۆنگرەی حەوتەمی پەکەکە

پەکەکە هاوکات لەگەڵ بڵاوکردنەوەی میساقی ئاشتی لەگەڵ تورکیا کە بەپێچەوانەی پەسەندکراوەکانی کۆنگرەی شەشەم بوو، دەستی لە خەباتی چەکدارانە دژی ڕژێمی تورکیا هەڵگرت و قورسایی خۆی خستەسەر باشوری کوردستان. ناوی پەکەکەی باشوری کرد بە "پارتی چارەسەریی دیموکراتی" و ئەو پارتە بەگوێرەی نامەی ڕۆژی ١٩٩٩/٨/١ی عەبدولا ئۆجەلان بۆ کۆنسەی سەرۆکایەتی پەکەکە، کە لە بەشی "کۆماری دیموکراتی"دا ئاماژەم بۆ کرد، جێی خۆی لەنێو ڕێکخستنەکانی باشوری کوردستاندا کردەوە کە نەکات هێزەکانی باشوری کوردستان زیان بە بەرژەوەندەکانی ڕژێمی تورکیا بگەیەنن.

هەروەها بەپێچەوانەی بڕیارەکانی کۆنگرەی شەشەم کە دەبووایە شەڕی چەکدارانە بەرێتە قولایی تورکیا، شەڕی بە دژی سوپا و ڕژێمی تورکیا ڕاگرت و سەرنجی خۆی خستەسەر "پارتی ئاشتی و دیموکراتی تورکیا" کە پارتێکی یاسایی کورد بوو لە تورکیا و هەوڵیدەدا بە ڕێگەی ئاشتی و دیموکراتی کێشەکانی کورد لەو بەشەی کوردستاندا چارەسەر بکات. لە هەمانکاتدا کۆنسەی سەرۆکایەتی پەکەکە داوای دەکرد کێشەی کورد بە "لێبوردنی گشتی" لەگەڵ حکومەتی تورکیا چارەسەر بێت کە هەروەکوو پێشتر گوتم بلند ئەجەوید سەرۆکوەزیرانی ئەوکاتە و حکومەتەکانی دواتری داواکەیان پەسەند نەکرد و ڕایانگەیاند داوای پەشیمانی لە ئەندامانی پەکەکە قبووڵ دەکەین، ئەویش لەو کەسانەی تیرۆریان نەکردبێت و دەستیان بە خوێنی هاووڵاتیان سور نەبووبێت.

پێشێلکاری و ئالۆزییەکانی فیکری ئەندامانی کۆنسەی سەرۆکایەتی پەکەکە بە دوای کۆنگرەی شەشەمدا و لەژێر پێنانی بڕیارەکانی ئەو کۆنگرەیە، پەرەی بە ئالۆزیی و کێشەکانی نێو پەکەکەی دا و کۆنسەی سەرۆکایەتی ناچار کرد بۆ ئارامکردنەوەی ڕیزەکانی حیزب پەنا بۆ

پێکهێنانی کۆنگرەی حەوتەمی پەکەکە بەرێت. کۆنگرەی حەوتەمیش وەک کۆنگرەی شەشەمی ئەو رێکخراوەیە، کۆنگرەیەکی نائاسایی بوو، و ساڵ و نیوێک دوای کۆنگرەی شەشەم لە زستانی ساڵی ٢٠٠٠دا پێکهات.

کۆنگرە بەسەر راپۆرتەکانیدا چووەوە و ئەو حەوت ئەندامانەی خوارەوەی بۆ کۆنسەی سەرۆکایەتی هەڵبژارد: عوسمان ئۆجەلان، جەمیل بایک، عەباس دوران قەیا، نزامەدین تاش، موراد قەرەیلان، ژیان دێنیز و خەلیل ئاتاج "ئەبوبەکر". کۆنگرە موراد قەرەیلانی لە جیاتی عوسمان ئۆجەلان دانا کە پەکەکە بەڕێوەبەرێت و بڕیاریدا: **(تا ئەو کاتەی عەبدوڵا ئۆجەلان لە زینداندا بێت و پێوەندی ڕاستەوخۆی لەگەڵ ڕێکخستن نەبێت، پەکەکە پابەندی هیچ ئەمرێکی ئۆجەلان نابێت و بەهەموو شێوەیەکیش لە ڕژێمی تورکیا دەدات.)**، بەڵام دیسانیش کۆنسەی سەرۆکایەتی نەیتوانی پشت بە بەڕیارەکانی کۆنگرە ببەستێت و لە جیاتی لێدانی لە ڕژێمی تورکیا، تەسلیمی خواستی عەبدوڵا ئۆجەلان و تورکیا بووەوە. لەو بارەیەوە نزامەدین تاش "بۆتان" دەڵێت: **(ئێمە لە پەکەکەدا هەرگیز بیرمان لە گیرانی ئۆجەلان نەکردبۆوە و هیچ بڕیارێکمان نەبوو بۆ ئەوە کە دوای گیرانی چ بکەین. لەبەر ئەوە ئەزموونی ڕێکخراوەکانی دنیامان لەبەرچاو گرت و گوتمان تا ئەوکاتەی ئاپۆ لە زینداندا بێت، بەرپرسایەتی نییە. ئێمە حەوت کەس دوای کۆنگرەی حەوتەم بەم ناوانە ئەندامانی کۆنسەی سەرۆکایەتی پەکەکە بوون: عوسمان ئۆجەلان، جەمیل بایک، عەباس دوران قەیا، نزامەدین تاش، موراد قەرەیلان، خەلیل ئاتاج و ژیان دێنیز. لە ڕاستیدا وامان بیردەکردەوە کە تورکیا لە ماوەی چەند ڕۆژدا ئاپۆ دەکوژێت. بڕیارماندا: لە ماوەی زیندانی بوونیدا ئاپۆ هەڵپەسێرین و بە هەموو شێوەیەک لە دەوڵەتی تورکیا بدەین. کەچی دوای چەند ڕۆژ ئاپۆ بەلایەنی دەوڵەتی تورکیاوە ئێمەی ئاگادار کردەوە کە دەتانەوێ من بە کوشتن بدەن؟ ئاپۆ ڕایگەیاند کە لەو بڕیارە پاشگەز بینەوە. ئەوە بوو ئێمە گوتمان با نەبین بە سەبەبی کوشتنی، کۆبووینەوە و بڕیارەکەمان هەڵوەشاندەوە و**

گوتمان ئێمە لە خزمەت ئەوداین و هەرچی بڵێت ئێمە بەگوێی دەکەین. دیارە ئێمە هەندێک قسەمان کرد، بەڵام ژنەکان کە لە پەکەکەدا ژیانی خۆیان بە پەکەکەوە گرێداوە، گوتیان ئەگەر بەقسەی ئاپۆ نەکەن، ئێمە خۆمان دەتەقێنینەوە.) هەر لەو بارەیەوە مستەفا شەفیق یەکێکی تر لە ئەندامانی کۆنسەی سەرکردایەتی پەکەکە دەڵێت:

- (کە عەبدوڵا ئۆجەلان گیرا، ستراتیژیی پەکەکەش گۆڕا و ناوبراو لە یەکەم دەرکەوتنیدا لە دادگا لە مانگی ژوئین "حوزیران"ی ١٩٩٩دا، پشتی بە شێوازی بەرگریی کردنی مەزلوم دۆغان، کەمال پیر و خەیری دورموشی نەبەست. ئەو سێ ئەندامانەی سەرکردایەتی پەکەکە، ساڵی ١٩٨٢ لە زیندان و دادگای دیاربەکر، بەرگریی کردنێکی مێژوویی و زانستیان هەبوو و بەو بەرگریی کردنەیان ستراتیژیی سەربەخۆیی کوردستانیان خستە نێو پرۆگرامی پەکەکە و ئەوەش کاریگەریی زۆری لەسەر ئێمە هەبوو. بەپێچەوانەوە بەرگریی کردنی ئۆجەلان دوور بوو لەو ستراتیژە و لە ڕاستیدا من باوەڕم نەدەکرد کە بەم جۆرە بێت. دەمویست ئۆجەلان وەک هەموو گیراوەکانی پەکەکە بەرگریی مێژوویی لە کورد بکات، کەچی ئەو بەرگریی لە ستراتیژیی کۆماری دیموکراتی کرد کە ئەوە پێویستیی بەو هەموو شەڕ و شەهیدە نەبوو. چاوەڕوان بووم سەرکردایەتی پەکەکە ئەو ستراتیژە قبووڵ نەکات، بەڵام ئەوانیش بەپێچەوانەی بڕیاری کۆنگرەی حەوتەمی پەکەکە کە دەڵێت: "ئێمە پابەندی هیچ ئەمرێکی عەبدوڵا ئۆجەلان نابین، تا ئەو کاتەی لە زیندانە و پێوەندی ڕاستەوخۆی لەگەڵ ڕێکخستن نیە" ئەو ستراتیژە نوێیەی عەبدوڵا ئۆجەلانیان قبول کرد. ئەوە بوو، دوای کۆنگرەی حەوتەم کە بۆ کاری ڕێکخستن چووبووم بۆ ئەرمەنستان، لە قفقاز پەکەکەم بەجێهێشت.)

دوای کۆنگرەی حەوتەم و تەسلیم بوونەوەی کۆنسەی سەرۆکایەتی پەکەکە بە داخوازەکانی عەبدوڵا ئۆجەلان، سەرلەنوێ کێشە و ئاڵۆزیی، ڕاکردن، جیابوونەوە و تەسفیە کردنی کادیر و گریلاکان لە پەکەکەدا سەری

هەڵدایەوە و ساڵی ٢٠٠٠، فاروق بوزروگ "ناسر توپال"یان لە قەندیل کوشت. لەو بارەیەوە نیزامەدین تاش ئەندامی کۆنسەی سەرۆکایەتی لەو سەردەمەدا دەڵێت: (دوای گیرانی ئاپۆ، لە ساڵی ٢٠٠٠وە جیابوونەوە لە پەکەکەدا ڕوویدا، ئاپۆ چەند کتێبی لەسەر گرتنی خۆی نوسی. پەکەکە دەیگوت ئامانجی پەکەکە دامەزرانی دەوڵەتی سەربەخۆ و دیموکراتییە و گریلا بۆ ئەوە شەڕ دەکات، کەچی دوای گیرانی ئاپۆ، ناوبراو گوتی دەوڵەتی تورکیا دیموکراتییە و پێویست ناکات شەڕی لەگەڵ بکەین و ڕێگای چارسەرکردنی کێشەی کورد لە تورکیا سیاسیی و دیموکراتییە، نەک سەربازی و شەڕ. هەروەها گوتی ئامانجی ئێمە دامەزراندنی دەوڵەت نییە و کێشەی کورد لە چوارچێوەی تورکیادا چارەسەر دەکەین. ئێمەش گوتمان مادام پەکەکە دەستی لە دەوڵەتی کورد بەرداوە، دەبێ ستراتیژی خۆی لەسەر سیاسەت و دیموکراتیی دابنێ و دەبێ لە بوارەکانی ڕێکخستن، ئایدیولۆژی، فەلسەفە، پراکتیک و بەگشتی تەواوی سیستەمی خۆی بگۆڕێت. بۆ ئەوەش پێویستە بەرنامەیەکی نوێ دابنێت و بە گوێرەی ستراتیژی نوێ، ڕیفۆرم بکات. گوتمان ئەگەر بۆ جارێکی تر بڕیاردەدەن دەوڵەتی سەربەخۆی کورد دامەزرێنن باشە، ئەگەرنا دەبێ شەڕ بوەستێنن. بۆ ئەو ئامانجە نابێ کورد بکوژرێت. ئەو گوتنەی ئێمە بەشێوەی بەربڵاو قسەی لەسەر کرا و ئەو بیرۆکەیە لەلایەن هەمووان و تەنانەت جەمیل بایکیشەوە پەسەند کرا.) بەو ڕێککەوتنە نوێیە لەنێوان ئەندامانی کۆنسەی سەرکردایەتی و کۆنسەی سەرۆکایەتی پەکەکە و جەمیل بایکدا کە هەڵسوڕێنەری ئەسڵی و پشت پەردەی پەکەکە بوو، کۆنسەی سەرۆکایەتی پەکەکە بڕیاریدا کۆنگرەیەکی نائاسایی تر پێک بێنێت و لەو کۆنگرەیەدا ستراتیژییەکی نوێ بۆ پەکەکە دابنێت و ستراتیژی سەربەخۆیی کوردستان لە پەکەکەدا بەلاوە بنێت و هەوڵبدەن بە ڕێگای ئاشتی و دیموکراتی کێشەی کورد لە باکوری کوردستان و تورکیا چارەسەربکەن. بەو بڕیارە نوێیە، پەکەکە گەیشتە کۆنگرەی هەشتەم.

# کۆنگرەی هەشتەمی پەکەکە

کۆنسەی سەرۆکایەتی پەکەکە، بە مەبەستی گۆڕانکارییی لە پارتی کرێکارانی کوردستاندا، ساڵی ۲۰۰۲ کۆنگرەی هەشتەمی ئەو ڕێکخراوەی کە ئەویش کۆنگرەیەکی نائاسایی بوو، پێکهێنا. لەو کۆنگرەیەدا ناوی پەکەکەیان گۆڕی بۆ "کۆنگرەی ئازادی و دیموکراتی کوردستان" KADEK و بۆ ئەوەی گۆڕین ناو و ستراتیژی نوێی پەکەکە بکەوێتە بواری پراکتیکەوە، دەقی بڕیارەکانیان نارد بۆ ئیمرالی کە عەبدوڵا ئۆجەلان پەسەندیان بکات(۱). لەو بارەیەوە نیزامەدین تاش "بۆتان" ئەندامی کۆنسەی سەرۆکایەتی ئەوکاتی پەکەکە دەڵێت:

**- (کۆنگرەی هەشتەممان پێکهێنا و ناوی پەکەکەمان گۆڕی و کردمان بە "کۆنگرەی ئازادی و دیموکراتی کوردستان" KADEK. ئەو ناوە بە تێکڕای دەنگ لە کۆنگرەدا پەسەند کرا. بۆ ئەوەی بڕیارەکانمان ڕەسمیەت پەیدا بکەن، ناردمان بۆ ئیمرالی کە ئاپۆ واژۆیان بکات. ئاپۆ دژ نەوەستا و بە دەم قبووڵی کرد، بەڵام هەر هەفتەی گۆڕانێکی لە دەقەکەی ئێمەدا کرد و پرۆگرامەکەی ئێمەی لە ناوەڕۆک خست و ئێمەش ناچار بووین بە گوێرەی گۆڕانەکانی ئەو پەسەندکراوەکانمان بگۆڕین. بۆ نمونە ناوەکەی گوڕی بۆ "کۆما جڤاکی کوردستان" کەجەکە KCK بۆ کۆنفیدراڵیزمی دیموکراتی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست. دوای ئەو گۆڕانانە، حکومەتی ئاکپارتی هەندێک هەنگاوی بۆ دیموکراتی کردنی وڵات هەڵگرت کە ئەو مەسەلەیە بە دڵی ژەنەراڵەکانی سوپای تورکیا، "ئەرنەگە کۆن"، لایەنی "کوێری سوپا" نەبوو و ڕاوەستانی شەڕ دەسەڵاتی ئەوانی لاواز کردبوو.)**

وشەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست کە بە بەردەوامیی لە ڕادیۆ، تەلەفزیۆن، ڕاگەینراوەکان و زاری ئەندامان و لایەنگرانی پەکەکە دەبیسترێت، بۆ ئەوەیە کە پەکەکە دەیەوێ کێشەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست چارەسەر بکات و کۆنفیدراڵیزمی دیموکراتی لە هەموو وڵاتانی جێگیر لەو هەرێمە

جوغرافیایەی جیهان دامەزرێنێت. ئەو گوتنەی ڕێبەرانی پەکەکە سەبارەت بە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست کە هەرێمێکی دەوڵەمەند، خاوەن کەلتور و ئاینیی جیاواز، ئاڵۆز و پڕلە کێشەی جیهانە، ئەوەندە بە ئاسایی لە زاری جەمیل بایک و ڕێبەرانی تری پەکەکە دێتەدەر کە مرۆڤ واتێدەگات ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست گوندێکی ڕۆژئاوای کوردستانە، داعش دەستی بەسەردا گرتووە و پەکەکە دەیەوێ ڕزگاری بکات.

کورد گوتنەی: "کوێر دوو چاوی ساخی دەوێت" و خۆزگە ڕێبەرانی پەکەکە لە جیاتی ڕزگارکردنی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و بە کۆنفیدراڵی کردنی ئەو هەرێمە، توانای ئازاد کردنی گوندێکی باکوری کوردستانیان بووایە و دەستیان لە بەرزکردنەوەی ئەو دروشمە بێ ناوەڕۆکانە هەڵدەگرت و بە دروشمی نەگونجاو، گیانی نەوەکانی کوردیان بە فیڕۆ نەدەدا. لەو بارەیەوە خەلیل ئاتاج "ئەبوبەکر" یەکێکی تر لە ئەندامانی کۆنسەی سەرۆکایەتی ئەوکاتی پەکەکە دەڵێت:

**- (لە کۆنگرەی هەشتەمدا ناوی پەکەکەمان کرد بە کادەک KADEK بە واتای کۆنگرەی ئازادی و دیموکراسی کوردستان. بڕیاری گۆڕینی ناوەکەمان بۆ عەبدوڵا ئۆجەلان نارد کە پەسەندی بکات. لە سەرەتادا ئەو پەسەندی کرد، بەڵام دواتر ناو و ناوەڕۆکی بڕیارەکانی کۆنگرەی گۆڕی و کادەکی کرد بە کەجەکە کە دەبێت کۆنگرەی کۆمەڵگای کوردستان بۆ کۆنفیدراڵی کردنی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست. ئەوەش بۆ ئەو مەبەستە بوو کە کادیر و ئەندامانی پەکەکەی پێوە سەرگەرم بکات، ئەگەرنا ئێمە لە کوردستانەوە چیمان بە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دابوو، چونکە کێشەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست کێشەیەکی دژوار و دوور و درێژە و دنیا خەریکە کاری لەسەر دەکات، کەچی بۆی چارەسەر نابێت، بۆچی بە ئێمە دروست دەبێت؟)**

ساڵی ٢٠٠٢ بۆ نەتەوەی کورد لە باشوری کوردستان، ساڵێکی چارەنوسی بوو، ڕژێمی عێراق لە پرۆسەی شەڕکردنی لەگەڵ کوەیت و دواتریش لەگەڵ ئەمریکا و هاوپەیمانانی بەرەو نەمان دەچوو. گەلی ئێمە لە هەموو جیهان

ئومێدی بەوە بەستبوو کە ڕژێمی بەعس زووتر بروخێت و کورد لە ئامانجەکانی خۆی نزیک بێتەوە، کەچی ڕێبەرانی پەکەکە بەپێچەوانەوە بیریان لەوە دەکردەوە کە کورد لەو بەشەی کوردستاندا نەتوانێت سەرکەوێ و بە ئامانجەکانی بگات. لەو بارەیەوە عوسمان ئۆجەلان یەکێکی تر لە ئەندامانی کۆنسەی سەرۆکایەتی ئەوکاتی پەکەکە دەڵێت:

**- (لە کۆتایی ساڵی ٢٠٠٢دا ئێمە کۆبوونەوەیەکی بەرفرەوانمان لە خنێرە پێکهێنا. جەمیل بایک، دوران کالْکان، عەلی حەیدەر قەیتان، مستەفا قەرەسوو و من کە ئەندامی کۆنسەی سەرۆکایەتی پەکەکە بووین، بەشداریی ئەو کۆبوونەوەمان کرد. جگەلە من، ئەو چوارانە بڕیاریاندابوو، دیسانیش دژی پارتی دیموکرات شەڕ دەست پێبکەینەوە، دەیانگوت ئەگەر سەدام بچێت، پارتی دەبێتە دەوڵەت و بوونی بە دەوڵەت لە بەرژەوەندیی پەکەکەدا نییە، دەبێ بە شەڕ ڕێگریی لێ بکەین. من ئەو ڕێگایەم لێگرتن و گوتم لە جیاتی ڕێگریی کردن لەو، دەبێ پشتی بگرین کە دەوڵەتی کورد ئاوا بکات.)**

کۆنسەی سەرۆکایەتی پەکەکە لە پرۆسەی ئازادکردنی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، سێ هەنگاوی گرنگی لە ساڵی ٢٠٠٣دا هەڵگرت. لە هەنگاوی یەکەمدا، ڕۆژی ٢٠٠٣/٤/٤ لەساڵڕۆژی لەدایکبوونی عەبدولا ئۆجەلاندا، ڕێکخراوێکی لەژێر ناوی **"پارتی ژیانی ئازادی کوردستان"** بۆ ڕۆژهەڵاتی کوردستان دامەزراند و لە هەنگاوی دووەمدا، پارتێکی هاوشێوەی لە ژێرناوی **"پارتی یەکێتی دیموکراتی"** بۆ ڕۆژئاوای کوردستان پێکهێنا. مستەفا شەفیق "ئاری" سەبارەت بە دانانی ناوی پارتی یەکێتی دیموکراتی بۆ بزوتنەوەی کورد لە سوریا دەڵێت:

**- (پەکەکە لە جیاتی نەتەوەی کورد دەستەواژەی "نەتەوەی دیموکراتیک" بەکار دێنێت کە لە ڕاستیدا ئەم دەستەواژەیە لەناو دەستەواژە سیاسییەکان "لە فەرهەنگی سیاسیدا" نییە. پەکەکە بۆ قبووڵکرانی لەلایەن ڕژێمە داگیرکەرەکان و خۆ شاردنەوەیە لە داخوازە**

نەتەوەییەکانی نەتەوەی کورد لەو دەستەواژەیە کەڵک وەردەگرێت. لەو چوارچێوەیەدا پەکەکە لە باکور، باشور، ڕۆژئاوا و ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا ناوی کورد و کوردستانی لەناو حیزب و ڕێکخراوەکانی خۆیدا بەشێوەی خوارەوە هەڵگرتووە:

**PYD** پارتی یەکێتی دیموکراتیک بۆ ڕۆژئاوای کوردستان.

**HDP** پارتی گەلانی دیموکراتیک بۆ باکوری کوردستان.

**PJAK** پارتی ژیانی ئازادی بۆ ڕۆژهەڵاتی کوردستان.

**PCDK** پارتی چارەسەریی دیموکراتیک بۆ باشوری کوردستان.

بە هەرحاڵ پەکەکە لە هەنگاوی سێیەمیدا ڕێکخراوێکی تایبەتی لەژێر ناوی **"تەڤدە"** بە واتای گشت، بۆ کوردانی ئێزدیی دامەزراند و بنکەیەکی لەسەر چیای شەنگال داناوە و لەسەی نوسیوە "ماڵی ئێزدیان". سەبارەت



بە دامەزراندنی ئەو ڕێکخراوە بۆ کوردانی ئێزدی دانانی ئەو ماڵە لەسەر چیای شەنگال، شێخ شامۆ شێخۆ، شێخی ئێزدیان و سەرۆکی دەستەی باڵای بنکەی لالەشە لە وتووێژێکی تایبەتدا پێیڕاگەیاندم: (خانوویەک لەسەر ناوچە دەشتاییەکەی سەر چیای شەنگال هەیە، تابلۆیەکیان بەو خانووەوە هەڵواسیوە و لەسەریان نوسیوە: "ئەلبەیتی یەزیدی- ماڵی ئێزدیان" و ئاڵای عێراقیان لەسەر بەرز کردوەتە. ئەو جێیە بنکەی پەکەکەیە کە ساڵی ٢٠٠٣ ڕێکخراوێکی سیاسی لەژێر ناوی "تەڤدە"[٢] بە واتای گشت، بۆ هەموو ئێزدیان لە چەند بنەماڵە لە شەنگال دامەزرا کە لەو ماوەیەدا نەیانتوانیوە لە سەرئاستی ناحیەش کورسێکیان هەبێت.)

مستەفا شەفیق سەبارەت بە شێوازی خەباتی پەکەکە لە کوردستاندا و ڕادەی بەرپرسایەتی ئەو ڕێکخراوە لە بوارەکانی خەباتدا دەڵێت:

- (پێویستە ئامـاژە بـۆ ئەوە بکرێـت کە پەکەکە لە کوردستاندا هـیچ بەرپرسایەتییەک لەسەر خۆی نابینێت و تەنها خۆی بە خاوەن دەسکەوت و قارەمانەتییەکـان دەزانێـت، بـۆیە بە ئاسـانی دەتـوانێ دەسـەڵاتی باشـور تۆمەتبار بکـات و خۆشـی پاک نیشـان بدات، بەڵام بـۆ زانـین لە گشت ئەو دەستکەوتانەدا کە لە باکوری کوردستان بەدەست هاتوە، پەکەکە خزمەتی بە خەڵک نەکردوە و گلەیـی و گازەنـدی بـێ شماری لەسـەرە. هەروەهـا لە ڕۆژئـاوی کوردسـتان لە مـاوەی چـوار سـاڵی ڕابـردوودا لەبەر سیاسـەتی ستەمکاریی ئەوان، نزیکەی ملیۆنێک کورد کۆچیان کردوە و دوای کارەساتی شـەنگال لەسـەر نـاوی ئێزدییەکانـدا بە سـەدان ملیـۆن دۆلار پـارەی لە ئێزدییەکـان وەرگرتـووە، بەڵام تەنهـا یەک لیرەشـی لە شـەنگال و بـۆ ئێزدییەکـان خەرج نەکـردوە، تـاکو ئێسـتاش ئەم بـابەتە باسـی ناکرێـت، بۆچی؟)

---

١- کۆنسەی سەرۆکایەتی پەکەکە چۆن بـاوەڕی بە میتـی تورکیـا کـردوە کە بڕیارەکـانی کۆنگرەی هەشتەم وەک خۆی بەدەست عەبدوڵا ئۆجەلان بگەیەنێت و وەڵامی دروستی ئەویـان بـۆ بگەڕێنێتەوە. چۆن دەزانرێت ئەو یارییانەی لە پەکەکەدا دەکرێن و ئەو ڕێکخراوەیـان ئـاڵۆز کـردوە کە لە سـاڵی ١٩٩٩ و کۆنگرەی شەشـەمەوە پەنـا بـۆ کۆنگرەکـانی ئـاوارتە بەرێت کە کێشـەکانی چارەسـەر بکـات، بەڵام نەیتوانیوە، هی میت و سوپای تورکیا نەبن کە بە ناوی عەبدوڵا ئۆجەلانەوە بەسـەر پەکەکەیدا دەسەپێنن و یاری بەو ڕێکخراوەیە دەکەن.

٢- لە پرۆسەی خەباتدا پەکەکە ناوی تەڤدەی کرد بە "یەبەسە" YBS.

## کۆنگرەی یەکەمی کۆما جڤاکێن کوردستان

کۆما جڤاکی کوردستان کەجەکە KCK بۆ کۆنفیدراڵیزمی دیموکراتی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، یەکەم کۆنگرەی خۆی نائاسایی خۆی لە مانگی ١١ی ساڵی ٢٠٠٣ پێکهێنا. هاوکات لەگەڵ نوێ کردنەوەی ئۆرگانەکانی ئەو ڕێکخراوە و هەڵبژاردنی کۆنسەی سەرۆکایەتی نوێ، بەشدارانی کۆنگرە بڕیاریاندا کۆمەڵێک چاکسازیی لەو ڕێکخراوەیەدا بکەن. بەشێک لەو بڕیارانەی پەیوەست بوون بەو نامەیەی عەبدولا ئۆجەلان کە ڕۆژی ١٩٩٩/٨/١ لە زیندانی ئیمراليیەوە ئاراستەی کۆنسەی سەرۆکایەتی پەکەکەی کردبوو و لە بەشێکیدا دەڵێت: (پەکەکە واز لە دروشمی دەوڵەتی سەربەخۆ و جوودا بوونەوە لە کۆماری تورکیا بێنێت. ئاوارەکانی کەمپی مەخمور بکرێت بە شوێنکی سیاسی. پەکەکەی باشوور جێی خۆی لەنێو ڕێکخراوەکانی کوردی باشووری کوردستاندا بکاتەوە. پێویستە بەهەموو توانایەکەوە هەوڵی بەهێز کردنی خاڵە لاوازەکانی تورکیا بدەن. ئەگەر کەسێک دژی ئەو قسانە بوەستێت کە من دەیانکەم، بە ئاسانی دمکوتیان بکەن. ئەوەی لەم بوارەشدا بکەوێتە سەرشانی من ئەوە منیش دەتوانم ڕۆڵی خۆم ببینم. ئێوە خۆتان لە کوردستانی باشوور بە بێگانە مەزانن، بەڵکوو پێویستە خۆتان وەک خاوەن ماڵ ببینن، چونکە نیوەی زیاتری ئەو ڕێکخستنە "پەکەکە باشوور" خەڵکی باشووری کوردستانە.) عوسمان ئۆجەلان ئەندامی کۆنسەی کۆما جڤاکی کوردستان کەجەکە لە وتووێژێکی تایبەتدا پێی گوتم: (ئێمە کۆنگرەی نۆیەمی پەکەکەمان پێکهێنا. ئەوە کاتێک بوو کە ئێمە پێویستمان بە ڕیفۆرم هەبوو، دەمانگوت کوشتن لە پەکەکەدا نەمێنێت، دەبێ گریلا لە هێزێکی فیدراڵیدا خۆی ببینێتەوە، هێزێکی مەدنی کە ئەندامانی بتوانن هاوسەرگیریی بکەن و بەشدار بن لە ژیانی مەدەنی و سۆسیال و ڕفۆرمدا. ساڵی ٢٠٠٣ بە ڕەسمی ئامادەمان بۆ ئەو ستراتیژە کرد و گوتمان دەمانەوێ لەگەڵ تورکیا وتووێژ بکەین. گوتمان

بــا لـه دەســتپێکدا پیرەکــان، نەخۆشــەکان و برینــدارەکان چەک دانــێن و بگەڕێنـەوە بۆ تورکیا، بە چوونی ئەوانـی، کۆمەڵێک کێشـەی لەسـەر شـانی ئێمە سوک دەبوو. ئەوە پرۆژەیەکی ڕیفۆرم و چارەسەرییەکی سیاسیی بـوو کە تێدا سەرنەکەوتین.)

کەجەکە کە دەیوســـت لە ڕۆژهەڵاتـــی ناوەڕاســـتدا کۆنفیـــدراڵیزمی دیموکراتی دامەزرێنێت، بەرە بەرە لە حکومەتی ئاکپارتی نزیک بووەوە و ئـۆجەلانیش بە ڕاسـت یـان بەشـێوەی دروسـتکراو، پەیامەکـانی خـۆی بـۆ کۆنسەی سەرۆکایەتی کەجەکە و لایەنگرانی لە ڕیزی پارتی یاسایی هادەپ دەنـارد. ئەو پێوەنـدییانە بە ڕادەیەکـی زۆر هێمنـی و ئارامیـان بە بـاکوری کوردستان بەخشـی و ئـابووریی ئەو هەرێمەی کوردستانی بوژانـدەوە، بەڵام کێشـەکە لێرەدا بـوو کە کەجەکە بـۆ هەر گۆڕانکـارییەک دەبـووایە پـرس بە عەبدوڵا ئۆجەلان بکات. جەمیل بایک لەمـپەر بـوو لەبەر دەمـی ئەنـدامانی کۆنســـەی ســـەرۆکایەتی کەجەکە کە نەتـــوانن خۆیـــان بڕیـــار بـــدەن. لەو بارەیەوە خەلیل ئاتـاج "ئەبـوبەکر" ئەنـدامی سـەرۆکایەتی ئەو سـەردەمەی کەجەکە دەڵێـت: (سـەبارەت بە هەر شـتێک دەبـووایە ئـاپۆ لە زینـدانەوە پەسەندی بکات، ئەو پێشتر گوتبووی ئەو کەسانە دەتوانن بـبن بە پەکەکە کە لە جەستەمندا بتوێنەوە و ئێستای بۆ ئـازادی ژنـان دروشـمی زیـلان و عەگیدی هەڵگرتبوو و دەیگوت ئەو ژنانە ئـازاد دەبـن کە بە پلـەی زیـلان و عەگید بگەن. واتە وەک عەگید و زیلان شەهید بن و ئازادی ژنانی لە مردن و خۆ تەقاندنەوەدا دەبینی و ئەوانیش لە بەرامبەر بڕیارەکانی ئێمەدا ئەو هەڕەشـــەیان لـــێ دەکـــردین. زیـــلان لە ڕۆژی دامەزرانـــدنی ســـوپای تورکیا، ١٩٩٤/٦/٣٠ خۆی تەقاندبووەوە و عەگید ساڵی ١٩٨٦ لە کەمینێکدا شەهید کرابوو.)

بەو جـۆرە خەریکبـوو پرۆسـەی ئاشـتی و بە ئاشـتی چارەسـەر کردنـی کێشەی کورد لە باکوری کوردستان و تورکیـا تەمـی بەسـەدا دەهات. جەمیل بایک کە مرۆڤێکی وشک و توندڕەوە، ئەندامی خاوەن دەسەڵات و لە ڕاستیدا

هەڵسوڕێنەری کەجەکەیە کە بە بەردەوامی لەمپەری خستوەتە بەردەم چاکسازییەکانی کەجەکە و لە ئەنجامدا عەبدوڵا ئەجەلان بە فەرمانێکی نوێ بۆ کۆنسەی سەرۆکایەتی کەجەکە هەموو ڕیسەکانی لێ کردنەوە بە خوری. لەو بارەیەوە نیزامەدین تاش "بۆتان" ئەندامی کۆنسەی سەرۆکایەتی کۆما جڤاکی کوردستان "کەجەکە" دەڵێت: **(هەنگاوەکانی حکومەتی ئاکپارتی بۆ بە دیموکراتی کردنی وڵات بە دڵی ژەنەڕاڵەکانی سوپای تورکیا، "ئەرنەگە کۆن، واتا لایەنی "کوێری سوپا" نەبوو. چونکە ڕاوەستانی شەڕ دەسەڵاتی ئەوانی لاواز کردبوو، ئەوان لە ئۆجەلانیان ویستبوو سەرلەنوێ دژی سوپا شەڕ بکەن تا تورکیا ئاڵۆز بێت. ئۆجەلان سێ محامی خۆی بە ناوەکانی مەحمود شاکار "پیاوی ئەرنەگە کۆن"، عیرفان دوندار" کە دواتر دەرکەوت سەربە میتە" و بەکر قەیا سەرۆکی ئێستای شارەوانی "وان"ی بە نامەیەکەوە ناردبوو بۆ قەندیل و نوسیبووی ئەوانە وەکیلی منن. ئەو سێ کەسە بۆ ماوەی سێ مانگ لە قەندیل مانەوە و چەندان کۆبوونەوەیان لەگەڵ گریلاکان پێکهێنا و گوتیان بە بڕیاری سەرۆک ئاپۆ دەبێ کۆنگرەیەکی ئاوارتە پێک بێنن و لەودا سەرلەنوێ بڕیاری شەڕکردن بدەن. ئەو سێ کەسە هەفتانە دەگەڕانەوە و لەگەڵ ژەنەڕاڵەکانی سوپا کۆدەبوونەوە و هاتوچۆی قەندیلیان دەکرد.)**

هەرلەو بارەیەوە سەبارەت بە شکستهێنانی پرۆسەی ئاشتی و بە ئاشتی چارەسەرکردنی کێشەی کورد لە باکوری کوردستان و تورکیادا، خەلیل ئاتاج "ئەبوبەکر" ئەندامی ئەوکاتی کۆنسەی سەرۆکایەتی "کەجەکە" دەڵێت: **(ئەو سێ پارێزەرانەی ئۆجەلان ناردنی بۆ ئەوەی کە پرۆگرامی کەجەکە بگۆڕین، بریتی بوون لە مەحمود شاکار و عیرفان دوندار کە هەردوو پیاوی سوپای تورکیا بوون و بەکر قەیا کە من خۆم لێ نزیک نەکردەوە. ئەو سێ کەسانە خۆیان بە نوێنەری ئاپۆ ناساند و لەگەڵ گریلاکان کۆبوونەوە کە ڕازیان بکەن بۆ هەڵگیرساندنەوەی شەڕ لە تورکیادا. لە ڕاستیدا دوای هاتنەسەر کاری ئاکپارتی سوپای تورکیا دەسەڵاتی خۆی لەدەستدا و ئەوانە**

هاتبوون کە دیسان شەر بکرێتەوە بۆ بەهێز بوونەوەی سوپا کە ئاکپارتی پێی خۆش نەبوو. پەسەند کردنەوەی شەڕ لەلایەن کەجەکەوە، زۆر بە زیانی کوردان و پەکەکە بوو، بەڵام ئەرنەگە کۆن دەیویست. ئەرنەگە کۆن ناوی ئەو تورکانە بوو کە لە قەفقازە هاتن و تورکیایان داگیر کرد بە فیکری کۆن و ڕەگەزپەرستانەی دەیانویست لە تورکیادا حکومەت بەڕێوەبەرن.)

بەو جۆرە بڕیارەکانی کۆنگرەی کۆما جڤاکی کوردستان KCK بۆ کۆنفیدرالیزمی دیموکراتی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و بە ئاشتی چارەسەرکردنی کێشەی کورد لە باکوری کوردستان لەلایەن کەجەکەوە وەک بڕیارەکانی کۆنگرەی شەشەم، حەوتەم و هەشتەم سەر نەکەوت و کەجەکە نەیتوانی چیتر بە ئاشتی درێژە بە ژیان بدات و ناچارکرا بەرەو پێکهێنانی کۆنگری دەیەم بچێت.

# کۆنگرەی دووەمی کەجەکە

کۆنسەی سەرۆکایەتی کەجەکە بە ڕاسپاردەی مەحمود شاکار، عیرفان دوندار و بەکر قەیا، سێ نوێنەری عەبدوڵا ئۆجەلان و لە ڕاستیدا هەڵوێستی سوپا و دەزگای هەواڵگریی تورکیا "میت" ساڵی ٢٠٠٤، کۆنگرەی دووەمی خۆی پێکهێنا و لەسەر داخوازی ئەو سێ کەسانە، کۆتایی بە هەوڵەکانی ئاشتی لەگەڵ ڕژێمی تورکیا هێنا. لەو کۆنگرەیەدا سەرلەنوێ ناوی پەکەکەیان لەسەر ڕێکخراوەکەیان داناوە، بەڵام ناوی کەجەکەیان وەک بەرەیەک لە پەکەکەدا هێشتەوە. کۆنگرەی دووەمی کەجەکە "کۆنگرەی دەیەمی پەکەکە" لەلایەن بەشێک لە ئەندامی کۆنسەی سەرکردایەتی و کۆنسەی سەرۆکایەتی پەکەکە بە "کۆنگرەی تەسویە "پاکتاو" کردن و مەیل و جموجۆڵی تەسفیەچیان" ناوی دەرکرد.

سەبارەت بەناوی کەجەکە لە پەکەکەدا خەلیل ئاتاج "ئەبوبەکرد" دەڵێت: **(ئێستا لە پەکەکەدا هەم KCK هەیە و هەمیش پەکەکە. KCK زیاتر وەک بەرە دەچێت لە پەکەکەدا. دوران کالکان " عەباس" کە تورکە، پێشنیازی کرد پەکەکە وەک خۆی بمێنێت و ئاپۆش قبووڵی کرد.)**

دوای کۆنگرەی دەیەمی پەکەکە، ١٧ ئەندامی کۆنسەی سەرکردایەتی و کۆنسەی سەرۆکایەتی پەکەکە، بە ناچاریی ڕێکخراوەکەیان بەجێهێشت و لێی جیابوونەوە. لەو بارەیەوە نیزامەدین تاش "بۆتان" یەکێک لە ئەندامانی سەرۆکایەتی ئەوکاتی پەکەکە دەڵێت: **(لە ئاکامی هاتووچۆی ئەو سێ کەسانەدا سەرلەنوێ ناوی پەکەکەیان لەسەر ڕێکخراوەکە داناوە و ئێمە ١٧ ئەندامی سەرکردایەتی پەکەکە دژی ئەو داخوازە ڕاوەستاین و ساڵی ٢٠٠٤ لە پەکەکە جیابووینەوە، ناوی ژمارەیەک لەو هەڤاڵانە بریتییە لە: خەلیل ئاتاج "ئەبوبەکر"، خدر یالچین "سەرهات خدر"، ساری قەیا "ئەکرەم"، دورسن عەلی کوچک، عوسمان ئۆجەلان "فەرهاد"، فەیسەڵ دوملایجی "کانی یەلماز"، ڕەحیمە یەلدرن، سیپان ڕۆژهەڵات[1]، کەمال**

عفرینــی "کەمـال سـوور کـوردی ڕۆژئـاوای کوردسـتان"، حەسـەن ئاتمەجـات "فـەرحان"، سلێمان قایدن "جەلال شرنـاخی" و من نیـزامـەدین تـاش "بۆتـان" و.... تــد کە لـەو ژمــارەیە هەشــت کەسـیان لەلایـەن پەکەکەوە کــوژران. هـەروەهـا زیـاتر لـە ٢٠٠٠ گـریلاش لـەگەڵ ئـێمە لـە پەکەکە جیـا بـوونـەوە.)
هەرلەو بـارەیەوە خەلیـل ئاتـاج "ئەبـوبەکر" ئەنـدامێکی تـری کۆنسـەی سەرۆکایەتی ئەوکاتی پەکەکە، دەڵێت:

- (سـاڵی ٢٠٠٤، پەکەکە دەسـتی لـە ئـازادی و سـەربەخۆیی کوردسـتان هەڵگرت، من دوو جـار لـە موسڵ و هەولێر لـەگەڵ ئەمریکییەکـان دانیشتم. ئەوان دەیـانگوت عەبـدوڵا ئـۆجەلان ئێسـتا ئـازاد نابێـت و ئەگەر ئێـوە چارەسـەر کردنــی کێشـەی کـورد بـخـەنە پـێش ئـازادبوونی ئـۆجەلان ئـێمە دەتوانین پێکەوە کار بکەین. شەڕ ڕاوەستابوو، گوتیان درێژە بەو سیاسەتە سـەبارەت بـە ڕاگرتنـی شـەڕ بـدەن، ئـێمە لـەگەڵ تورکەکـان قسـە دەکـەین، هەوڵـدەدەێن و کێشـەکەتان چارەسـەر دەکـەین. گوتیـان کونسـوڵی ئـێمە لـە ئادانا سـەبارەت بە کـورد، ئەو ئەرکە بەڕێوەدەبـات. بـۆ دانـەوەی وەڵام بـە ئەمریکییەکــان، پێوەنــدیم بە جەمیـل بایـک و سـەرکردایەتییەوە گــرت، کۆنفڕانسـێکیان پێکهێنـا و گوتیـان ئـێمە نـاتوانین لـەگەڵ ئەمریکـا ڕێـک بکەوین، گوتیان ئایدیولۆژی ئێمە دژی ئەمریکایە و ئەوان دەیانەوێت ئێمە بخەنە ناو هێڵی ڕیونیستەکانەوە. من لـەگەڵ عوسمان ئۆجەلان، سـەرهات، ئەکرەم، دۆغان، بۆتان، ماهیر، عەلی دووسن، جەلال شرناخ و ژمارەیەکی تر لـە موسڵ بووین، لـە بەغدا کۆبووینـەوە و بڕیارماندا بگەڕێینـەوە بـۆ شـاخ و ئەگەر ئاکامێکی باشمان وەرگرت باشە و ئەگەرنا لێیان جیابینەوە. ئێمە چووینـە "کانی جەنگی لـە سـەرووی "کوتەک" لە قەندیل و قسـەمان لـەگەڵ ســـەرکردایەتی پەکەکە کـــرد. ســـەبارەت بە کێشـــەکانی ناوخۆمـــان، پێوەنـدییمان لـەگەڵ پـارتی و یەکێتـی، دیـاردەی خودموختـاریی، کۆمـاری دیموکراتـی و ڕاگرتنی شـەڕ کردنمـان دژی تورکیـا خستەبەرباس و گوتمـان پێویسـت ناکـات ئـێمە شـەڕ بکەیـن و گوتمـان دەبـێ بـۆ کـاری ڕێکخسـتن و

بەرەوپێش بردنی پرۆسەی سیاسیی کار بکەین و دەبێ گریلاش تێکەڵی ئەو سیاسەتە بێت، بەڵام ئەوان قبووڵیان نەکرد. ئێمە نزیکەی ١٠٠ کەس بووین و بەناچار لە پەکەکە جیابووینەوە. من بۆ ساڵێک دەچوو کە بەرپرسی ئیستخباراتی پەکەکە بووم، پێشتر داوایان لەمن کردبوو کە ئەو ئەرکە وەرگرم، دوای چەند ڕۆژ گفتوگۆ قبووڵم کرد. دەبووایە گروپێک پەروەردە بکەین کە لە سەرەتادا ژمارەیان ٣٥ کەس بوو بۆ ڕوسیا، لوبنان، ئێران، تورکیا، ئەڵمان و فەرەنسا و قورساییمان دابووە سەر تورکیا. زانیارییە نهێنییەکان لای من بوون لەگەڵ هەندێک پارە بۆ بەڕێوەبردنی کارەکانمان، گوتم دەچم ئەوانە دەدەمە دەست کۆمیتەکەمان لە موسڵ، سوار ئوتۆمبیل بووم و چووم بۆ موسڵ و هەموو شتەکانم تەسلیمی ڕۆستەم جودی و زەکی شەنگالی کرد و لەوێوە جیابوونەوەی خۆم ڕاگەیاند. ئەوانی تریش کە لە شاخ بوون، ڕایانکرد و هاتنەلای ئێمە. کانی یەلماز، سیپان ڕۆژهەڵات و کەمال عەفرینی "کەمال سوریان لێ تیرۆر کردین، بەڵام ئێمە دەرچووین.)

١- ناوی ئەسڵی سیپان ڕۆژهەڵات، شاپور بادۆشیوە بوو. ناوبراو کوردی ناوچەی سەڵماس بوو لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و ساڵی ١٩٩٢ لە کەنادا، لەگەڵ پەکەکە کەوتبوو. ساڵی ١٩٩٤- ١٩٩٦ ئەرکی پێوەندییە دیپلۆماسییەکانی پەکەکەی لە فەڕەنسا و ئەڵمانیا بەڕێوەبردوە. ساڵی ١٩٩٦ چووەتە دیمەشق و لە کۆتایی ساڵی ١٩٩٧ لەکاتی شەڕی نێوان پەکەکە و پارتی دیموکراتی کوردستان بە چیادا ڕەوانەی قەندیل کراوە کە لە ڕێگادا کەوتووەتە دەست پێشمەرگەکانی پارتی دیموکرات و پارتی دوای ساڵ و نیوێک ئازادی کردوە. لە ساڵی ١٩٩٩وە تا ساڵی ٢٠٠٤ ئەندامی سەرکردایەتی پەکەکە و بەرپرسی کاروباری ڕۆژهەڵاتی پەکەکە بووە، چونکە لە پەکەکەدا هاوسەرگیریی یاساخ بووە، ناوبراو ساڵی ٢٠٠٣ بەنهێنی و بەدوور لە چاوی بەرپرسانی پەکەکە لەگەڵ خاتونێکی باکوری کوردستان بەناوی شاناز ئاڵتون "سەکینە باتمان" هاوسەرگیریی کردوە. ساڵی ٢٠٠٤ بەهۆی ڕەخنەی لە بڕیار و کردەوەکانی پەکەکە، سەبارەت لادانی لە پرۆسەی ئاشتی و هەڵگیرساندنەی شەڕ لەگەڵ تورکیا، لەگەڵ ١٧ ئەندامی کۆنسەی سەرۆکایەتی و سەرکردایەتی پەکەکە لەو ڕێکخراوە جیابووەتەوە و ڕۆژی ٢٠٠٤/١٠/٦ لە ڕێگای مەخمور بۆ موسڵ لەلایەن چەکدارانی پەکەکە دەستگیر و تیرۆر کرا.

## پارتی کرێکارانی کوردستان، کانتۆن و حشدی شەعبی

دوای داگیرکردنـــی شـــەنگال و گونـــدەکانی دەوروبەری لە ٢٠١٤/٨/٣، ژمارەیەکی زۆر لە ئێزدییەکان و دوو هێزی پێشمەرگەی پارتی دیموکرات بە فەرماندەیی "ئاشتی کۆچەر" و "سمێ بۆسەلی" بۆ چیای شەنگال پاشەکشەیان کرد. ئەوە لە کاتێکدا بوو کە ڕێگای چوونەسەر چیای شەنگال کەوتە دەست داعش و تەنیا ڕێگەیەک کە دەکرا هاتوچۆی بۆسەر ئەو چیایە بۆ بکەی و ئێزدییەکانی لێ دەرباز بکەی، یان ئازوقە و خواردەمەنیان بۆ ڕەوانە بکەیت، ڕۆژئاوای کوردستان بوو کە ئەویش لەژێر دەسەڵاتی شەڕوانانی یەپەگە و گەریلاکانی پەکەکەدا بوو. کاتی هێرشی داعش بۆ سەر ناوچەی شەنگال، هێزەکانی پارتی دیموکرات و یەکێتی نیشتمانی کوردستان لە شەنگال بوون کە لە بەرامبەر لێشاوی چەکدارانی داعش و عەرەبە سوننە هاوکارەکانی کە بە چەکەکانی فیرقەی ١٧ پارێزگای موسڵ پڕچەک ببوون، نەیاتوانی خۆیان ڕاگرن. لەبەر ئەوە، پەکەکە و بەشێک لە هێزەکانی باشووری کوردستان، بە پێچەوانەی زانستی سەربازیی لە شەڕەکاندا، کەوتنی شەنگالیان خستە ئەستۆی هێزەکانی پێشمەرگەی پارتی دیموکرات و لە بەرامبەر پاشەکشەی پێشمەرگەکانی یەکێتی نیشتمانیدا بێدەنگ بوون.

لەلایەکی تردا، پەکەکە ئەو هەلەی قۆستەوە، لە شوێنێک لەسەر چیای شەنگال کە پێیدەڵێن "چل مێران" پێگەیەکی سەربازیی بۆ مەشق پێکردن بە کوردانی ئێزدی دانا. چیای شەنگال شوێنێکی ستراتیژییە، کاتی خۆی لە شەڕی عەرەب و ئیسرائیل، سەدام حوسێن ٣٩ موشەکی لەو شوێنەوە لە خاکی ئیسرائیل دا. دوای ڕووخانی ڕژێمی سەدام، ئەمریکییەکان لەوێ وەک خاڵێکی ستراتیژی نیشتەجێ بوون، بەڵام دواتر چۆلیان کرد. لە بەرامبەردا پارتی کرێکارانی کوردستان پەکەکە بەشێک لە گەریلاکانی لە قەندیل و یەکینەکانی پاراستنی گەل یەپەگەی کە باڵی سەربازیی پەکەکەیە لە ڕۆژئاوای کوردستانەوە گواستەوە بۆ سەر ئەو چیایە و لەوێ جێگیری کردن

و یەکەیەکـی بەرگریـی شـەنگالیان لەژێرنـاوی یەکینەکـانی بەرخـۆدانی شـەنگال "یەبەسـە" YBS دامەزرانـد. ئەو سـێ هێـزە کە ژمارەیـان بە ٦٠٠ چەکـدار مەزنـدە دەکـرا، لەنێـو خۆیانـدا "هێزێکـی هاوبەش"یـان پێکهێنـا. یەکێـک لە فەرمانـدەکانی ئەو هێـزە ڕایگەیانـد: **(بەبـێ ڕەزامەنـدی هێـزی هاوبەش، نابێ هیچ هێزێک لە ناوچەکە و بەتایبەتی لەسەر چیای شەنگال جموجۆڵی هەبێت.)**

بە هەر حـاڵ، جـگە لەو دوو هێـزەی پـارتی دیمـوکرات لەسـەر چیـای شـەنگال، هێزێکـی تـری پـارتی بە فەرمانـدەیی سـەعید کێستەیی لەبنـاری چیای شەنگال لە کۆمەڵگەی "دووگرێ" بـوو کە پەکەکە ڕێگەی پێنـەدا بچنە سەر چیای شەنگال. هێزەکانی ئاشتی کۆچەر و سمێ بوسەڵیش کە لەسەر چیای شەنگال بوون، بە کـردەوە لە گەمـارۆی پەکەکەدابـوون. پەکەکە ئـاڵای کوردسـتانی لەسـەر چیـای شـەنگال دابەزانـد و وێنـەی عەبـدوڵا ئـۆجەلان و ئاڵای پەکەکە و یەپەگەی لەوێ بەرز کردەوە.

جـگەلەوانە، دوای داگیرکردنـی شـەنگال لە لایەن داعشـەوە، بەشـێک لە ئاوارەکانی شەنگال ڕوویان لە گەلی لالەش کـرد و لە بـاردۆخێکی زۆر دژوار و بەبێ دەرەتانی ژیان لەوێ نیشتەجێ بـوون، لەوکـاتەدا پەکەکە بە کەڵـک وەرگـرتن لە دۆخەکە ژمـارەیەک گەریـلای ڕەوانەی گەلـی لالەش کـرد کە بە وتەی خۆیـان پارێزگـاریی لە دانیشـتوانی ئەو جێیە و ئاوارەکـانی شـەنگال بکەن، ئەوە لە کاتێکـدایە کە پەکەکە لە هـیچ جێیەکـی باشـوری کوردسـتان بەرەی پارێزراوی شـەڕی نییە، بەڵام لە هێرشـەکاندا وەک پاشکۆ بەشـدارە، بەتـایبەتی بـۆ کـۆکردنەوەی هەواڵ و زانیـاریی بە فـیلم و بڵاوکردنـەوەیـان بەناوی گەریلا و شـەڕڤان. ئێزدییەکـان بە هـاتنی ئەو گەریلایـانە بـۆ گەلـی لالـەش ڕازی نەبوون و داوایان لێکـردن لە جیـاتی لالـەش بچـن بـۆ بەرەکـانی شـەڕ، لەو بـارەیەوە دەرمان ڕەشۆ عەبدی بەرپرسی پێشمەرگەکانی شـەنگال دەڵێت:

- (دوای داگیرکردنـی شـەنگال لـەلایـەن داعشـەوە، شـەنگال بـارودۆخێکی نائاسایی پەیدا کرد، نزیکەی ٦٠٠ تا ٧٠٠ بنەماڵە لە شەنگال و گوندەکانی دەوروبـەریـیـەوە هـاتن بـۆ گـەلـی لالـەش.



خـواردن و پێداویسـتییەکانی ژیـان زۆر کەم بـــوو و ئـــێمە بە هەموولایەکمـــان هەوڵمانـدەدا کە ئەو خەڵـکە لە دۆخـی نائاسـایی ڕزگاریـان بێـت. لەو حـاڵە ناخۆشـــــەدا بـــــووین کە لە مـــــانگی هەشـــتەمی ســـاڵی ٢٠١٤ کۆمەڵێـــک گەریـــــلای پەکەکە کە ژمارەیـــــان ١٢ گەریلا بوون، هاتن و لە هۆڵی پێشوازیی کردنـــی پەرسـتگەدا جێیـان گـرت. بە گەیشتنی ئەو گەریلایانە، من تەلەفۆنم بە کاک عەلی عەونی بەرپرسی لقی ٢٠ی پارتی دیموکرات لە شێخان، میر حازم تەحسین بەگ جێگری میری ئێزدیـان کرد و ئاسایشی شێخان کـرد و مەسـەلەکەم پێڕاگەیانـدن، گوتیـان بچـووە و بپرسـە بـۆچی هـاتوون؟ مـن چـوومەلای گەریلاکـان، سـڵاوم لێکـردن و پرسـیم کـێ بـەرپرسـتانە، یەکێـک هەسـتا و گـوتی: مـن بـەرپرسـم. پرسـیارم لێکـرد، بـۆچی هـاتوون و چیتـان دەوێت، گوتیان: هاتووین پارێزگاریی لە لالـەش بکەین. گوتم ئێرە ئارامـە و پێویستی بە ئێوە نییە، گوتیـان باشـە ئێمە دەچین، بەڵام دوای ٣- ٤ ڕۆژ سـەرلەنوێ مەفرەزەیەکیـان گەڕایەوە بـۆ گەلـی لالـەش. مـن لـە مقـەڕەکەم بووم، ئاگاداریان کردم.

سـەرلەنوێ بەرپرسـەکانم ئاگـادار کـردەوە و چـوومەوە لایـان و لەگەڵ بەرپرسەکەیان دوام. لە وەڵامی مندا، بەرپرسەکەیان بە شێوازێکی ناخۆش گـوتی: ئـێمە هـاتووین خەڵکـی خۆمـان ببینـین. گـوتم خـەڵکـی ئێـوە نـان و جلوبەرگیـان نییـە، بـۆچی بە چەکەوە هـاتوون. هەروەکوو گوتم ٦٠٠- ٧٠٠

ماڵی شەنگال، بەحزان، خەتارا، بابیری و... تد لێرە بوون و هیچ شتێکیان نەبوو. بە بیستنی ئەو قسانەی من، نزیکەی دە دەقیقە لێرە مان و ڕۆیشتن، بەڵام دوای ماوەیەک سەرلەنوێ گەڕانەوە و منیش سەرلەنوێ بەرپرسەکانم ئاگادار کردەوە و گوتیان: پێیان بڵێ بەرەی شەڕی داعش لە لالەش نییە، ئەگەر ئەوان هاتوون بەرگری لە خەڵکی لالەش بکەن، با ئامادە بن لەگەڵ ئێمە بێن بۆ "ناوەران" کە شەڕی لێیە. گوتیان دەچین پرس بە بەرپرسانی سەروومان دەکەین، ئەم جارەیان کە چوون، ئیتر نەگەڕانەوە. پێویستە بڵێم هەر جارەی کەسێک بەرپرسیان بوو و لە هەموو دیدارەکانمیشماندا بابی چاوشم لەگەڵ بوو کە دۆخەکە ئارام بکاتەوە و نەهێڵێت کێشە دروست ببێت.)

دوای ئەو ڕووداوە ١٠٠ پێشمەرگەی ئێزدیی خۆبەخش بە فەرماندەیی نەجیم ئەلیاس عەبدی بۆ بەرگەریی کردن لە پەرستگەی لالەش لە چیای لەلاش جێگیر بوون. لەو بارەیەوە نەجم ئەلیاس پێیگوتم: (مانگی ٨ی ساڵی ٢٠١٤ نزیکەی ٣٠- ٤٠ گەریلای پەکەکە بە چەکی کلاشینکۆف و ڕەشاشەوە هاتن بۆ سەر شاخی لالەش و گوتیان ئێمە هاتووین بۆ بەگریی کردن لە ئێوە و بەرگریی لە لالەش بکەین. چونکە ئامادە نەبوون ناوچەکە بەجێهێڵن، عەونی عەلی بەرپرسی لقی ٢٠ ی شەنگال هات و قسەی لەگەڵ کردن و گوتی: "لێرە شەڕ نییە و فەرموون ئەگەر هاتوون بەشداریی شەڕ بکەن، من سەیارە دەنێرم لەگەڵ پێشمەرگەکانی ئێمە بچن بەرەی شەڕی "ناوەران" کە هێڵی تەماسە لەگەڵ داعش". ناوەران لە یەک کیلۆمەتری هێزەکانی داعشە لە بەرەی موسڵ.

کاتێک ئەوان بۆ ماونەوە لە چیای لالەش پێداگرییان دەکرد، فازل میرانی سکرتێری پارتی دیموکرات هات و لەگەڵ پیر و شێخەکانی لالەش کۆ بووەوە و لەسەر ئەوە ڕێککەوتن کە ئێزدییەکان خۆیان هێزێکی خۆبەخش پێکبێنن بۆ پارێزگاریی لەخۆیان لە کاتی پێویستدا.

**پەکەکە ڕازی بە چـوون بـۆ بەرەی شـەڕ نەبـوون و کاتێـک هێـزی ئێزدییەکان هاتن، ئەوان ناچار بوون بڕۆن و هێزە خۆبەخشەکەی ئێمە جێی ئەوانی گرتەوە. دیارە بەرلە هاتنی گەریلاکانی پەکەکە ١٦ پێشمەرگەی پـارتی دیموکرات کە خۆیان ئێزدین، چەندان ساڵ بوو بە فەرماندەیی دەرمان ڕەشۆ عەبدی خەڵکی شێخان لەگەلی لەلاش بوون.)**

زیاتر لە ساڵێک بوو، مەسعود بارزانی بە هاوکاریی وەزارەتی پێشمەرگە و کوردانی ئێزدی خەریکی دانـانی پـلان و کـۆکردنەوەی پێداویستییەکانی شەڕ و ڕزگار کردنی شەنگال بوو، لە چنگ داعش. ئەوە لە کاتێکدا بوو کە جگەلە بنـاری چیـای شـەنگال و مەزارگەی شـەرفەدین، چیـای شـەنگال تـا ڕۆژی ٢٠١٤/١٢/١٨ بەدەسـت گەریلاکـانی پەکەکەوە بـوو. لەو ڕۆژەدا پێشمەرگەکانی کوردستان لە ئۆپڕاسیۆنێکدا کە مەسعود بـارزانی سـەرۆکی هەرێمی کوردستان خۆی بە شێوەی ڕاستەوخۆ لە هەردوو بەرەی ڕەبیعە بۆ چیای شەنگال و زوومار بۆ چیای شەنگال سەرپەرەشتی کرد، پێشمەرگەکان ناوچەیەکی ڕۆژئاوای ڕووباری دیجلە و دەڤەری ڕەبیعە و زوومـار و شـەنگال تا سەر چیای شەنگالیان ئازاد کرد و ڕێگەی هاتوچۆ و یارمەتی گەیاندنیان بۆ برا ئێزدییەکان کردەوە

چەند ڕۆژ بەرلە ڕزگـارکردنی شـەنگال لە چنگ تیرۆریستانی داعش، لە ڕەوتـی ئەو شـەڕەدا کە ئامـاژەم بـۆی کـرد، کۆنسـەی سـەرۆکایەتی پەکەکە، ڕزگار کردنی شەنگالی لە دەست تیرۆریستان کردە هەوێنـی بڵاوکراوەکـانی و بە درۆ و پروپاگەنـدەی ناڕاست، هەوڵیـدەدا دووبەرەکـی و ئـاژاوە بخـاتە ڕیزی خوشک و بـرا ئێزدییەکـان و گەلـی کوردستان و دەیـانگوت شـەنگال کە ئـازاد بـوو، دەیکەیـن بە کـانتۆنێکی سـەربەخۆ. واتـا هێشـتنەوەی شـەنگال لەگەڵ عێراق کە ئەوە بە پێچەوانەی ڕێککەوتنـی کـورد و عەرەب و ماددەی ١٤٠ و گەڕاندنەوەی شەنگال بوو بۆسەر هەرێمی کوردستان کە ئێزدییەکـان دەیانەوێت. بەم بـۆنەیەوە، قاسم شەشۆ یەکێک لە فەرمانـدەکانی هێـزی ئێزدییەکـانی چیـای شـەنگال لە وتووێژێکیـدا لەگەڵ تەلەفزیـۆنی ڕووداو،



ڕۆژی ٢٠١٥/١١/٤ گوتی: (دواکەوتنی گرتنەوەی شەنگال دەگەڕێتەوە بۆ هەڵوێستی نابەرپرسانەی پەکەکە و پەیەدە. ئەوان دەیانەوێت ئەگەر شەنگال ڕزگاربوو، بیکەن بە موڵکی خۆیان و کانتۆنی لێ دامەزرێنن کە ئیزدییەکان قبوڵی ناکەن.) لە درێژەی وتەکانیدا قاسم شەشۆ گوتی: (باشترە ئەوان بچن ڕۆژئاوای کوردستان و باکوری کوردستان ڕزگار بکەن. داوا دەکەین ئاژاوە بۆ ئێمە پێک نەهێنن. ئێمە نامانەوێ شەڕی براکوژیی بکەین.)

دوو ڕۆژ بەرلە ڕزگارکردنی شەنگال، کاتێک کۆنسەی سەرۆکایەتی پەکەکە دڵنیا بوو لە ئۆپڕاسیۆنی پێشمەرگە بە چەکی قورس لەژێر ئاگری فڕۆکە جەنگییەکانی ئەمریکا و هاوپەیمانی دژ بە داعش، ڕایگەیاند: (پارتی دیموکرات ڕێگر بووە لەبەردەم ڕزگار کردنی شەنگال و ئەوان چوونەتە ناو شاری شەنگال و ڕزگاریان کردوە.)

ئەو پروپاگەندەیەی پەکەکە، هەروەکو گوتم لە کاتێکدا بوو کە کۆنسەی سەرۆکایەتی پەکەکە دەیزانی سەرۆک مەسعود بارزانی لە دەڤەری شەنگالە و خەریکە لەگەڵ فەرماندەکانی پێشمەرگە و ئەمریکییەکان و هاوپەیمانان، پلانی ڕزگارکردنی شەنگال دادەڕێژێت کە شەنگال لە چنگ تیرۆریستانی داعش ڕزگار بکەن. لە بەرامبەر پروپاگەندەی کۆنسەی سەرۆکایەتی پەکەکەدا کە ئێوارەی چوارشەممە ٢٠١٥/١١/١١ لە تەلەفزیۆنی کوردسات نیوزی سەربە یەکێتی نیشتمانی کوردستان و نەورۆز تیڤی سەربە پەکەکە بڵاوکرایەوە، هەرلەو ڕۆژەدا، واتا ٢٠١٥/١١/١١،

فەرماندەیی پێشمەرگە لە شەنگال، ئەم ڕاگەیاندنەی خوارەوەی بۆ ڕای گشتی کوردستان بڵاوکردەوە:

ڕوونکردنەوەیەک لە فەرمانده‌یی پێشمەرگە لە شەنگال بۆ ڕای گشتی کوردستان

ئێوارەی ئەمڕۆ چوارشەممە ٢٠١٥/١١/١١ تەلەفزیۆنی کوردسات نیوزی سەربە ینک و نەورۆز تیڤی سەربە پەکەکە باسی ئەوەیان کردوە کە گوایە چەکدارانی یەپەگەی سەربە پەکەکە چوونەتە ناو شەنگال. لێرەدا بەهەموو لایەک ڕادەگەیەنین کە ئەم دەنگۆ و پروپاگەندانە هیچ بنەمایەکیان نییە و دوورە لە ڕاستی و ئامانج لێی کەم کردنی ڕۆڵی پێشمەرگە و نادیدەگرتنی قوربانیدانی گەلی کوردستانە بۆ ڕزگارکردنی دەڤەری شەنگال. پەکەکە کە هیچ ڕۆڵێکی لە ناوچەکەدا نییە و دەستکەوتیشی بۆ خەڵکی ئێزدی و گەلی کوردستان نەبووە، لە ڕێی بڵاوکردنەوەی پروپاگەندەی بێ بنەما دەیەوێ دووبەرەکی لەنێو خوشک و برا ئێزدییەکانمان دروست بکات. پەکەکە دەمێکە بووەتە کۆسپ لەبەردەم ئازادکردنی شەنگال و چاوەڕێ دەکەن پێشمەرگە پەلاماری دوژمن بدات و خوێن ببەخشێ و ئەوانیش بێن و سەرکەوتنی پێشمەرگە بدزن و خۆیان بکەنە خاوەنی سەرکەوتنی پێشمەرگە، ئەگینا بۆ هەتا پێشمەرگە دەست بە ئۆپڕاسیۆن نەکات ئەوان لە شوێنی خۆیان بێدەنگن، ساڵێک زیاترە داعش شەنگالی داگیرکردوە، ئەگەر پەکەکە ڕاست دەکات چاوەڕێی چییە؟ بۆ نەچوو شەنگال ئازاد بکات؟ بۆچی هەتا پێشمەرگە هەڵمەت نەبات، ئەوان دەنگیان نییە؟ ئەوەی ئێستا پەکەکە لەڕێی بڵاوکردنەوەی درۆ و پروپاگەندەی بێ بنەما دەیکات سووکایەتی کردنە بە دامودەزگەی ڕەسمی هەرێم و بە ئێزدییەکان و سووکایەتی کردنە بە خوێنی شەهیدان و هێزی قارەمانی پێشمەرگە. هەموولایەک چاک دەزانێ برینی خوشک و برا ئێزدییەکانمان بەو یارییە سیاسییە بێ بەهایەی پەکەکە و هاوشێوەکانی سارێژ ناکرێت. هێزی پێشمەرگەی کوردستان هەروەک چۆن ئابلۆقەی چیای

شـەنگالی شـکاند و سـێ ڕێـگەی سـەرەکی بـۆ دەڤەری شـنگال ئـازاد کـرد، ئێستاش پلانی خۆی هەیە و پشت بەخوا شەنگال لە دەستی تیرۆریستان ئازاد دەکات و تەنیا پێشمەرگەیە دەتوانێ ئازادی و ئۆقرەیی و ئاسایش و دواڕۆژی گەش بۆ خوشک و برا ئێزدییەکان مسۆگەر بکات.

بژی کوردستان ، بژی پێشمەرگە ، نەمری بۆ شەهیدەکانمان

سەرچاوەیەکی سەربازی لە فەرماندەیی پێشمەرگەی شنگال ٢٠١٥/١١/١١

دوای بڵاوکـــردنەوەی ئەو ڕاگەیانـــدنە، ٧٥٠٠ پێشـــمەرگە، لە هێـــزی پێشـمەرگەی کوردسـتان بە فەرمانـدەیی ڕاسـتەوخۆی سـەرۆکی هەرێمـی کوردستان و بە پشتیوانیی فرۆکە بۆمبهاوێژەکانی ئەمریکا و هاوپەیمانان، کـاتژمێر ٠٧:٠٠ی ڕۆژی ٢٠١٥/١١/١٢ لە سێ قـۆڵەوە هێرشـیان کـردە سـەر دەڤەری شـــەنگال. لە یەکەم ڕۆژی هێرشـــەکەیاندا گونـــدەکانی فـــازڵییە، کابارا، قزلکەند، تل شۆڕ و جادەی٤٧یان[٣] ڕزگار کرد و خۆیان گەیاندە شارۆچکەی شەنگال و ڕۆژی دووەم، ٢٠١٥/١١/١٣ کاتژمێر ١٠:٣٠ سەنتەری شەنگالیان گرت و تیرۆریستانیان ڕاونا.

دوای ڕزگـــارکردنی شـــەنگال لەلایەن پێشـــمەرگەکانی کوردســـتانەوە، فراکسیۆنی سەوزی یەکێتی نیشتمانی کوردستان لە پەرلەمانی کوردستان، ئەم بەیاننـــامەیەی خـــوارەوەی ســـەبارەت بە ڕزگـــارکردنی شـــەنگال بڵاوکردەوە:

خەڵکی تێکۆشەری کوردستان

پێشمەرگە قارەمانەکان

شەهیدانی ڕێگای ئازادی کوردستان و کەسوکاری سەربەرزی شەهیدان

خوشکو برایانی ئێزدی

دوای نـزیکەی دوو سـاڵ لە داگیرکردنـی شـەنگال، وا ئـەمڕۆ ئـازادی و ئاسودەیی بۆ ویژدانی مرۆڤایەتی و ئازادی خوازانی دونیا و میلەتەکەمان گەڕایەوە، ئاهێک هاتەوە وەبەر دەرونی هەڵقرچاو و ماندوی خوشکو برا ئێزدیەکانمان و لەو برینە قوڵەی کە لەکاتی داگیر کردنی شەنگال و لە

مــاوەی ئەم دوو ســاڵەی حــوکمی ڕەشــی تێرۆریســتان ببــوە جەســتەی میلـەتەکەمان و خوشکو برایانـی ئێزدی کەمێکی لـەسەر دەستی پێشمەرگە و شەرڤان و گەریلا سارێژ بوو، شەنگال ئەو پارچە دانەبڕاوەی خاکی پیرۆزی کوردستانە کە لـە مێـژوی درێـژی زوڵـم و ستەم لـە میلـەتەکەمان لێـی جیـا نـەبوەتەوە و وا ئـەمڕۆش دوای ستەمێکی زۆری تاریک پەرستان جارێکی تـر گەڕایەوە باوەشــی کوردســتانی ئــازیز و بــۆ هەتــایە هەناســەی ئــازادی هەڵئـەمــژێ، بە پشــتیوانی و هاوکــاری شــەرڤان و گەریــلا بــۆ بــرا پێشـمەرگەکانیان نەک شـەنگال بەڵکـو هـیچ شـوێنێکی تـری کوردسـتانی ئازیزمان ناکەوێتەوە چنگی دوژمن، ئەوەی شایانی هەڵوێستە لەسەر کردنە لەپـاڵ ئـاوێزان بـونی هێـزی پـۆلاینی پێشـمەرگە و گەریـلا و شــەرڤان، پشـتیوانی بەردەوامــی هێـزی هاوپەیمانــانە کە لە ئاسـمانەوە هاوکـار و یارمەتی دەربون، ئێمەش بەهەمو جۆرێک و لـەهەر قۆناغێک ئامادەین بـۆ پشــتیوانی و ســەرلـەنوێ ئــاوەدانکردنەوەی شــەنگال، پیرۆزتــان بێــت شەنگالیانی ئازیز ئومێدمان وایە ئیتر کاتی حەوانەوەی دەرونتان و سارێژ بــــونی برینەکانتــــان و گەشــــەپێدان و ئــــاوەدانکردنەوەی شــــارە خۆشەویستەکەتانە و ئێمەش پشتیوانتانین.

سوپاس بۆ هێزی هاوپەیمانان و پشتیوانی بەردەوامیان، سڵاو بۆ خوشک و برایانی ئێزدی، سڵاو بۆ شەهیدان، سڵاو بۆ پێشمەرگە و گەریلا و شەرڤان

فراکسیۆنی سەوز لە پەرلەمانی کوردستان

بە پێچەوانەی ڕاگەیاندنی فراکسیۆنی یەکێتی نیشتمانی لە پەرلەمانی کوردســتان، گەریلاکــانی پەکەکە و شــەرڤانەکانی یەپەگە لە ســەرەتادا بەشـداریی ڕزگــارکردنی شــەنگالیان نەکـرد و ڕۆژی دووەمــی ئۆپڕاسـیۆنی پێشـمەرگە کە گەیشـتنە نـاو شـارۆچکەی شـەنگال، ئەوان خۆیـان گەیانـدە شــەنگال کە ڕزگــارکردنی شــەنگال بەنــاوی خۆیــان تۆمـار بـکەن، ئەگەرنـا هەموو کەسێکی پسپۆر و شارەزا بە شەڕی سەربازیی "بەرەیی" دەزانێت کە شەنگال بە چەکی سووکی گەریلا ئازاد نەکراوە و فڕۆکە بۆمبهاوێژەکانی

هاوپەیمانـــان و چەکـــی قورســـی پێشـــمەگە ڕۆڵـــی ســـەرەکیان هەبـــوو لـە ڕزگارکردنـی شەنگاڵ دا. لـەو بارەیـەوە شێخ شامۆ شێخۆ دەڵێت:

- (نمونـەیەک سەرۆک مەسعود بارزانی خۆی و برا و برازاکانی و کەسانی نزیکی لـەگەڵ هێزێکی زیاتر لـە حەوت هەزار پێشمەرگە بۆ ماوەی یەک ساڵ و سێ مانـگ بارەگـای لـە ڕۆژئـاوای دیجلـە دانـا و خـەریکـی ڕزگـارکردنی شەنگال بوو کە قۆناخ بە قۆنـاخ بـاکوری شـەنگال، چیـای شـەنگال و شـاری شەنگالی ئازاد کرد. ئەوە بەڵێنێک بـوو کە سـەرۆک بـارزانی لـە مەجلسی ڕۆحانی و لـە لای کەسایەتییەکانی شەنگال دابووی و گوتبووی ئەگەر ڕۆحی خۆم لـەسەر دانابێت، شەنگال ئازاد دەکەم. سەرۆکێکی ئاشتیخواز، جیهانی ئاشتیخواز پشـتیوانی کـرد. دوای ئـازادبوونی شـەنگال گوێمـان لـە ڕێـزدار نێچیرڤـان بـارزانی سـەرۆکی حکـومەت بـوو کە گـوتی پلانێکیـان هەیە بە هاوکاریی وڵاتانی ئەوروپی و عێراق، شەنگال ئاوەدان دەکەنەوە و ئەرکی عێراقییەکانە ئەوکارە بکەن.)

کێشـــەی ناخۆشەویســـتیی کـــوردانی ئێـــزدی لەلایەن ژمـــارەیەک مەلای موسـڵمانی تونـدڕۆ، هەلـی بـۆ پەکەکە ڕەخسـاندوە کە بە زەقکـردنـەوەی ئەو بـــابەتە، کەڵکـــی نـــابەجێ لە ژمـــارەیەک ئێزدیی وەرگرن، لـەو بارەیـەوە زوبـەیر عیسا یەکێک لـە بەرپرسـانی پێشووی پەکەکە، لـە سیاســـەتی پەکەکە ســـەبارەت بە کـــوردانی ئێـزدی دەدوێت و دەڵێت: (پەکەکە خـۆی بە خـــاوەنی ئێزدییەکـــان دەزانێـــت و بـــۆ ڕازی کردنیـــان لـە بەرامـبەر موسـوڵمانەکاندا کە زوڵمیان لێکردون، دەڵێت: "ئێمە ناهێڵێن لـە هـــیچ شـــوێنێکی کوردســـتان، دەســـەڵات بـەدەست مزگـەوتەکـانەوە بێـت،" ئەوان لـە



ئەڵمانیا کاری ڕێکخستنیان بۆ ئەو ڕێکخراوەیەی پەکەکە لـە چیای شەنگال

کرد و گواستیانەوە بۆ ناوچەکانی شێخان و شەنگال تا دژی دەسەڵاتی پارتی دیموکرات لەناو ئێزدییەکاندا، بەکاری بێنن و ئێزدییەکان لە پارتی دیموکرات دووربخەنەوە.) هەر لەو بارەیەوە مستەفا شەفیق یەکێکی تر لە



بەرپرسانی پێشووی پەکەکە، سەبارەت بە سیاسەتی پەکەکە لە بەرامبەر کوردانی ئێزدی و کەڵکوەرگرتنی ئابووری لە ئێزدییەکان دەڵێت: (پەکەکە دوای کارەساتی شەنگال لەسەر ناوی ئێزدییەکاندا بە سەدان ملیۆن دۆلار پارەی لە ئێزدییەکان وەرگرتووە، بەڵام تەنها یەک لیرەشی لە شەنگال بۆ ئێزدییەکان خەرج نەکردوە و تاکو ئێستاش ئەم بابەتە باسی لێ ناکرێت، بۆچی؟)

ڤیان دەخیل ئەندامی پەرلەمانی عێراق سەبارەت بەو کێشانەی کە پارتی کرێکارانی کوردستان لە ناوچەکەدا پێکیهێناوە و بووەتە جێی نیگەرانیی کوردانی ئێزدی، دەڵێت: (لە سەرەتادا پەکەکە هاوکاریی ئێزدییەکانی کرد، ئەگەر هاتنی ئەوان بۆ ئەو یارمەتییە بێت، ئێمە خۆشحاڵین، بەڵام ئەگەر هاتوون لە ناوچەکەدا بمێننەوە و کێشەی حیزبایەتی بۆ ئێمە دروست بکەن، ئێمە پێویستیمان بە ئەوان نییە و پێویستە بەجێی بهێڵن، شەنگال هی شەنگالییەکانە و ئەوان لەسەر شەنگال بڕیار دەدەن نەک هێزێکی دەرەکی.)

هەرلەو بارەیەوە شێخ شامۆ شێخۆ دەڵێت: (پەکەکە شۆڕشێکی لە باکوری کوردستان کردوە، باشتر ئەوەیە بگەڕێتەوە شوێنی خۆی و زیاتر سەرنج بە باکور بدات کە داخەکەم هەتا ئێستا گوندێکی لە باکور ڕزگار نەکردوە. ئێزدییەکانی باکوری کوردستان ژمارەیان ٣٠- ٤٠ هەزار بوو کە زۆربەیان چوون بۆ ئەوروپا. تورکەکان لە شەڕ لەگەڵ پەکەکەدا گوندی

ئێزدییەکانی وێران کرد و ئەوانەش کە مابوون پەکەکە خۆی خراپی کردن و ئەوانیش ناچار بوون کۆچ بکەن. ئەوانەی ئەوروپا دەرەتانی ئابوریی باشتریان هەیە و لەوێش پەکەکە کەڵکیان لێوەردەگرێت و ژمارەیەک کچ و کوڕی باکوریان لەگەڵ خۆیان برد، لە جەژنەکاندا پارەی زۆریان کۆکردەوە، بەڵام پەکەکە هیچی بۆ ئەوان نەکرد و گوندێکی بۆ ئازاد نەکردن و وەک مەڕ دۆشینی. پەکەکە بۆ ئێمە کێشەیەکی مەزنە. چونکە شەنگال گورەپانی سیاسی ئەوان نییە و بەشێکە لە کوردستان و مادەی ١٤٠ دەیگێڕێتەوە سەر کوردستان. ئەگەر پەکەکە بۆ واجبێکی قەومی هاتووە، ئێمە دەڵێین سوپاس و بگەڕێوە جێی خۆت. ئەوان ئاڵای کوردستان قبوڵ ناکەن، ڕێز لە ئاڵای عێراق دەگرن و دەیانەوێ شەنگال لەگەڵ عێراق بمێنێتەوە کە ئێمە نامانەوێت. ئەوان دوو ئامانجیان هەیە:

١- چیای شەنگال لە بواری جوغرافییەوە شوێنیکی ستراتیژی نێوان سوریا و عێراقە و پەکەکە دەیەوێ قەندیلێک لەوێ دروست بکات کە ئەوە سیاسەتی کۆماری ئیسلامی ئێران و بەغدایە لەگەڵ سوریا و ئەوان دەیانەوێ وەک سەدام لەوێوە کێشە بۆ ئیسرائیل دروست بکەن. شەنگال و چیای شەنگال ناوچەیەکی گرنگی ئابووریی و ستراتیژیی سنوریی و سەربازییە.

٢- لەسەر ئاستی ناوخۆدا شەنگال بە کۆمەڵگەیەکی سادە دەزاندرێت و بە بەردەوامی کچ و کوڕی ئەوان فریودەدەن و ڕەوانەی قەندیلیان دەکەن. هەروەها لەسەر ئاستی دەرەوە بەردەوامن لە وەرگرتنی یارمەتی دارایی بەناوی دروستکردنی کانتۆن بۆ شەنگال و لەناو عێراقیشدا بەشێکن لە حەشدی شەعبی.

خانوویەک لەسەر ناوچەی دەشتایی لەسەر چیای شەنگال هەیە، لە تابلۆیەکیان نوسیوە: "ئەلبەیت ئەل ئێزدی- ماڵی ئێزدیان" و ئاڵای عێراقیان لەسەر بەرز کردوەتە. پەکەکە ساڵی ٢٠٠٣ ڕێکخراوێکی سیاسی لە چەند بنەماڵە لە شەنگال لەژێر ناوی "تەڤدە" بە واتای گشت بۆ هەموو

ئێزدیان دامەزراند کە لەو ماوەیەدا نەیانتوانیوە لەسەر ئاستی ناحیەش کورسییەکیان هەبێت.)

دامەزراندنی حشدی شەعبی لەلایەن پەکەکەوە لە ناوچەی شەنگال خەریکە کێشەکانی ئەو ناوچەیە قووڵتر دەکاتەوە. پەکەکە بە فەرمانی کۆماری ئیسلامی ئێران و عێراق و بە هاوکاریی ڕاستەوخۆی یەکێتی نیشتمانی کوردستان، حشدی شەعبی لە ناوچەکە دامەزراندوە. حەیدەر شەشۆ ئەندامی سەرکردایەتی یەکێتی نیشتمانی یەکێکە لە بەرپرسانی حشدی شەعبی و لە ناوچەکەدا هاوکاریی پەکەکە دەکات و بۆ هێزەکەیان پارە لە عێراق وەردەگرن. ئەوە لە کاتێکدایە کە ڕژێمی عێراق ماوەی دوو ساڵە بودجەی کوردستانی بڕیوە و هەرچەندە پێشمەرگە بە مەودای هەزار و پەنجا کیلۆمەتر شەڕی کوردستان و عێراق و بە وتەی سەرۆکی وڵاتانی ئەوروپایی شەڕی داعش لە جیاتی هەموو دنیا دەکات، بەڵام ڕژێمی عێراق ئامادە نییە موچەی پێشمەرگە بدات. لە کاتێکدا سەرۆکی هەرێم و سەرۆک وەزیرانی کوردستان و ئەنجومەنی ڕۆحانی ئێزدیی هەوڵی بە پارێزگا کردنی شەنگال دەدەن، پەکەکە هەوڵدەدات کانتۆنی سەر بە ڕژێمی عێراق لە شەنگال دامەزرێنێت. لەو بارەیەوە شێخ شامۆ شێخۆ دەڵێت:

- (داوا دەکەین و کلیلی چارەسەرییش ئەوەیە لە بەرامبەر ئەو قوربانیدانەماندا ئەگەر بکرێت شەنگال ببێتە پارێزگا، بەوە خەڵکەکە زۆر خۆشحاڵ دەبێت و ئێمەش لەگەڵ ڕای سەرۆک مەسعود بارزانین بۆ بە پارێزگا کردنی شەنگال. هەروەها داوا دەکەین پەکەکە بگەڕێتەوە سەر شوێنی خۆی و لەناو ئێمەدا ئاژاوە نەنێتەوە.)

# پەکەکە و جەمیل بایک

دوای پێکهاتنی گروپی ئایدیولۆژی پەکەکە، لەگەڵ ناوی جەمیل بایک ئاشنا بووین، ناوبراو تا گیرانی عەبدوڵا ئۆجەلان لە ١٩٩٩/٢/١٥ و پێکهینانی کۆنگرەی شەشەمی پەکەکە، کەسایەتییەکی دیاری پەکەکە بوو، بەڵام لە کۆنگرەی شەشەمی پەکەکەوە هەرچەندە عوسمان ئۆجەلان ئەرکی بەڕێوەبردنی پەکەکەی وەرگرت و دواتر موراد قەرەیلان، بەڵام ئەو ڕۆڵی سەرەکی هەبووە لە بەڕێوەبردنی کەجەکە و پەکەکەدا. هەروەها بە وتەی ئەو ئەندامانەی کە لە پەکەکە ڕایانکردوە، یان جیابوونەتەوە، جەمیل بایک لە سەردەمی عوسمان ئۆجەلان و موراد قەرەیلانیشدا، خۆی پەکەکەی بەڕێوەبردوە و کەسایەتی باڵادەستە و لە پەکەکەدا ڕێکخستنێکی پاکتاو کردنی تایبەت بەخۆی هەیە. لەو بارەیەوە زوبەیر عیسا دەڵێت:

- (دوای گیرانی عەبدوڵا ئۆجەلان لەناو پەکەکەدا ڕاتڵەکانێکی بەهێز رویدا و پەکەکە سەدان درزی خوارد. سەرەتا عوسمان ئۆجەلان و دواتر موراد قەرەیلان جێیان گرتەوە، بەڵام لە ڕاستیدا جەمیل بایک پەکەکەی بەڕێوەدەبرد و ئێستاش ئەو خۆی کەسی یەکەمە. بایک لەنێو پەکەکەدا ڕێکخستنی تایبەت بەخۆی هەیە. هەموو کوژراوەکان و تەسویە کراوەکان بە فەرمانی ناوبراو ئەنجامی گرتووە. بۆ ئەو مەبەستە تاوانی جاسوس و خائینی لە تەسویە کراوەکان داوە و فەرمانی کوشتنی داون. سەیر ئەوەیە بەشێک لە کوژراوەکان دوای چەند ساڵ وەک شەهیدی پەکەکە ناویان براوە و گوتراوە شەهیدی پەکەکەن. لەو بارەیەوە نمونە زۆرە، ناسر ئەندامی سەرکردایەتی کە ساڵی ٩١- ٩٣ زەبری قورسی لە ڕژێمی تورکیا دا، پەکەکە بۆخۆی کوشتی و دواتر بە شەهیدی ناساند، یان هارون سەرمەزن کوڕی عەبدولڕەحمان دورەیی یەکێک لەوانەیە کە پەکەکە کوشتی و دواتر بە شەهیدی ناسی. ئەگەر مێژووی پەکەکە بخوێننەوە دەبینن، جەمیل بایک جگەلە خۆی و عەبدوڵا ئۆجەلان، ڕەخنەی توندی ئاراستەی هەموو

ئەنــدامانی پەکەکە کــردەوە. ئەگەر کەسـێک چــالاک و خــاوەن پــرۆژە و بەرنامە بێت لە پەکەکەدا، بەڵام بە دڵی جەمیل بایک نەبێ، لەژێر ناوی تەسویەدا، بڕیاری لەناو بردنی دەدات.) زوبەیر عیسا لە درێژەی وتەکانیدا دەڵێت: (لە مێژووی پارتی کرێکارانی کوردستاندا جەمیل بایک زۆر گرنگی داوە بە دەربـــازکردنی پەکەکە لە هەڵە و بەرپرســـایەتیەکان و ئەوانـــی خستوەتە سەر ملی حیزبە کوردستانییەکان. ئەوەندەی پەکەکە دژی حیزبە کوردسـتانییەکان دەیلێـت، ١٠%ی ئەوانــی دژی دەوڵەتە داگیرکەرەکـانی ئێـران، عێراقـی کـۆن، سـوریا و تورکیـا نەگوتـووە. ئەوان بـاس لەو ڕژێمە داگیـــرکەرانە نـــاکەن. تەنـــانەت ئەوەنـــدەی باســـی ئەو ئەنـــدامانەی سەرکردایەتی خۆیان دەکەن کە لە پەکەکە جیابوونەتەوە، ئەوەندە باسـی مێژووی تورکیا ناکەن. ئەگەر ٣٠ ساڵ لە پەکەکەدا بیت و دواتـر لێـی جیـا بیتەوە، ناوی خاینت لەسەر دادەنێن. سەرنج بدەنە مێژووی پەکەکە کە لە لایەن جەمیـل بـایکەوە نوسـراوە و دەبیـنن تەنیـا هەوڵــی ئەوەی داوە کە هەمـوو پـارت و ڕێکخـراوە کوردییەکـانی هەر چـوار پـارچەی کوردسـتان بە خـایین و تێکدەر بناسـێنێت و واپێشـان دەدات کە تەنهـا پەکەکە بـۆ کـورد خەبات دەکات. بە بۆچوونی جەمیل بایک مێژووی ڕاستی کوردستان لەگەڵ سەرهەڵدانی پەکەکە دەست پێدەکات و ئەوەی تر هەمووی مێژووی خیانەتە و لە مێـژووی پەکەکەدا بەهـێچ شـێوەیەک باسـی عێـراق، سوریا و ئێرانـی داگیرکەر ناکات و تەنها هێرش دەکاتە سەر پارتە کوردییەکان و ئەوان بە دوژمنی دەناسێنێت کە ئەوە هەڵوێستی داگیـرکەران بەبیرمـان دەخـاتەوە، ئەگەر کەمێک سەرنج بدینە کاری جەمیل بایک دوای ساڵی ١٩٨١ تا ئەمڕۆ، نـاوبراو یـان لە ئەوروپـا و سـوریا بـووە، یـان لە ئێـران، یـان لە باشـور و ڕۆژهەڵاتــی کوردسـتان و ڕۆژێـک خـاوەن خەبـات نییە لە قـولایی بـاکوری کوردسـتاندا.) هەرلەو بـارەیەوە جیهـانگیر حـازر "سـاری بـاران" دەڵێـت: (جەمیل بایک تـا سـاڵی ١٩٨٣- ١٩٨٤ مرۆڤێکـی باشبوو، بەڵام لەو ساڵە و بەدوای کۆنگرەی سێیەمدا، بوو بە غولامی ئـاپۆ. نـاوبراو جارێک لە سـاڵی

١٩٨٦دا هاتە ناوچەی شەمزینان و چونکە بە کردەوە کەسێکی ناکارامە بوو، گریلای بڵاوکردەوە و خۆی گوتی: "من ئیتر تەواو بووم." ئێمە وەک کۆمیتە کۆبووینەوە و ئەومان گەڕاندەوە بۆ لوبنان کە لە بەشی پەروەردەدا کار بکات. ئەو تا ساڵی ١٩٩١ کە دەستکرا بە تەسویەی ئێمە نەگەڕایەوە بۆ کوردستان.) ناوبراو لە درێژەی وتەکانیدا دەڵێت: (تەسویە کردن لە پەکەکەدا بە ڕێنوێنی عەبدوڵا ئۆجەلان و بەدەست جەمیل بایک لەسەر ئەندامانی ولاتپارێز کە لەگەڵ سیاسەتی ئاپۆ نەبوون، بەڕێوەدەچوو. جەمیل بایک هەتا ئێستا سەربازێکی ڕژێمی تورکیای نەکوشتوە، بەڵام ئاپۆ بە ئیقراری خۆی لە کۆنگرەی چوارەمی پەکەکەدا، ١٧ هەزار کادیر و گریلای پەکەکەی کوشتوە. لەو ژمارەیە "٣٠%یان کادیر و ئەوانی تر گریلا بوون. ژمارەی کوژراوەکانی دەرەوەی پەکەکەش ناڕونە و سەر لە دەیان هەزار کەس دەدات.)

عوسمان ئۆجەلان یەکێک لە ئەندامانی کۆنسەی سەرۆکایەتی پێشووی پەکەکە دەڵێت: (... مەسەلەیەکی تر کە بۆمن گران هات، ڕێککەوتنی جەمیل بایک بوو لەگەڵ ئێران کە من بکوژن. هەندێک کەس لە ئێرانەوە تێکەڵی پەکەکە بوون و ئەوان زانیاریان پێگەیاندم کە هۆشیاری خۆم بم.)

هەرچەندە کەجەکە لەنێوان کۆنگرەکانی یەکەم و دووەمیدا "کۆنگرەکانی نۆیەم و دەیەمی پەکەکە" ئامادە نەبوو بەرەو دیموکراتییەت هەنگاو بنێت و هەڵایساندنەوەی شەڕی لەگەڵ تورکیا خستە پرۆگرامی خەباتی بە کردەوە و لە ئاکامدا ١٧ ئەندامی سەرکردایەتی لێ جیابۆوە، بەڵام نەیتوانی دژی ڕژێمی تورکیا شەڕ بکات و لە جیاتی شەڕ کردنی دژی سوپای تورکیا، سیاسەتی کپکردنی دەنگی کادیرە ناڕازییەکانی خۆی لە شێوازی تیرۆر، کوشتن و تەسفیەکردندا گرتەپێش. لە ئاکامی ئەو سیاسەتەیدا پەکەکە دەیان کادیری باڵای خۆی کوشت. جگەلەو کادیرانەی کە پێشتر ئاماژەم بۆ ناوەکانیان کرد، دەکرێ پەنجە بۆ کوشتن و تیرۆر کردنی ئەم چەند کادیرانەی خوارەوەش ڕاکێشین: کەمال شاهین "کەمالە

سوور" خەڵکی عفرین ئەندامی سەرکردایەتی، ساڵی ٢٠٠٥ لە سلێمانی کوشتیان. ئیبراهیم زەرد بەرپرسی پاراستنی پەکەکەیان ساڵی ٢٠٠٥ لە ناوچەی زاب کوشت. فەیسەڵ دوملایجی "کانی یلماز" ئەندامی کۆنسەی سەرۆکایەتی پەکەکە و سەبری توربیان ڕۆژی ٢٠٠٦/٢/١١ لە سلێمانی تیرۆر کرد. هارون عەبدولڕحمانیان "هارون سەرمەزنی" ساڵی ٢٠٠٩ لە ناوچەی خنێرە کوشت. ئاپێ حەس ئەندامی کۆنسەی HPG ساڵی ٢٠١٢ کوژرا. بەگشتی لە بەردەوامیی سیاسەتی تەسفیەدا، دەیان کادیری دیکەی پەکەکە بوون بە قۆچی قوربانیی سیاسەتی جەمیل بایک و سەرکردەکانی تری ئەو ڕێکخراوەیە و بە هەزاران گریلاش لە پەکەکە ڕایانکرد. لە بەرامبەر ئەو کردەوانەی پەکەکەدا، ڕۆژی ٢٠٠٤/٤/٢ شورای یەکێتیی ئەورووپا، پارتی کرێکارانی کوردستانی خستە ریزی ڕێکخراوە تیرۆریستەکانی جیهان و لە هەمان ساڵدا وەزارەتی دارایی ئەمریکا، دارایی لقەکانی پەکەکەی بەست و ئەوی بە ڕێکخراوێکی تیرۆریستیی ناسی. پەکەکە لە ساڵی ٢٠٠٧دا بە یەکێک لە ١٢ ڕێکخراوە تیرۆریستییە چالاکەکانی دنیا ناسێندرا.

ساڵی ٢٠٠٩ حیزبی داد و گەشەپێدانی تورکیا "ئاکپارتی" بۆ جێبەجێ کردنی پەیماننامەی "کۆپنهاگ" بۆ بە دیموکراتی کردنی تورکیا هەندێک چاکسازیی ئەنجامدا و لە بەرامبەر بەردەوامیی ئاگربەسی پەکەکەدا سیاسەتێکی نەرمی گرتەبەر و ئامادە بوو بە ڕێگای عەبدوڵا ئۆجەلانەوە، ئەگەر پەکەکە ئامادەی چەکدانان بێت، بەشێک لە مافەکانی گەلی کورد لە باکوری کوردستان بسەلمێنێت، بەڵام ئاکپارتی تا هەڵبژاردنی ڕۆژی ٢٠١٥/٦/٧ نەیتوانی ئاکامی ئەرێنی لەو سیاسەتەی وەرگرێت.

زنجیرەیەک خۆپێشان لە سوریا کە لەژێر کاریگەریی بەهاری عەرەبیدا سەریهەڵدابوو، ڕۆژی ٢٠١١/١/٢٦ تێکهەڵچوونی سەربازیی لێکەوتەوە. لە ڕەوتی ئەو خۆپێشاندانانەدا ڕکەبەرەکانی ڕژێمی بەشار ئەسەد لە گروپی جیاوازی چەکداریدا کۆبوونەوە و لەگەڵ ژمارەیەک ئەفسەر و پلەدار کە لە

سوپای سوریا جیابوونەوە، سوپای ئازادی سوریایان پێکهێنا. جگەلە سوپای ئازادی سوریا، "بەرەی نوسرە" کە لقێک بوو لە ڕێکخراوی تیرۆریستیی قاعیدە و گروپێکیتر لەژێر ناوی دەوڵەتی ئیسلامی عێراق و شام "داعش" تێکەڵاوی شەڕی سوریا بوون.

ڕژێمی سوریا بۆ بەربەرەکانی دژی ئەو هێزانە، جگەلە دەزگا ئەمنییەکانی، هەموو یەکە سەربازییەکانی خۆی لە ڕۆژئاوای کوردستانەوە گواستەوە بۆ ناوچەکانی شەڕ و پارتی کرێکارانی کوردستانیش کە لە کۆنەوە پەیمانی ستراتیژی لەگەڵ ڕژێمی بەعسی سوریا هەبوو، کۆمەڵێکی زۆر گریلای ڕۆژئاوای کوردستانی لەژێر ناوی "شەڕوان" و پارتی یەکێتی دیموکراتی "پەیەدە" لە قەندیل و باشوری کوردستانەوە برد بۆ ڕۆژئاوای کوردستان و لەوێ جێگیری کردن. هاوکات لەگەڵ جێگیربوونی بەرپرسانی پەکەکە لەو بەشەی کوردستان، پەکەکە کوردەکانی ڕۆژئاوای کوردستانی لە "پەیەدە"دا ڕێکخست و قامیشلو، کۆبانی، عەفرین و گوندەکانی سەر بەو ناوچانەی لە سێ "کانتۆن"دا کۆکردەوە و بۆ هەرکامەیان بەشی ئاسایش و یەکەی شەڕوانی تایبەتی دانا. کانتۆنەکان لەلایەن شورای ناوچەوە بەڕێوەدەچن کە "پەیەدە" لە لایەنگرانی خۆی پێکی هێناون، بەڵام خوێندنگەکان و دامودەزگاکانی حکومی بەشێوەی پێشوو لە کانتۆنەکاندا، لەلایەن بەڕێوەبەر، کارمەند و موچەخۆرانی حکومەتی ناوەندییەوە سەرپەرشتی دەکرێن و لە حکومەت موچە وەردەگرن. پەیەدە بەدانانی ئەو کانتۆنانە، چاوی کوردانی ڕۆژئاوای بەستوە، ئەگەرنا کانتۆنەکانی ئەو بەشەی کوردستان، خاک و نەتەوەی کورد ناگرنەوە، واتا نەتەوەیی و جوغرافیایی نیین و ڕژێمی ئەسەد لە پێوەندییەکانی خۆیدا لە ناوچەکە بەردەوامە.

پارتی یەکێتی دیموکراتی ناوی "خۆسەری دیموکراتی" لەسەر کانتۆنەکان داناوە. سیستەمی "خۆسەریی دیموکراتی" بە تیۆریی پەکەکە، واتای سیستەمی "لامەرکەزی" و لاوازکردنی دەسەڵاتی ناوەند و دەسەڵاتی

زیاتری کانتۆنەکان دەدات. پەکەکە دژی سیستەمی دەوڵەت و نەتەوەیە، لەو ڕوانگەیەوە دەوڵەت بە سەرچاوەی دیکتاتۆرییەت دەناسێ و دەوڵەتی بۆ نەتەوەی کورد ناوێ و دەیەوەێ هەمـوو ئەو شوێنانەی کە دەکەونە دەستی، بە شێوازی کانتۆن و "خۆسەریی دیموکراتیی" بەڕێوەیان بەرێت. لە ڕاستیدا شێوازی بەڕێوەبردنی پەکەکە لەو سیستەمەدا شێوازی دەسەڵاتی تاک حیزبی و ستالینی‌یە، چونکە لە کانتۆنەکاندا تەنیا "پەیەدە" و ئەو ڕێکخراوانە چالاکن کە لەژێر فەرمان و ئاڵای پەکەکەدان.

بۆ بە دیموکراتیی کردنی کانتۆنەکانی پەیەدە لە ڕۆژئاوای کوردستان و چالاک کردنی ڕێکخراو و خەڵکی ڕۆژئاوای کوردستان لە هەرێمەکەیاندا، ٣٩ حیزبی سیاسیی ڕۆژئاوای کوردستان جارێک لە دهۆک و جارێکیش ڕۆژی ٢٠١٣/٧/٢٢ لەژێر چاودێریی مەسعود بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان لە هەولێر کۆبوونەوە و ئەنجومەنێکی باڵای کوردی ڕۆژئاوایان دامەزراند کە پێکەوە ڕۆژئاوای کوردستان بەڕێوەبەرن و بڕیار لە چارەنوسی گەلەکەمان لەو هەرێمەی کوردستاندا بدەن. ساڵح موسلیم هاوسەرۆکی "پەیەدە" پرۆتکۆلی ئەو ڕێککەوتنەی واژۆ کرد، بەڵام دواتر لێی پاشگەز بۆوە. واژۆ کردنی ساڵح موسلیم لەو بیرکردنەوەی پارتی کرێکارانی کوردستانەوە هات، کە هەرکاتێک لە قەیران و لاوازییدا بن، مل بۆ پەیمان، ڕێککەوتن و خەباتی هاوبەش و دیموکراتی ڕادەکێشن و ئەگەر هێزیان گرتەوە، پەیمانەکانی لەژێر پێ دەنێت.

پارتی یەکێتی دیموکراتی "پەیەدە" و کانتۆنەکانی بەچەشنی پارتی کرێکارانی کوردستان کە پێشتر ئاماژەم بۆ کرد، بۆ دابینکردنی شەڕوان، یاسای سەربازگیری زۆرەملی لە هەرێمی ڕۆژئاوای کوردستان داناوە. لە سەرەتادا لاوانی ١٨ تا تەمەن ٣٠ساڵی بە سەرباز دەگرت و لە نیوەی دووەمی ساڵی ٢٠١٥دا، یاساکەی گۆڕی بۆ ١٨ تا ٤٠ ساڵ کە ئەوە گرفتێکی زۆری بۆ دانیشتوانی ڕۆژئاوای کوردستان و ئەو پیاوانە پێکهێنا کە خاوەنی ژن و منداڵ بوون. لە ئاکامدا ژمارەیەکی زۆریان ناچار کرد بە ژن و

منداڵەوە وڵاتەکەیان بەجێهێڵن و پەنا بۆ باشوری کوردستان، تورکیا، یۆنان و وڵاتانی ئەوروپایی بەرن و ژمارەیەکیان لە دەریای ئیجە "ئێژە"دا بخنکێن. لەو ژمارەیەی ڕۆژئاوای کوردستانیان بەجێهێشتوە، جگە لەوانەی خۆیان گەیاندوەتە شام، یۆنان و ئەوروپا، یەک ملیۆن و نیو لە تورکیا و ٣٥٠ هەزاریش لە باشوری کوردستان گیرساونەتەوە.

کانتۆنەکانی پەیەدە لە سەرەتای ساڵی ٢٠١٦دا یاسایەکی تریان ڕاگەیاند: "ئەوانەی ڕۆژئاوای کوردستانیان بەجێهێشتوە، ئەگەر بگەڕێنەوە بۆ ڕۆژئاوای کوردستان، دەبێ لە هەزار دۆلارەوە تا پێنج هەزار دۆلار بدەن بە کانتۆنەکان." توێژەرە سیاسییەکانی ڕۆژئاوای کوردستان لەو بارەیەوە دەڵێن: پەیەدە بەو سیاسەتەی ڕێگری لە گەڕانەوەی کوردانی ڕۆژئاوا بۆ وڵاتەکەیان دەکات.(١)

ساڵی ٢٠١٣، هێزە سیاسییەکانی چوار پارچەی کوردستان بە دەسپێشخەریی مەسعود بارزانی سەرۆکی هەرێمی باشوری کوردستان، هەوڵی دامەزراندنی کۆنگرەی نەتەوەیی کوردستانیاندا. مەبەست لەو کۆنگرەیە، دانانی ئۆرگانێکی سەرتاسەریی بوو بۆ نەتەوەی کورد و ڕێکخستنی دەنگ و خواستی گەلەکەمان لە پرسە نەتەوەییەکان لە جیهاندا. پێکهێنانی کۆنگرەی نەتەوەیی جێی خۆشحاڵیی و پشتیوانی هەموو گەلی کورد بوو. بۆ ئەو مەبەستە لە سێپتەمبەری ٢٠١٣دا هەموو هێزە سیاسییەکان لە هەولێر کۆبوونەوە، بەڵام لە دامەزراندنی ئەو کۆنگرەیەدا سەرنەکەوتن و پێکهێنانی کۆنگرەی نەتەوەییان بۆ کاتێکی نادیار هێشتەوە. بۆ ئەنجومەنی بەڕێوەبەرایەتی کۆنگرەی نەتەوەیی ٦٥٠ ئەندام لەبەرچاو گیرابوو، لەو ڕێژەیە پەکەکە بە پێداگریی دەیویست ٣٥٠ ئەندام لە خۆی و ڕێکخراوەکانی سەربەخۆی لە باکور، ڕۆژئاوا، ڕۆژهەڵات و باشوری کوردستان لەو ڕێبەرایەتییەدا بن و سەرۆکایەتی کردنی کۆنگرەش بە شێوازی هاوسەرۆکیی بێت کە قبوڵ کردنی ئەو ویستەی پەکەکە و لایەنگرانی، بە واتای یەکلایی کردنەوەی کۆنگرەی نەتەوەیی بوو بۆ

پەکەکە کە جگەلە خۆی کەسێکی تر نەتوانێ لە کۆنگرەی نەتەوەییدا بڕیاری زۆرینە بدات کە ڕێکخراوەکانی تر قبووڵیان نەکرد و لە ئەنجامدا دەستەی دامەزرێنەری کۆنگرەی نەتەوەیی بۆ ئەوەی شڵەژان لە ڕیزی حیزبەکاندا پەیدا نەبێت، ڕایگەیاند: **(ئامادە کارییەکان بە شێوەی پێویست نەکراون و هاوکات کێشەی نێوان حیزبە سیاسییەکانی رۆژئاوای کوردستان و رۆژهەڵاتی کوردستان لە هۆکارەکانی دواکەوتنی کۆنگرە بوون.)** هەرکە پێکهێنانی کۆنگرەی نەتەوەیی دواخرا، سەلاحەدین دەمیرتاش هاوسەرۆکی پارتی دیموکراتی گەلانی تورکیا "هادەپ" کە لایەنگریی لە سیاسەتی ئۆجەلان و پەکەکە دەکات، لە ڕەوتی وتووێژەکانی نێوان دەوڵەتی تورکیا و لایەنی کورد و پەکەکە و عەبدوڵا ئۆجەلان دا، ڕایگەیاند: **(ئێمە وەک پارتی دیموکراتی گەلانی تورکیا باوەڕمان بە دەوڵەتی تاک نەتەوە نییە و دەوڵەتمان بۆ کورد ناوێت.)** لە هەمانکاتدا سەرکردایەتی پەکەکەش گوتی: **(لە فەلسەفەی ئۆجەلاندا سەربەخۆیی بۆ کوردستان نییە.)**

ئەو حیزبانەی کە پەکەکە بۆ ڕۆژهەڵات، باشور و ڕۆژئاوای کوردستان دروستی کردون، دژی حیزبەکانی ئەو هەرێمانە گەڵیک دەنگ و ڕەنگیان هەیە و لە پروپاگەندە کردن لەنێو خەڵکدا چالاک و بە پشوون و زوو خەڵک بەرەو خۆیان ڕادەکێشن، بەڵام لە خەباتی دیموکراتیدا لاواز و بێ توانان و هەڵسوکەوتیان بەدڵی خەڵک نییە و خەڵک پشتیوانییان لێ ناکات. نمونەی ئەو حیزبانە، پارتی چارەسەریی دیموکراتی باشوری کوردستانە کە بەهەموو توانایەوە و پشتیوانی پەکەکە لێی لە هەڵبژاردنی تشرینی یەکەمی "ئۆکتۆبەر" ٢٠١٣دا بۆ پەرلەمانی کوردستان تەنیا ٣٦٠٥ دەنگی هێنایەوە و نەیتوانی نوێنەر بۆ پەرلەمان بنێرێت.

ڕۆژی ٢٠١٤/٦/١٠ دەوڵەتی ئیسلامی عێراقو شام "داعش" کە پانتاییەکی بەرینی لە سوریا داگیرکردبوو، لە پەلامارێکی لەناکاودا شاری موسڵ و چەند ناوچەی سەربە پارێزگاکانی سەڵاحەدین، دیالە و کەرکوکی داگیرکرد کە هەموویان ناوچەی سوننەنشینن. بە بەجێهێشتنی ئەو جێیانە لەلایەن

سـوپای عێـراقەوە، چەک و جبەخـانەیەکی زۆر کەوتە دەسـت چەکـدارانی داعش. لایەنگریـی کردنـی بەشێک لە سوننەکانی موسڵ و ئەو جێیـانەی تـر لە داعـش، بەهـۆی گوشـاری زۆری نـوری مـالیکی سـەرۆکوەزیرانی عێـراق و شیعەکانی لایەنگریی ڕژێمی کۆماری ئیسلامی بۆسەر سوننەکان، ئەبوبەکر بەغدادی و سەرکردەکانی داعشی هاندا کە بیرلە داگیرکردنی پەناتاییەکی زیاتر لە خاکی عێراق و ناوچە کێشە لەسەرەکانی کوردستان بکەنەوە.

لە چوارچێـوەی ئەو سیاسـەتەدا، دوای داگیرکردنـی ئەو ناوچـانەی ئامازەم بۆیان کرد، داعش شەوی ٢٠١٤/٨/٣ هێرشی کردە سەر شارۆچکەی شـەنگال لە پارێزگـای موسـڵ و کـاتژمێر ١٠:٠٠ ڕۆژی ٢٠١٤/٨/٣ شـەنگال و جادەی چیای شەنگال و دهۆکی خستە دەست خۆی و گەورەترین تاوانی دژی کوردانی ئیزدی لەو شارەدا ئەنجامدا و سەدان ژن و کچی ئیزدی بە بارمتە گرت و دەستدرێژی بۆ ژمارەیەکیان کرد. ڕێکخراوی داعش بەوەش نەوەستا و ڕۆژی ٢٠١٤/٨/٨ خۆی گەیاندە مەخمور و گوێڕ و جلەولا و چەندان گوندی لە نـاوچەی کەرکـوک داگیرکـرد و تـا ٢٧ کیلـۆمەتری هەولێـر هـاتەپێش کە هێزەکانی پێشمەرگە بە هاوکاریی فڕۆکە جەنگییەکانی ئەمریکا، داعشیان شکاند و لە هەولیـر دووریـان کـردەوە و ڕۆژی ٢٠١٤/٨/٩ مەخمـور و گـوێڕ و ژمـارەیەک لە گونـدەکانی سـەربە پارێزگـای کەرکوکیـان گـرتەوە کە بەنـاوچەی کێشەلەسـەری کوردسـتان دەناسـرێن و پێشـتر سـوپای عێـراق تێیاندا جێگیرببوو(٢).

ئەمـڕۆ حکـومەتی هەرێمـی کوردسـتان بە درێژایـی ١٠٥٠ کیلـۆمەتر لە بەرەی شـەڕی داعش دایە. کـاتی نوسینی ئەم دێڕانە لە ٢٠١٥/١١/٢دا، بە ئامـاری ڕەسمی وەزارەتـی پێشـمەرگە کە ڕێـزدار جەبـار یـاوەر لە شاشـەی تەلەفزیـــۆنی ڕووداو ڕایگەیانـــد: ١٢٥٨ پێشـــمەرگەی شـــەهید، ٧٣٠١ پێشـمەرگەی برینـدار و ٦٢ پێشـمەرگەش بێسەروشـوێنن، کەچـی کۆنسـەی سـەرۆکایەتی پەکەکە بەبـێ لەبەرچـاو گرتنـی ئەو چەکـانەی لە شـەڕی داعشـدا بەکـار دەهێنـرێن، بە نـاردنی ٧٠ چەکـدار کە پێشـتر لە کەمپـی

مەخمور بە گریلا وەریگرتبوون بۆ شەڕی مەخمور و ژمارەیەکیش گریلا بۆ شەڕی ناوچەی شەنگال، پروپاگەندەی ئازادکردنی ئەو شوێنانە بەدەست گریلاکانی دەکات. لە کاتێکدا پێشمەرگەکانی کوردستان بە هاوکاریی ئەمریکا و هاوپەیمانانی جیهانیی دژی ڕێکخراوی تیرۆریستی داعش بە بۆمبارانی هەوایی و چەکی قورسی زەمینی ئەو ناوچانەیان کۆنترۆڵ کردەوە، نەک بە کلاشینکۆف و ژ۳ی گریلا. هەروەکوو چۆن مەسعود بارزانیی سەرۆکی هەرێمی کوردستان بە ڕەزامەندیی پەرلەمانی کوردستان، پێشمەرگەی هەرێمی کوردستانی بەچەکی قورس ڕەوانەی کۆبانی کرد و بە وەرگرتنی یارمەتی ئاسمانیی لە ئەمریکا و هاوپەیمانانی جیهان، دژی ڕێکخراوی تیرۆریستی داعش، توانی بە بۆمبارانی هەوایی و چەکی قورسی زەمینی کۆبانیی و دەوروبەری کۆنترۆڵ بکاتەوە. کەچی پەکەکە و پەیەدە و لایەنگرانیان شانازیی پاک کردنەوەی کۆبانی بە تەنیا بۆ گریلا و شەڕوان دەگێڕنەوە. پێویستە بزانن بەرلە گەیشتنی پێشمەرگە بۆ کۆبانی، گریلا و شەڕوان تەنیا ٥%ی کۆبانییان بەدەستەوە مابوو.

پەکەکە بەو پروپاگەندەیەش نەوەستاوە، بەڵکوو کەناڵێکی تەلەفزیۆنی بۆ شەنگال کردوەتەوە و لە بەرامبەر پرۆژەی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستاندا کە دەیەوێ شەنگال بگەڕێنێتەوە سەر هەرێمی کوردستان، ئەو نایشارێتەوە کە دژی گەڕاندنەوەی شەنگالە بۆسەر هەرێمی کوردستان و ئێزدییەکان هاندەدات لە چوارچێوەی عێراقدا بەچەشنی کانتۆنەکانی ڕۆژئاوای کوردستان، کانتۆن و خۆسەریی دیموکراتی دامەزرێنن.

پەکەکە لە بناری قەندیل نزیکەی ٨٠ گوندی باشووری کوردستانی داگیرکردوە و لە ناوچەکانی سیدەکان و برادۆست، مزوریی، نێروە، ڕێکان، بەرواریی، گولی و سندی نەیهێشتوە هاووڵاتیانی باشوری کوردستان نزیکەی ٤٠٠ گوند ئاوەدان بکەنەوە. پەکەکە بەو زانیارییەی کە لە مەسعود بارزانی سەرۆکی پارتی دیموکرات و سەرۆکی هەرێمی کوردستان هەیەتی و دەزانێت بەرێزیان دژی شەڕی براکوژییە لەنێو حیزبە سیاسییەکانی

کوردستاندا، بە دەیان خاڵی وەرگرتنی گومرگی لە سنورەکانی باشوری کوردستان لەگەڵ ڕۆژهەڵات و باکوری کوردستان داناوە و تەنانەت ڕێگە نادات خەڵک و هێزەکانی باشور و ڕۆژهەڵات لە سنوری ئێران و تورکیا نزیک ببنەوە.

ڕۆژی ٢٠١٥/٥/٢٤ ژمارەیەک پێشمەرگەی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران چوون بۆ لۆلان و کێلەشین کە پێوەندیی بە لایەنگرانیانەوە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بگرن کە گریلاکانی پەکەکە ئەوانیان گەمارۆدا و پێشمەرگەیەکی بە ناوی قادر کەریمی شەهید و سێ پێشمەرگەشی بریندارکرد و دواتر بڵاوی کردەوە کە حیزبی دیموکرات بە هاندانی پارتی دیموکراتی کوردستان و ڕژێمی تورکیا و بۆ بەدناو کردنی پەکەکە و لاواز کردنی پارتی دیموکراتی گەلانی تورکیا "هادەپ"(٣) لە هەڵبژاردنەکانی ڕۆژی ٢٠١٥/٦/٧ی پەرلەمانی تورکیا شەڕی دژی گریلاکانی پەکەکە هەڵایساندوە. کردەی پەکەکە لەلایەن سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان، پەرلەمانی کوردستان، حکومەتی هەرێمی کوردستان و هەموو حیزب و لایەنە سیاسییەکانی هەرچوار پارچەی کوردستان مەحکوم کرا و داوایان لە کۆنسەی سەرۆکایەتی پەکەکە کرد، مادام وازی لە سەربەخۆیی کوردستان هێناوە و دەیەوێ کێشەکانی لەگەڵ تورکیا بە ئاشتی چارەسەر بکات، چالاکییەکانی بگەڕێنێتەوە بۆ ناوچەی جوگرافیایی خەباتی خۆی و دەست لە کاروباری ناوچەکانی تری کوردستان وەرنەدات.

پەکەکە خاکی هەرچوار پارچەی کوردستان بە هەرێمی چالاکیی خۆی دەزانێت و تەنانەت بۆ جووڵە و چالاکیی ڕێکخراوەکانی بەشەکانی کوردستان لە وڵاتی خۆیاندا سنور دادەنێت. پەکەکە بەهێزترین ڕێکخراوی کوردستانە لە دروستکردن و دامەزراندنی ڕێکخراو و لق و پۆی نوێ و جیاواز لە کوردستاندا و دەستی باڵای هەیە لە کۆکردنەوەی خەڵک لە دەوری چالاکییەکانی، چەواشەکردنی خەڵک و ڕووداوەکان و پاساو هێنانەوە بۆ ئەندامان و لایەنگران و خەڵکی کوردستان و گۆڕینی ستراتیژ و تاکتیک و

پێشاندانی ڕێکاری دڵخوازی خۆی بە لایەنگرانی کە ئەوەش توانای پێ بەخشیوە کە زۆر بەپەلە و لە ماوەیەکی کەمدا مەبەستەکانی خۆی لەنێو خەڵکدا بڵاوبکاتەوە و پشتیوانیان بۆ بدۆزێتەوە.

بەرلە هەڵبژاردنی ڕۆژی ٢٠١٥/٦/٧ی تورکیا، جەمیل بایک و کۆنسەی سەرۆکایەتی پەکەکە بڵاویان دەکردەوە: **(ئەگەر هادەپ لە هەڵبژاردندا سەرکەوێ و بتوانێ ١٠%ی دەنگەکانی تورکیا بەدەست بێنێت، ئەوە کورد لە هەموو بەشەکانی کوردستاندا سەردەکەوێت.)** بەخۆشییەوە "هادەپ" لە هەڵبژاردندا سنوری ١٠%ی بڕی و زیاتر لە ١٣%ی دەنگەکان هێنایەوە و ٨٠ ئەندامی بۆ چوون بۆ پەرلەمانی تورکیا دەسنیشان کرد و بەوەش کوردی باکور دەیتوانی لەگەڵ "ئاکپارتی" حکومەت پێک بێنێت و ڕێگای ئاشتی بۆ پەکەکە بکاتەوەو چەندان یاسا لە تورکیادا بگۆڕێت کە ئەوە دەستکەوتێکی مەزن بوو بۆ باکوری کوردستان و گەلی کوردی لە هەموو بەشەکانی کوردستاندا خۆشحاڵ کردبوو، کەچی سەلاحەدین دەمیرتاش هاوسەرۆکی "هادەپ" لەژێر گوشار و ڕاسپاردەی جەمیل بایک و پەکەکەدا ڕایگەیاند: **(ئێمە هاوپەیمانیی لەگەڵ حیزبی داد و گەشەپێدان "ئاکپارتی" ناکەین و پشتی ئەردۆغان دەشکێنین.)**

هاندان و دەستتێوەردانی پەکەکە لە کار و خەباتی "هادەپ"دا بە دوای هەڵبژاردن، دەمیرتاش و ئەندامانی سەرکردایەتی ئەو ڕێکخراوەیەی بەلارێدا برد و ئەوان کە بەناوی گەلانی تورکیا بەشداریی هەڵبژاردنیان کردبوو، پشتیان لە گەلانی تورکیا و بەتایبەتی گەلی کورد کرد و یەکڕیزیی گەلانی تورکیایان تێکدا. ڕۆژی دووشەممە ٢٠١٥/٧/٢٠ تەقینەوەیەک لە کۆبوونەوەی لاوانی سۆسیالیست لەشاری پرسوس لە پارێزگای ڕوحا، لە باکوری کوردستان ڕوویدا و لە ئاکامدا ٣١ کەس کوژران و ١٠١ کەسیش بریندداربوون. ڕۆژێک دوای ئەو تەقینەوەیە، گریلاکانی پەکەکە بە شەو چوون بۆ ماڵی دوو پۆلیس و ئەوانیان لە خەودا کوشت و ڕۆژی دوایی باڵی سەربازیی پەکەکە بەرپرسایەتی کوشتنی ئەو دوو پۆلیسەی لە ئەستۆ گرت

و بەمەش هەموو ڕیسەکانی هادەپی کردەوە بە خوری و کێشەیەکی گەورەی بۆ سەلاحەدین دەمیرتاش هاوسەرۆکی هادەپ و ٨٠ پەرلەمانتارەکەی هادەپ و ڕێکخراوەکەیان دروست کرد. پەکەکە بەو شێوەیە ئاتۆی دایە دەست سوپا و میتی تورکیا کە لەژێر ناوی خەبات دژی تیرۆریست، شەڕ بەدژی پەکەکە ڕابگەیەنن و بە یەکەکانی تۆپخانە و فڕۆکە پەلاماری ئەو ناوچانەی باشوری کوردستان بدەن کە شیمای بوونی گریلای لێدەکرا و لە ئەنجامدا زیانێکی زۆری گیانیی و ئابووریبیان بە خەڵکی باکور و باشوری کوردستان گەیاند.

ڕۆژی پێنج شەمە ٢٠١٥/٧/٢٣ گریلاکانی پەکەکە لە شاری ئامەد، پۆلیسێکیان کوشت و یەکێکیشیان برینداركرد. ڕۆژی ٢٠١٥/٧/٢٤ پۆلیسی تورکیا ٢٥٠ کەسی لە ئەستەمبوڵ و ٢٢ شاری تردا بەتاوانی هاوکاریی کردن لەگەڵ دەوڵەتی ئیسلامی داعش و پەکەکە دەستگیرکرد و لە هەمانکاتدا بنکەکانی داعشی لە ڕۆژئاوای کوردستان و بنکەکانی پەکەکەی لە باشوری کوردستان بە فڕۆکە و تۆپخانە بۆمباران کرد. کاتی نوسینی ئەم دێڕانە ژمارەی گیراوەکان لە تورکیا و باکوری کوردستان سنوری ٢٠٠٠ کەسی تێپەڕاندوە و چەند سەرۆکی شارەوانیش لە ڕێزی گیراوەکاندان.

ڕۆژی چوارشەمە ٢٠١٥/٧/٢٩ گریلاکانی پەکەکە بۆری نەوتی کوردستانیان بۆ تورکیا لە پارێزگای شرناخ تەقاندەوە و ڕۆژی ٢٠١٥/٧/٣٠ باڵی سەربازیی پەکەکە بەرپرسایەتی تەقاندنەوەکەی خستە ئەستۆی خۆی. هەرچەندە کۆنسەی سەرۆکایەتی پەکەکە دەزانێت کە موچە و داهاتی خەڵکی کوردستان بە ڕێگای ناردنی نەوت دابین دەبێت و حکومەتی ناوەندیی عێراق ١٨ مانگە بەشە بودجەی کوردستانی بڕیوە، بەگوێرەی ڕاپۆرتی وەزارەتی سامانە سروشتییەکانی هەرێمی کوردستان پەکەکە بەو کارەی، نزیکەی ٢٥٠ ملیۆن دۆلار زیانی بە هەرێمی کوردستان گەیاند کە بەرامبەرە لەگەڵ مووچەی مانگێکی هێزەکانی ئاسایش و وەزارەتی ناوخۆ و پێشمەرگە قارەمانەکانی کوردستان.

بەرەبەیانی ڕۆژی ٢٠١٥/٨/١ فڕۆکەکانی تورکیا هێرشیان کردە سەر گوندی زارگەلی لە قەزای ڕواندزی پارێزگای هەولێر و لە ئەنجامدا هەشت کەسیان شەهید و دە کەسیشیان بریندار کرد کە پێنج کەسیان هاوولاتیی باشوری کوردستان بوون. بەگشتی دوای تەقینەوەکەی پرسوس، پرۆسەی ئاشتی لەنێوان پەکەکە و ڕژێمی تورکیادا لەناو چووە و شەڕ جێی ئاشتی گرتەوە. ڕەجەب تەیب ئەردۆغان سەرکۆماری تورکیا داوایەکی یاسایی دژی سەلاحەدەین دەمیرتاش تۆمار کرد و ٩ پەرلەمانتاری هادەپیش بە تۆهمەتی بەرگریی کردن لە سیاسەتەکانی پەکەکە داوای یاساییان لەسەر تۆمار کرا. پارتی داد و گەشەپێدانی تورکیا بە سەرۆکایەتی داودئۆغلو نەیتوانی لەگەڵ سێ پارتە براوەکەی تر لە هەڵبژاردندا پێکبێت و حکومەتێکی هاوبەشیان لەگەڵ پێکبێنێت و لە ئاکامدا ئەردۆغان سەرکۆماری تورکیا بڕیاری هەڵبژاردنی پێشوەختی ڕاگەیاند کە لە ٢٠١٥/١١/١ هەڵبژاردنی پێشوەخت لە تورکیا بەڕێوەبچێت.

پەکەکە بەشی هەرە زۆری شەڕەکەی لەگەڵ تورکیا بە شانە نوستوەکانی گریلا "ڕێکخراوی گەنجانی باکور" لە شارەکاندا بەڕێوەبرد و جگەلە چەند تەقینەوە لە شار و جادە سنورییەکانی پارێزگاکانی ئامەد، شرناخ، هەکاریی و ناوچەکانی گەوەڕ، جەزیر، سلوپیا، گریلاکانی لە شەڕ وەرنەدا. لە بەرامبەردا سوپای تورکیا وەک هەمیشە بە بۆمبارانی ناوچەکانی ژێردەسەڵاتی پەکەکە لە باشوری کوردستان، ئەو ڕێکخراوەی ناچارکرد سەرلەنوێ بەشێوەی تاکلایەنە ئاگربەس بکات[٤].

هاوکات لەگەڵ ئاگربەسی پەکەکە، داعش کە تەقینەوە تیرۆریستییەکەی پرسوسی ئەنجام دابوو، سەرلەنوێ ڕۆژی ٢٠١٥/١٠/١١ دوو ئوتۆمبێلی لە کۆبوونەوەیەکی هادەپ لە گۆڕەپانی "سەحیە"، نزیک وێستگەی سەرەکیی شەمەندەفەری ئەنکارا تەقاندەوە و ١٠٦ کەسی شەهید و ٢١٥ کەسیشی بریندار کرد. دەزگاکانی هەواڵگریی تورکیا لە نێوان تیرۆریستەکاندا دوو کەسیان بەناوەکانی یونس ئەمرە ئالاگۆزە و عومەر

دنیز دەستگیر کرد کە برای تیرۆریستەکانی پرسوز بوون. هاوکات لەگەڵ نوسینی ئەو دێڕانە، سوپای تورکیا لە شەڕ و بۆمبارانکردنی بنکەکانی پەکەکە لە باشوری کوردستاندا بەردەوامە و ئەگەر ئەو شەڕە بەکۆتا نەیەت، گرفتێکی چاوەڕوان نەکراو لە باکوری کوردستان و تورکیا بەرۆکی گەلی کورد، تورک و خەڵکانی تری دانیشتوی تورکیا و هەروەها بەشەکانی تری کوردستان دەگرێت.

هەڵبژاردنی پێشوەختە کە ئەردۆغان بڕیاری لەسەردا بوو، ڕۆژی ٢٠١٥/١١/١ لە تورکیا و باکوری کوردستان بەڕێوەچوو. لەو هەڵبژاردنەدا حیزبی داد و گەشەپێدان، بەپێچەوانەی هەڵبژاردنی ٢٠١٥/٦/٧، زۆرینەی دەنگەکانی هەڵبژاردنی هێنایەوە و ئیتر بۆ پێکهێنانی حکومەتی زۆرینە، پێویستیی بە هاوپەیمانی لەگەڵ هادەپ، جەهەپە و مەهەپە نەبوو. واتە لە ٥٥٠ کورسی پەرلەمان، ٣١٧ کورسی پەرلەمانی بەدەستخست. دەنگەکانی هادەپیش لە ٨٠ کورسی پەرلەمان لە خولی یەکەمی هەڵبژاردندا دابەزی بۆ ٥٩ کورسی واتا بەهۆی دەستێوەردانی پەکەکە لە سیاسەت و کاروباری هادەپدا، ئەو حیزبە زیاتر لە ٨٠٠ هەزار دەنگ و ٢١ کورسی پەرلەمانی لە دەستدا(٥).

پەکەکە لەنێوان هەڵبژاردنی یەکەم و دووەمی تورکیا و باکوری کوردستاندا، بەبێ لەبەرچاو گرتنی بنەما سیاسیی، ئابووریی و یاساییەکان، بە پشتبەستن بە بیری چەپڕەوانەی جەمیل بایک، لە چەند ناوچەی وان، نوسێبین، شرناخ و ئامەد لە نزیک سنوری باشور، باکور و ڕۆژئاوای کوردستان، سیستەمی خۆسەریی دیموکراتی ڕاگەیاند. ئەو هەڵەیەی پەکەکە لە هەڵبژاردنی دووەمدا خۆی دەرخست و ڕێژەی دەنگەکانی هادەپی لەو ناوچانە دابەزاند. خەلیل ئاتاج "ئەبوبەکر" سەبارەی بە تیۆریی پێکهێنانی سیستەمی خۆسەری دیموکراتی، دەڵێت:

**(جگە لە پارێزگار و قایمقام هەموو ئەنجومەن و بەلەدییەکان و هەموو شت لەو ناوچانەی خۆسەریی دیموکراتیان لێ دامەزراندوە، لەدەست هادەپ و**

پەکەکەدان. بۆچی بۆمب دەبەن لە نزیک ماڵی لایەنگرانی خۆیان، دەیتەقێننەوە و خەڵکی کورد دەکوژن؟ حکومەتی تورکیا بە زانیاریی ڕیگایان پێدەدات و دواتر پێشیان پێدەگرێت. خۆسەریی دیموکراتی پێویستە بە یاسا بکرێت نەک بە شەڕ و بەدەست گریلا کە دەرەقەتی دژمن نایەت.)
هەرلەو بارەیەوە مستەفا شەفیق "ئاری" دەڵێت:

- (ئەم ناوچانەی کە خۆسەری دیموکراتیان لێ ڕاگەیاندوە، گشتیان خەڵکی کوردن و زۆربەیان لەو خەڵکانەن کە گوندەکانیان چۆلکراوە و کۆچیان کردوە بۆ شارەکان، بەڵام بەم بڕیارەی پەکەکە کەوتنە بەر هێرشێکی نامرۆڤانەت تورکیا. شارەداری ئەم شارانە لە دەست **HDP** دان و خۆی لە خۆیدا بەڕێوەبەرایەتی خۆسەریان هەیە، بەڵام ئەمە پیلانێک بوو، گروپێک لەناو پەکەکەدا کە ڕازی نین هیچ هێزێک لە باکوری کوردستان دەرکەوێت و هێزی لە دەستدا کۆبێتەوە، ئەگەر **HDP** یش بێت، بۆیە لەم پیلانەدا دژی **HDP** بوون بە شەریکی ڕژێمی تورکیا، تەنانەت ئۆجەلانیش بە هەڵکەوتنی کەسێکی وەکو سەلاحەدین دەمیرتاش و عوسمان بایدەمیر و لەیلا زان بەد گومان بوو.)

دوای ئەو شکستە مەزنە ستراتیژییەی کە کۆنسەی سەرۆکایەتی پەکەکە لە هەڵبژاردنی ٢٠١٥/٦/٧دا بەسەر کوردی باکور و هادەپیدا هێنا، ئەم جارەیان سەلاحەدین دەمیرتاش کە ئاکامی هەڵبژاردنی ٢٠١٥/١١/١ بینی، بەبێ ئەوەی ئاکپارتی داوای هاوپەیمانیی لێ بکات، یەکلایەنە ڕایگەیاند ئامادەیە لە پێکهێنانی حکومەتدا هاوکاریی ئاکپارتی بکات و تەنانەت بەوەش نەوەستا و ڕایگەیاند ئامادەیە بەمەرج لەگەڵ گۆڕینی سیستەمی حوکمڕانی تورکیا لە پەرلەمانییەوە بۆ سەرۆکایەتی لەگەڵ ئاکپارتی ڕێک بکەوێت. لە هەمانکاتدا کۆنسەی سەرۆکایەتی پەکەکە بۆ چەواشەکردنی ڕای گشتی لایەنگرانی سەبارەت بە شکستەکانی، ڕزگار کردنی شەنگالی لە دەست تیرۆریستانی داعش کردە هەوێنی بڵاوکراوەکانی و بە درۆ و پروپاگەندەی ناڕاست، ئەم جارە دووبەرەکی و ئاژاوەی خستە ڕیزی خوشک

و برا ئێزدییەکان و گەلی کوردستان. بەم بۆنەیەوە، قاسم شەشۆ یەکێک لە فەرماندەکانی هێزی ئێزدییەکانی چیای شەنگال لە وتووێژێکیدا لەگەڵ تەلەفزیۆنی ڕووداو، ڕۆژی ٢٠١٥/١١/٤ گوتی: (دواکەوتنی گرتنەوەی شەنگال دەگەڕێتەوە بۆ هەڵوێستی نابەرپرسانەی پەکەکە و پەیەدە. ئەوان دەیانەوێت ئەگەر شەنگال ڕزگاربوو، بیکەن بە موڵکی خۆیان و کانتۆنی لێ دامەزرێنن کە ئیزدییەکان قبوڵی ناکەن.) لە درێژەی وتەکانیدا شەشۆ گوتی: (باشترە ئەوان بچن ڕۆژئاوای کوردستان و باکوری کوردستان ڕزگار بکەن. داوا دەکەین ئاژاوە بۆ ئێمە پێک نەهێنن. ئێمە نامانەوەی شەڕی براکوژیی بکەین.)

ئەو پروپاگەندەیەی کۆنسەی سەرۆکایەتی پەکەکە لە کاتێکدا بوو کە دەیزانی مەسعود بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان لە دەڤەری شەنگالە و خەریکە لەگەڵ فەرماندەکانی پێشمەرگە و ئەمریکییەکان و هاوپەیمانان، پلانی ڕزگارکردنی شەنگال دادەڕێژێت کە شەنگال لە چنگ تیرۆریستانی داعش ڕزگار بکەن. بەم بۆنەیەوە، فەرماندەیی پێشمەرگە لە شنگال، ڕۆژی ٢٠١٥/١١/١١ ئەم ڕاگەیاندنەی خوارەوەی بۆ ڕای گشتی کوردستان بڵاوکردەوە:

ڕوونکردنەوەیەک لە فەرماندەیی پێشمەرگە لە شنگال بۆ ڕای گشتی کوردستان

ئێوارەی ئەمڕۆ چوارشەممە ٢٠١٥/١١/١١ تەلەفزیۆنی کوردسات نیوزی سەربە ینک و نەورۆز تیڤی سەربە پەکەکە باسی ئەوەیان کردوە کە گوایە چەکدارانی یەپەگەی سەربە پەکەکە چوونەتە ناو شنگال. لێرەدا بەهەموو لایەک ڕادەگەیەنین کە ئەم دەنگۆ و پروپاگەندانە هیچ بنەمایەکیان نییە و دوورە لە ڕاستی و ئامانج لێی کەمکردنی ڕۆڵی پێشمەرگە و نادیدەگرتنی قوربانیدانی گەلی کوردستانە بۆ ڕزگارکردنی دەڤەری شنگال. پەکەکە کە هیچ ڕۆڵێکی لە ناوچەکەدا نییە و دەستکەوتیشی بۆ خەڵکی ئێزدی و گەلی کوردستان نەبووە، لەڕێی بڵاوکردنەوەی پروپاگەندەی بێ بنەما دەیەوێ

دووبەرەکـی لـەنێـو خوشـک و بـرا ئێزدییەکانمـان دروسـت بکـات. پەکەکە دەمـێکە بـووەتە کۆسـپ لـەبەردەم ئـازادکردنی شـنگال و چـاوەڕێ دەکەن پێشـمەرگە پەلامـاری دوژمـن بـدات و خـوێن ببەخشـێ ئەوانـیش بـێن و سـەرکەوتنی پێشـمەرگە بـدزن و خۆیـان بـکەنە خـاوەنی سـەرکەوتنی پێشمەرگە، ئەگینا بۆ هەتا پێشمەرگە دەست بە ئۆپراسیۆن نەکات ئەوان لە شوێنی خۆیان بێدەنگن، ساڵێک زیاترە داعش شنگالی داگیرکردوە، ئەگەر پەکەکە ڕاست دەکات چاوەڕێی چییە؟ بۆ نەچوو شنگال ئازاد بکات؟ بۆچی هەتا پێشمەرگە هەڵمەت نەبات ئەوان دەنگیان نییە؟ ئەوەی ئێستا پەکەکە لەڕێـی بڵاوکـردنەوەی درۆ و پروپاگەنـدەی بـێ بنەمـا دەیکـات سـووکایەتی کـردنە بە دامـودەزگەی ڕەسـمی هەرێـم و بە ئێزدییەکـان و سـووکایەتی کـردنە بە خـوێنی شـەهیدان و هێـزی قارەمـانی پێشـمەرگە. هەموولایەک چاک دەزانێ برینی خوشک و برا ئێزدییەکانمان بەو یارییە سیاسییە بـێ بەهـایەی پەکەکە و هاوشـێوەکانی سـارێژ ناکرێـت. هێـزی پێشمەرگەی کوردستان هەروەک چۆن ئابلۆقەی چیای شنگالی شکاند و سێ ڕێگەی سەرەکی بۆ دەڤەری شنگال ئازاد کرد، ئێستاش پلانی خۆی هەیە و پشـت بەخـوا شـنگال لە دەسـتی تیرۆریسـتان ئـازاد دەکـات و تەنیـا پێشـمەرگەیە دەتـوانێ ئـازادی و ئـۆقرەیی و ئاسـایش و دوارۆژی گەش بـۆ خوشک و برا ئێزدییەکان مسۆگەر بکات.

بژی کوردستان ، بژی پێشمەرگە ، نەمری بۆ شەهیدەکانمان

سەرچاوەیەکی سەربازی لە فەرماندەیی پێشمەرگەی شنگال ٢٠١٥/١١/١١

دوای بڵاوکـردنەوەی ئەو ڕاگەیانـدنە، ٧٥٠٠ پێشـمەرگە، لە هێـزی پێشـمەرگەی کوردسـتان بە فەرمانـدەیی ڕاسـتەوخۆی مەسـعود بـارزانی سـەرۆکی هەرێمـی کوردسـتان و بە پشـتیوانیی فـڕۆکە بۆمبهاوێژەکـانی ئەمریکا و هاوپەیمانان، کاتژمێر ٠٧:٠٠ی ڕۆژی ٢٠١٥/١١/١٢ لە سێ قـۆڵەوە هێرشـیان کـردە سـەر دەڤەری شـەنگال. لە یەکەم ڕۆژی هێرشـەکەیاندا گوندەکانی فازڵییە، کابارا، قزلکەند، تەلشۆڕ، تل شۆڕ و جادەی٤٧یان(٦)

ڕزگـار کـرد و خۆیـان گەیانـدە شـاری شـەنگال و ڕۆژی دووەم، ٢٠١٥/١١/١٣ کـاتژمێر ١٠:٣٠ سـەنتەری شـەنگالیان گـرت و تیرۆریسـتانیان ڕاونـا. ئێسـتا دەبـێ چـاوەڕوان بـین کە ئەم جارەیـان پەکەکە چـۆن هەڵسـوکەوتێکی لە نـاوچەکەدا دەبێـت و جەمیـل بایـک چـۆن لـەگەڵ ئەو کـۆمەڵە شکسـتانەی ڕادێت؟ ئایا دەست لە هادەپ هەڵدەگرێ کە خۆی سیاسـەتی خـۆی دابڕێژێـت و خزمەتـی نەتەوەکەمـان لە بـاکوری کوردسـتاندا بکـات؟ ئایـا کۆتـایی بە دەسـتێوەردانەکانی لە باشـوری کوردسـتان دێنێـت؟ ئایـا ئیـزن دەدات کوردەکـانی ڕۆژئـاوای کوردسـتان بەشـێوەی دیمـوکراتی ناوچەکەیـان بەڕێوەبەرن و ئایا دەست لە کاروبـاری ڕۆژهەڵاتـی کوردستان هەڵدەگرێت، یـان درێـژە بەو کـردەوانەی دەدات لە کوردسـتاندا؟ ئەمـانە بـۆ مێـژوو دەهـێڵمەوە. لەگەڵ هەمـووی ئەوانە، دیـاردەیەکی سەرسـوڕهێنەر لە پەکەکەدا هەیە کە پێویسـتە پەنـجەی بـۆ ڕاکێشـم و ئەوەش ڕەنـگە جێـی پرسـیاری هەمـوو دڵسـۆزانی کوردسـتان بێـت کە ئایـا چـۆنە پەکەکە بەو هەمـووە هەڵە و چەواشـەکارییانەی، خەڵـک لەگەڵیەتـی و پێشـتیوانی لـێ دەکەن لەو بارەیەوە پرسیارم لە نیزامەدین تاش "بۆتان" ئەندامی کۆنسـەی سەرۆکایەتی پێشووی پەکەکە کرد و لە وەڵامی پرسیارەکەمدا گوتی:

- (لە باشـور یـان ڕۆژهەڵاتـی کوردسـتان گەلیـک حیـزب هەن و ئەگەر ئەندامیان عاجز بێت، دەتوانن بەبێ ترس حیزبەکەیان بەجێهێڵن و بچن لە حیزبێکی ترەوە، بەڵام لە تورکیا پەکەکە ڕێگای نەداوە حیزبی تر بمێنێ و لە ئاکامـدا ئەنـدامانی پەکەکە ئەلتەرنـاتیڤێکی بـێ مەترسـی نـابینن کە بچنە ناوی، لە بەرامبەردا چەنـدان جـار ئەنـدامی نـاڕازی پەکەکە خۆیـان کوشـتوە و ئەو ڕەوتەش تـا ئەوکـاتە بەردەوام دەبێـت کە ڕونـاکی دیموکراتیەت سـەرهەڵدەدا. لەلایەکـی تـردا، پەکەکە لە ساڵی ١٩٨٤وە تـا ئێستا لە شەڕدایە، لەو مـاوەیەدا نـزیکەی هەشت ملیـۆن کەس لە بـاکوری کوردسـتان کۆچیـان کـردوە. نـزیکەی ١٥ تـا ٢٠ هەزار گـریلا و بە هەمـان ڕادەش خەڵکـی مەدەنـی کـوژراون. لەو مـاوەیەدا مـاڵ نیـیە لە بـاکوری

کوردستان کە کەسێکیان لێ نەگیرابێت و ئەشکەنجە نەدرابێت. هەرچەندە ئێستا لە خەڵکی باکوری کوردستان نزیکەی ١٥٠٠ گریلا ماوە، بەڵام بەو حاڵەش پەکەکە هێزێکی مەزن و سەرەکییە، لە بەلەدییەکان و دەزگاکانی حکومەتدا مەزنایەتی هەیە، کوردان سەنگەریی مەزنیان خستوەتە دەست خۆیان و نایانەوێت ئەو دەستکەوتانەیان لە دەست بدەن و چونکە هێزێکی تری ئەلتەرناتیڤ نییە کە پشتی پێ ببەستن، پێویستیان بە یارمەتی پەکەکە هەیە و دەترسن بە نەمانی پەکەکە لە کوردایەتی دەرکەون، بۆ نمونە ئەوانەش کە پەکەکە نین لە هەڵبژاردنەکاندا بۆ ڕاگرتنی هەستی کوردایەتی دەنگی خۆیان دەدەن بە پەکەکە کە ئەو ڕێکخراوەیە بمێنێت، ئەگەرنا جگەلە موراد قەرەیلان هەموو بەرپرسە سەربازییەکانی پەکەکە کە لە ساڵی ١٩٨٤وە چالاک بوون، پەکەکەیان بەجێهێشتوە و لە بەرپرسایەتیدا نەماون) هەرلەو بارەیەوە، خەلیل ئاتاج "ئەبوبەکر" یەکێکی تر لە ئەندامانی کۆنسەی سەرۆکایەتی پەکەکە دەڵێت:

- (پەکەکە بنەمایەکی بەهێزی هەیە و ئێستا خەریکە نان لە میراتی خۆی دەخوات. سەرکردایەتییەکەی زۆر لاوازە و تەنیا چەند کەسێک تێیدا بڕیار دەدەن و دەسەڵات بەدەست چەند کەسێکەوەیە. ئەو کاتەی من لە پەکەکەدا بووم ٣٠% گریلاکانی خەڵکی ڕۆژئاوای کوردستان بوون و ٥%ی خەڵکی ڕۆژهەڵات و ٣%ی خەڵکی باشور، بەڵام دوای هەڵگیرسانی شەڕ لە ڕۆژئاوا بەشی زۆریگریلاکان گەڕانەوە و ژمارەیکی کەمترین لەلای پەکەکە مانەوە. لە جیاتی ئەوانە، سەرکردەکانی پەکەکە زیاتر سەرنجیان بە ڕۆژهەڵاتی کوردستان داوە و تا ڕادەیەک بە کوردی ڕۆژهەڵات قەرەبووی کەمیی گریلایان کردوەتەوە.)

لە بەردەوامیی شەڕی ئەم جارەی پەکەکە و ڕژێمی تورکیا، بڵاوکراوەی کۆنگرەی دامەزرێنەری پارتی کرێکارانی کوردستانم بە بیرهاتەوە کە لە لاپەڕەکانی ٤٦ و ٥٣، ساڵی ١٩٧٨، بە زمانی تورکی دەڵێت: (پەکەکە لەم باوەڕە دایە کە مافی سیاسی، کولتوری، کۆمەڵایەتی و ئابووری گەلی

کوردستان بە ڕێگای شەڕ دابین دەبێ و بۆ ئەو مەبەستەش پەکەکە تەواوی ئایدیولۆژی و تاکتیکەکانی خەباتی خۆی سەرفی ئەو ڕێگایە دەکات... کورد لە جیاتی ئەوەی بە ئاشتی کێشەکەی چارەسەر بکات و لە ژیانی ئاشتیانەدا بتوێتەوە، دەبێ درێژە بە شەڕ بدات.)

لە چوارچێوەی بەڕێوەبردنی ئەو ئایدیولۆژییەدا، جیاوازییەکی گرنگم لەنێوان عەبدوڵا ئۆجەلان و جەمیل بایکدا دی. بە وردبوونەوە لە کەسایەتی سیاسیی ئەو دوو سەرکردەیە لە مێژووی پارتی کرێکارانی کوردستاندا دەبینین. هەرچەندە هەردووکیانە هەڵگری بیری چەپ و توندڕەوانەن، بەڵام جیاوازییەکی زۆر لە نێوانیاندا هەیە.

عەبدوڵا ئۆجەلان ڕێبەرێکی وردبین و چاوکراوە بوو، هەرکاتێک گریلاکانی لە شەڕدا توشی شکست و مەترسی دەبوونەوە، دەستبەجێ لە هەڵوێستی خۆی پاشگەز دەبووە و کێشەکانی بە زیانێکی کەمتر بەکۆتا دەگەیاند. ئەو هەڵوێستەی عەبدوڵا ئۆجەلانمان لە شەڕەکانی گریلا دژی پەرلەمانی کوردستان، پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتی نیشتمانی کوردستان لە ساڵانی ١٩٩٢ و ١٩٩٥دا بە ڕوونی لە باشوری کوردستان بینی و لە شەڕەکانی گریلا و سوپای تورکیاشدا بە ئاگربەسی پەیتا پەیتا و یەکلایەنەی گیانی کۆمەڵێکی زۆر گریلا و خەڵکی مەدەنی دەپاراست.

بەڵام جەمیل بایک لە ماوەیەدا، هەرچەندە ڕوونکی لە بڕیارەکانی و شەڕی گریلادا نابیندرێت، لە باکوریی کوردستان خەڵکی کردوەتە لەمپەر و لە بەرامبەر سوپای دوژمندا وەک قەڵغان بەکاریان دێنێت، لە ڕۆژئاوای کوردستان شەڕ بۆ ڕژێمی ئەسەد دەکات، لە چیای شەنگال بەرگی حشدی شەعبی عێراقی کردوەتە بەر گریلاکانی و بە تانک و پارەی ئێران و عێراق، دژی بەرژەوەندیی کورد هەڵدەسوڕێت، لە ئێرانیش چەکی گریلا و پارتی ژیانی ئازادیی کوردستان و کۆداری شۆڕ کردوەتەوە کە نەکات زیان بە ڕژێمی کۆنەپەرستی کۆماری ئیسلامیی ئێران بگەیەنن.

بەڕاستی بۆچی لایەنگرانی پەکەکە ئەم پرسیارە لە سەرکردەکانی پەکەکە ناکەن کە بۆچی ئەو ڕێکخراوەیە لەلایەک بووەتە داردەستی دەوڵەتە داگیرکەرەکانی کوردستان، دەست لە کاروباری پێشمەرگەی هەموو بەشەکانی کوردستان وەردەدات، بەڵام لە باکور و ڕۆژئاوای کوردستان دژی ڕێکخراوە سیاسییەکانی ئەو دوو بەشە لە خەباتی سیاسی و جەماوەری و تەنانەت پێشمەرگانەی ڕادەوەستێت؟

جەمیل بایک دەبوایە و پێویست بوو، واز لە سیاسەتی خەندەق لێدانی لە کۆڵانی شار و شارۆچکەکانی باکوری کوردستان بێنێت کە ئاکامەکەی ماڵوێران بوونی خەڵکی کوردی ئەو ناوچانەی بەدواو بوو. هەروەها ئەگەر بۆ پاراستنی گیانی گریلاکانیشی بووبێت لە هەڵوێستی توندڕەوانەی خۆی لە باکوریی کوردستان و بەکارهێنانی خەڵک وەک قەڵغان لە بەرامبەر دوژمندا پاشگەز بێتەوە و لە خزمەت گەلەکەیدا بێت و لەو زیاتر خەڵکی باکوری کوردستان توشی ماڵوێرانی نەکات. لەبەر ئەوەیە کە سەلاحەدین دەمیرتاش هاوسەرۆکی هەدەپە سەرئەنجام وەدەنگ هات و لە کۆبوونەوەیەکی بەرینی جەماوەریدا کوردەکانی شاری بەرلین پایتەختی ئەڵمانیا ڕایگەیاند کە سیاسەتی لێدانی خەندەق لەناو شارە کوردییەکان لەلایەن پەکەکەوە سیاسەتێکی هەڵە بووە. ناوبراو هەروەها سەبارەت بە گۆڕینی ستراتیژیی پەکەکە گوتی (سەبارەت بە گۆڕینی ستراتیژیی بۆ شەڕ پێویستە ئەو پرسیارە لە خودی پەکەکە بکەن، بەڵام ئێمە وەک حزبێکی دیموکراتیک پێمان وایە سیاسەتی خەندەق سەرکەوتوو نەبوو و زیانی بۆ میللەتەکەمان هەبووە.) هەروەها سەبارەت خۆسەری دیموکراتیش ئاماژەی بۆ ئەوە کرد کە: (بەرزکردنەوەی ئەو دروشمە هیچ ئەنجامێکی نابێت.)

شایانی باسە، ئەم هەڵوێستەی سەلاحەدین دەمیرتاش هاوسەرۆکی هەدەپە لەبارەی خەندەق و خۆسەری دیموکراتییەوە بووەتە جێی سەرسوڕمانی لایەنگرانی پەکەکە، چونکە پێشتر هەدەپە بە هەموو شێوەیەک پشتگیریی لە لێدانی ئەو خەندەقانەی دەکرد و بە پارێزگاریی

گەلی کوردی لە ناوچەکەدا ناو دەبرد. بێگومان ئەم هەڵوێستە سەلاحەدەین دەمیرتاش ئاماژەیەکی ڕوونە بۆ ناکوکیی لە نێوان دوو باڵی سەربازیی "قەندیل" و سیاسیی "هەدەپە" سەبارەت بە پرۆسەی ئاشتی و خۆسەری دیموکراتی و لێدانی خەندەق لەناو شارە کوردییەکانی باکوری کوردستان دا.

٢٠١٦/٣/١٤

---

١- هێزەکانی ڕۆژئاوای کوردستان بەهۆی ملنەدانی پەیەدە بۆ دیموکراسی و هاوکاریی لەگەڵ ڕێکخراوە سیاسییەکانی تر، بە درێژایی ئەو چەند ساڵەی کە شەڕ لە سوریادا هەیە، زۆر دەسکەوتی بە نرخیان لەدەست داوە. پەیەدا لەو پێوەندییە سیاسییەدا هێشتا ساخ نەبووەتەوە کە چی دەوێت، لەگەڵ ڕژێمی سوریایە، یان لەگەڵ ئۆپۆزسیۆنی سوریا. ئەمڕۆ ٢٠١٦/٣/١٦، لە کاتێکدا کتێبەکەم کەوتە ژێر چاپ کە پەیەدا کانتۆنەکانی هەڵوەشاندەوە و ئەمجارە داوای فیدراڵیەتی بۆ باکوری سوریا ویست، فیدرالیەتێک کە لە مۆرکی نەتەوەیی و جوغرافیایی بێبەشە!

٢- بە گوێرەی ماددەی ١٤٠ی یاسای عێراق، کێشەی ئەو ناوچانەی کوردستان دەبێ لەگەڵ حکومەتی ناوەندیی عێراق بە ڕاپرسی چارەسەر بکرێن، بەڵام ڕژێمی عێراق بەبیانووی جیاواز هەتا ئێستا خۆی لەو ڕاپرسییە دزیوەتەوە.


٣- پارتی دیموکراتی گەلانی تورکیا، پارتییەکی نوێیە کە لە جێی پارتی ئاشتی و دیموکراتی تورکیا دامەزراوە، بەو واتایە بۆ هەموو گەلانی دانیشتوی تورکیا خەبات دەکات و پارتییەکی تایبەت بە گەلی کورد نییە، دژی دامەزراندنی دەوڵەتی کوردییە، بەڵام لە چوارچێوەی دامەزراندنی حکومەتی خۆسەریی دیموکراتی لە باکوری کوردستاندا هەڵگری بیری ئۆجەلان و پەکەکەیە و بەرگریی لە گەلی کورد دەکات.


٤- مەسعود بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان و نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان داوایان کرد حکومەتی تورکیا و پەکەکە بە دوور لە شەڕ، کێشەکەیان بە ڕێگەی وتووێژ چارەسەر بکەن.

٥- کۆی لەدەستدانی کورسییەکانی هادەپ لە هەڵبژاردنی ڕۆژی ٢٠١٥/١١/١ی تورکیا، ٢١ کورسی پەرلەمان بوو. بۆ نمونە لە ئەستەمبوڵ کە ناوەندیی ئابووریی تورکیایە، ٤ کورسی لە دەستدا. لە ڕوحا شوێنی لەدایک بوونی ئۆجەلان، لە ئامەد، لە ئاگری، لە قارس، لە ئەدانە، لە ئەنتالیا، لە ئەردەهان، لە وان، لە قارس، لە مێرسین، لە تونجەل، لە بورسا، لە قارزی ئەنتاب، لە کۆجایلی، لە ئیدر، لە ماردین و ...تد کورسی لەدەستدا.

٦- جادەی ٤٧ موسڵ و شەنگال و سوریا پێکەوە دەبەستێتەوە و ڕێگای سەرەکی و ستراتیژیی بوو بۆ داعش کە هاتووچۆی پێدادەکرد و خواردن و کەرەستەی لۆجستیکی پێدا دەگواستەوە.

# پاشبەند


PARTİYA KARKERÊN KURDİSTAN
PKK
KÜRDİSTAN
DEVRİMİNİN YOLU
(MANİFESTO)


هەڤال جوومعە
مێژووی پارتی کرێکارانی کوردستان
بڵاوکراوەی قوتابخانەی ناوەندی پارتی


قائد و شعب




SERXWEBUN

JI SERXWEBÛN Û AZADIYÊ BI RÛMETTIR TIŞTEK NÎN E


Yıl 10/Sayı 114/Haziran 1991/3.-DM

# Kürdistan'da devrim yangını büyüyor

## Uluslararası zor güçleri de bu yangını söndüremeyecek


ehitlerimiz yolumuzu aydınlatıyor!
HALLI
Neslihan DEMIR (Zinarin)
Xezal SELÇUK (Leyla)
Necla ALTUN (Sidar)
Yıldız CENGİZ (Zozan. Sultan)
Şükran
RA (Adife)
Ayno Spi Miho ATU (Dicle)
Medine YILMAZ (Mizgin)
Güldem (Dilan)
Azime DEMİRTAŞ
Kafya YILDIRIM (Besê)
Dilan

# ڕاپۆرتی دەستنوسی عەبدوڵا ئۆجەلان بۆ سەرۆکی دادگای ئاسایشی دەوڵەتی تورکیا لە زیندانی ئیمرالی



ABDULLAH ÖCALAN'IN MAHKEMEYE
YAZDIĞI MEKTUPLAR

1

Sayın yargıçlar,

İmralı adasında çok özel bir tutuklu olarak dördüncü ayımı doldurmaya çalışırken bu savunmayla mahkeme duruşmalarına çıkmayı bir görev bildim. Benim için yeniden bir doğuş anlamına gelebilecek bu süreç; tamamen yaşanılan isyanın anlamlı barışına katkıda bulunmak olacaktır. Hiçbir ciddi çatışma kendine özgü barış getirmeden sonuçlanmaz. Savunmanın temelinde eğer demokratik sistemin ölçülerinde anlaşılırsa yirmibirinci yüzyılın, yaşadığımız sorun ve isyanlarından köklü kurtuluşun kapsamlı barışına duyulan derin inanç ve umuttur. Bir anlamda en kolay, bir anlamda en zor bir barış sorunuyla karşıkarşıyayız. Rolümü bu konuda oynamam tek yaşam gerekçemdir.

Tutuklu sürecim boyunca devletin yaklaşımlarını bu umut uğruna yaşamaya değer buldum. Karşılıklı eleştiri ve suçlamaları derinleştirmeyi anlamlı bulmadım. Bu yargılanmadan kaçma anlamında değildir. Yargılanmayı barış yolunda temel bir köprü olarak görme inancımdan ötürüdür. Burada benim şahsımda yargılanan acı bir tarihi ve yaralı bir toplumdur. Tüm gücümü bu zor ve tek başına koşullarda yitirmeden bu acılı tarihi barışın yaşanmaya değer tarihi, toplumu da daha sağlıklı bir iradeyle güvenli geleceğine kardeşçe yöneltmektir.

Bundan sonra fırsat bulabilirsem, çabam silahlı çatışmanın tamamen ortadan kaldırılması ve PKK varlığının yasal-siyasal zemine çekilmesi demokratik sistemle bütünleştirilmesi temelinde olacaktır. Devletin duyarlılığıyla, yaratıcı çabalarımı güvenerek bu rolü başarıyla oynayacağıma inanıyor ve kararlılığımı vurguluyorum. Şahsım adına yargıda bulunmaya çalışırken başta sayın yargıçları ve savcıları diğer katılan tarafları ve avukatlarımı; ne bir kişiye, tarafa yüklenilemeyecek tarihin bu en kapsamlı sorununda payını görüp çözüme katkıda bulunmaya çağırmayı ahlâki bir görev bilmekteyim. Bu davada özgür birliğimiz, onurlu barış ve kardeşliğimiz mutlaka güçlenerek çıkmalıdır. ~~[illegible]~~

Ankara 2. nclu. Devlet Güvenlik Mahkemesi Başkanlığına / İmralı

Sayın yargıcım; Duruşmalarıma çok az gün kala içinde bulunduğum durum ve yargılamaya ilişkin bazı hususları iletmeyi önemli bulmaktayım:

Bu davayı ve Türkiyenin içinde bulunduğu koşulları, Cumhuriyetin kuruluş yılları ve 1925 isyan süreçlerinin iç ve dış gelişmeler açısından ortak benzerlik taşıdığı kanısındayım. Cumhuriyetin liberalleşmesi ve Musul-Kerkük sorunu bu isyan dolayısıyla olumsuz sonuçlanmış özellikle İngilterenin bu dönemi oyunu Kürt sorunu üzerinde oynayarak istediğini elde etmişti.

Şimdi de Irakta olup-bitenler ve Kürt sorunlarıyla ilgilenmeler bu dönemi çağrıştırmaktadır. Beni ve PKK'yi 1925 isyanı yerine koyarsak oyunun bugünde çok benzer oynanmak ve sonuç alınmak istediği açıktır. Ben şahsım ve gücüm oranında PKK ve Kürtler üzerinde bu oyunun tekerrür etmemesi ve Türkiyenin Misak-ı Milli çizgisinin içteki çok açık belirtilen Türk-Kürt kardeşliğinin gerçek demokratik birlikteliğiyle Demokratik Cumhuriyetin başarısına; dışarda da özellikle Irak'ta olası gelişmeler karşısında Türkiyenin misak-ı milli çizgisinin yeni yorumuyla kazanması tutumuyla birlikte hareket etmesinin tarihi görevimiz olduğu inancındayım.

Bunun için Demokratik Cumhuriyetle Kendim, PKK ve Kürtlerin Barış ve birlik içinde hareketini, bunun için silahlı çatışmaya hükümetin kolaylık göstermesi halinde derhal son vermesini bir çağrı olarak belirtmeyi uygun bulmaktayım. Ama kamuoyu, özellikle basın-yayın dışlayıcı ve sanki düşmanmış gibi yayın yapmasını ulusal demokratik barış politikasına hizmet etmiyor kaygısındayım. Barışçıl, kardeşlik yaklaşımının karşılıklı sergilenmesinin hepimize gerekliliği açıktır.

Daha yargılanmadan şahsıma yönelik dışı ulusal demokratik politikaya hizmet etmediği, gerçek düşman güçlerin bundan yararlanmaya çalıştığını iyi biliyoruz. Hiç olmazsa bundan sonra fırsat vermemek gerektiğine ina

Savunmamda son söz olarak; tarihin diplerinden gelen, tüm toplum kesimlerinin acçık sorumluluğu olan Kürt sorununda artık ayrılık, isyan, bastırma ve inkar sürecini kapatıp demokratik birlik barış ve kardeşlik sürecini başlatmaktır. Sonikiyüzyıl şiddet ve can kaybı ve acılarıyla dolu geçti. Yirmibirinciyüzyıl artık barış içinde birlik ve gelişme yüzyılı olmalıdır. Son isyanın son dersi bu olmalıdır. Sorunlar çözülmeden gelişme yolu girilemez. ~~Yapt~~

Yaptıklarımızın ne kadar hatası yanlışı olsa da acı ve kaybı çok olsa da en büyük fedakârlığı da gösterdiğimize inanıyorum. Misli görülmemiş her acıyı yaşadık. Ölüm orucu, kendini yakma, bombalarla patlatma. Benimsemiyorum ama bu bir insan için en ağır eylemler, çok ciddi bir sorunu gösterir. Bir toplumun acılı ve nasıl bir yaşanmazlık düzeyine geldiğini yansıtır. Hiçbir bireysel terör eylemi bu çapta olamaz. Bu fedakârlığı gösteremez.

Parti ve halk olarak tüm bu acı ve fedakarlığın karşılığı, artık ortak vatanda demokratik cumhuriyetle demokratik birliktelik olmalıdır. Buna hak ettiğimize inanıyoruz. Bu birlikle vatanın daha bağımsız, cumhuriyetin daha güçlü olacağına kuşkumuz yoktur. Bu sorunu çözmüş cumhuriyetin tarihe yaraşır bir önderliği, Ortadoğudan Balkanlara, Kafkasyadan ortaasyaya taşıracağına da inancımız tamdır.

Bu Yirmibirinciyüzyıl Manifestosu olarak anlaşılması gereken bu demokratik birlik içerikli savunmamın rolünü oynaması için elden gelen her çabayı sergileyeceğim sözünü veriyorum. Başta siz sayın Yargıçlar olmak üzere devlet yetkililerini ve tüm toplum kesimlerini barış ve kardeşlik için üzerlerine düşeni yapmaya çağırıyorum. Saygıyla sunuyorum.

Yaşasın Bağımsız ve Özgür Vatan
Yaşasın Demokratik Cumhuriyet
Yaşasın Barış ve Kardeşlik.

K
24.5.1999
A.Ö.
[illegible]

السكرتير
مديرية الامن العامة
مديرية امن منطقة الحكم الذاتي
" الدراسات "
" سري وشخصي ويفتح بالذات " العدد / ٨٠٠٠
التاريخ ٩/٩/١٩٩٠ م
١٩/ صفر/١٤١١ هـ

السادة مدراء أمن محافظات الحكم الذاتي
م/ معلومات

أعلمتنا مديرية الأمن العامة بكتابها ش.س. ش٣ م٣/٩٧٣٢ في ١٩٩٠/٨/٢١ ما يلي:
ناقشت اللجنة الدائمة لمتابعة النشاط المعادي المعلومات الواردة بكتابي مديرية الامن العامة المرقم ٩٩٠٥٤ في ١٩٩٠/٧/١٠ وجهاز المخابرات ٢٩٤٠٣ في ١٩٩٠/٧/١٠ (والمرفقين طيا) وقررت اللجنة أن زمر التخريب في أيران تترقب تطور الموقف بين العراق وتركيا، وتتوقع اللجنة أن تواجه تركيا ضغوطا امريكية تجاه السماح لبعض زمر التخريب التواجد على ساحتها لغرض البدء بعمليات تخريبية داخل القطر، ولابد في مثل هذه الحالة إن استوجبتها مستجدات المرحلة المقبلة أن يتم الشروع في مد جسور العلاقة مع حزب العمال الكردستاني التركي (P.K.K) على أن تحاط هذه العلاقة بسرية وكتمان شديدين.
حصلت الموافقة على مقترح اللجنة الدائمة اعلاه. قيام الأجهزة الأمنية بمتابعة تطورات هذه العلاقة دون إثارة الجانب التركي في هذه المرحلة الحاسمة.

تعليق:
يشكل الموضوع أهمية كبيرة على صعيد العلاقة

/ يتبع ٢

# بەرهەمە چاپکراوەکانی نوسەر

١- بادانەوە یان پێچەقاندن.

٢- ڕاپۆرت دەربارەی هەڵبژاردن و پەرلەمانی کوردستان.

٣- کوردایەتی و حیزبایەتی.

٤- کورتە مێژووی ئاواز و گۆرانیی کوردی.

٥- لێکۆڵینەوەیەکی گشتی و پێداچوونەوە بە بیرەوەرییەکانی کەریم حیسامیی دا.

٦- کۆمەڵەی ژیانەوەی کوردستان.

٧- کۆماری دیموکراتی: ئایدیولۆژی، ستروکتور، ستراتیژی، تاکتیک و کردەوەکانی پارتی کرێکارانی کوردستان PKK. ٦ جار بە کرمانجی خواروو، و جارێکێش بە زارەوەی کرمانجی سەروو چاپکراوەتەوە.

٨- کۆکردنەوە و ئامادە کردنی ئاڵەکۆک بۆ غەنی بلوریان.

٩- ڕاستییەکان بۆخۆیان دەدوێن.

١٠- کۆمەڵە و چۆنیەتی دامەزران و بەڕێوەبردنی، بە هاوبەشیی لەگەڵ عاسی ڕەباتی، نەوزاد وەلی، مستەفا ئایدۆغان و ڤیلدان تانریکلو.

١١- چاوخشاندنێک بەسەر وتارەکانمدا.

١٢- باشوری کوردستان لەنێوان دوو هەڵبژاردندا.

١٣- چەککردنی سەربازگەی مهاباد ١٩٧٩.

١٤- کۆماری کوردستان ١٩٤٦/١/٢٢- ١٩٤٦/١٢/١٧. کراوە بە فارسی.

١٥- ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە دە ساڵ دا- ١٩٧٨- ١٩٨٨، بەرگی یەکەم.

١٦- ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە دە ساڵ دا- ١٩٧٨- ١٩٨٨، بەرگی دووەم.

١٧- کورد لە سوید- لە مێژووی ٢٥ ساڵەی فیدراسیۆنی کۆمەڵە کوردستانییەکان دا.

١٨- تراویکەی پیلانەکان دژ بە نەتەوەی کورد. کراوە بە فارسی.

١٩- چەواشەکەرانی مێژووی کوردستان.

٢٠- ئیدریس بارزانی و بارزانییەکان باشتر بناسێن.

٢١- میدالیای بارزانی بەرزترین خەڵاتی ڕێزلێنان، بەرگی یەکەم.

٢٢- میدالیای بارزانی بەرزترین خەڵاتی ڕێزلێنان، بەرگی دووەم.

٢٣- ئەحمەد تۆفیق- سەرکردەیەکی ون لە مێژوویەکی شێوێندراودا.

٢٤- کوردانی ئێزدی لە مێژووی کوردستان دا.

٢٥- پارتی کرێکارانی لە عەبدوڵا ئۆجەلانەوە تا جەمیل بایک.

### ئەو بەرهەمانەی نوسەر کردوویەتە کوردی

١- مەکسیکی: نوسینی جەک لەندەن.
٢- مەگەر لە وڵاتی ئێوەدا کەر نییە: نوسینی عەزیز نەسین.
٣- کوردەکان: نوسینی حەسەن ئەرفەع. چاپی دووەم.
٤- کورد تورک عەرەب: نوسینی سیسیل جۆن ئیدمۆندس. چاپی سێیەم
٥- مێژووی شارستانییەت: نوسینی ئیزاک ئاسیمۆف و فرانک وایت.
٦- ئافرەت لە کاروانی مێژوودا: نوسینی سیامەک ستودە.
٧ بەرزبوونەوە و کەوتنی فیرقەی دیموکراتی ئازەربایجان: جەمیل حەسەنلی.

## ئەو بەرهەمانەی نوسەر کە کراون بە فارسی

١- جمهوری کردستان ١٩٤٦/١/٢٢- ١٩٤٦/١٢/١٧، حەسەن ماوەڕانی.
٢- سراب توطئەها بر ضد ملت کرد: حەسەن ماوەڕانی.